# گەواهیدەر

## ڕۆمان

نوسینی
جۆش ماکدوێڵ
مونیر فەرەجەڵڵا

## پێشەکی

ڕۆمـانێکی خۆشـم دەخوێنـدەوە و مـاوەی دوو حەفتـە بـوو هەسـتم دەکـرد لـە جیهانێکی تردا دەژیم، هەندێك لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەسالآنی نەوەدەکان بوو لــە شــەقامەکانی شــاری بــەیروت. کاتێــك گەیــشتمە دوا لاپــەڕە و مالئــاواییم لەکەسایەتیەکانی ڕۆمانەکە کـرد هەسـتم بـە پـەژارەیی کـرد، هەرکـە ڕۆمانەکـەم داخـست لەگـەل خۆمـدا گـوتم: ئـاخۆ دەبـی کـەی ڕۆمـانێکی هاژێنـەر و کارتێکـەر و بەچـێژی وەکـو ئەمــەم دەســت کەوێتــەوە؟!کــە ڕووداوەکــانی تــەنها لەیــەك شــار نەخولێتەوە، بـەڵکو لـە چـەند شـار و وڵاتێکی زۆر بی،لـە زەریـاوە هـەتاکوو کەنـداو، بەچـەندین شـوێن تێپـەڕ بێت،کـەکاتی خـۆی بـۆ ئـیش یـان بـۆ پـشوودان یـاخود بـۆ سەردانی برادەرانی دۆست و ئازیز ڕێم تێی کەوتووە،.

خەونم بە ڕۆمانێکەوە دەبینی هەست بجۆشێنێت و دڵ بخورپێنێت و ترپـەکانی خێرا بکات، لەمیانەی زەبری گێژاو و خرووشانی بەسەرهاتی کەسایەتیەکانیدا وا لـە دڵ بکات بیەوی بتەقێ. ڕۆمانێك ڕووداوەکانی لەباشووری ئـەوروپاوە دەستپێبکات، ئینجـا لـەڕاونانێکی توندڕەوانــە و سەرچـڵیەکی پاڵەوانانــە بــەرەو دەریــای سـپیی ناوەڕاست بگوازرێتەوە، لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکە،لەباکووری ئـەفریکاوە هـەتا ڕۆژهــەڵاتی نــاوین. ڕۆمانێــك بێــت وام لێبکـات خـۆم و شـوێنەکەم لـەبیر بکـەم، تـا لەچـەند تـاوێکی یەکلاکـەرەوە بەخـەیاڵ دوور بکەومـەوە و لەگـەڵ پاڵەوانـەکانی لـە مەترسی و دلەڕاوکێـدا بـژیم، لـەم ڕۆمانـەدا چـەند کـاتێکی خـۆش و بـەپێز لەگـەڵ دۆست و خۆشەویستان بەسەر بەرم و چێژ لـەو دڵداریـە وەرگـرین کـە بەسـەر دڵ و هزر و سۆزی دوو کوڕ و کچە پاڵەوانەکەی ئەم ڕۆمانەدا زاڵە.

دڵداری؟؟!! بەڵێ دڵداری!! ئەی بۆ نە؟؟!!

ئایا دڵداری نییە کەوا هەموو مرۆڤێك تەقەڵای بۆ دەدات، گەر ئەو کەسە گـەنج بێت یان پیر، پیاو بی یان ژن؟!

دڵداری هێزە.. دڵداری بەخشین و خۆبەختکردنە.. دڵداری لـە هـەموو لێـدانێکی دڵ و لەگەڵ هەر ترپەیەکی دەمارەکان دەیبینین و دەیبیستین، دڵـداری سـەرفرازی و

ئاشتیە، هیوا خوازین ببێتە سەروەری ژیانمان و پڕاوپڕی ماڵەکانمان بێت، داخۆ ئەم دڵداریەی کە بۆی تێدەکۆشین و بەدویدا دەگەڕێین لە کوی بیدۆزینەوە؟

ڕۆمانێك بمرفێنێت و بۆ دوورترین شوێن بمگوازێتەوە کە خەیاڵ و هزر و مێشك و نقاری نووسەرانی پی نەگات، کاتی لەنێوان دێڕەکانیدا ون دەبم و لەنێو پێچی لاپەڕەکانیدا بزر دەبم ،لەیادم نەمێنێت من لەکویم. ڕۆمانێك وەکو گشت ڕۆمانەکانی دیکە نەبێت تەنها پڕ لە سەرچڵیەکی پاڵەوانانەی هاژێنەر و بەتام بێت، بەڵکو لەمیانەی چیرۆکەکە وەلامی گرنگترین ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەنێو مێشکماندا دەخولێنەوە، ئەو پرسیارانەی هەر لەمنداڵیەوە هەتا پیری سەرگەردانی بیرکردنەوەمان دەکەن. پرسیارانێك کە بەئاسانی وەلامیان بۆ نادۆزینەوە. وەلامەکانی لەم چیرۆکەدا قەناعەت بە گەورەترین بیرمەند و بلیمەت و داناکان بهێنی.

لەپشتی هەر ڕۆمانێك نووسەرێك یاخود نووسەرانێك هەن، سەرقاڵی بیر و ئەندێشەیەکی فراوانن و مەلەی تێدا دەکەن، ئەو نووسەرانەی توانا و بەهرەی تایبەتیان هەیە بۆ توێژینەوە و زانست و وێژە و دەربڕین سەبارەت بە نقار و دروستکردنی چیرۆك. بەم شێوەیە خۆم بینیەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە مەزنترین نووسەرانی نەوەی ئەو سەردەمەمان و لەگەڵیان دانیشتووم و بە تەواوی پێکەوە ئامادە و خۆتەرخانکەر و هاوکارن بۆ ئیش کردن لەدەرهێنانی ڕۆمانێك تینوێتی لاوەکانمان بشکێنێت و چاوەڕوانکردنی گەورەکانمان تێر بکات لەم کۆمەلگای ڕۆژهەلاتیەماندا، ئەوەی جۆش و خرۆشییە لە دلیاندا ڕەنگ بداتەوە و هەروەها ئەوەی لە هزر و ناخیانە دەریبخەن بۆ چارەسەرکردنی نهێنییەکانی ژیان و ڕووداوەکان.

نووسینەوە و بلاوکردنەوەی هەندێك لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بە ڕێکەوت نەبوو کە لە هەمان ساڵ بنووسرێت و بلاوبکرێتەوە کەوا مزنترین وێژەر و ڕۆماننووسی ئەم نەوەیە کۆچی دوایی کرد. وێژەر و نووسەرێك کە لەلای کچە پاڵەوانەکەی ڕۆمانی (گەواهیدەر) پەسەند بوو. مامۆستای گەورە و شاسواری

ڕۆماننووسین و چیرۆك ، كەوا خەڵاتی نۆپڵی ویژەیی بەدەست هێناوە، ویژەری كۆچكردوو (نجیب مەحفوز)، هەڵگری باڵاترین نیشانە كە كۆماری عەرەبستانی میسری دەیدات بەمەزنترین نووسەری میسری و بەناوبانگترین وێژەری جیهانی.

خوێنەرە عازیزەكانم وەرن لەگەڵم با خۆشترین كاتژمێر و ڕۆژانێك بەسەر بەرین لەگەشتێك كە تێیدا سەردانی قەشەنگترین شارەكانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بكەین و ئەوانی دێرینترینن لە مێژوو و مەزنترینن لەشارستانیەتدا. وەرن با لەگەڵ پاڵەوانەكانیدا رۆژانێكی ئەویندارى و ئازایەتی و پڕ كارەسات بگوزەرێنین.

هنری عەون

# کەرتی یەکەم

# بەشی یەکەم

کچەکەیان کوشت و هاوسەرەکەشیان ڕفاند و ژیانی کەوتە مەترسی. بەنێو ژووره بەرینەکەدا دەهات و دەچوو، نیگەرانی و ترس زاڵ بووبوو بەسەر هەموو هەڵسوکەوتەکانی. لەنێو ئەو بێدەنگیە، بەلەرزەوە دەنگێکی لێوە هات و گوتی:

دوو ڕۆژمان لەپێشە.. تەنها دوو ڕۆژ.

(فەرید ڕەمزی) لەهەموو ژیانیدا بەتەنگانەیەکی وەکو ئەمەدا تێنەپەڕیوە کە وای لی بکات بەدەستی ئازار و سەرگەردانییەوە بناڵێنی. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو زەحمەتییەك پیاوێکی ڕەق و بەهێز بوو، بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەیەك سەرکەوتوو بوو، هەر کەسێك بۆ کۆسپ نانەوە لەڕووی بوەستایە تێکی دەشکاند. بەڵام ئەمڕۆ لاواز و بی هێز و شکاوەیە، بە هەنگاوی کورت کورت لەنێو هۆڵە گەورەکەی ناوەڕاستی تەلارەکە دەخولێتەوە ،کە لەسەر کەناری (مۆنتی کارلۆ)یە. تەکاڵتەك جگەرەی دەکێشا، بێ ڕاوەستان جگەرەی بەقونکی ئەوەکەی دیکە دادەگیرساند. شوێنەکەی پڕبوو لەدووکەڵ،بەشێوەیەك هۆڵەکەی داپۆشی بوو و بینینی لاواز دەکرد و هەناسەی دەبڕی. لەململانی لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا وا دەردەکەوت کە مەرگی بە شێرپەنجەی سی لەلا پەسەندتر بێ لەوەی کە بەگوللەیەکی غەدر بکوژرێت. ئاوڕێکی لە میوانەکەی دایەوە بەدەنگێکی لەرزیو گوتی:

"ئەمڕۆ پێش هاتنت نامەیەکم بۆ هات تێیدا هەڕەشەم لی دەکەن ئەگەر تا پێش ڕۆژی هەینی هەندێك پارەی دیکەیان بۆ ڕەوانە نەکەم ئەوا (کلۆدێت) دەکوژن، ئینجا دەست بەتاڵ دەبن بۆ منیش و دەمکوژن. تکات لی دەکەم مستر (مەڕوان) دەستم دامێنت پێم بڵی هیچ هەواڵێکی باشت لایە. ئیتر توانام نەما."

(مەڕوان عەقاد) بەدەنگێکی وشك و شێوازێکی هێمن پرسی:

"ئەم جارە داوای چەند دەکەن؟"

"بیست و پێنج ملیۆن یۆرۆ بێجگە لەو پازدە ملیۆنەی وا پێشتر دابووم."

پارەیەکی ئێجگار زۆرە بەرانبەر ژیانی تاکە مرۆڤێك. بەڵام فەرید ڕەمزی گەرچی تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵە بەڵام مرۆڤێکی ئاسایی نییە، پێش شەش مانگ کۆمپانیا گەورەکەی خۆی فرۆشت (نیل بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی) کە لەساڵی 1963دا دایمەزراند بوو لەگەڵ برا کۆچکردووەکەی (شەریف ڕەمزی). ئەویش کۆمپانیایەکی فەرەنسی تێکەڵاو بوو بە 563 ملیۆن یۆرۆ کڕیبووی. ئیدی بوو بە دەوڵەمەندترین پیاو لە میسر، بەوەش چووە نێو هەڵبژاردەکانی پیاوانی کار لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهانی عەرەبی، ژیانێکی ئەفسانەیی لەخۆشگوزەرانی و کامەرانی دەژیا.

مەڕوان عەقاد بەرانبەری دانیشتبوو لەسەر قەنەفەیەکی درێژ و کەشخە کە لەچەرمی ئیتاڵی دروست کرابوو، بیری لەم دەرفەتە دەکردەوە کە لەبەر دەستیدایە. فەرید ڕەمزی باشترین مەعمیلە بۆ ئەو و گەورەتریتیانە بۆ خواست و ئاواتەکانی. پیرێکی دەوڵەمەند ڕووبەڕووی مەترسییەك بووەتەوە هەڕەشە لە ژیان و سەلامەتی دەکرێت و ئەم هەڕەشەیە دەیترسێنێت ،وا خەریکە دەتۆقێت. بۆ کەسانێکی وەهای وەکو مەڕوان عەقاد کۆمپانیای مسۆگەرکردنی ژیانی دەوڵەمەندانی دامەزراندووە، ئەوانەی لە ترسێکی بەردەوامدا دەژین و سەرچڵەکان هەڕەشەیان لی دەکەن. بەڵام کێشەی ئاوها تامێکی قێزەونی هەیە، چڵێسی.. گەندەڵی.. کوشتن. مەروان زۆر لە دونیا گەڕا بوو، پیاوێکی دنیادیدە و زیرەك بوو، لەم دیدارەدا بۆی دەرکەوت، کەوا ئەمجارە بەرانبەر قێزەوەنترین جۆری ئادەمیزاد و خراپترین خەڵك و توندترینیان لەتاوان و دڕندەدایەتی بووەتەوە. سەری هەڵبڕیە پیاوە بەتەمەنە ترساوەکە، دوودڵ بوو چۆن یارمەتی بدات و هیچ هەواڵێکی دڵنیاگەری پی نییە کەوا بەهیوای ئەوەیە پێی بگات. نازانێت چی پی بڵێت تاکوو ئەو هەژمەتیەی سووك بکاتەوە ،کەوا لە عازیزترین دوو ئافرەت لەژیانیدا دابڕاندووە، کە زۆری خۆشویستوون، خۆشەویستیەك پتر لەهەموو گەنجینەکانی جیهان. کچ و هاوسەرەکەی!

مەڕوان فرێکی لە قاوە فەڕەنسیەکەی خواردەوە کەوا زۆری حەز لەتامی ئەم جۆرە قاوەیە بوو، ئینجا چاوی بڕیە پەنجەرە پانوراماوییەکەی ژوورەکە کە کەنار و ئاوی دەریای سپی ناوەڕاستی لێوە دیاربوو و لە کاتی خۆر ئاوابووندا دەدرەوشایەوە. دیمەنی دەریاکە شوێنێکی تری یادخستەوە کە پڕ بە بیر و دەروونی بوو.. بەیروت.. نیشتمانەکەی خۆی و کەناری (ڕۆشتە) و ئاوی دەریای سپی و ئەو شەپۆلانەی بەدەوری بەردەکاندا پێشبڕکی دەکەن و دەخولێنەوە. دایك وباوکی یادهاتەوە، سەبارەت بەوەی دایك وباوکی حەزیان دەکرد چۆن ژیانی کوڕەکەیان بچێتە سەر. چۆن ئێستاش وا لەنێوان وڵاتان و کیشوەراندا دەسووڕێتەوە... هەمیشە لە مەترسیدا دەژیت و خۆی بەجلوبەرگی دژە گوللە و چەقۆ دەپارێزێت. سەفەر دەکات.... هەڵدێت.... بەردەوام خۆی دەشارێتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوە، ئەم ئیشە پارەیەکی وای بۆ دێنێت، نە خۆی و نەدایك و باوکیشی خەونیان پێوە نەبینیبوو. زۆریش ڕازیە بەم ئیشە، ئیشەکەی یاساییە و لەگشت لایەنەکانەوە بڕواپێکراوە، حکومەتان و کەسایەتیەکان پێویستیان پێیەتی بە تایبەت خاوەن سامان و دەسەڵاتدارەکان. ئەوانەی پێویستیان بە پاراستن و بەرگری هەیە ئەویش بەرگرییان لی دەکات. پاسەوانییەتی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران دەکات لە دز و چڵێسەکان ،ئەوانەی هەمیشە هەڕەشەیان لی دەکرێت. بیری چوو بەلای دایکە ساکار و دڵپاکەکەی کە ئاواتی ئەوە بوو کوڕەکەی بەیروت بەجی بهێڵێت، دوای ئەوەی ڕاژەی سەربازێتی تەواو کرد بۆ پاریس بچێت لەوی خوێندنەکەی تەواو بکات و ببێتە پزیشك یان ئەندازیار یان پارێزەر. لەوی پەیوەندی بە(ڕانیا)یەوە بکات و بیخوازێت و لەماڵێکی هێمن لەگەڵیدا ئۆقرە بگرێت و کوڕ و کچی لێ ببێت و هەموو ئاواتەکانی بێتە دی. چەندی لی پاڕایەوە وا بکات و دڵی دایکی بحەسێنێتەوە و خۆشی بحەسێتەوە؟. بزەیەك کەوتە سەر لێوی....بحەسێتەوە؟ چۆن؟ ئەو بکوژ و بازرگانانی هۆشبەری ڕاو دەنێت و بەرگری لەوانە دەکات کە بەدووی سەرفرازی و ئاسوودەییدا دەگەڕێن.. بحەسێتەوە؟ چۆن؟ ئەو یارمەتی مەعمیلەکانی دەدات بۆ چوون و هاتنەوە لە (بەغدا) و (موسل) و (فەلووجە)....بحەسێتەوە؟ چۆن؟ ئایا مردوو بەتەمای خەو

دەبێت؟! ئەمانە هەمووی بۆ تاوێك بە خەیاڵیدا گەڕا و ئینجا بەری کردە لای فەرید ڕەمزی:

"هەواڵی نوێم پێیە بەڵام نە باشە و نە خۆشە."

پیاوەکە ڕاپەڕی بەرەو ڕووی چوو و پرسی:

"چی؟ دەربارەی (کلۆدێت)؟ ئازاریان داوە؟ گەر وایان کردبێت دەیانکوژم. ئەو ناپیاوانە. سوێندت بۆ دەخۆم مەڕوان ڕاویان دەنێم و لەناویان دەبەم."

مەڕوان سەری لەقاند و ڕووی تێکرد و گوتی:

"هەواڵەکان دەربارەی کلۆدێتە،بەڵام نە وەکو ئەوەی بیری لی دەکەیتەوە. تکایە. دانیشە."

"پێم بڵی. هەرچی دەیزانیت. پێم بڵی."

" هەرچیەکی پێمە بۆتی دەگێڕمەوە. تکایە دانیشە تا بتوانم قسەت بۆ بکەم."

بەزەحمەت ڕاوەستابوو، لەشە قەڵەوەکەی بەتوندی دەهەژا. لە دوو حەفتەی ڕابردوودا باری تەندروستی بەشێوەیەکی دیار تێك چووبوو. بەزەحمەت هەناسەی دەدا. هەناسە هەڵکێشانیشی وەکو یەکێك بوو گیان لەدەست بدات. چاوەکانی سوور هەلگەڕابوو، پڕبوو لە نیگەرانی و گرژی. خۆی فڕێ دایە سەر کورسییەکی گەورە و بەتووڕەییەوە جگەرەیەکی نوێی داگیرساند، دانیشت و خۆی بەلای مەڕواندا لارکردەوە و بە پاڕانەوە، وشەکانی تێکەڵی هەناسە سواری بوون و گوتی:

"مسیۆ مەڕوان تکایە گاڵتەم پی مەکە."

مەڕوان سەری ڕاتەکاند بۆ دووپاتکردنەوەی ڕاستیەکە و پرسی:

"پێم بڵی مسیۆ فەرید، (ساوپاولۆ) بۆ تۆ واتای چی دەگەیێنێت؟"

فەرید ڕەمزی پشێویی پێوە دیاربوو کاتێك وەڵامیدایەوە:

"مەبەستت شاری ساوپاولۆیە کە لە (بەڕازیل)ە؟"

"بەڵی."

"هیچ. بۆ؟"

مەڕوان جەختی لەسەر وشەکانی کردەوە و بەجددی پرسی:

"هیچ؟ هیچ؟"

"هەر هیچ. هیچی لەسەر نازانم."

" ئایا کۆمپانیای (نیل بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی) لقی نەبووە لەوێ؟"

"نەخێر."

"ئایا یەکێك لەهاوەڵەکانت یان شەریکەکانت پەیوەندی پێوە نەبووە؟"

"نەخێر."

"هیچ فەرمانبەرێکت لەبەڕازیل نەبووە؟"

" نەمنازانیوە."

"نەچوویت بۆ ساوپاولۆ بۆ ئیش وکارێك؟"

"نەخێر نەچوومە."

" بۆ گەشتوگوزار نەچوویتە؟ بۆ نموونە لەکاتی پشوودانێکدا لەگەڵ هاوسەرەکەت؟"

فەرید ڕەمزی بەدڵتەنگییەوە وەڵامیدایەوە:

"من پیاوێکی سەرقاڵم. زۆر ئیشی گرنگم هەیە. کاتم نەبووە بۆ گەشتوگوزار یان پشوودان."

"لەوانەیە هاوسەرەکەت بە تەنی چووبێت بۆ ئەوێ بەهەر هۆیەك.. شتی وا بووە؟"

"نەخێر.. نە."

"تۆ دڵنیای لەم قسەیە مسیۆ فەرید؟"

"بەم پرسیارانەت دەتەوێت بگەی بەچی؟"

مەڕوان فشاری کردە سەر قسەکانی خۆی و بەردەوام بوو لەپرسیارکردن:

"ئایا تۆ دڵنیایت گەورەم؟ تکایە بیر بکەوە. باش بیر بکەوە."

فەرید ڕەمزی سەری لەقاند و کورسیەکەی بەجی هێشت و بەهەنگاوی کورت دەستی کردە ڕۆیشتن لەنێو هۆڵە بەرینەکە، هەناسەی قووڵی لەجگەرەکەی دەدا. ئینجا بە نابەدڵیەوە گوتی:

"باشە، لەڕاستیدا. وابزانم جارێکیان سەردانی ئەوێی کرد."

مەڕوان بەپەلە گوتی:

"باسی ئەم سەردانەم بۆ بکە. پێم بڵێ."

"زۆرم پی نییە بۆتی بگێرمەوە. کلۆدێت خزمێکی هەیە ژنێکی بەڕازیلی هێنا. بەڵام ئەو هاوسەرگیریە لەشەش مانگ زیاتری نەخایاند و گەیشتە تەڵاقدان."

"تۆ چوویت بۆ ئەو ئاهەنگە؟"

"من بۆ ئەوێ نەچووم. کلۆدێت چوو. ڕقی لەو سەردانە هەستا و ڕقی لەساوپاولۆ و بەڕازیلیش بووەوە. گوتی زۆر جەنجاڵ و هەراو ئاژاوەگیریە. تا ڕادەیەك لە (نیویۆڕك) دەچێت."

"ئەم هاوسەرگیریە کەی بوو؟"

سەری دانەواند و بیری کردەوە ،هەوڵیدا بەیادی بێتەوە، ئینجا بەرەو باڕەکە چوو کە لەسووچێکی هۆڵەکە بوو خواردنەوەی بۆ خۆی تێ کرد و گوتی:

"باش لەیادم نییە، لەوانەیە پێش سێ چوار ساڵ بوو."

مەڕوان بەرەو پێشی چوو بەرانبەری ڕاوەستا لەو کاتەی ئەو پەرداخەکەی دەشەقاند تاکو سەهۆڵەکە بتوێتەوە، پرسی:

"بۆ؟ بەمانە هەمووی بەرەو کوێ دەمانبەیت؟"

وەڵامی نەدایەوە. داچەما و جانتاکەی هەڵگرت و کردیەوە و زەرفێکی زەردی گەورەی لێ دەرهێنا، دەستی بەرەو فەرید ڕەمزی درێژ کرد، لەوکاتەی پەرداخی (مارتینی)یەکەی دەخواردەوە پرسی:

"ئەمە چیە؟"

"بیکەوە. ئەمجار دەزانیت چیە."

بەوردی ڕوانییە ڕوخساری ،ئینجا پەرداخەکەی دانا لایەك و هەنگاوێکی نا بەرەو لای و زەرفەکەی وەرگرت، بەئەسپایی کردیەوە، وێنەیەکی گەورەی ڕەش و سپی لێ دەرهێنا. ڕەنگ لەڕوخساری نەما و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. نێو چاوی واقوڕمان و شڵەژاوی پێوە دیار بوو. وێنەکە هی هاوسەرەکەی بوو کە تەنها پێش

48 کاتژمێر گیرابوو. وەکو وێنەکانی پێشووی هاوسەرەکەی نەبوو کە بۆیان دەنارد بۆ داواکردنی ڕزگارانە. دەست و دەمی نەبەسترابوو، لەنوسینگەیەك دانیشتووە بەرانبەر مێزێك و لەگەڵ فەرمانبەرێکی فەرمی یاخود بەڕێوەبەرێکی لێپرسراو دەدوێت.

دوای هەوڵدانێك فەرید ڕەمزی توانی هێز وەبەر خۆی بێنێتەوە، بەڵام هێشتا دەستی دەلەرزی و بەدەنگێکی لاواز و بەزمانگیریەوە گوتی:

"نازانم.. تی ناگەم. ئەمە چیە؟ ئەم وێنە لەکوی گیراوە؟"

مەڕوان گوتی:

"یەکێك لەکامیراکانی چاودێری لەبەنگێك لەشاری ساوپاولۆدا ئەم وێنەیەی گرتوە. تیایدا هاوسەرەکەت ئەو پارەیە وەردەگرێت کەوا تۆ دەینێریت بۆ ئەوانەی لێتی داوای دەکەن بەرانبەر بەئازادکرنی هاوسەرەکەت."

وێنەکە بەتوندی لەدەستی دەلەرزی و بەزۆر بەپەنجەکانی گرتبووی نەوەك بکەوێت. بەدەنگێکی پڕ لە داڕوخان و ئازار گوتی:

"چی دەڵێی مسیۆ فەرید؟ مەبەستت چیە؟ هاوسەرەکەم خۆی ئەم هەموو پلانگێڕییەی داناوە؟ واتا ئەم وێنەیە بەڵگەی ناپاکی هاوسەرەکەمە؟"

مەڕوان بەچاوی پڕ لەبەزەیی و بایەخ و دڵنەواییەوە سەیری ئەم پیاوە بریندارەی کرد، ئینجا چاوەڕێی کرد تا ئەم ڕاستیە لەنێو مێشکی ئۆقرە بگرێت، پێش ئەوەی یارمەتیدانێکی نمایشیی بۆ بکات وەکو مەعمیلێك. ئینجا بێتە سەر چارەسەر و هەنگاوەکان کە دەبی بکرێت.

ڕووداوەکان دەرفەتیان نەدا شتێك بڵێت، لەناکاودا دەنگی دوو تەقە هات و شووشەی پەنجەرەکان پرژانە ئەو ناوە. پیاوە پیرەکە کەوتە سەر زەوی و خوێنێکی زۆری لەدەم هاتە دەری. فەرید ڕەمزی لەپێش چاوی کوژرا، مەڕوان لەوە ترسا دووەم قوربانی خۆی بێت.

# بەشی دووەم

لە گشت لایـەك تەقـەكان بـەردەوام و بـی ڕاوەسـتان بـوون. مـەڕوان خێـرا خـۆی لەپشت مێزێکی تەختەی گەورە شاردەوە لەوکاتەدا لەبەر چڕی دەسترێژەکان وێنە و قاپە گرانبەهاکان کە لەسەر دیوارەکاندا هەڵواسـرابوون دەکەوتنـە خـواری و لەگـشت لایەکی هۆڵەکە پەرت و بڵاو دەبوونەوە.

دووان لەپاسەوانەکانی فەرید ڕەمزی وەدەرکەوتن و دەمانچەیان بەدەستەوە بوو ،بـەڵام پـێش ئـەوەی سەرچـاوەی تەقـەکان بدۆزنـەوە دەسـتبەجی گوللـەباران کـران. مەڕوان دەستی درێژ کرد بەرەو تەلەفۆنەکەی سەر مێزەکـە، ئـەوەی خـۆی لەپـشتیدا شاردبووەوە، بـەڵام بـۆی دەرکـەوت کـە هێڵەکـە پـچڕاوە و تەلەفۆنەکـە ئـیش ناکـات. دەستی بۆگیرفانەکانی برد و بۆ دەمانچەکەی گەڕا، پاشان بـیری کەوتـەوە کـەوا پـێش هاتنــە ژووری پاسـەوانەکانی فەریـد ڕەمـزی لێیـان سـەندبوو. کـەوتن و شـکاندنی پەیکەر و گوڵدان و ئەنتیکەکان بەردەوام بوو، پەلاشـی ئـەو شـتانە بەسـەر سـەریەوە فڕکەی دەهات، کەچی خۆشی حەشـار دابـوو.. تەقـەکان لـەدوو یـەك بـوون سـەرجەم کەلوپەلەکانی هۆڵەکە وێران بوو.

ئیتر نـەیتوانی لـەوی بمێنێتـەوە، چـونکە ئەوانـەی فەریـد ڕەمزییـان کوشـت بـە تفـەنگی قـەنناس و دووربـین لەسـەر بـوو، دەبـێ هـەر بـزانن کـە ئـەویش لێرەیـە و حەشارگەکەی دەدۆزنەوە. مەڕوان بەرەو لای چەپ تـل بـووەوە و بـەلای تـەرمی دوو پاسەوانە کوژراوەکە خشی. گوللەبارانەکـە تونـدتر بـووەوە لەدەوروبـەری... هـەردوو دەمانـچەی پاسـەوانەکانی هەڵگرتەوە،لەگـەڵ زەرفەکـە کـە وێنـەی هاوسـەری فەریـد ڕەمزی تێدا بوو. بەرەو ئەو دەرگایە هەڵاتە دەرەوە کە دوو پاسـەوانەکەی لـی هاتنـە ژووری. هـەر کـە نزیکـی نەردەوانەکـە(مەسـعەدی کارەبـایی) بـووەوە دوو پاسـەوانی چەکداری دیکەی لی هاتەدەر. هاواری بۆ کردن تا ئاگاداری گوللەکان بن.

"خێرا خۆتان بخەنە سەر زەوی.... ڕاکشێن."

یەکێکیان زوو ڕاکشا و ئەوی دیکە کات فریای نەکەوت، بۆیە بی جوولە کەوت و خوێن لەسینەی هاتەدەر.. یەکەم پاسەوان بە مەڕوانی گوت:

"خێرا مسیۆ مەڕوان بە قاندرمەکە بڕۆ خواری."

بەدەست ئاماژەی بۆ دەرگای دەربازبوون و فریاکەوتن کرد، ئینجا بەرەو هاوڕێکەی خشی و هەوڵیدا یارمەتی بدات پاشان زانی بی کەڵکە.

مەڕوان بەهەموو هێزیەوە دەرپەڕی و بەرەو دەرگای دەرچوونەکە ڕای کرد، دەمانچەکەی بەدەستەوە بوو، نەوەك کەسێك لەناکاودا تووشی بێت و بیکوژێت. بەغاردانەیەکی گەرم بازی دا و لەنهۆمی دەیەمەوە لەقاندرمەکانەوە دابەزی، بیری بەدوو دەربازگەیەکدا دەگەڕا تا لەم هەڵوێستە ترسناکە قوتاری بێت. گەیشتە تارمەی تەلارەکە و ئاواتەخوازبوو کە ئەو شۆفێرەی هێنابووی بۆ ئێرە لەوی مابێت و چاوەڕوانی بکات هەروەك پێشتربەڵێنی پی دابوو. لەنێو جەنجاڵەکەدا دەرچوو و ئاوڕی دەدایەوە و چاوی دەگێڕا،لەشەقامە گەورەکەدا نەیدۆزیەوە. وا دیارە لەچاوەڕوانی بێزاربووە و بۆی دەرچووە. قیژە و دەنگی ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیس لە دوورەوە نزیك دەبوونەوە. لەوی بە حەپەساوی ڕاوەستا. لەنێو تەلارەکە دەنگی شاوری ئاگادارکەوتنەوە بەرز بووەوە... خەڵکی لەناوەوە بەهاوارکردن و دادوفیغانەوە دەردەچوون ،هەموو شتێك شڵەژا، وەکو ڕۆژی حەشری لی هات. دەنگی تەقە تا ماوەیەك بڕا.

ڕاوەستا و سەرگەردان بوو چی بکات؟ لەم شڵەژاویەدا دەنگێکی بیست هاوار دەکات و لەنێوان قەرەباڵغیەکە بانگ دەکات:

"مسیۆ مەڕوان!"

ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دایەوە لەپیاوانی ئاسایش و پۆلیس بەولاوە کەسی نەدی، بەرەو گشت لایەك ڕایان دەکرد، خەڵکی تەلارەکە وەکو لێشاو لە دەرگاکانی نەردەوانەکان دەردەچن و ڕوخساریان ترس و تۆقینی پێوە دیاربوو و هاواریان دەکرد، لەو ڕوخسارانە کەسی لی نەناسیەوە،بەڵام دیسان دەنگەکەی بیستەوە:

"مسیۆ مەڕوان.. ئێرە."

چاوی بەدووی دەنگەکەدا گێرا، شۆفێرە لەش بچووکەکەی بینی، بەرەو پیری ڕا دەکات و ئاماژەی بۆ دەکات. هەتا گەیشتە نزیکی ئەو هەر هاواری دەکرد:

"مسیۆ مەڕوان، دەبێ دەستبەجی لێرە دەرچین، چاوەڕوانم بکە هەتاکو ئۆتۆمبیلەکە دێنم. لەجێی خۆت چاوەڕوانم بە. دوور نەکەویتەوە.. تکایە لێرە نەبزویی.!"

"دێم لەگەڵت."

" نەخێر گەورەم، بەتەنی خێراترم، ئۆتۆمبیلەکەم لەشوێنی چاوەڕێکردنێکی تەسك بەجێ هێشتووە.. دوا ناکەوم."

پیاوە لەش بچووکەکە دەرپەڕی و لەنێو قەرەباڵغیەکە ڕێگەی خۆی بڕی بەرەو ئۆتۆمبیلە گەورەکە. ڕانج ڕۆڤەر Rang Rover. ئەم ئۆتۆمبیلە گەورەیە لەگەڵ قەبارەی لەشە بچووکەکەی نەدەگونجا. کاتی مشتومڕ نەبوو بۆیە بەگوێرەی خواستی شۆفێرەکە چاوەڕوان بوو. بیری زۆر سەرقاڵی ئەم ڕووداوە بوو، لەم ڕاوەستانەیدا هەڵوێستەکەی دووبارە کردەوە و پرسی: ئایا پێیان زانیبی کە دەزانێت سەنتەری کردەوەکانیان ساوپاولۆیە لەبەڕازیل؟ هەر بۆیە فەرید ڕەمزییان کوشت پێش ئەوەی ئەم زانیاریانەی پێ بگەیەنێت؟ چۆن توانیان بەم هەموو شتانە بگەن؟ بۆ کەس باسی نەکردوە تەنها فەرید ڕەمزی خۆی نەبێت و پێش کوشتنی بەچاوتروکانێك. کۆمپانیاکەی (عەقاد و شەریکەکانی) تەنها پێش دوو ڕۆژ گرێبەستی لەگەڵ فەرید ڕەمزی کرد. فەرید ڕەمزی مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیایەکی پاسەوانییەتی فەڕەنسی لە پاریسدا دەکرد. دوای مردنی کچەکەی و ڕفاندنی هاوسەرەکەی، فەرید پەیوەندی پێوە کرد تەنها بۆ دەرخستنی ناڕوونی ئەو دوو تاوانە. مەڕوان عەقاد پێی گوتبوو ،کە خۆی ئیش بکات لەباتی کۆمپانیا فەڕەنسیەکە و پاسەوانانی نوی دابمەزرێنێت لەپیاوانی خۆی کە باش دەیانناسێت و متمانەی پێان هەیە بەڵام فەرید ڕەمزی قایل نەبوو.

چونکە نەیویست هیچ گۆڕانکارییەك لە سیستەمی پاسەوانییەتیەکەی خۆی بکات، نەوەك ڕفێنەرەکان لەخۆی توورە بکات و پاشان ئازاری هاوسەرەکەی بدەن. قایلنەبوونی بەم گۆڕانکاریە کە مەڕوان پێی گوتبوو، هەڵەیەکی کوشندە بوو.

مەڕوان چاودێری ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیس و فریاکەوتنی دەکرد، کاتێك بەرەو ناوچەکە، لە هەموو ئاڕاستەیەکەوە دەردەپەڕین. دەیزانی کە میدیاکان دوا ناکەون و ئامادە دەبن، گەر ئەمە ڕووبدات خراپترین شتە چونکە ڕوخساری بۆ میدیاکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرا دەبێت وەکو خاوەن کۆمپانیایەکی پاسەوانییەتی تایبەت، ئەم ئاشکرابوونەش لەبەرژەوەندی ئەو نییە کە پێویستی بەوپەڕی نهێنییە. ڕوانیە کاتژمێرەکەی، ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دایە و لەو جەنجاڵەیەدا چاوی کەوتەوە سەر شۆفێرەکەی کە بەرەو ئۆتۆمبیلەکە غار دەدا. تەماشای کرد وا دەچێتە نێو ئۆتۆمبیلەکە و دەیخاتە ئیش. مەڕوان بەرەو بەردەم دەرگای تەلارەکە چوو، تاکو ئەو کاتەی ئۆتۆمبیلەکە لای دەرگاکە ئامادە دەبێت بەرانبەری بێت و خێرا دوور کەوێتەوە لەم شوێنە،کەوا پڕە لەپیاوانی ئاسایش. بەڵام هەتا بەرەو بەر دەرگاکە چوو، گرمەی تەقینەوەیەکی بەهێز و گەورە هات و شەقامەکەی هەژاند، زۆربەی خەڵکەکە کەوتنە سەر زەوی. شووشەی ساختمانەکان شکان و دەرگا و پەنجەرەکان هەلتەکان و پەلاشەکانی زۆر کەسی بریندار کرد لەوانەی کەوا لە ژێر ساختومانەکاندا ڕاوەستابوون.. پەلە بەرد و پارچە و پلوچ لە ساختمانەکان کەوتنە خواری، هەندێکی بەهۆکاری تەقینەوەکە ڕووخاو ،زۆر کەسی بریندار کرد. هاوار و قیژەی بریندرەکان بەرز بووەوە، خوێن لەهەموو شوێنێك ڕژا. تەقینەوەکە ئاگری بەردایە چەند درەخت و کوشکێکی دارین، بە شێوەیەکی ترسناك ئاگر بەرەو سەرەوە بەرز بووەوە و شوێنەکە وەکو دۆزەخی لی هات. تەقینەوەکە بەتوندی مەڕوانی فری دا و بەسەر دەموچاویدا کەوتە نێو پارچە پەرت و بلاوەکانی ئەوناوە.

هەولێدا و هەستایە سەرپێ و بەخاوی دەجوولایەوە، جلە دڕاوەکانی چاك کردەوە و دەموچاوی خۆی بەدەستە خوێناویەکانی سڕیەوە، ئیتر بێگومان بوو

لـەوەی خۆشـی لەلایـەن بکوژەکـانی فەریـد ڕەمـزی ڕاوەدوونـراوە،وا ئۆتۆمبیلەکـەی ئەویشیان تەقاندەوە کەوا هێندەی نەمابوو  سواری بێت.



# بەشی سێیەم

تەرمەکان بڵاو بوونەوە و شەقام و شۆستەکانی داپۆشی. بریندارەکان هاواریان لی هەڵدەستا  و داوای فریاکەوتنیان دەکرد. هەندێکیان خشینە کەناری جادەکە و خوێنیان لی دەهات،  بەئێش و ئازارەوە سەرسامی ئەوە بووبوون کەوا ڕوویدا و لەدوو ناسیاوەکانی خۆیان دەگەڕان. هەموویان پرسیاریان دەکرد چی ڕوواوە ئەوە چی بوو؟

مەڕوان دانی بەخۆیدا گرت و بەهەنگاوی قورس دوور کەوتەوە و جلەکانی خۆی چاك کردەوە. یەکێك لەدوو دەمانچەکەی دوو پاسەوانە کوژراوەکانی بەدەستەوە گرت و ئێدەگی فیشەکەکانی لی دەرهێنا و پەنجەمۆری پەنجەکانی خۆی لەسەر سڕیەوە، فڕێی دایە نێو زبڵدانێك لەسووچێکی شەقامەکە. دووەمیشیانی لەژێر پشتێنەکەی شاردەوە  و بەچاکەتەکەی داپۆشی.

ئینجا بەخێرایی بەرەو ناوچە بازرگانییەکە هەوراز بووەوە، کە هەندێك دوور بوو لەشوێنی ڕووداوەکە. تا بۆ ئوتێلەکەی خۆی بچێت و لەژوورەکەیدا جلوبەرگەکانی کۆ بکاتەوە و بەزووترین کات لەشارەکە دەرچێت. هەمووخەڵك لە دەوروبەری سەرسامی ترسیان لی نیشتووە و سەرقاڵی برینەکانیانن، بۆیە کەس سەرنجی نەدایە مەڕوان، بەپەلە ڕای کرد و بەخێرا بەدووی شتێك گەڕا بیگەیەنێتە ئوتێلەکە.

ئاماژەی کردە تەکسیەك کە بەخێرایی دەڕۆیشت. ڕاوەستا و هاواری کردە شۆفێرەکە:

"ئوتێلی میریدیان."

بەم ئۆتۆمبیلە دەرچوو. لەو کاتەدا خەریك بوو خۆر ئاوا دەبوو، خۆی نوقمی پشت چیا بەرزەکانی مۆنتی کارلۆ دەکرد. گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکان بەجۆرەها شێوە دەردەکەوتن لەسەر دەرگاکانی سوڕخانە و گازینۆکانی شارەکە. دەنگی مۆسیقا لەقاوەخانە و چێشتخانە و ئوتێل و شانۆ یەك لەتەنیشت یەکەکانی نێو جەرگەی

مۆنتی کارلۆ بەرز بووەوە.. شاری قومار و سەرچڵی و خۆشی و ڕابواردن بۆ خەڵکی بەناوبانگ و دەوڵەمەند. شارەکە بەهەموو شادومانی و ناکاوییەکەوە پێشوازی لەشەوگار دەکرد. هەرچەند هەواڵی پەلامار و دەستدرێژی بەردەوامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان وێنەکان پیشان دەدات و بە وردی ڕووداوەکان دووبارە دەکاتەوە. زۆربەی خەلك بایەخیان بەوە نەدەدا،بەڵکو خەریکی ڕابواردن و شادمانی خۆیان بوون.

مەڕوان ڕوانییە بەندەرەکە و پڕ بوو لە پاپۆڕی گەورەی گەشت و لەنێو تاریکی شەو دایە و گلۆپەکانیان داگیرساوون، لە دیمەنێکی دڵڕفێندا تیشکیان دەدایەوە نێو ئاوەکە. قەشەنگی دیمەنەکە بیرکردنەوەی مێشکی نەوەستاند سەبارەت بەوەی دەبی بەپەلە چی بکات. دەبی دەستبەجی پەیوەندی بە ڕامی برایەوە بکات. پێویستی بەپارەیە... دەیەوێ لێرە نەمێنێت و سەفەر بکات. ئەوەش پێویستی بەدابینکردنی پلیتی فڕۆکەیە. دەبی دوورکەوێتەوە. ڕەوشەکە هی دواخستن نییە. بەڵام بۆ کوی سەفەر بکات؟ لەکوێوە دەست بەهەڵاتن بکات؟ بۆ ئیتاڵیا بچێت یان فەڕەنسا؟

هەڵاتنیش وەکو تاوانبارێك دەری دەخات کە دەستی لە ڕووداوەکە هەبێت. باش ئەوە دەزانێت بەڵام ڕێگای تری لەپێشدا نییە. ئێستاش مانەوە لەمۆنتی کارلۆ دوای ئەم ڕووداوانە واتا مەرگ. هەروەها ڕووبەڕووی زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ و زەحمەت دەبێتەوە لەلایەن پۆلیس. کی پەیوەندی پێوە کرد و بە فەرید ڕەمزی ناساند؟ بۆ چی بۆ مۆنتی کارلۆ هات؟ باشیش دەزانێت کە فەرید پاسەوانییەتیەکەی داوە بە دەستی کۆمپانیایەکی فەڕەنسی؟ چۆن پاساو بۆ خۆی دەکات کە لە یەکەمین دیداری لەگەڵ فەرید ڕەمزی بەکوشتنی ئەم پیاوە تەواو بوو؟ بۆچی دەمانچەکانی دوو پاسەوانەکانی برد؟ بۆچی دەمانچەکەی خۆی نەگەڕاندەوە؟ جۆرەها پرسیاری زۆر و و بێپایان گەمارۆی دەدەن و رای دەگوشن و بۆ دانپیدانانیش فشار بەهەموو شێوازێك دەکەنە سەری. تەنانەت ئەم پرسیارانە ئاسانە و دەتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە و بەرنگاری بکات.

ئـەوەی سـەرقاڵ و نیگـەرانی دەکـات شـتێکی سـامناکە، فەریـد ڕەمـزی کـاتی دیدارەکە پێی گوتبوو. تەکسیەکەت لەپێش ئوتێلەکەم ڕاوەستاوە. مەڕوان کرێیەکەی بـە شـۆفێرەکە داو داوای لـی کـرد ئەگـەر پێـی بکرێـت چاوەڕوانی بێت چـونکە زۆر خەریك نابێت.

بەپەلە چووە ژوورەوە بەرەو نەردەوانەکە چوو تا بۆ نهۆمی پێنجەم بچێت کـە ژوورەکەی خۆی لەم نهۆمە بوو.

کـچێکی ئیجگـار جـوان لـەدووی چـوو تەمـەنی نزیکـەی بیـست سـاڵان دەبـوو. ڕوخساری کچەکە (ڕانیا)ی یادخـستەوە. قـژی ڕەش و درێـژ. چاوەکانی هـەنگوینی و گەورە. سینەبەرێکی ئاورێـشمی سـپی پۆشـیبوو لەگـەڵ دامـەن و گـۆرەوییێکی ڕەش و ملوانکەیەکی مرواری. نینۆکەکانی بەسـوورێکی کـاڵ و سـەرنجڕاکێش بۆیـاغ کردبـوو هـەروەها سـووراوی لێوەکـانی مێـشکی پیـاوی ڕادەگـرد. سـەر پێڵوەکـانی ڕەنگێکـی سەنگین بوو وەکو سورمەی ڕۆژهەڵاتی. زەردەخەنەیەکی بێشەرمانەی بـۆ کـرد. گـەر هۆشی سـەرقاڵ نەبوایـە وەڵامـی زەردەخەنەکـەی دەدایـەوە و قـسەی لەگـەڵ دەکـرد. ئەمشەو ناتوانێت بەم شێوەیە ڕەفتار بکات وەکو داب و ڕاهاتنی هەموو جارانی.

سەری خۆی دانەواند و بیری لەکچەکە دوورخستەوە، دەیان بـیری کـردەوە چۆن یەکەمجار پێش دە ڕۆژ بە تەلـەفۆن لەگـەڵ فەریـد ڕەمـزی قـسەی کـرد. سـەرەتاکەی ئاشنا و ئاسایی بـوو کـە باسـی بـارودۆخی ڕووداوی کـچەکە و هاوسـەرەکەی بـۆ کـرد. ڕووداوی هاوسەرەکەی لەئارایشگا بوو. کچەکەشی لەڕێی قوتابخانە. ئینجا داواکردنـی ڕزگارانە بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەرەکەی. ئینجا چۆن کچەکەی بەشـێوەیەکی دڕندانـە کوژرا، ئینجا لیستی ناوی ئەوانەی فەرید گومانیان لی دەکات، کـە لەوانـەیـە دەسـتیان هـەبی لـەم دوو تاوانـەدا. نزیکـەی دوازدە نـاو بـوون. لەفەرمانبـەرانی پێـشوو و لـە کۆمپانیاکـەی و پیـاوانی کـار ئەوانـەی بەربـەرەکانیان دەکـرد و چـەند کەسـێك کـە بەرژەوەنـدیان هەیـە لـەئازاردانی خانەوادەکـەی. ئەمانـە هـەمووی بـە تـەنها بـیری مەڕوانی سەرقاڵ نەکردبوو. ئەوەی سەرقاڵی کردبوو سـیناریۆیەکی تـری زۆر گـرنگ و سامناکە لەوانەیە دەرگاکانی دۆزەخی بۆ واڵا بکات.

زەنگی نەردەوانەکە لێی داو دەرگا کرایەوە بۆ نهۆمی سێیەم. هاوکات کە کچەکە لە نەردەوانەکە دەردەچوو دەستی بردە نێو جانتا بچووکەکەی خۆی و مۆبایلێکی دەرهێنا و ژمارەیەکی لێدا.

سەرسام بوو لەشێوازی ڕێکردنی ئەو کچە! کتومت لە شێوازی ڕانیا ڕێی دەکرد.. هێدی هێدی.. جێگیر.. بێلەنجەولار... دەرگاکەی داخست و نەردەوانەکە بەردەوام بوو لەبەرزبوونەوە. مەڕوان گەڕایەوە بۆ بیرکردنەوە لە قسەکەی فەرید، کە گوتی دوو پیاو لە لێکۆڵەری تاوانەکانی فەڕەنسی پێش چەند ساڵێك هەوڵیان داوە بەهەڕەشە پارەی لی بستێنن بە بڕی دووسەد و پەنجا هەزار یۆڕۆ. ئەگەرنا، بەپێچەوانەوە بە هەندێك برادەری خۆیان دەڵێن، کەوا لە فەرمانگەی گشتی باج وەرگرتنن. بۆ ئەوەی پشکنینێکی وورد بکەن لە حیساباتەکانی کۆمپانیای نیل بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی، ژمارە ناڕێك و ساختەکان ئاشکرا بکەن، بەمە دەتوانن گرفت و ماندووبوونێکی زۆری بۆ دروست بکەن. پاشان هەواڵی لێکۆڵینەوەکان بە میدیاکان دەگەیەنن، بۆ شێواندن و تەنگاوکردنی کۆمپانیاکە و تێکشکاندنی ئەو ناودارییەی ئیستا هەیەتی. ئەمە لە کاتێك ڕوویدا کە خەریك بوو کۆمپانیاکەی خۆی بفرۆشێتە یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکانی فەڕەنسا. تەنانەت گەر درۆش بوایە کاتەکە نالەبار بوو بۆ لێکۆڵینەوەی فەرمی. بۆیە ناچار بوو پارەکەیان بداتی و تۆماری بکات لە خانەی تویژینەوەی ڕاوێژکاری. بەڵام کاتێك دووبارە پەیوەندییان پێوە کرد سەرلەنوی داوای ملیۆنێك یۆڕۆیان کرد. قایل نەبوو، سکاڵای تۆمار کرد لە پۆلیسی ئەنتەرپۆلو ،باسی ڕووداوی پێشوی بۆ کردن، بۆیە بایەخیان دایە بابەتەکە و لێکۆڵینەوەیەکی ووردیان کرد، تاوانبارانیان ئاشکرا کرد و گیران، دادگایی کران و هەریەکێکیان حوکمی بەسەردا درا لەنێوان زیندانکردنی پێنج تا بیست ساڵ و هەتاهەتایی. پاشان زیندانکراوەکان پەیوەندیان بەلایەنە فەرمیە باڵاکانەوە کرد تاکو ناوی بەرپرسە ڕاستەقینەکان ئاشکرا بکەن. داوایان لێ کردبوون ئەم ئیشە ئەنجام بدەن. بەڵام هەموویان لە ژووری بەندیخانەکانیان کوژران. پۆلیسیش هیچ بەلگەیەکی لەم ڕووداوە نەدۆزیەوە تا کەسێکی پێوە تاوانبار بکات ،ئیتردۆسیەکە

دژی تۆمەتبارییەکی نادیار داخرا. دوای ئەوە حکومەتی فەڕەنسی داوای لێبوردنی لە فەرید ڕەمزی کرد،ئەگەر چی هیچ گلەییەکی لە حکومەت نەکردبوو بەهیچ شێوەیەك. لایەنە فەرمیەکان بەفەرید و هاوسەرەکەیان ڕاگەیاند کە بەرپرسانی تاوانەکە تاکە کەسن و لەبەرژەوەندی کەسایەتی خۆیان ئەم ئیشەیان ئەنجام داوە و هیچ پەیوەندیەکی دوور و نزیکیان بەپیاوانی ئاسایش و هەوالگری تاوانەکانەوە نییە لە پاریس. لەگەڵ ئەوەش فەرید بۆ مەڕوانی دووپات کردەوە کە بۆچوونی وایە دەبی کەسێکی پایەبەرز هەبێت لە ئاسایش و هەوالگری حکومەت دەستی لە ڕووداوەکە هەبووبێت، کە لەسەرەتاوە بیلانگێڕیی و نەخشەی بۆداناوە بۆ ئەم پارە لێسەندنە بە شێوەی هەڕەشە. کاتی بیستی زیندانکراوەکان نیازیان وایە ناوی ببەن، هەموویانی کوشت تا کەس بەکردەوە ڤێزەوەنەکانی ئەو کەسە نەزانێت.

ئەمە مەڕوانی نیگەران کردووە. گەر ئەوەی فەرید ڕمزی دەیلێت ڕاست بێت و ترسەکانی لەجێی خۆی بێت، ئەوا کەسێك هەیە پلانگێڕانی بۆ دادەنێت و پشت بەپلە و پایەی خۆی دەبەستێت کە لەئاسایشە یان هەوالگری تاوانەکان یاخود لەلایەنی لێکۆڵینەوەی بالای حکومەتە. کەواتە چۆن بتوانێت متمانە بەلایەنە بچووکوکانی دەزگا ئاسایشیەکانی پاریس بکات و هاوکارییان بکات لەئاشکراکردنی شاراوەیی ڕووداوەکە و تاوانباران بچنە بەر دادگا؟ زەنگی نەردەوانەکە دیسان لی داو لەسەر نهۆمی پێنجەم دەرگا کرایەوە، بەلام مەڕوان نوقمی بیرکردنەوە بووبوو، لەنەردەوانەکە دەرنەچوو،بەردەوام بیری لەم کێشەیە دەکردەوە. دەبی ئەوەی فەرید ڕەمزی گوتی ڕاست بێت؟ لەوەش زیاتر ئایا گونجاوە کلۆدێتی هاوسەری فەرید لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو کەسە نادیارە ئیش دەکات، کە خاوەن دەسەلاتە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش؟ بۆ چی و پاڵنەری ئەوە چیە؟

هەموو دیاردەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە فەرید و کلۆدێت دوو هاوسەری دڵشاد و بەختەوەر بوون و بەتەبایی دەژیان. هیچ کەموکوڕیەکیان نەبوو. پارەیەکی زۆر زۆریان هەیە، خۆشەویستیان لە نێواندا هەیە. لەیەکەمین ڕۆژ کە یەکتریان لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی پیاوانی کار بینی لەپایتەختی فەڕەنسا. جوانی و

کەشــخەیی کلۆدێــت بووبــوە جێــی ســەرنجی گۆڤارەکــانی کەشــخەیی. گۆڤارەکــان بێــشبڕکێیان ئــەوەیان دەکــرد چــۆن وێنەیــەکی کلۆدێتیــان دەســت کــەوێت و دیــداری ڕۆژنامــەوانی لەگەڵــدا بکــەن. پــاش ئــەوە. فەریــد بڕیاریــدا واز لــەئیش بهێنێــت و ژیانێکی ئاسوودە لەگەڵ خانەوادەکەی خۆی بەسەر بەرێت و پێکەوە لەسەرتاسەری جیهاندا بسوورێنەوە، بی سنوور و بی کۆت لەهەموو خۆشیەکان بنۆشن.ئیدی نــازانم چی بووە تاکو بارودۆخەکە وا چەوت و گرێکوێرە بێت و ڕووداوە خوێناویــەکان بــەم شێوە یەك لەدوای یەك بێنەوە؟

زەنگی نەردەوانەکە لێیدا تا دەرگاکە داخرێتەوە.

مــەڕوان خێــرا بەخەبــەر هــات و گەڕایــەوە ســەر ڕاســتیەکەی ئــەو تــاوە. کــاتێکی گونجاو دێت هەوڵ بدات ئەم نهێنییــە بکاتــەوە و گــشت شــاراوەکانی دەربخــات. ئێــستا ئەوەی پێویستە بەپەلە جلوبەرگەکانی خۆی کۆ بکاتەوە و شــارەکە بــەجی بهێڵێــت.. چونکە ئەگەر پۆلیس بیەوی داوای بکات بۆ لێپرسینەوە سەبارەت بــەم ڕووداوە ئــەوا دەزانــن لــەکوی بیدۆزنــەوە. شــوێنی نیــشتەجێبوونی بــۆ هــەموو لایــەنێك ئاشــکرا و ڕوونــە. بــەڵام لێــرە نامێنێتــەوە نــەوەك ببێتــە ئامــانجی فیــشەکێکی قەناســێك یــان تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو.

خێــرا دەســتی درێــژکرد و دەرگــای نەردەوانەکــەی کــردەوە، بــەرەو لای ڕاســتی ڕێـــڕەوی ژوورەکـــەی خـــۆی چـــوو، بـــەهۆی کوژاندنـــەوەی هەنـــدێك لەگڵۆپـــەکان تروسکاییەکی کزی لی دیار بوو. لەبن ڕێڕەوەکە تارمایی کەسێکی دیت دەجوولێتەوە و دەنگی ڕاکێشانی چەکیشی بیست، بۆیە زانی بە دوایدا دان.

# بەشی چوارەم

مـەڕوان بـەرەو لای چـەپ چـوو،بەڵام گوللەیـەك بـەرەو لای هـات و زرمەیـەكی گەورەی لەنێو ئوتێلەكە نایەوە. گولەكە لە دیوارەكەی تەنیشتی داو كونێكی گـەورەی لـی كـرد و دایـڕزانـد، پڕوشـكەكان بـەرەو هـەموو لایـەك بـڵاو بوونـەوە. بـەخێرایی دەمانچەكەی دەرهێنا، ئەوەی كە لەیەكێك لە پاسەوانەكانی فەرید ڕەمزی بردبووی. تەقەیـەكی بـەرەو سەرچـاوەی تەقەكـە كـرد. لـەو كاتـەی خـەریكی وەڵامدانـەوەی هێرشـەكە بـوو، دەرگـای دەرچـوونەكەی كۆتـایی ڕێڕەوەكـەی لای پـشتی بەتونـدی كرایـەوە. تەماشـای كـرد تارمـایی كەسـێكی دیكەیـە لەدواوەیـەتی. دیقـەتی كـرد و بەسەرسامیەوە بینی كچە جوانەكەی نێو نەردەوانەكەیە.

مـەڕوان ڕاكـشایە سـەر زەوی، كـاتێكی زانـی دەسـتڕێژێكی دیكـەی گوللـە بەسـەر سەری داهات و دای لەهەمان دیوار. دەمانچەكەی ئاڕاستەی سـەری كـچەكە كـرد، دوو تەقەی كرد و زوو پێچی كردەوە و تەقەی لە پیاوەكەی تـر كـرد، بـەڵام لـە كەسـیانی نـەدا ئەگەرچـی چـەند چـركەیەكی بەدەسـت هێنـا بـۆ ئـەوەی شـتێك بكـات. ئـاوڕی دایەوە بینی لە دووری چەند مەترێكی كەم لەلای ڕاست هەیوانێكی بـچووك هەیـە و بـەرەو هـۆڵێكی پێـشوازی گـەورە دەچـێت. لـە هـیچ لایـەك پەنایـەك نـەبوو. هـیچ شوێنێكی دیكە نەبوو. دووبارە چەند تەقەیەكی بەرەو هەردوو لا كرد. ئینجا بـەرەو تارمە بچووكەكە دەرپەڕی و لە یەكێك لە سووچـەكانی ئـەم تارمەیـە دانیـشت تـاكو ئەو گوللانە نەیگرێتەوە كە بەرەو لای ئەو دێت. تا ماوەیەك كـەس لـە ڕاونـەرەكانی نەیدەتوانی شوێنەكەی بدۆزێتـەوە. تارمـە بـچووكوكە گوللـە بـاران كـرا، پـڕ بـوو لـە زرمەی تەقە و زرنگانەوەی گوللە. دوو هێرشبەرەكە مـەتر مـەتر و دەرگـا بـە دەرگـا بە دوویدا هاتن، چەند چركەیەك زیاتری لە پێشدا نەبوو بۆ ئەوەی دەست بكاتـەوە، چـەند تەقەیـەكی بـەرەو لای ڕاسـت و چـەپدا كـرد، ئینجـا سووڕایەوە و تەقـەی لـە دەرگای ژوورێكی داخـراو كـرد كـە لەتەنیـشت دەرگاكـە دەسـتەواژەیەك هەڵواسـرابوو

(تکایە بی هەراسانی)، شەقێکی توندی لەدەرگاکەی داو شکاندی و دەرگاکە کەوتە بەردەمی، بازی دایە سەری و خۆی لەنێو ژوورەکە کوتا، گوللەکانیش لەهەردوو لا بەشوێنییەوە بوون. لە نێو ژوورەکە بووك و زاوایەك هەبوون. هەردووکیان لەپەڕی چوارپایەکە گۆشەگیر بووبوون و مێزی نان خواردنەکەشیان ڕاوەستاندبوو و خۆیان لەپشتی شاردبووەوە، دەلەرزین و ترسیان لی نیشتبوو تۆقیان چووبوو لەم ڕووداوە. بەدەنگێکی لەچرپە بەرزتر مەڕوان پێی گوتن:

"دابەزن.. دابەزنە ژێر چوارپایەکە دەی.... خێرا."

کاتی بەدەستەوە نەبوو تێیان بگەیەنی کە ئەو پیاوە بەدکارەکە نییە لەم خەونە هەراسانگەرەی وا دەیبینن. بەڵکو ئەو دەیەوی ساغی و سەلامەتیان بۆ دابین بکات. بووك وزاواکە بازیان دا سەر زەوی و خشینە ژێر چوارپایەکە و تەماشایان دەکرد چۆن شانە بەتاڵەکەی دەمانچەکەی دەردەهێنێت و یەکێکی پڕ دەخاتە نێوی، لە دەرگا شووشەبەند و سلایدەکە تێپەر بوو،هاتە دەرەوە. کە گەیشتە ئەوی لە دواوەوە دەنگی زرنگەی گوللەیەکی بیست، هەستی کرد گوللەکە لە شانی ڕاستی دا و فڕێی دایە سەر مێزە شووشەکەی نێو بەلەکۆنەکە و مێزەکە تێکشکا و کەوتە ژێری. لەگەڵ ئەوەش هۆشی لەخۆبوو، دانی بەخۆیدا گرت و سووڕایەوە، بەدەستێك دەستی کردە تەقەکردن و بەدەستەکەی تر دەموچاوی خۆی دەپاراست. دەرگا شووشەکە لەبەر توندی تەقەکردنەکان شکا و پروشك و پارچەی شووشەکە بە نێو بەلەکۆن و ژوورەکەدا پەرت بوو. تەقەکانی مەران دای لە ئامانج و بەشی کچە جوانەکە دوو گوولە بوو ،بە سینەی کەوت و قیژاندی و کەوتە سەر زەوی. بەم جۆرە یەکێك لەهێرشبەرەکانی کەوت و بەڵام ئەوی دیکە هێشتا زیندووە و دەبی ئەویش لەناو بچێت. مەڕوان بەخێراییەکی زۆر جوولایەوە، هەرچەند هەستی بەئێشێکی زۆری دەکرد. ڕاوەستا و وردە شووشەکانی سەر جلەکانی خۆی داتەکاند و هەستایە سەر پێ، بەرەو ژوورەکە چوو و دەمانچەکەی ئاڕاستەی دەرگاکە کردبوو، چاوەڕوانی دەرکەوتنی هێرشبەری دووەم بوو. بووکەکە لەژێر چوار پایەکە دەرچوو، هات

لەتەنیشتی ڕاوەستا و بەدەنگێکی بەرز قیژاندی و لەدەموچاوی خۆی دەدا. زاواش بەرەو لای هات و هەوڵی دا هێمنی بکاتەوە بەڵام بی کەڵك بوو.

مەڕوان دەرپەڕی و بەسەر کچە کەوتووەکەی ناوەڕاستی ژوورەکەدا خۆی چەماندەوە سەر زەوی تا سەیری ترپەی دڵی بکات. هێشتا نەمردبوو هەستی کرد ترپەیەکی لاوازی تێدا ماوە. بەلەقەیەك دەمانچەکەی لی دوور خستەوە. ئینجا لەشی کچەکەی سووڕاندەوە، بینی جلە سپیەکەی سوور و خەڵتانی خوێن بووە. بۆ ئەوەی هەندێك کاتی بەدەستەوە بی تەقەیەکی بەرەو دەرگاکە کرد، ئینجا سەری دەمانچەکەی نایە ملی کچەکە و لەژێر ددانەوە لێی پرسی:

"کی تۆی نادرە دووم؟"

کچەکە بەلاوازیەوە بزەیەکی کرد،خەریك بوو بە بێدەنگی لەهۆش خۆی بچێت، دیسان مەڕوان هەمان پرسیاری بە فەڕەنسی لی کرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. بەتووڕەییەوە قیڕاندی:

"کلۆدێت؟ کلۆدێت تۆی نادرە دووم لە ساوپاولۆ؟"

وەڵامی نەدایەوە بەڵام بەسەرسامی و ترسەوە چاوی کردەوە، دیار بوو کە تێگەیشت و ناوەکەش دەناسێت و شارەکەش دەناسێت. دەمانچەکەی زیاتر پاڵ نا ملی کچەکە، بەڵام هەر وەڵامی نەدایەوە، لەپڕێکدا چاوی خڕ بوو، چەند جارێك چاوی سووڕایەوە و دوا هەناسەی دەرهێنا و گیانی لەدەست دا.

ترپەکانی دڵی مەڕوان خێراتر بووەوە و بەهێزتر بوو. لەناخی خۆیدا هەستی تووڕەیی و ئارەزووی تۆڵەسەندن تێکەڵ بەیەك بوو. خوێنی نێو دەمارەکانی بەهێز و توند بووەوە.

دەمانچەکەی کچەکەی هەڵگرت و سەیری شانەی فیشەکەکانی کردو بەرەو ڕێڕەوی دەرەوە چوو، بەهەردوو دەمانچەکە بی ڕاوەستان تەقەی کرد. پیاوەکەی نێو ڕێڕەوەکە هیچ دەرفەتێکی قوتاربوونی نەبوو. مەڕوان فیشەکەکانی هەردوو دەمانچەکەی بەتاڵ کردە نێو لەشی پیاوەکە و لەبەردەمیدا گرمۆڵەبوو. مەڕوان

بەلەقە پیاوەکەی لابرد و دەمانچەکەی لەدەستی دەرهێنا لەگەڵ شانەی فیشەکەکانی نێو گیرفانی چاکەتەکەی.

پیاوەکە هیچ شتێکی پی نەبوو کەسایەتیەکەی دەربخات. نە جزدان نە پاسەپۆرت نە ناسنامەی کەسایەتی. هیچ شتێك. مەڕوان بەرەو ژووری بووك و زاواکە ڕای کرد. کچە مردووەکەش هیچ شتێکی پی نییە کەسایەتیەکەی دەربخات. هەردووکیان پیشەیان بکوژی بوو. بەو شێوەیە ڕاهێنرابوون کە کەسایەتیەکانیان شاراوە و نەناسراو بێت، بەشەو و لەناوەختدا قوربانییەکانیان بکوژن.

وا دیارە بۆچوونی فەرید ڕەمزی ڕاست بوو کە هەوالگری فەڕەنسی ڕۆڵی هەیە لەم پلانگێڕییە. چونکە ئەوەی تا ئێستا ڕوودەدات بە وردی و لە کوتوپڕیە و لەئاستێکی بەرز نەخشەی بۆ کێشراوە.

مەڕوان هەستی بە ئاگرێك کرد شانی ڕاستی دەسوتێنێت و بینی بەو وردە شووشانە دەموچاو و سەری بریندار بووە دەموچاوی پڕ خوێن بووە.

ئینجا دەنگی قیژەی ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیس دەستی پی کردەوە.

# بەشی پێنجەم

ئایا لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە تاکو پۆلیس دەگاتە ئێرە، یاخود هەڵبێت؟ تەنها چەند چاوتروکانێکی لەپێش بوو بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و بڕیار بدات. چونکە هەر ئێستا و دەستبەجی پیاوانی ئاسایش دێن...ئەمەش شایانی ئەوە نییە هەست بە ئاسایش بکات.. بەپێچەوانەوە زۆرتر بیری گرژ و نیگەران بوو.

هەموو ئەو کردەوانەی ئەمڕۆ کردی بەرگری لەخۆکردن بوو، بێگومان وایە، بەڵام ئایا هەر ئەوەندە بەسە؟ ئیستا ئەو ڕاونراوە و ڕاونەرەکانی هەرکی بن باش شارەزای جوولانەوەکانی ئەون و زانییان وا لەمۆنتی کارلۆیە... زانییان لە ئوتێلی میریدیان نیشتەجێیە، هەرچەند ناوی خۆشی گۆڕیبوو بۆ گرتنی ژووری ئوتێلەکە...زانییان بۆ دیداری فەرید ڕەمزی هاتووە... کات و شوێنی دیدارەکەیان بە تەواوی دەزانی... ئەو ئۆتۆمبیلەشیان ناسی کە سواری دەبێت...ئەو نەردەوانەی کە بەکاری دەهێنێت... نهۆمەکەش کە بۆی دەچێت. چۆن ئەمانەیان پێکرا و چۆن ئەم هەمووەیان زانی؟

گەر ڕاونەرەکانی پەیوەندیشیان بەلایەنە ئاسایشیەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەواڵگری تاوانەکانەوە نەبێت. ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە لەنزیکەوە و بەخێرایی هەمیشە لەدووی بوونە. کێ دەتوانێت بەم وردییە و هەنگاو بەهەنگاوە بەدووی کەوێت؟ چونکە کەم کەس دەیانزانی نەخشە و پلانەکەی بۆ ئەم سەفەرە چیە، بیرکردنەوە و ڕاپەڕاندنی ئەم دیدارە لەچل و هەشت کاتژمێر کەم تری خایاند بوو.

مەڕوان بیری کردەوە هەوڵ بدات تەکسیەکە بدۆزێتەوە کە بۆ ئوتێلەکە هێنای. ڕەنگە هێشتا تەکسیەکە ڕاوەستابێت و شۆفێرەکە چاوەڕوان بێت و بایەخی نەدابێت بەو هەموو شڵەژاوییەی کە ڕوویدا، لەجادەکەش پۆلیسی هاتووچۆ دووری نەخستبێتەوە. ئایا دەبی لەچاوەڕێکردن بێزار نەبووبی؟ ئەگەر وابێت ئەوا مەڕوان

بە پەرجووێکی خودایانەی لەقەڵەم دەدات، کەواتە دەبێ هەڵبێت و بەرەو (میلان) بچێت و لەوێوە بۆ (ڕۆما) پاشان بەزووترین کات بگاتە براکەی لە بەیروت. بەڵام ئەگەر شۆفێرەکەی نەدی، ئەوا پەرجووەکە مانەوە دەگەیێنێت و واتا چارەنووسی دیاری کراوە و دەچێت بۆ پۆلیسخانە و بەهەموو شتێکی دوای ئەوە ڕازی دەبێت.

ئەگەر کاتی بەدەستەوە بووایە ئەوا پلانێکی باشتری دادەنا، بەڵام ئێستا تەنها چەند چرکەیەکی لەپێشە.

مەڕوان دەمانچەکەی نایە نێو گیرفانی چاکەتەکی و دەرپەڕیە نێو ژوورەکە و دەرگاکەی داخست و چووە ئاودەست. ئاوێکی بەسەر دەموچاوی خۆیدا کرد و دەستی خۆی شوشت و خوێنی سەر قژی سڕیەوە، ئینجا کلینکسێکی تەڕ کرد و برینە قووڵە خوێناویەکەی شانی خاوێن کردەوە. سەیری شوێنی گوللەکەی کرد بینی چاکەتە چەرمەکەی بەری زەبری گوللەکەی کەم کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش شانی هەر کون کردبوو... دەبی چارەسەرێکی پزیشکی و فریاگوزاری بکات. ئەگینا برینی شانی گڕ دەگرێت و کێشەی ترسناکی بۆ دروست دەبێت، ئەمەش پێویستی بەکات هەیە، بەو دەمودەستە ناتوانێت هیچ بکات. چەند حەبێکی ئێشبڕی خوارد کە لەسەر تاقەکە بوو ئینجا کلینکسێکی دووقەد کردەوە و لەژێر چاکەتەکەوە نایە سەر برینەکە. کلینکسە بەخوێنەکانیشی فڕی دا نێو حەوزەکە. ئینجا جانتای جلوبەرگی بووك و زاواکەی برد، کە لە نێو کەنتۆرێکی نزیك گەرماوەکە دانرابوو. پاشان دەرپەڕیە دەری بەرەو دەرگای تایبەت بەفریاکەوتن، بەسەر قاندرمەکەدا بازی دەدا ڕووەو نهۆمی یەکەم، لەدەرگای تەنیشتی ئوتێلەکە دزەی کرد و چووە سەر شەقامەکە، لەو کاتەدا یەکەم ئۆتۆمبیلی پۆلیس گەیشتە ئەوی. دوو ئەفسەری بینی خۆیان هەڵدایە خوارەوە و چوونە نێو ئوتێلەکە. هەروەها بینی تەکسیەکەی کە هێنابووی لەدووری چەند مەترێك دوور لەئوتێلەکە لە چاوەڕوانیدا وەستاوە. بەخێرایی بەرەو تەکسیەکە دەرپەڕی و دەرگای دواوەی کردەوە و چووە نێوی دانیشت. بەفەڕەنسی بە شۆفێرەکەی گوت:

"بۆ فڕۆکەخانە.. بی زەحمەت."

بەڵام پیاوەکە نەجوولا. هەمان شتی بە ئینگلیزی گوت و هەر وەڵامی نەدایەوە. وایزانی شۆفێرەکە خەوتووە. لێی چووە پێشەوە و شانی راتەکاند و ئەنجا چاوی بەخوێن کەوت. زانی شۆفێرەکە گوللەی بەر کوتووە و کوژراوە، بەلای چەپی سینەی کەوتبوو.

مەڕوان لە ئۆتۆمبیلەکە هاتە خواری و دەمانچەکەی دەرهێنا و بەدەوریدا سووڕایەوە. سەیری هەموو لایەکی شەقام و گۆڕەپان و دەرگای بەردەمی ئوتێلەکەی کرد. کەسی نەدی بەڵام دەنگی قیژەی هەندێك لەئۆتۆمبیلی پۆلیسەکانی بیست نزیك دەبوونەوە.

ئەمە یانی چیە؟ ئێستا ئەمە چییە هاتۆتە پێشی؟ ئۆتۆمبیلی هەیە بەڵام بی شۆفێر. بیرۆکەیەکی بۆ هات بەڵام لە ترسان تۆقی! ئەویش ئەوەیە ئێستا پەنجەمۆری لەسەر هەموو شتێکی ئۆتۆمبیلەکە هەیە. لەسەر دەرگا و کۆشن و هەتا لەسەر شۆفێرەکەش. ئەگەر هەڵێت تۆمەتی کوشتنی دەخەنە پاڵ و فەرمانی ڕاونان وگرتنی بەسەردا دەردەکەن و دەیگرن، بەم شێوە کۆتاییەکەی دێت، کۆتایی کۆمپانیا و ئیشەکانی و ناوبانگیی و هەموو شتێکی دێت. ئیتر هەرگیز ناتوانێت هەستێتەوە، ئیتر پیاوانی کار و دەوڵەمەند پەنای بۆ نابەن بۆ ئەوەی بیانپارێزێت. چونکە تۆمەتبار کراوە بە کوشتن،تەنانەت ئەگەر تاوانباریش نەبێت. باشتر وایە هەڵێت. هەڵاتن لەمانەوە باشترە، ئەوەیان دەرفەتی مانەوەی بۆ دەڕەخسێنێت!

ئێستا دوای هەموو ڕووداوەکان، مەڕوان دڵنیا بوو لەوەی گەر لەمۆنتی کارلۆ بمێنێتەوە واتە فەرمانی مەرگ. ئەوانەی ڕاوی دەنێن زۆر شتی لەسەر دەزانن. گەر هەڵبێت و دەرچێت لەمۆناکۆ، ئەوروپا بەجێبهێڵێت بەشێوەیەی کاتی لەم تەنگانەیە ڕزگاری دەبێت. هەروەها دەزانێت ئەوانە کێن لەدووی دەگەڕێن و بۆچی؟پاشان پلانێك بۆ جوولانەوەکانی خۆی دابنێت. ئیتر بڕیاری دا لەمۆنتی کارلۆ ڕاکات.

مەڕوان ئاوڕی لە دوای خۆی و دەوروبەری دایەوە،بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت. بۆ لای شۆفێرەکە چوو و توانی پشتی کوشنەکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی دابگرێت. ئینجا تەرمی پیاوەکەی ڕاکێشا و لەسەر کۆشنەکەی دواوە درێژی کرد. لەئۆتۆمبیلەکە هاتە

دەورەوە،دیسان بەدەوریدا سووڕایەوە و سەندوقی ئۆتومبیلەکەی کردەوە، چەند نەخشەیەك و پەتوویەکی لەنێودا دۆزیەوە. تەرمی شۆفێرەکەی بەپەتووەکە داپۆشی و نەخشەکانیشی خستە نێو گیرفانی کۆشنەکە. چەکمازەی دەشبولەکەی کردەوە، کارتی سالانەی ئۆتۆمبیلەکەی تێدابوو لەگەڵ مۆڵەتی لێخوڕین و کارتی دابینی و کلینکس و چەند قوتوو و پسولەیەك. تەنها پێویستی بەکلینکسەکان هەبوو. سەیری دەوروبەری خۆی کرد. ئینجا بەپێی توانا ناو ئۆتۆمبیلەکەی بەکلینکسەکان سڕیەوە. لەسەر کۆشنی شۆفێرەکە دانیشت و پشتی کۆشنەکەی گەڕاندەوە شوێنی خۆی. جامەکانی داخست و ئۆتۆمبێلەکەی خستە ئیش و ئاوێنەکەی ڕاست کردەوە. هەستی کرد وا ئازاری شانی زیاد دەکات. بەڵام لەم بارودۆخە کاتی بەدەستەوە نەبوو بیری لی بکاتەوە.لایتی چەند ئۆتۆمبیلێکی دی بەرەو ڕووی دەهاتن، لەدوورەوە بەرێوەبەری ئوتێلەکەی دی بە گورگەلۆقە دەردەچوو،بە دەست بەرەو ئاڕاستەی خۆی ئاماژەی بۆ پۆلیسەکان دەکرد و هاواری دەکرد،بەلام مەروان قسەکانی نەدەبیست چونکە جامەکانی ئۆتۆمبێلەکەی داخستبوو. مەروان بەشێوەیەك خۆی دەرخست گوایە جێبەجێکردنی فەرمانی دوورکەوتنەوە و ڕیدانە بە ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیس. دەستبەجی وەکو شۆفێرێکی شارەزا بەهێمنی و هەتەری لەو شوێنە کەوتەڕی و ڕووی کردە لای ڕۆژئاوا.

بیری کردەوە: باشترە بۆ ئیتالیا بچێت یاخود بۆ فەڕەنسا؟ چەند دراوێکی فەڕەنسی لەگیرفانیدا پێیە، ئەو جلوبەرگانەش کەوا پێیەتی و لەژووری بووك و زاواکە بردبووی. جگە لەچەند پاسەپۆرتێکی ساختە هیچی تری تێدا نەبوو ئەوانەشی لە(مارسیلیا) شاردبوویەوە بۆ ڕەوشێکی وەها. کە ئەمە هەمیشە دابی ئەو بوو بۆ ئاسانکردنی سەفەرەکانی،تا بەنهێنی ئیشوکارەکانی خۆی ئەنجام بدات. دەتوانێت لەماوەی دوو کاتژمێر بگاتە مارسیلیا. لەوی ئۆتۆمبیلەکە و تەرمەکەی نێوی فڕی بدات و سواری فڕۆکەیەك بێت بەرەو (دارلبەیزا).

لە(مەغرب)یش کەس ناناسێت و سالآنێکە بۆ ئەوی نەچووە هەرگیز لەنیازی نەبووە بۆ ئەوی بچێت. لەم ساتەدا شوێنێکی دیکە نەبوو بۆی بچێت جگە لە مەغرب، بە تایبەتی بۆ لای ئەو کچەی کە دڵی ڕەنجاندووە.

# بەشی شەشەم

سەرۆکی لێکۆڵینـەوەو پـشکنەر (جان کلۆد جودار) ئۆتۆمبیلە ڕینۆ کۆنـە دوو دەرگاکەی خۆی ڕاگرت لەنێوان گردبوونەوەیەکی گەورەی ئۆتۆمبیلـەکانی پـۆلیس و فریاکـەوتن. لـەنزیك ئەوانــەش گلۆپــەکانی ســەر ئۆتــۆمبیلی ئاگرکوژێنــەوەکان داگیرسابوون. لەپێش تەلاری نیشتەجێبوونی فەرید ڕەمزی بـەناوبانگ و پیـاوی کـار کامیراکانی تەلەفزیۆنیش خەریکی وێنەگرتنی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بوون.

مولازم (جودار) لە دەشبولی ئۆتۆمبیلەکەی دەمانچە و نیشانەی ئەفسەرییەکەی خـۆی دەرهێنـا و هاتـە خـواری، شـنەبا ساردەکەی تـشرینی دووەم لەڕوخـساری دەدا. زیـاتر لەبیـست ساڵ بـوو جودار وەك پـشکنەر لـە لێکۆڵینـەوەی پۆلیـسی میرنـشینی مۆناکۆ ئیشی دەکرد. ماوەی پێنـج ساڵ بـوو کرابـووە سـەرۆکی هـەواڵگری تاوانـەکان. هەرچەند شارەزاییەکی پسپۆڕی و ئەزموونیی لەمێژینەی هەیە،بەڵام تاوانێکی وەکو ئەمــەی نــەدیوە کــەوا ئــەمڕۆ هــاتووە و لێــی بکۆڵێتــەوە. ئــەم میرنــشینە کــە دانیشتوانەکەی سی و دوو هەزار کەسن بەبچووکترین وڵات دەژمێردرێت لـە جیهانـدا لەدوای ڤاتیکان. دەکەوێتـە نێـوان ئیتاڵیـا و فەڕەنـسا. لەپانتاییـەکی دوو کیلـۆ مـەتر دووجا کەمتر و کەوتۆتە نێو شاخستانییەکی سەختیش. بەڵام مەزنترین و جوانترین و گرانبەهاترین شـوێنی نیـشتەجێبوونی تێدایـە لەباشـووری ئـەوروپا. مـۆنتی کـارلۆ هەمیشە گۆڕەپانی تاوانی بچووك بچووك و شوێنی جەردەیی و پەلاماردان و دزین و هەندێك کێشە بـووە. چونکە لەهـەموو ناوچـەکانی ئـەوڕوپا زیـاتر ڕێژەیـەکی زۆری ملیـۆنێری تێدایـە. ئـەم جـۆرە ڕووداوانــە نـامۆ و دوور نییـە بـەهۆی کینەلـەدڵ و چڵێسی و چابرسییەکان بەرانبەر بەو دەوڵەمەندانەی کەوا بە بەردەوامی نیشتەجی و میوانی مۆناکۆن.بەڵام کوشتن و تەقینەوەی ئۆتۆمبیـل لەشـوێنی جیـاواز و لەیـەك ڕۆژدا ڕووبدات، تا ئێستا شتی وای بەخۆوە نەبینی بوو !.

جودار بەلای ئۆتۆمبیلی ڕانج ڕۆڤەرە سوتاوەکە ڕەتبوو، کە هێشتا لەشوێنی خۆی مابوو و دووکەڵیشی لی بڵند دەبوو. چووە نێو هۆڵی تەلارەکە کە لەنێو یەکێك لەشوقەکانی ئەم تەلارە ملیۆنێر فەرید ڕەمزی نیشتەجی بووبوو. نەردەوانەکەی بەکار هێنا بۆ ئەوەی بەخێرا بگاتە نهۆمی شوێنی تاوانە قێزەوەنەکە. بەسەر تەرمەکان هەنگاوی نا و پێی لە قەوانەکان دەنا کە بەهەموو لایەکدا بڵاو بووبوونەوە. تا چووە ژوورەوە ،کچە هاوکارە سیسەکە لەبەردەمیدا بوو، (کۆلێت دۆڤال) کە تەمەنی بیست و هەشتساڵە.. لەگەڵ کۆمەڵێك هەواڵگری لێهاتوو لەپێشی دەڕۆیشتن، ئەوانەی ساڵانێکە لەگەڵیدا ئیش دەکەن.

دۆڤال گوتی:

"گەورەم ئەم کارە قێزەوەنە.. تاوانێکی ئیجگار قێزەوەنە."

جودار بەبایەخدانەوە تەماشای کرد و پرسی:

"تا ئێستا چی زانیاریەکمان هەیە؟"

پرسیارەکەی بەشێوازێکی هێمن کرد تاکو دیمەنی خۆی بپارێزێت وەك پیاوێکی پیشەدار لەلێکۆڵینەوەی هەموو جۆرە تاوانێك. پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی ببیستێت پشکنینێکی شوێنەکەی کرد. شوێنێکی زۆر شکۆدار بوو پێشتر شوێنی وەهای نەدیبوو. هەموو شتێك تێکشکابوو تەرمی ئادەمیزادەکان پەرتوبڵاو بووبوونەوە سەر ڕایەخە گرانبەهاکان. دۆڤال وەڵامەکەی دایەوە بەپرسیارێکی دیکە:

"زانیاریە سەرەکیەکانت دەست نەکەوت لە ئەفسەرەکەی پۆلیس؟"

"بەڵی دەستم کەوت."

"با دەست پی بکەین،بەوەی بەدەستمانەوەیە."

بردیە سەر ئەو بازنەیە کە بەگەچ لەدەوری تەرمەکەی فەرید ڕەمزی کێشرابوو و گوتی:

"ئەمە تەرمی فەرید ڕەمزی سلێمانە."

بەچاوی سەرسامیەوە پرسیارێکی ڕوونکردنەوەی کرد:

"فەرید ڕەمزی؟ ملیۆنێرە میسریەکە؟"

سەرسامیەکەی بەسەرسامیەکی دیکە گۆڕی و پرسی:

"بەڵێ خۆیەتی. دەیناسیت؟"

جودار دیقەتی دایە تەرمەکە و یادی هاتەوە و گوتی:

"پێش چەند ساڵێك خۆی و هاوسەرەکەیم لەپێشبڕکێی ئۆتۆمبیلی گەورە Grand Prix ناسی و گفتوگۆمان کرد. پیاوێکی مەزن... قسە خۆش و بەتام!...پیاوێکی دەگمەن... لەگەڵ براکەی لە سفرەوە دەستی بەژیان کرد لە شارێکی باشووری میسر، لە ئەسوان، یان ئەقسەر، یان سوهاج، باشم لەیاد نییە. بەهەوڵ و ڕەنجکێشان لەسەر ئیشکردن بەردەوام بوو. ئینجا سەرکەوتوو بوو و لەفێرعەونەکانی میسری کۆن دەوڵەمەندتر بوو. ئینجا ئیشی لە کانزا و کوورەی ئاسنی خاو کرد، پاشان لەزێڕ و فۆسفات و کانزای دیکەش. دوای ئەوەی براکەی مرد، خۆی خزاندە نێو بازاڕی بازرگانی نەوت و گاز، بەتایبەتی لەبیابانی ڕۆژهەڵات و باکووری دەلتا. بەوەش سامانێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا. پیاوێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات و پایەبەرز بوو. کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە هەموو جیهانی عەرەبیدا. دۆست و هاوپەیمانی زۆربەی سەرۆك و میر و پاشاکانی عەرەب بوو. سەرەڕای ئەوەش رۆشنبیر و قسەشیرین و زانیاریەکی فراوانی هەبوو... ڕەوشتێکی بەرز و ڕێزداری هەبوو."

پاش تاوێك چاوەکانی ترووکاند و گوتی:

"بەڵام هاوسەرەکەی خاتوو کلۆدێت لەوپەڕی جوانی و کەشخەیی دایە. گەورە خانمی کۆمەڵگایە و لەچینێکی بڵند و بەهادارە."

جودار ڕووی کردە هاوکارەکەی  و بەدنگێکی نزم پرسیاری لی کرد:

"ئەو ژنە لێرەیە؟"

دۆڤال سەری لەقاند و گوتی:

"دەتوانم بڵێم نە."

"مەبەستت چیە؟"

"پێش دوو حەفتە لەئارایشگەیەك لەپاریس ڕفێندرا."

دەستی خستە سەر سەری خۆی و بەداخ هەڵکێشانێکەوە گوتی:

"ئای لەم بەڵایە!"

دۆڤال لار بووەوە لای و گوتی:

"لەوەش خراپتر هەیە!"

"چیە؟"

"کچەکەی.. تاقە کچەکەی کە لە ژنێکی ترە.. لەهەمان ڕۆژی ڕفاندنەکە کوژرا..."

ترسی لی نیشت، بیری لەوە کردەوە کە دەیبیستی. "ئەستەمە!. پیاوەکە و کچەکەی دەکوژرێن و ژنەکەشی دەڕفێنن، ئەم نەفرەتە چیە کە بەسەر ئەم خانەوادە لی قەوماوە هات؟"

"تەمەنی چەندە؟"

"چل و دوو ساڵ."

"نە ژنەکە. کچەکە تەمەنی چەندە؟"

بێزاری بەڕوخساریەوە دیار بوو، یاداشتنامەکەی کردەوە و خوێندیەوە و گوتی:

"(بریجیت) لەتەمەنی دوازدە ساڵان بوو."

جودار چەند جارێك سەری لەقاند و پەژارەیی پێوە دیار بوو، چونکە کچەکەی خۆی دە ساڵانە. ئەم خەیاڵەی لەمێشکی خۆی دەرکرد و ئاوڕی لە هاوکارەکەی دایە و پرسی:

"کەس گومانی لێکراوە؟"

ئاواتخوازبوو بەهەموو دڵیەوە بتوانێت تاوانبارەکان بناسێت و بیانگرێت و بەزووترین کات بیانداتە دادگا.

جاری " نە."

"ئەی گەواهیدەر؟"

"لەوانەیە یەك گەواهیدەر هەبێت."

"کێیە؟"

"کەسێکە ناوی مەڕوان عەقادە."

ڕووی کردە لای دۆڤال و بە توندی گوتی:

"بگەڕێن بە دوویدا و بیگرن و بیهێنن بۆم."

# بەشی حەوتەم

مـەڕوان لـە کەشـوهەوایەکی تـەماوی و تاریکـدا بـەرەو ڕۆژئـاوا، ئۆتومبیلەکـەی بەوپـەڕی خێرایـی لێـدەخوڕی و پێـشە خۆشـی بـاش نـەدەدیت. یـەك کاتـژمێر بـوو بەڕێوەبوو، ماندووبوون و ترس گیرۆدەی کـرد بـوو. سـەرباری ئـەوەش ئێـشی لەشـی دەیگوشێت و چاوی دەکەوێنێت و شپرزەی دەکات.

وای بــۆ دەچــوو لەهــەر خــاڵێکی پاســەوانی پیــاوانی ئاســایش بیناســن و لەئۆتۆمبیلەکـە بیهێننـە خـوارەوە و دەسـتی کۆتبەنـد بکـەن و بیگەڕێننـەوە. چاوی بڕیە ئۆتۆمبیلێکی پـۆلیس بـەرەو ڕووی دەهـات،وایزانی ئـەو کەسـانەی تێدایـە کـەوا لـەدووی دەگـەڕێن و دەیانـەوێت بیکوژن، بـەڵام هـەموو شـتەکان بـەهێمنی تێپـەڕی. هێمنیەکی نائاسایی.

کاتەکە زوو تێدەپەڕی... دەبی ئێستا لایەنـە ئاسایـشیەکان لـە مۆنـاکۆ دەسـتیان کردبێت بە لێکۆڵینەوە و جوولانەوە سەبارەت بەم ڕووداوە و ڕەنگە ئێستا بەدوویـدا بگەڕێن. پاش ئەمە پشکنین دەگاتە فەڕەنسا و ئیتاڵیـا و هێزەکـانی ئاسایش لـەوێش بە جووله دەکەون و لەگەڵ ڕاونەرەکانی مەروان هاوئاراستە دەبن. کەواتە ناتوانێـت لە ئەوروپادا خۆی حەشار بدات و هـیچ بەگـەنکردنێکی دیکـەی لەپێـشدا نییـە جگـە لەوەی بۆ باکووری ئـەفریکا بـچێت. ناشـتوانێت بـە پـاپۆڕ بـڕوات بـۆ ئـەوی، چونکە کاتێکی درێژ دەخایەنێت. دەبی بە سواری فڕۆکە بچێتە. بـەڵام گێلییـە ئەگـەر نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی بـەکار بهێنێـت. بۆیـە ناچـار دەبێـت یـەکێك لەپاسـەپۆڕتە ساختەکانی بـەکار بهێنێت کـەوا بـۆ بـارودۆخێکی وەهـا ئامـادەی کـردووە. پێویـستە یەکەمجار بچێت بۆ مارسیلیا و یەکێك لەپاسەپۆڕتەکانی دەست کەوێت، ئینجا بگـات بە دوا فڕۆکە بەرەو مەغرب.

ئەوەی بەیادی بێتەوە، دوا فڕۆکـەی کۆمپانیـای فڕۆکـەوانی شانـشینی مەغربیـە لەکاتژمێری دە دەفڕێت. جەربەزەییەکە و هەر دەبی بیکات، دەبێ ئەم جەربەزەییـە

بکات تەنانەت گەر لە فڕۆکەخانەدا بشیگرن. لەهەوڵدان هیچ بوار و ڕێی دیکەی لە بەردەمدا نییە.

لەتەنیشت جادەکە هێمایەکی بۆ دەرکەوت لێی نووسرابوو سەد کیلۆمەتری ماوە، بەبۆڵەبۆڵ چەند جنێوێکی دا و خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی زیاد کرد. بەرەو ڕۆژهەڵات دەچوو پێشبڕکێی لەگەڵ کات دەکرد لەسەر ڕێگای خێرا A8. دەیزانی کە لەسەر جادەی گشتی و قەرەباڵغی وەها مەترسیەکان زۆرن. بەڵام بەهۆی کات نەیتوانی بەڕێگای کەنار یاخود بە ڕێگا پێچاوپێچەکاندا بڕوات، کەوا مەترسیەکان لەوی کەمترن. ویستی بگاتە فڕۆکەخانەکە بە کورترین و خێراترین ڕێگادا. بیری کردەوە و پرسی: ئەگەر لەکاتی گونجاویشدا بگاتە فڕۆکەخانە، چی لەئۆتۆمبیل و تەرمەکەی نێوی بکات؟ هیچ شوێنێکیشی دابین نەکردووە بۆ هیچ گەشتێکی ئاسمانی، نە پلیت... نە پاسەپۆڕتی گونجاو بۆ ئەم جەربەزەییە. خێرا مۆبایلەکەی دەرهێنا و ژمارەیەکی بەیروتی لێدا و دەنگێکی ناسراوی بۆ هات:

"ئەلو."

"ڕامی... من مەڕوانم."

"ئەی خوایە. ئەوە تۆی؟ ڕاست؟ چۆنی؟ ڕەوشت باشە؟ هەر ئێستا شتێکی ترسناکم بیست لەمۆناکۆ ڕوویداوە. گوللە و بۆمب و شتی تر. هێشتا بە وردی باسیان نەکردووە."

"نیگەران مەبە. ڕەوشم زۆر باشە. گرفتێکی ئاساییە."

ڕەوشی زۆر باش نەبوو، گرفتەکانیش ئاسان نەبوون، برینی شانی زۆر ئازاری دەدا، بەڵام نەیەویست ڕامی نیگەران بکات. ئێستا پێویستی بەبراکەی هەیە بۆ چەند شتێکی گرنگتر. پرسیاری لی کرد:

"تۆ بەتەنێیت؟"

"کەس لێرە نییە، هەموویان بۆ ماڵەکانی خۆیان گەڕاونەوە."

"زۆر باشە. من پێویستیم بەیارمەتی هەیە."

"ئەمر کە. ئامادەم... بڵی... چیت دەوی؟ یەکەمجار پێم بڵی چی ڕوویداوە؟"

"کەمێك چاوەڕی کە.. هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.. یەکەمجار پێویستیم بەوەیە پلیتی فڕۆکەم بۆ دابین بکەیت."

"کەی؟"

"ئەمشەو."

"بۆ کوی؟"

"لەمارسیلیاوە بۆ دارلبەیزا."

"مارسیلیا؟ تۆ لەمارسیلیایت؟ وامزانی لە..."

مەڕوان قسەکەی بڕی و گوتی:

"ڕامی.. تکایە.. کەمێکیتر بۆت باس دەکەم.. پلیتی سەفەر لەمارسیلیاوە بۆ دارلبەیزا. وادەی دوا فڕۆکەی ئەمشەو؟"

"هەشت و نیو. بەڵام نازانم.."

مەڕوان بەپەلە و پەرۆشییەوە وەڵامیدایەوە و گوتی:

"نە. نە. وابزانم فڕۆکەیەك هەڵدەستێت لە کاتژمێری دە یان دوای دە."

مەڕوان لەسایدی چەپ ئۆتۆمبیلێکی وەکو ئۆتۆمبیلی پۆلیسی دی بەرەو ڕووی دێت و خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی خۆی کەم کردەوە، ڕامیش لەسەر تەلەفۆن دووپاتی دەکردەوە:

"بڕوام پێبکە مەڕوان. من بەخۆم چەند جارێك ئەم گەشتەم کردووە، گەشتی ژمارە 256 ی (گەشتی ئاسمانی شانشینی مەغربی) بەبەشداری لەگەڵ (ئایەڕفرانس)، لەهەشت و نیو هەڵدەستێت و لە دە دەگاتە ئەوی."

ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکە گڵۆپەکانی سەرەوەی داگیرساند و لێی نزیك بووەوە. مەڕوان شێوا بوو، بەدەنگێکی بەرز لەنێوان ددانەکانی نەفرەت و جنێو دەردەچوو، کە ڕامیش گوێی لی بوو بۆیە پرسیاری لی کرد:

"چیە ئەوە مەڕوان.. ئەوە چیە؟"

"هیچ نییە. هیچ نییە.. باش بگەڕێ. بزانە هیچ گەشتێکی دیکە نییە؟"

بە خێرایی بیری کردەوە چی بکات. ئەم ڕوناکییە یەك لەدوای یەکە لەسەر ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکە واتا دەبی ڕاوەستێت. ئەگەریش ڕاوەستێت، چۆن پاساوی ئەم تەرمەی نێو ئۆتۆمبیلەکەیان بۆ بکات؟ بە ئاشکرا دەنگی پەنجەکانی ڕامی لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەبیست. وای بیرکردەوە کە ڕامی چاو بە هەموو گەشتە ئاسمانییەکاندا دەخشێنێتەوە کە لەمارسیلیادا هەڵدەستێت. لەدواییدا دەنگی هات و گوتی:

"ببورە مەڕوان. گەر بتەوی ئەمشەو بگەیتە دارلبەیزا لەم گەشتە زیاترت لەپێش نییە کە ژمارەکەی 256 ە. دەتوانیت ئەمشەو لەمارسیلیا بمێنیتەوەو سبەی زوو بەیەکەم فڕۆکە بچیت؟"

هەستی بەدارووخان کرد و خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی کەم کردەوە و لایدا قەراغی جادەکە و بەبراکەی گوت:

"نە. دەبی ئەمشەو دەربچم."

"کەواتە دەبی فریای فڕۆکەی هەشت و نیو کەوی. ئێستا تۆ لە کوێیت؟"

ئۆتۆمبیلەکەی پۆلیس بە خێرایی نزیك دەبووەوە کاتێك بەبراکەی گوت:

"بۆم دابین بکە."

"تەنها ڕۆیشتن؟"

مەڕوان ئۆتۆمبیلەکەی وەستاند و گڵۆپەکانی وەستاندنی داگیرساند.

"نەخێر. ڕۆیشتن و گەڕانەوە."

"گەڕانەوەکە کەی؟"

خوا دەزانێت."

"با وابێت. گوی بگرە. هێشتا گەنجینەکەت لە فڕۆکەخانەی مارسیلیا ماوە؟"

مەڕوان وەڵامی پرسیاری براکەی نەدایەوە. چونکە هەموو دیقەتێکی لەسەر ئۆتۆمبیلەکەی پۆلیس بوو.

دەنگی ڕامی لەتەلەفۆنەکە بەرز بووەوە:

"مەڕوان. گەنجینەکەی بەکرێت گرتبوو لەمارسیلیا؟ هێشتا ماوە؟"

بەدەنگێکی بەرز قیڕاندی:

"بەڵی ئەگینا بۆ دەچم بۆ مارسیلیا؟"

"هێواش. هێواش. بۆ وا تووڕە بوویت؟ من دەمەوێ یارمەتیت بدەم."

لەلوتکەی گرژێتی بوو.. لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: ڕامی باسی چی دەکات؟ هێواش؟ ئێستا چۆن هێواش بم؟ ئینجا دەستی بۆ دەمانچەکە برد کە لەسەر کۆشنەکەی تەنیشتی بوو، دەنگی ڕامیشی دەبیستێت لەتەلەفۆنەکەوە:

"من تەنها دەمەوێ بزانم چ ناوێك بەکار دەهێنیت ئەمشەو؟"

"کاردێل."

"جاك کاردێل؟"

"بەڵی تەواوە."

"باشە. حەز دەکەی لەکوی دانیشیت؟ تەنیشت پەنجەرە یان تەنیشت ڕێڕەو؟"

مەڕوان وەڵامی نەدایەوە و هەناسەی خۆی بڕی.

"تەنیشت پەنجەرە یان ڕێڕەو؟ مەڕوان!"

هیچ فزەی نەکرد، بەدەستی چەپ تەلەفۆنەکەی دانا و دەستی ڕاستیشی برد بۆ دەمانچەکە. گوێی لەبراکەی بوو لەتەلەفۆن هەر خەریکە هاوار دەکات، دەمانچەکە دەسکەکەی سارد بوو بەڵام بە پەنجەکانی توند گرتی.

"مەڕوان. تۆ لەوێیت؟"

دڵی بە توندی لی دەدات و نێوچاوانی پڕ بوو لەئارەقە.

"مەڕوان!"

لەپڕێکدا ئۆتۆمۆبیلەکەی پۆلیس بەتەنیشتیدا ڕەت بوو، بەخێراییەکی زۆر تێپەڕی. بەدووی نەکەوتبوو!! لەرزێکی توندی هاتی و موچڕکێکی بەلەشدا هات و کۆشنەکەی دەهەژاند. کە تەنگەتاوییەکە تێپەڕبوو هەستی بەئاسوودەیی نەکرد، بەڵکو هەستی بەتامی تاڵیەك کرد، دەم و لووتی وەك ژەقنەبووتی لێهاتبوو.

بڕوای نەکرد، نزیك بوو چی بکات. هێندەی نەمابوو بوو تاوانێك بکات، کەوا باش بیری لی کردبووەوە و سووربوو لەسەری و هۆشی لای خۆی بوو خۆشی بۆ

ئامادەکردبوو ئەویش ئەوەبوو بەوپەڕی سووکی و چرووکی و لەناکاودا ئەفسەرێکی بێتاوان بکوژێت. پەنجەی لەسەر دەمانچەکە بوو هیچی نەمابوو ئەفسەری ناو ئۆتۆمبیلەکە بکوژێت. بۆ وای لی هاتووە؟ چۆن کەوتۆتە ئەم زەلکاوە؟ وا بەم ئاستە گەیشتووە؟ بۆ ماوەی چرکەیەك مەڕوان ڕوانیە ناوەوەی دەروونی خۆی و قوڵایی ڕوحی. بینی زۆر تاریکە زۆر زیاتر لە تاریکی ئەم شەوەی کەوا تیایدایە وا خۆی لەنێو ئۆتۆمبیلەکە حەشارداوە. دەنگی ڕامی زیاتر بەرز بووەوە و هاواری کرد:

"مەڕوان. مەڕوان. ئەوە چیە؟ چیت بەسەر هاتووە؟"

دەمانچەکەی فڕی دا سەر کۆشنەکەی تەنیشت خۆی، دەست و دەموچاوی خۆی بە کلینکسێك وشك کردەوە و هەوڵی دا هەناسەی بێنێتەوە بەر خۆی، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بەدەنگێکی کز گوتی:

"بەڵێ ڕامی.. من لەگەڵتدام.. ببورە."

"چی بووە؟.. باشی تۆ؟"

"نەخێر.. بەڕاستی من باش نیم. داوای لێبوردن دەکەم."

ئۆتۆمبیلەکەی خستە ئیش و خێرا هاتەوە سەر ڕێگاکە دیسان پێشبڕکێی لەگەڵ بادا دەکرد بەرەو مارسیلیا.

هەستی کرد خەریکە گڕکانێك لەنێو دڵیدا بتەقێت. هەموو شتێکی بۆ براکەی گێڕایەوە: قسەکردنەکەی لەگەڵ فەرید ڕەمزی.. کوشتنی فەرید و تەقینەوەی ئەو ئۆتۆمبیلەی خەریك بوو سواری بێت... شەڕە خوێناویەکەی نێو ئۆتێلی میریدیان و شۆفێرە کوژراوەکە، کە ئێستاش تەرمەکەی لەکۆشنی دواوەیە، ئەوەش تەلەفۆنەکەی ئەوە بەکاری دەهێنێت، ئینجا بڕیاری هەڵاتنەکەی دا، چۆن ئێستاش ویستی تووشی تاوانێکی کوشتن بێتەوە!

هێدی و لەسەرخۆ قسەی دەکرد، بەدەنگێکی کز، وەك چۆن تاوانبارێك دان بەگوناهەکانی خۆی بنێت. بەڵام ویستی هەرچی بەسەر هاتووە و هەموو ڕووداوەکان بۆ برا شەریکەکەی بگێڕێتەوە، چونکە ڕامی دووەم کەسە لە کۆمپانیاکە و دەبی هەموو شتێك بزانێت دەبی کاریگەری بەسەر ئیشەکەیانەوە هەبێت کەوا پێکەوە

دەیکەن. ویستی بەتەسەلی  و وردی بۆی باس بکات. تاکو هەڵوێستەکەی لەلا ڕوون بێت و ئەو بارودۆخەش بزانێت کە بەسەری هاتووە. ئینجا کۆتایی بەقسەکانی هێنا، هەموو هەستەکانی ناخی خۆی بەپرسیارێك دەربڕی:

"تۆ بڵێیت من هەڵەم کرد بی؟"

"مەبەستت لەدەرچوونەکەتە لە مۆنتی کارلۆ؟"

"بەڵی."

دوای تاوێك لە بێدەنگی، ڕامی بە متمانەوە وەڵامیدایەوە:

"هەرگیزاو هەرگیز هەڵەت نەکردووە. گەر لەشوێنی تۆ بوومایە هەر هەمان ڕەفتارم دەکرد."

"بەڕاست؟"

"بی هیچ گومانێك. هیچ ڕێگاچارەیەکی ترت نەبووە."

"ئەگەر پۆلیسی پاسەوانییەکە ڕایبگرتایت چیت دەکرد؟"

ڕامی دڵنەوایی دایەوە  و گوتی:

"سوپاس و ستایشی خودا بکە کە نەگەیشتە ئەو ڕادەیە."

مەڕوان لەحاڵەتێکدابوو بۆی نەدەکرا سوپاس و ستایشی خودا بکات. بەڵکو بەپێچەوانەوە. چەند ساڵێکە لەخودا تووڕەیە. لەناخیدا تووڕەییەکی هەبوو بەرانبەر بەخودا، نەیدەتوانی تەنانەت یەك نوێژ (نزا و پاڕانەوە، دوعا) بکات لەوانەی لەمنداڵیەوە فێری بووبوو... نوێژەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەم بوونەوە.. بوونە تاك و تووك.. تاکو بەتەواوی نەما. زۆر پرسیاری هەیە کە هیچ وەڵامێکی بۆ نەدۆزیوەتەوە لەلای خودا... برینی هەیە هێشتا سارێژ نەبووە. گشت خۆشەویستەکانی خۆی لەدەست داوە. تەنها ڕامی بۆ مایەوە. تا ئێستاش دەبینێت هەموو ئەوەی بەدەستی هێناون دەبێت، بەبۆنەی ئەم ڕووداوانەی دوایی کۆمپانیاکەشی کۆتایی دێت. هەموو شتێك دەڕووخێت و تێکدەشکێت. بەو پەڕی داڕووخانیەوە بە ڕامی گوت:

"ئەمانــە بــەرەو بنــوبێخ ڕامانــدەماڵێت. ئەوانــەی ڕوویــداوە دەســتەویەخە دەمانخنکێنێت."

"یان دەمانکوژێت."

کاتێك قسەکانی براکەی بیست ڕیخۆڵەکانی گرژبوون. ڕامی ڕاست دەکات هەموو ڕاستیەکی لەگەڵدایە. هۆکارەکە ئاوهایە. خۆی و کۆمپانیاکە و براکەشی خستە ئەم هەڵوێستە کەساسەوە. هەمیشە خۆی بەرگریی لەبراکەی دەکرد و دەیپارێزی. ئێستا خۆی و براکەشی بۆ مەترسیەکی مەزن و ئایندەیەکی تۆقێنەر و کێشەیەکی بێپایان ڕادەکێشێت. بەڕاستیەوە گوتی:

" بەداخەوە ڕامی. مەبەستم نەبوو بەم کۆتاییەت بگەیەنم."

ڕامی ئامادە نەبوو ئەمە ببیستێت، بەڵام زۆر بە تینوگوڕ گوتی:

"هێی.. نیگەران مەبە بۆ من."

بەس من بە ڕاستی بۆ تۆ نیگەرانم."

"مەڕوان. گوی بگرە. من نیگەران نیم لەوەی ڕوویداوە، تۆش هەروەها دەبی نیگەران نەبیت. بارودۆخی لەمە خراپترمان دیوە."

مــەڕوان چــی لەدڵیــدا بــوو لەخــەم و ئــازار و پــەژارە و تــرس و نیگــەرانی بەهەناسەیەك دەری هێنا و گوتی:

"بڕوا ناکەم وەها بێت، برا بچووکەکەم... بڕوا ناکەم."

# بەشی هەشتەم

کۆپتەرەکانی پۆلیس بەسەر شارەکەدا دەفڕین. خاڵی پشکنین لەسەر هەموو ڕێگاکانی مۆنتی کارلۆ دانرا بۆ چاودێری و پشکنینی هەموو ئەوانەی دێنە نێو شارەکە و دەردەچن، گشت ئۆتۆمبیل و تەکسی و پاس و شەمەندەفەرێك بەر پشکنینی ورد دەکەوت. هەروەها گشت ئوتێلە بچووك و گەورەکان و نەخۆشخانە و عەیادە تایبەتیەکان و بەندەرەکان داخران، هەروەها فڕۆکەخانە تایبەتیەکان کە لەهەموو لایەکی مۆناکۆدا هەبوو. گشت بەرپرسەکانی فڕۆکەخانەی (نیس) کە نزیکترین و فراوانترین فڕۆکەخانەیە لە تەنیشت مۆنتی کارلۆ ئاگادار کرانەوە و ئەرکیان پی سپاردرا کە بە وردی و بەچڕی گەشتیارەکان بپشکنن.

لەگەڵ هەموو ئەم بەجێهێنانە ئاسایشیانە، شوێنەواری مەڕوان عەقاد دیار نەکەوت کە تاکە گەواهیدەری ئەم تاوانەیە، ئەو تاوانەی وا ئەو شارە کەنارییە بچووکەی هەژاند. هیچ سەرەداوێکیشی بەدەست نەکەوتووە بۆ ئەوەی بگەیێنێتە قەنناسەکە یاخود قەنناسوەشێنەکان ئەوانەی فەرید ڕەمزییان کوشت.

پشکنەری هەواڵگری جان کلۆد جودار بەسەرگەردانییەوە سەری لەقاند و هەنگاوی بەرەو بەلەکۆنەکە نا. شنەبا سازگارەکەی شەوی هەڵمژی و ڕوانییە شەپۆلەکانی دەریا کەوا بەنەرمی لە دیوارە کۆنکریتیەکانی بەندەرەکەی دەدا. دواتر برینەکەی هەناوی سوتاندی و دەستی بەئێش کرد. دۆڤالی هاوکاری لێی نزیك بووەوە وێنەیەکی گەورە و نوێی بۆ درێژ کرد، ڕەنگەکانی لە ڕۆشناییە کزەکەی بەلەکۆنەکە دەدرەوشانەوە و گوتی:

"ئەمە وێنەکەیە کە داوات کرد."

"ئەوەی کامیرای چاودێری دەرگاکە گرتوویەتی؟"

"بەڵی. هەمووی ئامادەیە گەورەم."

وێنەکەی برد و بە وردی تێی ڕاما و گوتی:

"کەمێك بە یارمەتیت."

وێنەکەی مەڕوان عەقاد ڕوون بوو لەپێش چاوی. لاوێکی درێژ و قۆز، بەلام قۆزیەکەی زۆر نەبوو وەکو ئەستێرەکانی سینەما. پێستی گەنم ڕەنگێکی کاڵە، پرچی ڕەش و کورتە، وەکو لەوێنەکە دیارە ڕیشی بە بایەخپێدانەوە تاشیوە و ڕوومەتی نەرم و پاکە. بی سمێڵ و زوڵفە. لوتی باریکە و چەناگەی بەهێزە و لەشێکی وەرزشوانیانەی ڕێکی هەیە، جگە لەمانە جودار لەڕوخساری مەڕوان هیچ شتێکی سەرنج ڕاکێشی نەدی، نە شوێنەواری برینێك، نە هێمایەکی جیاکاری هەیە کە لەنێو کۆمەڵی خەڵك ناسینەوەی ئاسان بێت. وەکو نموونەی پیاوانی پاسەوان و خاوەن پیشە. زۆرترین شت لەوێنەکە سەرنجی جوداری ڕاکێشا چاوەکانی بوو. دوو چاوی قاوەیی و بەرین، پڕ لەتین و تیژ و بەئاوات، تێکەڵ بەفیز و شکۆ و سەربەرزی. شتێکی دیکەش لەنێو چاوی سەرنجی ڕاکێشا. وای لی کرد بە وردی و بەبایەخەوە لەوێنەکە ڕامێنێت. شتێکە بەتەواوی نەیتوانی دیاری بخات، نەیتوانی دەستنیشانی بکات و لێی تێبگات و لێی حاڵی بێت، دیقەتی لە وێنەکە کرد و نقومی نێو چاوی بوو، هەوڵی دا بگاتە ئەم شتە. خەمێکی بێدەنگ و ئازارێکی شاردراوە تێکەڵ بە سەربەرزی تێدا بوو. یان شتێکی وەها جوداری سەرگەردان کرد. ئاوڕی لەدۆڤال دایەوە و بەزاری فەرمان گوتی:

"ئەم وێنەیە لەهەموو شوێنێك دابەش بکە سەر پیاوەکانمان و بینێرە بۆ وێستگەکانی تەلەفزیۆن تاکو بەسەر خەڵکی پەخش بکرێت، وەکو کەسێکی داواکراو بۆ لێکۆڵینەوە."

"بەسەرچاو گەورەم."

"خەلاتێکیش دانێن بۆ هەر کەسێك زانیاری لەسەری بدات."

"چەند؟"

"لەحەسابی خەلاتەکان چەندمان ماوە؟"

"وابزانم سەد."

"باشە، ئەو دەستمایەیە بەکار بهێنن. سەد هەزار یۆرۆ بۆ هەر زانیاریەك ڕێبەریمان بكات بۆ گرتنی و وەدەستهێنانی نهێنی ئەم تاوانە ئاڵۆزە. هەموو ئەو ڕوونكردنەوەی بەدەستمان كەوتووە خێرا بە پۆلیسی ئەنتەرپۆلی بگەینە."

"هەر ئێستا گەورەم."

جودار لە بەلەكۆنەكەوە دەرچوو و چووە نێو نووسینگەیەكی بچووك لەژووری خەوتن، لەوی یەكێك لەهەواڵگرەكان وێنەیەكی دیكەی پیشاندا كە بە كامیراكانی چاودێری گیراوە. سەرسام بوو لەو نیگەرانییەی كە لەنێو چاوی فەرید ڕەمزی دابوو لەو كاتەی لەگەڵ مەڕوان دەدوێت. بەڵام مەڕوان هێمن دیارە، كاتێك بەدوای وێنەكاندا دەچوو لەسەر كاسێتەكە شتێكی دی و قیڕاندی:

"بوەستە. كاسێتەكە ڕاگرە."

هاتە پێشەوە و دیقەتی كرد. هەواڵگرەكەش كاسێتەكەی گەڕاندەوە.

"لێرە.. باشە.. لێرەوە دووبارەی بكەوە. لێرەوە."

مەڕوان خەریك بوو زەرفێكی زەردی گەورەی دەدایە دەستی فەرید. یەكەم دەربڕینی ڕوخساری فەرید_پەشۆكان بوو، پاشان... ئەمە چیە؟ دوای ئەوە چی دیارە، تووڕە بوو... یانی چی؟.. كینە و چاوسووكی و ناڕەزایی؟ شتێكی وەك ئەمانە. جودار بە هەواڵگرەكەی گوت:

"ئەوە چیە؟ ئەوە دەبینیت؟ ئەوە چی لە زەرفەكە دەرهێنا؟"

"باش نابینم. مسیۆ مەڕوان لەپێش كامیراكە ڕاوەستاوە و دیار نییە."

"هیچ گۆشەیەكی دیكە هەیە ڕوونتر دیار بدات؟"

"نەخێر گەورەم ئەمە هەموو ئەوانەیە كە بە دەستمانەوەیە."

"وێنەیەكە؟ ئەوەی لەزەرفەكە دەریهێنا؟"

"ڕەنگە وێنە بێت."

"دەكرێت زیاتر وێنەكە نزیك بكەیتەوە؟"

"لێرە ناتوانم، لەتاقیگە دەكرێت. ئەگەر دەتەوێت لەوی دەتوانین زیاتر نزیكی بكەینەوە."

"بەڵێ. ئەوە بکە. وێنەکە نزیك بکەوە و ڕوونی بکەوە، لەوانەیە ئەو شتەمان بۆ دیار بێت کە لەزەرفەکە دەری دەهێنێت. ئەوە بەزووترین کات بکە."

هەواڵگرەکە فەرمانی جوداری وەرگرت و گوتی:

"ئەمر دەکەی گەورەم."

# بەشی نۆیەم

ئەو ڕاستیەی کە ناتوانێت نکۆڵی لی بکات ئەوەیە کە حەزی لە چارەی (مارسێل لۆمیێ) نییە. تەنها بیری لەوە دەکردوە، دەبی جارێکی دیکە قسەی لەگەڵ بکات و سەر و دڵی تێك بدا. بەڵام چار نییە. چونکە ئەم مارسێلە خۆی لێکۆڵینەوەکەی ڕفاندنی کلۆدێت و کوشتنی فەرید ڕەمزی بەڕێوە دەبات. دەبی ڕووداوەکەی پی ڕابگەیێندرێت. ئەرکەکەی ئەوەیە هەواڵەکەی پی بڵێت و خۆی تەماشای شوێنی ڕوودانی تاوانەکەش بکات لەگەڵ ئەو کاسێتە ڤیدیۆیانە کە کامیراکانی چاودێری گرتوویەتی لەماڵی فەرید ڕەمزی. هەروەها دەبی هەموو شتێك دەربارەی مەڕوان عەقاد بزانێت کە تا ئێستا بە گەواهیدەری سەرەکی دادەنرێت، ئەگەر بتوانن پێی بگەن. ئەوەی زۆرتر دڵتەنگی دەکات ئەوەیە کە لەسەر ئاستی دەزگا پۆلیسیەکانی ئەوروپا بە گشتی مارسێل بەئەفسانەیەك دەناسرێت. مارسێل توانیوەتی نهێنی تاوانە گەورەکان ئاشکرا بکات و بیدۆزێتەوە، وەك کوشتن و ڕفاندن و جەردەیی و بانقبڕین. چووەتە نێو کێشەی پیاوانی کاری بەناوبانگ و خاوەن سامان و زۆر لەخاوەن دەسەڵاتەکان و هەروەها چارەسەریشی کردوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، جودار حەزی لێی نییە نە لەنزیك و نە لە دوور. پێشتر لە دوو کێشەدا ئیشی لەگەڵدا کردوە و شوێنەواریەکی خراپی بۆ بەجێهێشتووە. یەکەمجاریان لەساڵی 2000 دا بوو کە یەکێك لەسیاسەتمەدارە فەڕەنسیەکان لە کاتی پشوویەك لەمۆنتی کارلۆدا بزر بوو ماوەی سی ڕۆژ نەدۆزرایەوە. داوای ڕزگارانە لە هاوسەرەکەی کرا، بەڵام دەسەڵاتی باڵای فەڕەنسی ئامۆژگارییان کرد کە نەیدات. دوای ئەوە جودار و پیاوەکانی تەرمی پیاوەکەیان بەفڕێدراوی لەکەناری دەریا دۆزیەوە. وە لەهەمان ڕۆژدا دوای چەند کاتژمێرێك تەرمی کچە کارگەرێکی گازینۆ لەشوقەیەك دۆزرایەوە کەوا بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی کوشتووە. پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو تاوانە چیە؟ جودار دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد لەگەڵ هەموو دۆست و

ناسیاو و دراوسێیەکی ئەم کچە، دوای چل و هەشت کاتژمێر توانی پەیوەندیی نێوان دوو ڕووداوەکە بدۆزێتەوە، پاش بەڵگەیەکی زۆر و بەهێز توانی سی تۆمەتبار دیاری بکات، کەوا هیچ کەسێکیان نەیتوانی بیسەلمێنێت کە لەمیانەی سی ڕۆژدا دوور بووە لەشوێنی تاوانەکە. دۆسیەیەکی توکمەو بەلگەی بێگومان و ساغ. بەڵام مارسێل هات و لووتی خۆی خستە نێو کێشەکە و بردی بۆ خۆی و نەك بۆئەوەی چارەسەری بکات و تاوانبارەکان بداتە دادگا. بەڵکو درێژەپێدان و کەرتوپەرتبوونی دایە کێشەکە و لێکۆڵینەوەی زۆر و بێفەری کرد و کردیە گرێکوێرە و بەڵگەکانی لەدەستدا و بزر بوو، هەروەها گومانی خستە نێو بەجێهێنانی لێکۆڵینەوەکە، تۆمەتبارەکان لە زیندان دەرچوون و ڕزگاریان بوو لە سزادان. لەو کاتەشدا مارسێل ڕەفتاری لەگەڵ جودار و هاوکارانی بە هەموو شێوەیەك بە لووت بەرزی و سووکایەتیەوە بوو، دوایی کاتێکی درێژخایەن ڕاگەیاند گوایە بەڵگەکان لاوازن و کێشەکە چارەسەر ناکرێت و دۆسیەکەی دژی شتێکی نادیار تۆمار کرد. پاشان گەڕایەوە بۆ پاریس و کەشێکی پڕ لە نارەزایی و ریسوایی بەجێهێشت.

دووەمجاریشیان کە لەگەڵ مارسێل بەیەك گەیشتن ساڵی 2003 بوو، کاتێك پیاوێکی فەڕەنسی لەگەڵ کوڕەکانی بۆ مۆنتی کارلۆ هاتن، ئەم پیاوە لە بەهێزترین و گەورەترین پیاوانی کەشتیوانی و ئیشی بارکردن و دەریاوانی بوو. گەشتێکی کرد بە بەلەمە نایابەکەی خۆی. کە تازە بە بڕی بیست و پێنج ملیۆن دۆلار کڕیبووی. لەبەندەری مۆنتی کارلۆ بەگەشتێکی دەریایی کورت بۆ ناو ئاوی دەریای سپی ناوەڕاست دەرچوو. ئێستاش جودار بابەتەکەی لەیادە وەکو ئەوەی دوێنی بوو بی. ئەوەبوو هاوسەری ئەم پیاوە تەلەفۆنێکی خێراو گرنگی بۆ هات لەکاتژمێری شەشی سەرلەبەیانی، ئەم تەلەفۆنە هاوسەرەکی پشێو کرد و تووشی ئەوپەڕی گرژبوون و تووڕەیی کرد، میدیاکان بەدووی ڕووداوەکەوە بوون، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان خولەك بەخولەك بەرەوپێشچوونی ئەم ڕووداوەیان لەسەر گشت شاشەکان ڕاگەیاند، هەروەها ڕۆژنامەکان بە زنجیرە بەچاپیان دەگەیاند و دوستەواژەی خروشانیان بەهێڵی پان و مانشێتی گەورە نووسی.

ونبوونی کەسایەتیەکی پایەبەرز و گرنگی وەك ئەم پیاوە و دۆست و نزیکی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا ئاسان نەبوو، وەکو بلێی بوو بەهەڵم و بەهەوادا پەرت بوو. نە خۆی دیاربوو نە کوڕەکانی... بێسەروشوێن، بێتەرم، بێخوێن، بەهیچ جۆرێك بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرس و خاوەن دەسەڵات پەلەیان دەکرد لەدۆزینەوە و چارەسەرکردنی کێشەکە.دوای چەند ڕۆژێك ڕۆژنامە فەرنسیەکان ڕەخنەیان لە پۆلیسی مۆنتی کارلۆ گرت و تۆمەتی خاوی و پشتگوێخستن و دۆڕاندنیان دەخستە پاڵ پۆلیس. جودار بە ڕۆژانێکی سەخت و لەژێر فشارێکی توندا تێپەڕ دەبوو بۆ ئەوەی ئەنجامێکی خێرا پێشکەش بکات و نهێنییەکە چارەسەر بکات. بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕا تا لێکۆڵینەوەکە بەرەو پێش بەرێت. خەو و خۆراکی لی حەرام بوو بوو. پاڵی بە پیاوەکانی خۆی وەدەناو بەتوندی دەیناردن، تا ئەو ڕادەیەی ماندووی کردن و خۆشی ماندوو بوو، لە ئاکامدا هەرەسی هێنا و بە خۆشی کەوتە نەخۆشخانە. بەڵام لە کۆتاییدا توانی سەرە داوێکی باش بدۆزێتەوە. جودار زانی کە کوڕەکانی ئەو پیاوە قەرزاری پیاوێك بوونە، وایانزانیبوو ئەم پیاوە خاوەن بەنگێکی ڕووسیە و پارەی هەیە، بەڵام دەرکەوت یەکیکە لە پیاوانی مافیای سۆڤێتی. جودار گەیشتە دۆزینەوەی ئەم پیاوە ڕوسیە کە شوقەیەکی لە مۆنتی کارلۆ هەیە و توانی بیناسێت، لەپێش ڕووداوەکە لە نێو شارەکە پیاسەی دەکرد. هەروەها بۆی دەرکەوتبوو دوو کەس لەشەریکەکانی ئەو پیاوە لەو بەیانییەی پیاوەکە بزر بووبوو بەتەنیشت بەندرەکەدا ڕۆیشتبوون و پرسیاریان لە بەکری گرتنی بەلەمێکی خێرا کردووە. سەرەداواکان کۆبوونەوە و شاراوەکانی پلانگێڕانەکە خەریك بوو ئاشکرا بێت. پەیوەندی بە بەرپرسانی دەولەت کرد و داوای ڕەزامەندی لێکردن بۆ ئەوەی بچێتە مۆسکۆ بۆ بەدواداچوونەوە و بەرەوپێشبردنی کێشەکە. بەڵام لەناکاودا بیستی داواکاریەکەی ڕەتکراوەتەوە.

دوای کەمتر لە کاتژمێرێك، تەنها چل و پێنج خولەك، مارسێل هاتە ژووری نووسینگەکەی و ڕایگەیاند کە کێشەکە ڕەوانەی لای ئەو کراوە و داوای گشت دۆسیە

و بەڵگـەکانی تایبـەت بـەم کێـشەیەی کـرد. جـودار نـاڕەزایی خـۆی دەربـڕی بـەڵام سەرۆکەکان ناڕەزاییەکەیان ڕەتکردەوە.

لە ڕۆژی دووەم مارسێل لە باتی جودار چوو بۆ مۆسکۆ، جارێکی تـر کێـشەکە گـۆڕدرا، ڕووداوەکـان گرێبەنـد بـوون و تێکـەڵ و پێکـەڵ کـران و شـێوێندران. شـەریکەکانی پیـاوە ڕوسیەکە بەشـێوەیەکی گومانـاوی و لـەناکاو بـزر بـوون . پیـاوە رووسـییەکەش ناڕەزاییـەکی بـە فێڵبازانـە و چڕوچـەوت و خرۆشـی وەکـو پاسـاو بـۆ خۆی هێنایەوە. مارسێلیش ئـەم پاساوانەی ڕەت نـەکردە و بەرانبـەری تونـد نـەبوو. بەپێـچەوانەوە، تۆمـەتبارەکانی بـەردا  و گەڕایـەوە بـۆ پـاریس  و ڕایگەیانـد کـە دۆسیەکەش دابخرێت و تروسکەییەکی هیوا هەیە چارەسەر بکرێت.

لـەوەش خـراپتر، پیـاوە ڕوسـیەکە داوای لێبـوردنی فـەرمی لـی کـرا لەلایـەن حکومەتەکان، تەنانەت لەلایەن جوداریش. هەروەها جودار سەرزەنشت کـرا و پـارەی یەك حەفتە لەمووچەکەی بڕا بە تۆمەتی شێواندنی ناوبانگی دۆستێکی جوامێری میرنشینی مۆناکۆ بەناحەق.

ئــەوەتا ئــەمڕۆ مارسـێل مـۆریس لـۆمیی بــە لووتبــەرزی و فیــز و ڕوح زلــی دەگەڕێتەوە. ئەو مارسێلەی کە یەکەم پیاوی هەواڵگری ئەوروپایە.

دۆڤال گەیشتە لای جودار لە بەلەکۆنەکە و تەلەفۆنەکەی دایە دەستی  و بە گوێدا چرپاندی:

"ئەمە ئەوە."

جودار بەتوندی دەستی نایە سەر چاویەوە و تەلەفۆنەکەی وەرگرت و گوتی:

"پشکنەر مارسێل. بەخێربێی. خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە لەگەڵت بدوێم."

بە دەنگە ناسازەکەی وەڵامیدایەوە و بە وشەی وشك و بی ئەدەبانە:

"تۆ ڕۆژی پشووەکەت لی تێك دام."

" ببورە، بمبەخشە گەورەم. هـیچ ڕێگـا چارەیەکم نییـە هـەر دەبـی پەیوەنـدیت پێوە بکەم. هەواڵی زۆر ناخۆشم پێیە."

مارسێل بەخێرایی وەڵامیدایەوە:

"لە بیستنی دەنگت ناخۆشتر هەیە؟"

جودار بەقینەوە لەم وەڵامە قۆڕە ددانی بەسەر یەکدا گرت و گوتی:

"پێم ناخۆشە، پێت بڵێم کەوا فەرید ڕەمزی کوژرا."

دوای تاویك بێدەنگی مارسێل دەنگی هات:

"فەرید ڕەمزی پیاوی کار و ملیۆنێرە میسریەکە؟!"

"بەڵی ئەو گەورەم."

ئینجا جودار باسی بارودۆخی کوشتنی فەرید ڕەمزی گێڕایەوە و بە کورتی باسی زانیاریەکانی کرد کە بەدەستیەوەیە. مارسێل پرسی:

"تۆمەتبار هەن؟"

"جاری نەخێر. بەڵام دەستمان بەلێکۆڵینەوە و پشکنین کردووە وابزانم تۆ دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت."

"گەواهیدەر هەیە؟"

"ئێمە لە هەموو ناوچەکە بۆ گەواهیدەران دەگەڕێین. پیاوێك هەیە بەناوی مەڕوان عەقاد خاوەن کۆمپانیای تایبەت بە ئاسایش و پاسەوانییە. لەگەڵ فەرید ڕەمزی بووە لەکاتی کوشتنەکەی. وا دیارە فەرید ڕەمزی پەنای بۆ بردووە بۆ ئەوەی پاسەوانیەتیی بۆ بکات. هیوادارین ترسەکانی خۆی بۆ باس کردبێت و لە ڕێگای ئەوەوە بتوانین بکوژەکان بناسین."

دەنگی مارسێل لەنێو تەلەفۆنەکەوە هات و قیڕاندی:

"مەبەستت چیە لە هیوادارین؟ هێشتا لێپرسینەوەتان لەگەڵیدا نەکردووە؟"

"بەڕاستی نەخێر.. هێشتا."

دوودڵ بوو، نەیتوانی چۆن وەڵامی بداتەوە، مارسێل بەسووکایەتیەوە گوتی:

"باشە. من بەخۆم لێی دەپرسم. هەر ئێستا دەچم بۆ فڕۆکەخانە. بە یەکێك بڵێ لەکۆپتەرخانە چاوەڕوانم بێت پاش بیست خولەك."

"بیست خولەك؟ لەپاریسدا نیت؟"

"نەخێر. من لەشاری نیس دام"

ئەوەی بەتووڕەییەوە گوت، چمان جودار دەزانێت مەڕوان لە کوێیە، یان دەبوایە بزانێت لە کوێیە. بۆچی دۆڤال پێی نەگوت کە لەنیس دایە؟ باشیش دەزانێت ڕقی لە شتی لەناکاوە. ئەم کەم تەرخەمیە چیە؟ دەبی سزای بدات لەسەر ئەم ئیشە. بەڵام ئێستا نە. ئێستا کێشەی خێرای هەیە. وەڵامیدایەوە و گوتی:

"هەر وایە مسیۆ مارسێل. هەر ئێستا یەکێك دەنێرم چاوەڕوانت بێت و بتهێنێت بۆ شووقەکەی فەرید ڕەمزی. بەڵام ناتوانم بەڵێنت پی بدەم ئیستا چاوت بە مەڕوان عەقاد بکەوی."

"بۆ؟"

"مەڕوان لێرە نییە. بزر بووە."

مارسێل هاواری کرد:

"بزر بووە؟"

جودار هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، چونکە ئەمە دوا هەواڵ بوو کە حەزی نەدەکرد بە کەسی بڵێت بە تایبەتی بە مارسێل. بەخۆبەدەستەوەدانەوە گوتی:

"بەڵی. دەترسم ئەمە ڕاستیەکە بێت گەورەم. مەڕوان ئەم دەرفەتەی قۆستەوە،کە ئەو ڕووداو و شڵەژان و هەرا و فەرتەنەیەی لی کەوتەوە، بەبی ئاگای هەمووان هەڵات. بەڵام ئێمە گەمارۆی شارەکەمان داوە و دەیدۆزینەوە و بەزووترین کات دەیگرین و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکەین. ئێمە دەزانین کە مەڕوان گرنگترین گەواهیدەر و تاکە گەواهیدەرە بۆ ئێمە."

ئەم پاساو و بەڵێنانە بەدڵی مارسێل نەبوو. بەتوندی و سەرزەنشتکردنەوە گوتی:

"نەخێر جودار. مسیۆ جودار بەهەڵەدا چوویت. مەڕوان گەواهیدەر نییە، گرنگترین گەواهیدەر و تاکە گەواهیدەر نییە. مەڕوان عەقاد تۆمەتبارە. تۆمەتباری کوشتنە."

لەم بڕیارە سەیرە بەسەرسامیەوە پرسیاری لە مارسێل کرد:

"تۆمەتبار؟ چۆن؟ هیچی لەسەر نازانین. نازانین کێیە و بۆچی بۆ ئێرە هاتووە؟ هەرگیز هیچی لەسەر نازانین."

مارسێل لەتەلەفۆنەکەوە قیڕاندی:

"بزانە. دەبی هەموو شتێك بزانیت. خێرا بگەڕی و بزانە. دەستبەجی فەرمانی دەسگیرکردنی مەڕوان عەقاد دەربکە. بە گشت لایەنەکانیش ڕابگەیەنە وریا و هۆشیار بن لە میلانەوە تاکو مارسیلیا. نامەوێت ئەم پیاوە لێرە دەربازبێت.. ئەگینا."

کەمێك ڕاوەستا و ئینجا هەڕەشەکەی تەواو کرد:

"ئەگینا دڵنیابە مسیۆ جودار: سەرێکی زۆر دەکەوێت، لەوانەیە یەکەم سەر سەری تۆیە."

# بەشی دەیەم

باران دەستی پی کرد. مەڕوان فرچەی جام سڕینەوەکەی ئۆتۆمبیلیکەی پێکرد، نوێژی بۆ خودا کرد. ئەگەرچی باوەڕ و متمانەشی پی نییە..بەلاّم بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلەکە بەرەو قەراغی ڕێگاکە هەڵنەخلیسکێت و بکەوێتە نێو دۆڵەکانی ئەمبەر و ئەوبەری جادەکە. لەپڕ زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، لەنێوان ئەم بێدەنگیەدا ڕاچڵەکی و گوتی:

"ئەلو."

"مەڕوان. منم ڕامیم. گەیشتیت؟"

"نە. هێشا."

مەڕوان سەیری کاتژمێرەکە و نەخشە فراوانەکەی تەنیشتی خۆی کرد، هەستی بەئێش و گرژبوونی هەناوی کرد و کاتژمێر نزیکەی حەوت و نیوە، لە دەوروبەری شاری مارسیلیا نزیك دەبێتەوە.. بە براکەی گوت:

"بڕوا ناکەم سەرکەوتوو بم رامی."

"مەڕوان.. دەبی وابی... دەبی... ڕێگای دیکەت لەپێشدا نییە. من دەتوانم لەهەر شوێنێك بی لە مەغرب دەرت کەم. بەلاّم ناتوانم لەزیندانێکی فەڕەنسی دەربازت کەم. چەندت ماوە بگەیت؟"

"پێنج یان دە کیلۆمەتر. بەلاّم تەماشای کاتژمێر بکە."

"دەزانم. دەزانم کاتژمێر حەوت و نیوە لەلای تۆ. بەلاّم هەندێك شت هەیە دەبی بیکەیت پێش ئەوەی بگەیتە فڕۆکەخانە."

"شت هەیە دەبی بیکەم؟ چیە؟"

"با لەتەلەفۆنەکەوە دەستی پی بکەین... تۆ گوتت هی شۆفێرەکەیە."

"بەڵی هی شۆفێرەکەیە."

"بەو تەلەفۆنەوە پەیوەندیت پێوە کردم، بە بەکارهێنانی کۆمەڵەی پەیوەندیەکانمان لە(بڕاگ). وا نییە؟"

"وایە."

"باشە. بەوە پۆلیس ناتوانێت بەدووی پەیوەندیەکانمان بکەوێت و بگاتە... بەڵی ئەوان هەوڵدەدەن. بۆیە نابێت هەڵیبگریت و بەکاری بهێنیت. دوابەدوای ئەوەی پەیوەندیەکەت لەگەڵمدا تەواو دەکەیت فڕێی بدە. نە. نە. باشتر وایە چاڵێکی بۆ هەڵکەنیت و بیشاریتەوە. تێگەیشتی؟"

مەڕوان بیری لەڕێنماییەکانی ڕامی دەکردەوە و وەڵامیدایەوە:

"تێگەیشتم ڕامی."

براکەی بەردەوام بوو و بە وردی بۆی باس دەکرد دەبی چی بکات. گوتی:

"کاتێك دەگەیتە دارلبەیزا مۆبایلێکی نوی بکڕە. پارەیەکی باشی پێبدە و بەدووی یەکێکی هەرزان بایی نەگەڕێیت. تەلەفۆنێکی نوی و گران بکڕە کە چاودێری کردنی لەسەر زەحمەت بێت."

"باشە."

"پەیوەندی بەکەسێکی دیکەوە پی نەکەیت تەنها من. جگە لە من کەسێکی دیکە نا. تێگەیشتی؟"

"تێگەیشتم."

"مەڕوان. من بە هەموو مێشك و دڵمەوە قسە دەکەم. دەبی گوی لەقسەکانم بگریت و بە وردییەکی تەواو جێبەجێی بکەیت. تۆ ئێستا ماندوویت و بەسەرهاتێکی زۆرت دیوە. ئەمشەو هێزت لی بڕاوە. لە دۆخێکی نالەباردای. دەبی ئاگادار و وریا بیت. توانای ئاکامی هیچ هەڵەیەکت نییە، تاکو لەم تەنگانەیەدا تێپەڕبیت، بە هێمنی و هۆشیاری و وریایی ڕەفتار بکە. پەیوەندی بە هیچ دۆستێکی خۆتەوە نەکەیت. نە ناسیاوەکانت نە ئەوانەی هەمیشە لەگەڵیاندا دادەنیشیت، هیچ شتێك نەکەیت لەوانەی کە ڕاهاتووی بیکەیت. گوێت لێمە؟"

"گوێم لێتە بەڵێ، ئەوەی داوای دەکەیت ئاسانە و منیش لە مەغرب کەس ناناسم."

ڕامی هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و دەنگی هەناسەکەی لەنێو تەلەفۆنەکەوە دەبیسترا، ئینجا گوتی:

"زۆر باشە، ئەوەی پێم گوتی جێبەجێی بکە."

ڕامی نەیزانی کە ڕانیا پاریسی بەجی هێشتووە و بۆ دارلبەزا چووە، هەروەها دۆخی مەڕوانیش هی ئەوە نەبوو لێی بپرسێت. ڕامی لەقسەکردن بەردەوام بوو:

"گوی بگرە. شتێکی گرنگ هەیە. گومانەکەت لە کلۆدێت لەجێی خۆیەتی،لەوەی پلانی داناوە بۆ دەست بەسەراگرتنی پارەکانی مێردەکەی. ئەو ئێستا لەساوپاولۆدایە خەریکی پارە ڕەوانەکردنە. ئەوەش جەخت لەسەر گریمانەی گومانەکانت دەکاتەوە. ئەمە هەواڵێکی باشە. ئێمەش ئێستا زۆری لەسەر دەزانین."

مەڕوان بێدەنگ بوو بیری لە قسەکانی براکەی کردەوە، ئینجا پرسی:

"هەواڵە خراپەکە چیە؟"

بارانێکی توند و بی ڕاوەستان لەمارسیلیا دەباری. لەگەڵ هەر خولەکێك تێدەپەڕی ئێشی برینی شانی زیاتر دەبووەوە.

ڕامی وەڵامیدایەوە:

"هەواله خراپەکە ئەوەیە کە ئەوان دەزانن تۆ دەزانیت و پلانەکانی ئەوانت لەلا ئاشکرایە و لە پشتە سەرەیانەوە بەدویدا چوویت."

"تێناگەم چۆن گەیشتنە ئەو زانیارییە. تەنها هەر من ئەو زانیاریەم لەلایە. من سەرچاوەی متمانەپێکراوم هەیە لە زیوریخ و ساوپاولۆ."

"لەوانەیە یەکێکیان سیخوڕی دوولایەنە بێت و فێڵی لێکردووی."

"بڕوا ناکەم. من بەلای کەمەوە زیاتر لەپازدە ساڵە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم."

کەواتە ئەو تەلەفۆنەی فەرید ڕەمزی قسەی پی لەگەڵ تۆ کردووە لەژێر چاودێری یە."

"ئەوەی لە لامۆنتی کارلۆیە؟"

"نەخێر... ئەوەی لە پاریسە."

مەڕوان کەمێك بیری کردەوە و پرسی:

"باشە. کێ ئامێری چاودێریکردنی داناوە بۆ زانینی پەیوەندیەکانی فەرید ڕەمزی؟ کۆمپانیای پاسەوانییەتیە فەڕەنسیەکە؟"

"یان پۆلیس... ئاسایش...ئەی پێی نەگوتی گومانی لەوانە هەیە کەوا سیخوڕی دەکەن و بەدوو ڕەفتارەکانی دادەچنەوە؟"

"قسەکەت ڕەوایە."

"باشە."

مەڕوان بارودۆخەکە تێگەیشت، لەمێشکی خۆیدا لێکی دایەوە و بەلای بڕواکردن بەقسەکانی براکەیدا ڕۆیشت. ئینجا ڕامی دیسان دەنگی هات و پرسی:

"ئەو ڕۆژەی کە فەرید ڕەمزی لە پاریس تەلەفۆنی بۆ کردی باسی چیتان کرد، باسی وێنەی هاوسەرەکەیت بۆ کرد؟ ناوی ساوپاولۆت هێنا؟"

مەڕوان بە پەلە وەڵامیدایەوە و گوتی:"

"نە. نە. لەو کاتە باسی ئەوەم نەکرد. ئەوە نەبێ گوتم هەواڵی گرنگ و خێرام هەیە بۆت و پێویستە لەهەر شوێنێك بی زوو بتبینم، بەڵام دوور بی لە پاریس."

"باشە. پێشنیارت کرد لەمۆنتی کارلۆ بیبینیت؟"

"نەخێر.. مۆنتی کارلۆ بێشنیاری خۆی بوو."

"بی گومان ئەو خۆی بەتەسەلی شوێن و کاتی دیدارەکەی باس کرد."

"ڕاستە.. بەڵی."

"ئاها. بەم شێوەیە هەموو شتێکیان زانی. تەلەفۆنەکە لەژێر چاودێری بووە ئامێری گوێگرتنی لەسەر بووە."

مەڕوان بیری لە قسەکانی براکەی کردەوە و بینی زۆر لە جی و تەواوە، بە شێوەیەك ڕاونەرەکانی شوێن و کاتی دیدارەکە بزانن. ئینجا گوتی:

"بەڵام ئەوانەی پەیوەندیەکەیان دەبیست نەیانزانی هەواڵ و زانیاریی چیم پێیە. بیستبوویان کە شتێکی گرنگ و ترسناکم پێیە. ڕاستە، ئەگەر هەرچیەکم

پێبووایە، هەر لەبەرژەوەندی ئەوان نەبوو. بۆیە کلۆدێت و شەریکەکانی نیگەرانی و ترسیان لێنیشت و بیریان کردەوە کەوا هەموو کردەکانین بە کوتوپڕی ئەنجام بدەن. وا نییە؟"

"هەر ڕێك وایە. ئەوەش وای لی کردن نەك هەر فەرید ڕەمزی لەناو بدەن بەڵکو تۆش لەگەڵی بی."

"ئەمەش هۆکاری ئەو ڕووداوانەی مۆنتی کارلۆیە دوای ئەوەی زانیان من زیندووم و نەیانتوانی بمکوژن."

قسەکانی ڕامی لەگەڵ قسەکانی مەڕوان تەبا بوو، ئەنجا گوتی:

"واتا لە تۆ دەترسن و ناسرەون تا لەناوت نەبەن."

"ئەمە ڕاستە، پێویستە لەسەرمان بیاندۆزینەوە پێش ئەوەی بمانگەنی."

"جا چۆن بیاندۆزینەوە؟"

مەڕوان گوتی:

"یەکەم: هەر ئێستا کۆمەڵێك لە پیاوەکانمان بۆ ساوپاولۆ دەنێرین بەیەکەم فڕۆکە کە بۆ ئەوی دەچێت. دەبێ کلۆدێت بدۆزنەوە پێش ئەوەی هەڵبێت. هەر کە دۆزیمانەوە ئەوانی دیکەش دەدۆزینەوە."

"ئەمە ڕاستە، من لەگەڵتدام لەهەموو ئەوەی گوتت."

"دووەم: دەگەڕێین بەدووی ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەکان لە مۆنتی کارلۆ دەکات لێی دڵنیا دەبین دەستپاکە یان نە."

"تێگەیشتم. ئیتر چی؟"

مەڕوان لە براکەی پرسی:

"لە پاریسدا ناسیاوت هەیە؟"

"برادەرێکم هەیە پلەیەکی باڵای هەیە لە هەواڵگری تاوانەکان لە فەڕەنسا، لەو کاتە چاوم پێکەوتووە  کە تۆ ڕاتسپاردم لقی کۆمپانیاکەمان لە پاریس بکەینەوە، پێش ئەوەی تۆ بچیت بۆ ئەوی و تێیدا نیشتەجی بیت. پلەوپایەیەکی بەرز و گرنگی هەیە، خاوەن دەسەڵاتێکی متمانەپێکراوە، پەیوەندیەکی بەرفراوانی لەگشت

دامودەزگاکانی حکومەت هەیە. سەرەڕای ئەوەش قەرزاری منە بەرانبەر بە چاکەیەکی گەورە."

مەڕوان بە پەرۆشەوە گوتی:

"زۆر باشە. بزانە شتێکی سەبارەت بە ئێمە بیستووە. ئاگادار و وریابە ڕامی. چونکە ئێمە نازانین ئەوانەی دژمان ڕاوەستانە کێن و چونکە ئەوانە بە پەنجەیەکی نەخشە بۆکێشراو تێکڕای ڕووداوەکان دەجوولێنن."

"نیگەران مەبە. برادەرمە و ژیر و وریایە و متمانەی پێدەکرێت."

"دەبی وەها بێت."

بارانەکە بەردەوام و توندتر بووەوە. پلەی گەرمای کەشوهەواکە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بە پەلە دابەزی. مەڕوان لەسەر ڕێگاکە هێمایەکی بینی ئاماژە بە ڕێگای فڕۆکەخانەکە دەکات و دوور نەبوو.

"ڕامی باشتر وایە ئێستا بڕۆم. لە فڕۆکەخانەکە نزیك بوومەوە."

"باشە، ئاگات لەخۆت بێت و سەرچڵی مەکە. ماوەی ئەم سی ڕۆژەی دادێت تەلەفۆنم بۆ بکە."

"باشە.. ماوەی سی ڕۆژ."

پێش ئەوەی پەیوەندیەکە تەواو بکات بانگی کرد:

"ڕامی."

"بەڵی مەڕوان."

"سوپاست دەکەم."

"سوپاسم دەکەیت؟ ئێمە براین. ئەمە کەمترین شتە برا لەگەڵ یەکتریدا دەیکەن."

# بەشی یازدەمین

مەڕوان ئۆتۆمبیلەکەی لێخوڕی بۆ گەراجی فڕۆکەخانەکە، کاتژمێر هەشتی شەو بوو. چوو بۆ شوێنێکی لاچەپ لەبەشی پشتەوەی گۆڕەپانەکە لەوی ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت. شوێنی پەنجەمۆرەکانی خۆی لەنێو ئۆتۆمبیلەکە سڕیەوە، جانتای جلوبەرگەکەی هەڵگرت کە لەسەر کۆشنەکە دانرابوو. سویچەکان و دەمانچەکە و مۆبایلەکەی فرێدا نێو چەند بەرمیلێکی جیاجیا لە زبڵدانەکە، بەخێرایی ڕۆیشت تا بگاتە فڕۆکەکە.

لە کاتژمێری هەشت و دووازدە خولەك چووە نێو هۆڵی سەفەرکردن. بەخێرا دەڕۆیی بەڵام بە جۆرێك سەرنج ڕاکێش نەبێت. چوو بۆ لای ئەو گەنجینەیەی کە بەکرێی گرتبوو لە فڕۆکەخانەکە. کردیەوە و کۆمەڵێك پاسەپۆرتی ساختەی لی دەرهێنا لەگەڵ کۆمەڵێك کارتی دابینیی، هەردوو دانە بۆ هەر ناوێك لەناوەکانی سەر پاسەپۆڕتەکە و لەگەڵ چەند دراوێکی بچووکی یۆڕۆ. هەروەها چەند پۆشاکێکی ژێرەوە و جانتای سەر پشت و جووتێك عەدەسەی چاو، عەدەسەی ڕەنگ سەوز. پاشان دەرگای گەنجینەکەی داخست، وێنەکەی کلۆدێتی فڕێدایە نێو زبڵدان.دوایی چووە نێو ئاودەستی پیاوان. لەکاتژمێر هەشت و بیست و یەك خولەك بەرانبەر بنکەی فرۆشتنی پلیتی فڕۆکەوانی شانشینی مەغربی ڕاوەستا، دوای ئەوەی پارەکەی دا، پلیتی ڕۆیشتنی وەرگرت. کچە فەرمانبەرە سیسەکە کە لەپێشوازی بوو پێی گوت:

"مسیۆ کاردێل خێراکە. وا فڕۆکەکە هەڵدەستێت."

مەڕوان بەرەو بنکەی پیداچوونەوەی پاسەپۆڕتەکان تەکانی دا، چەند کەسێکی گەشتیاری لە پێشدا بوو. پۆلیس و پیاوانی هەواڵگری لەهەموو شوێنێك بڵاو بووبوونەوە. وای هاتە بەر چاو کەوا فڕۆکەخانەکە پڕە لەو جۆرە کەسانە. دڵی بەتوندی لێی دەدا، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت، بیرۆکەی ئەگەری گرتنی لەبیر خۆی

دەرهێنا، هەوڵی دا هێمن بێتەوە و ببێت بەو کەسەی کە خۆی بەو کردووە. جاك کاردێل.

بەهەموو توانایەکی هەوڵێدا چەقی بیرکردنەوەی خۆی بخاتە سەر ڕانیا. بیری لە دەستەکانی خۆی کردەوە گەر ئیستا لەسەر دەموچاوی رانیا بێت و هەناسەکانی سینەی ئەو گەرمی بکاتەوە، بۆنی عەترەکەی ئەو کللە سەری پڕبکات، چی بڵێت کاتێك لەبەردەمی ڕادەوەستێت و دەرگای بۆ دەکاتەوە؟ ئەو چی پی دەڵێت؟ ئایا ڕێگای پێدەدات بچێتە نێوماڵەکەی؟ دەشی لەبیری کردبێت و کەسێکی دیکەی دۆزیبێتەوە؟ هەموو ئەوەی پێویستی پێبوو دەبی لەم ساتە بیر لە ڕانیا بکاتەوە، بەڵام کاتێك نۆرەی نزیك بووەوە ئەندێشیەکی دیکە مێشکی داگیر کرد. ئاخۆ لایەنی لێکۆڵینەوەکان بەچی لە قەڵەمی دەدەن؟ گەواهیدەر یان تۆمەتبار؟ بۆ سی تاوانی کوشتن پێکەوە داوای لەسەر تۆمار کراوە؟

ئایا فڕۆکەخانە و بەندەر و وێستگەی شەمەندەفەر و ئوتێلەکانی فەڕەنسا و ئیتالیا ئاگادار کراونەتەوە بەم ڕووداوە؟ ئایا هەموو ئەو کەسانەی بۆی ڕاوەستاون یان ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن لەمۆنتی کارلۆ و دەوروبەری تێناپەڕێت، لەبازنەیەکی سەد کیلۆمەتریدا؟ ئایا لەم داوە ڕزگاری بووە؟ یان هێشتا گوریسەکە بەئەستۆیەوە ئاڵاوە؟

لەوکاتەی لە ڕیزەکە ڕاوەستابوو لە ئاوێنەکەی تەنیشت خۆی سەیرێکی خۆی کرد. پێڵاوە بن بڵندەکەی هەندێك باڵای بەرز کردبووەوە، پانتۆڵێکی کاوبۆی شین، شوێن ئەژنۆکانی دڕاو و کراسێکی قەدیفەی ڕەش و چاکەتێکی کاوبۆی خاکی و نووسینیکی گەورەی لەسەر پشت چنرابوو (مردوو پێدەکەنی) ئەمانەی هەموو لەبەر دابوو لەگەڵ چاویلکەیەکی ڕەش و جانتایەکی پشت و هێدفۆنێکی گوێی و ئامێرە گەورەکەی هێدفۆنەکەی لەسەر پشتێنی پانتۆڵەکەی بەستبوو. خۆی وا دەردەخستبوو دیمەنی وەکو خوێندکارێکی زانکۆی ئەمریکی دیار بی، ئەوانەی بە ئەوروپادا دەگەڕێن و گەر بیانەوی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بچن، لەسەر ڕێگاکان دەوەستن و سواری ئۆتۆمبیل دەبن،ئەوانەی سەرچڵ و جەربەزەن. هەرگیز

ڕواڵەتیان لە پاسەوانی تایبەتی سەرۆك و شالیار و پیاوانی كار ناچێت. ڕوخساری لەئاوێنەكەدا نامۆیە،تەنانەت لای خۆشی نامۆ بوو، ئەویش ئەمەی دەویست.

هەشت پۆلیسی فەڕەنسی پشكنینی پاسەپۆڕت و ڕوخسار و كەلوپەلیان دەكرد بە بەكارهێنانی ئامێری ئەلیكترۆنی. وا هەستی دەكرد هەرچی چاوە سەیری ئەو دەكا. ماوەی چەند ساڵێكە بە گەمارۆیێكی ئاسایشی ئەوها وورد تێنەپەڕیوە.تۆ بڵێی وەكو جاران توانای مابی فێڵ لەمانەش بكات ؟

لەكۆتاییدا نۆرەی هات. جانتای جلوبەرگەكەی، ئەوەی لە ژووری بووكوزازاكە بردبووی لەگەڵ جانتاكەی پشتی فڕێیدایە نێو شوێنی جانتاپشكنین، لەو شوێنە كەلوپەل بەتیشك دەپشكندرا. ئینجا پاسەپۆڕتە ئەمریكیە ساختەكە و پلیتی گەشتەكە و كارتی ڕۆیشتنەكەی دایە دەست سەرۆك پۆلیسەكان. لەلای مەڕوان ڕوخساری پۆلیسەكە وشك و دڕ و دژوار دیاربوو.. چونكە كەسێكی قوتە و ڕوخسار ڕەق و سەر تاشراو بوو. جلە سەربازیە فەڕەنسیەكەی بەلەشی وەلكابوو،چاوەكانی تەماشاكردنێكی سەختی پێوە دیابوو، هەمووی جێی گومان بوو. زۆر بە وردی ڕوانییە بەڵگەكانی بەردەستی. ترپەی دڵی مەڕوان بەرز و خێراتر بووەوە. پیاوەكە بە فەڕەنسی پرسیارێكی لێكرد. مەڕوان سەیری كرد و پەشۆكا و سەرگەردان بوو، هێدفۆنەكەی گوێی دەرهێنا و پرسیاری كرد گوایە تێناگات:

"ها؟"

پیاوەكە ڕووی تێكردەوە و بەئینگلیزی قسەی لەگەڵ كرد و گوتی:

"مستەر كاردێل ئەمشەو بۆ كوی دەچیت؟"

بە زمانێكی گونجاو و بەتیزەوە بە شێوەزاری باشووری كالیفۆڕنیا گوتی:

"براگیان دارلبەیزا. ئەگەر لەوێش یەكێكم دی بەخۆڕایی بمگەیێنێت دەچم بۆ ڕیبات."

كاتێك ئەو درۆییەی دەكرد زۆر دڵخۆش بوو، چونكە قسەكردنەكەی لەژێر ئامێری دەرخستنی درۆ نییە.

"بەتەنێیت؟"

"بەداخەوە."

"بۆ ئیش یان بۆ ڕابواردن؟"

مەڕوان پێکەنینێکی قۆڕی کرد، وەکو هەوڵدانێك بۆ ئەوەی بزەیەك بخاتە سەر لێوی پیاوەکە، یان هەر شتێك گرژیەکەی ڕوخساری کەم بکاتەوە. بەچاونەترسیەوە گوتی:

"کاکی برا تەنها بۆ ڕابواردن."

هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نەبینی نە بۆ پێکەنینەکەی..نە بۆ قسەکانی، پیاوەکە بەڕوخسارێکی توند ڕوانییە چاوەکانی مەروان و گوتی:

"چەکت پێیە؟"

زوو وەڵامیدایەوە:

"نەخێر."

هەرچەند لە دڵەوە ئومێدەوار بوو پێی بێت.

"مادەی هۆشبەر؟"

وەڵامەکە ئاسانە، خۆی هۆشبەرەکانی تاقی نەکردۆتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی وا دیار بکەوێت، بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

"ئەمڕۆ نەخێر."

وا دیار بوو پیاوەکە حەزی لەو قسەیە نەبوو، پرسی:

"لە دە هەزار یۆڕۆ زیاترت پێیە؟"

مەڕوان بەخێرایی بیری کردەوە و پارەکانی ژمارد زانی، لە دوو هەزار کەمتری پێیە. دووبارە پێکەنی و گوتی:

"گاڵتە دەکەیت برا. وا نییە؟"

سەرنجی دا بڕۆی پیاوەکە بەرز بووەوە و بەسەرسامیەوە قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

"مۆتۆرسێکلە هارلیەکەم فرۆشتووە تا بۆ ئەم گەشتە دەرچم و نیوەی پارەکەم لە فەڕەنسا تەواو بوو. نەمزانی نرخەکان تا ئەم ڕادەیە گرانن."

پیاوەکە تەماشای کرد و پرسی:

"لە ڕیبات لەکوی نیشتەجێدەبیت؟"

مەڕوان ماوەیەك بێدەنگ بوو. بەبیری نایەت پێشتر بەم شێوەیە ئەم هەموو پرسیارانەی لی کرابێت بە تایبەتی ئەو کاتەی لە فەڕەنسا دەردەچوو. ئێستاش وا لە فەڕەنسا دەردەچێت، خۆ نایەتە نێوی. ئایا ئەمە واتای ئەوەیە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن و تەنها لەگەڵ خودی ئەو؟ کەواتە گەر وابی بۆچی نەیانگرت؟ گەرووی وشك بوو کاتێك وەڵامیدایەوە:

"لای دەزگیرانەکەم."

ئەمەش درۆیەکی دیکە بوو. چونکە بە درێژایی شەش مانگی ڕابردوو ڕانیای نەدیبوو. هیچ مەزەندەی بۆ ئەوە ناچێت بیهێڵێت لە دەرگاوە بچێتە ژووری. لەوەش زیاتر. لەو بڕوایە نەبوو کە بتوانێت بیشدۆزێتەوە. بەڵام ئێستا زۆر ماندووە. برینەکەی شانی دەستی بەسوتانەوە کرد. هەستی بەسەرمایەك کرد، تەزی بە دەمارەکانیدا دەسووڕایەوە. لەهەمان کاتدا هیچ ئۆتێلێکی دابین نەکردووە و هیچ برادەرێکیشی لە مەغرب نییە. هیچ هۆیەکیش نییە پێویست بکات بۆ ئەوی بچێت. لەو کاتەدا هیچ شتێکی نەبوو بیری لی بکاتەوە جگە لەوە.

پیاوەکە بەتیژی سەیری کرد و گوتی:

"کەواتە هۆشبەرت پی نییە؟."

"ئەی چۆن. من بەم ڕادەیە شێتیش نیم. ڕەنگە کەمێك بی مێشك بم. بەڵام شێت ! نا."

"دەتوانم جانتاکانت بپشکنم؟"

پیاوەکە کە ئەمەی گوت بی بڕوایی پێوە دیار بوو لەو قسەیە. ناچار بوو ڕازی بێت بە پشکنینی جانتاکە و گوتی:

"فەرموو."

دوای ئەوەی ئەم قسەی کرد، بیری کەوتەوە کە خۆی سەیری جانتای بووك و زاواکەی مۆنتی کارلۆی نەکردووە. نازانێت چی تێدایە، ئایا جانتای بووکەکەیە یان زاوا؟ ئێستاش هەشت پۆلیسی چەکدار دەیپشکنن.

دەستیان کرد بە جانتای پشتەکە. هەندێك پانتۆڵی کاوبۆی شین و دوو کراسی کۆنە و پۆشاکی ژێرەوە کە هەندێکی خاوێن و هەندێکێکشی پیس بوون. هەندێك پاتری بۆ ڕیکۆردەرەکە، پەرتوکێکی چیرۆك بەناونیشانی (هاوبەشی). زەرفێك چەند پارچەیەك شیرنەمەنیی تێدایە، فرچە و دەرمانی ددان، ئینجا پاکەتێکی بچووك ئەنگوستیلەیەکی زێڕی تێدا بوو.

کاتێك کە مەڕوان چاوی بە ئەنگوستیلەکە کەوت، بیرەوەریەکی جەنجاڵی لەناخدا پەیدا بوو.

نەیزانی ئەنگوستیلەکەی پێیە. چەند مانگێکە بیری لی نەکردۆتەوە. ئەمە ئەو ئەنگوستیلەیە کە پێشکەشی ڕانیای کرد و پاشان بۆی گەڕاندەوە. هەزاران گێژاوی هەست لەنێو ناخیدا هەڵقولا. بەڵام لەناکاو سۆزێکی لەچاوی پیاوەکە بەدی کرد.

"ئەنگوستیلەی مارەبڕینە؟ دەزگیرانەکەت مارە دەکەیت؟"

پرسیارەکەی پی سەیر بوو، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و گوتی:

"گەر پێم ڕازی بێت، ئەگینا پێویست نەبوو مۆتۆرسێکڵە هارلیەکەم بفرۆشم."

سەری سوڕما لەوەی کە بزەیەکی کاڵی لەسەر ڕوخساری پیاوەکە بینی، زەردەخەنەیەکی کرد و سەری لەقاند و هەموو شتێکی گەڕاندەوە نێو جانتای پشتەکە و پاشان جانتاکەی بە ڕێکی داخست، ئینجا سووڕایەوە لای جانتاکەی دیکە. مەڕوان خەریك بوو دڵی بوەستێت. ئێستا چی لە نێودا دەدۆزێتەوە؟ جانتاکە بەئاسانی کرایەوە.

زۆر هەراسان بوو کاتێك بینی جانتاکە پڕە لە جلوبەرگ و مکیاجی ئافرەتانە... کراسی ئاورێشم.. پانتۆڵی کاوبۆی تەسك و جۆرەها پێڵاو.. کراسی خەوتن.. پۆشاکی ژێرەوە... هەمووی نوی و هێشتا کاغەزی نرخەکەی پێوە بوو... شتی ناسك و قۆز و گران... ئەمە مانای چیە؟ چۆن پاساو بۆ ئەمە بکات؟.

مەڕوان بەسەرسامی تێیڕادەما، پیاوەکەش بەدوو چاوی نیوە نوقاو تەماشای دەکرد، ڕوانینێکی گوماناوی و تۆمەتبارکردنی تێدا بوو، دوای کەمێك پۆلیسەکە بە گاڵتەجاڕی و سووکایەتی بیرۆکەیەکی قۆڕی بۆ هات:

"دیارە باشتر وایە بە جاکلین بانگت بکەم لەباتی جاك کاردێل. وا نییە؟"

ئینجا دەستی کردە پێکەنین و بە دەنگێکی بەرز سەرنجی پیاوەکانی دەوروبەری خۆی ڕاکێشا و ئەوانیش پێکەنین. پاش تۆزێك ڕواڵەتی ڕوخساری پیاوەکە گۆڕا، بەخۆشەویستیەوە زەردەخەنەیەکی کرد وازی لە سووکایەتی پێکردنەکە هێنا و گوتی:

"وا دیارە ئەمانە پێداویستیەکانی ژن هێنانە."

مەڕوان ئەمەی وەك دەربازگەیەك بینی بۆ ئەم تێکەوتنە، بەرەو دواوە کشایەوە، بەفشەکردنەوە داچەمی و گوتی:

"ها. ببورە. تۆ زیرەکییەکەت وەك شێوە و ڕواڵەتت نییە، خودا حافیز برا."

# بەشی دوازدەمین

"خێوەکە گەیشت.. خێوەکە هات."

جودار و دۆڤال ناوێکی وایان لەمارسێل نابوو. بەهۆی ئەوەی درێژ و باریك بوو، بریتی بوو لەبارستاییەکی ئێسکی بی دڵ، لەپڕێکدا دەردەکەوێت و لەپڕێکی دیکە بزر دەبێت.

جودار لە بەلەکۆنی شوقەی فەرید ڕەمزی ڕاوەستا و چاودێری کۆپتەرەکەی دەکرد کە مارسێلی تێدا بوو، کۆپتەرەکە لە کۆپتەرخانەکە نیشتەوە.

پیاوە باریك و درێژەکە لێی دابەزی و بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکە چوو کە جودار فەرمانی دابوو بینێرن بۆ پێشوازی. ئینجا بۆ بەر دەرگای پێشەوە هێنای. کۆپتەرخانەکە تەنها سەد مەتر دوور بوو لەو مەیدانەی کە تەلارە گەورەکەی تێدایە، ئەوەی فەرید ڕەمزی و هاوسەرەکەی تێیدا نیشتەجی بوون، هەروەها لەشوقەیەکی دیکەی تەلارەکە یەکێك لە کچە میرەکانی بنەماڵە حوکمڕانەکەی مۆناکۆی تێدا نیشتەجی بوو. لەو زانیاریانەی کە جودار کۆی کردبووەوە سەبارەت بە فەرید ڕەمزی، چوار شوێنی نیشتەجێبوونی هەبووە. لە ئیسکەندەریەی میسر، لە کەنارەکەی باکوور. لە باشووری دەریای سپی ناوەڕاست کە لەوی گەورە بووبوو. هەروەها خانوویەکی گەورە و فراوانی هەبوو لە گەڕەکی مەعاد لە قاهیرە نزیکی نووسینگەکانی کۆمپانیای نیل بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی. بێجگە لەمانەش شالیهێکی زۆر قەشەنگی هەبوو لە داڤۆسی سویسرا لە ناوەڕاستی بەناوبانگترین شوێنی هەڵخلیسکانی سەر بەفر. کە لە وەرزی ئەم وەرزشە دەیدایە مەعمیلەکانی خۆی بەکاری بهێنن چونکە باری تەندروستیەکەی ڕێی نەدەدا خۆی ئەم یارییە بکات. هەروەها کێڵگەیەکی لە دەوروبەری شاری پاریس هەبوو، لەو هەرێمەی کلۆدێتی لی لە دایکبووە،ڕووبەرەکەی لە چل فەدان زیاتر بوو، فەرید و کلۆدێت زۆربەی کاتەکانی خۆیان لەوی لە ژێر نمایشی ڕواڵەتی دەوڵەمەندانە و

خۆبەمەزنزانین لەو دیمەنە سروشتی و دڵڕفێنە بەسەر دەبرد. کڕینی شوقەیەکی گەورەش لە مۆنتی کارلۆ خواست و بیرۆکەی کلۆدێت بوو. ئەم زانیاریانە هەمووی چێشتگەرە تایبەتەکەی فەرید بۆ جوداری گێڕابووەوە. کە کاتی تەقەکەکرنەکە لە میوانخانەکەی شوقەکە بوو. گوتی خاتوو کلۆدێت حەزی لەژیانی کۆمەڵایەتی هەبوو، بۆ خواردن و خواردنەوە حەزی لە شوێنێکی شایستە بوو، تاکو لەم شوێنە میوانداری دۆست و هاوری پایەدار و دەوڵەمەند و بەناوبانگ و خاوەن دەسەڵاتەکانی خۆی بکات. تاکو خۆی بێنێتە ئاستی تێکەڵبوون بە خانمە پایەبەرز و بژاردەکانی گۆمەڵگا. بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنی ئەم خانمە قەشەنگ ڕازاوانە بۆ مۆنتیکارلۆ بە مەبەستی حەسانەوە و قومارکردن لە گازینۆ بەناوبانگەکانی مۆنتیکارلۆ، بە جوانی و کەشخەییەکەی خۆی سەرنجی ئەوان ڕاکێشی و خۆی لە ڕیزی ئەواندا ببینێتەوە.

دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە بەرز بووەوە، جودار یەکسەر هەڵیگرت و پەیوەندیەکەی وەرگرت، ئینجا بەهەمووانی ڕاگەیاند دوای ئەوەی تەلەفۆنەکەی دانا:

"ئەوەتا هات. هەمووتان بڕۆنە دەری."

کاتێک خێوەکە گەیشت کەس لە گرووپەکەی جودار حەزی نەدەکرد لەوی بمێنێتەوە. هەموویان پێشتر ئیشیان لەگەڵی کردووە. ئیشەکانی خۆیان ڕاپەڕاندبوو لە وێنەگرتنی شوێنی تاوانەکە و هەموو سووچ و کەلەبەرێکی، لە هەڵگرتنی پەنجەمۆر و ئەندازەکردنی شوێنەکە، ئەو جێگایانەی تەقەکانی لێوە هاتبوون و شوێنەواری فیشەکەکانی سەر دیوار و کەلوپەلەکان، کۆکردنەوە و پشکنینی فیشەکە بڵاوەکان، ئەو ئیشانە هەمووی تەواو بووبوون. ئامرازەکانی خۆیان هەڵگرت و بە خێرایی لە شوقەکە چوونەدەر.

دۆڤال لەو کاتەی دەردەچوو، گوتی:

"بەهەرحاڵ هەموو شتێك تەواوە. تەرمەكان گواسترانەوە و نەخشی پەنجەمۆرەكان هەڵگیراون و بەڵگەكان كۆكراونەوە. گەر شتێكی دیكەت پێویست بوو بانگمان كە. هەمووومان ئامادەین دەرچین؟"

جودار ئاماژەی بۆكرد و دەرچوو، دوای چەند خولەكێك دەرگای نەردەوانەكە كرایەوە، مارسێلی لی هاتە دەر و جودار پێشوازی لی كرد:

"گەورەم.. بەخێربێی."

قسەكانی لای مارسێل هیچ دەنگدانەوەیەكی نەبوو... ئاوڕی نەدایەوە.. قسەی نەكرد.. فزەی نەكرد.. وەڵامی نەدایەوە.. دەستی جوداری نەسەند..دەست درێژكردنەكەی جوداری پشتگوی خست. هەر كە گەیشتە ژووری پێشوازی بەشێوازێكی ئاسایی بەهێواشی دەجووڵایەوە. جاروبارێش ڕادەوەستا و دەچەمایەوە و تەماشای هێڵی تەباشیر و پەڵەی خوێنەكانی دەكرد. دیار بوو بایەخی بە توێژینەوەی شوێنی هاتنی گوللەكان دەدا، لەگەڵ ئەو سووچانەی لێیوە دەرچوونە.

دوای ماوەیەك لە چاوەڕوانكردن جودار گوتی:

"هەر كاتێك ئامادە بوویت دەتوانم ئەو شوقەیەی بەرانبەرەت پی نیشان بدەم كە بكوژەكە یاخود بكوژەكان بەكاریان هێناوە. پیاوەكانم لەوێ تفەنگە بە دووربینەكەیان دۆزیەوە."

مارسێل بەبی دەنگی مایەوە... فیشەكەكانی دەژمارد. لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە دەجووڵایەوە و بە دوای شوێنی فیشەكەكان كەوت كە لەسەر زەوی بڵاو بووبوونەوە، هەوەها دیقەتی ئاسەواری ئەوانەشی دەكرد كە دابووی لە دیوار و تاقی پەرتوكەكان، ئەوانەی دابووی لە مێز و كورسی و قەنەفەكان، هەر تەماشای ئەو شوێنانەی دەكرد كە گوللەكانی لێوە هاتبوو. جودار بەردەوام بوو لەقسەكەی و گوتی:

"بەداخەوە نەخشەی پەنجەمۆر لەسەر فیشەكەكان نییە."

مارسێل وەڵامی نەدایەوە هەر بی دەنگ بوو. ئیتر هەموو ژوورەكە بی دەنگیەكی سەنگینی لی نیشت.

کاتێـك لـە ژووری پێـشوازی کاریـان دەکـرد جـودار سـەرنجی مارسـێلی دەدا، درێژییکەی نزیکەی دوو مـەتر بـوو. بەشێوەیەکی هەراسانگەر باریك و لاواز بـوو، پالتۆییێکی درێژ و ڕەشی پۆشی بوو، بـە شێوەیەك بـەدەور لەشی سووڕابووەوە لـە کفنی مـردوو دەچـوو. ڕوخـسارێکی درێـژوکانی و لـەڕ. تەمـەنی شەست و دوو سالە، هاوزای باوکێتی. سـەرێکی ڕووتـاوە، لەگـەڵ دوو زوڵفـی بـۆر گوێـچکەکانی داپۆشیوە، سمێڵێکی خۆڵەمێش ڕەنگ و باریك لەژێر لووتێکی نووکتیژ و باریك و قەرانگانی.

زۆرترین شت کـە جوداری هەراسـان کردبـوو، چاوەکانی مارسێل بـوو. نـەك لەبـەر ئـەوەی تەسـك و قاوەییـەکی تـەڵخ بـوو، چـونکە هـەموو سـیفەت و توانایـەکی خاوەنەکەی لی هەڵدەگەڕایەوە. بیرێکی بەهێز و ئەفسانەیی، بەسەرهاتەکانی بەوێنە و بەدوورودرێژی لەبیر ناچی. زیرەکیەکی زۆر تێکەڵ بە پیسکەییەکی زۆر.بـەم دوو سیفەتە سارد وسڕەی هیچ سۆز و هەستێکی تێدا دیار نەبوو. هـیچ ڕەنگدانەوەیـەکی هەسـت ونەسـتی تێـدا نـەبوو سـەبارەت بـەو کەسـانەی لێـی نـزیکن و هاوکـار و یارمەتیدەرینـە لـە گەیـشتن بـە سەرچـاوەی تـاوان و تاوانبارەکـان و ڕەنجکێـشانیان بۆئەوەی تاوانباران بگیرێن بدرێنە دادگا. چاوەکانی بە سام بوو کەم کەس دەوێرا بـە ئاسانی تەماشای بکا.

ئەوەی مێشکی جوداری داگیر کردبوو، ئەم پیاوە وشك و ڕەق و بێهەستە بوو کە هیچ سۆزێکی مرۆڤایەتیی تێدا نییە، چۆن توانی بەو ئاستە بگـات کـەوا ئیـستا پێـی گەیشتووە؟ ناوبانگییـەکی گـەورە و ڕێـز و بایەخپێـدانێکی لـە ڕادە بـەدەری لەلایـەن هەموو دەزگا تاوانییەکانی ئەوروپایی هەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکـات، ئـەو کێـشانەی چارەسەری کردووە و ئەو ئەنجامانەی ئەو بەدەستی هێناوە زۆر گرنگن بـە ڕادەیـەك لەسەرتاسەری جیهانـدا لـە ئـەکادیمیاکانی پۆلیس و هـەواڵگری تـاوان دەخوێنـدرێن. بەڵام لەچارەسەرکردنی هەندێك کێشە سەرکەوتوو نەبووە بە هۆی پشتگوێخستن و درێژەپێـدانی دۆسـیەکە و بـی متمانـەیی و ڕەتکردنـەوەی بەڵگـە. نـازانم چـۆن ئـەم دۆڕاندنانە باس ناکرێن کاتێك باسی مارسێل دەکرێت؟

مارسێل ئەو بێدەنگیەی نێو ژووری پێشوازیەکەی شکاند و گوتی:

"نازانیت چەندە دڵشاد دەبم کاتێك نزیکی شوێنی تاوانی کوشتنێکی نوی دەبمەوە، هەست بە شوێنەکە دەکەم و بۆنی دیمەنەکە دەکەم."

چاوەکانی دەتروسکانەوە کاتێك دەهات و دەچوو، گوتی:

وەکو تابلۆی وێنەکێشێکی کارامە و بلیمەت دێتە بەر چاوم، وەکو شاکارەکانی مۆنیی وتابلۆکانی کلێنت دەیبینم، لەبەر چاوم تابلۆیەکە هەمووی هێڵ و خاڵ و سێبەرە مسیۆ جودار. کاتێك لێی نزیك دەبیتەوە هیچی لی نازانیت و لێی تی ناگەیت تەنها ئاوێتەیەکی ڕەنگ و هێڵە هیچی دیکە دەرنابڕێت. بەڵام کە دەچیتە پشتەوە و نیوەی چاوت دەنووقێنیت و باش سەیری دەکەیت لە دوورەوە تەماشای وێنە گەورەکە دەکەیت بە گشت ڕووبەرەکەیەوە، نهێنییەکانت بۆ ئاشکرا دەبن و کێشەیەکی سەرنج ڕاکێشی جوانت بۆ دەردەکەوێت. ئێمەش وەکو پیاوانی توێژەرەوەی تاوانگەریی، کارامە و کارزان هەر وا دەکەین. نیوەی چاومان دەنووقێنین و بێدەنگ دەبین و لی دەگەڕێن ڕووداوەکان ڕاستیەکانمان بۆ بدرکێنن و بە خۆیان بۆ ڕاستیەکان ڕێبەریمان بکەن".

جودار هیچ نوقەیەکی بۆ ئەم قسەیە نەکرد. هەموو شتێکی ئەم پیاوە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانییەتی. دەیەوێت بەم قسەیە خۆی وەك پیاویکی مەزن و بلیمەت دەربخات. گوایە یەکەمە و کەسی لە وێنە نییە. مارسێل دەستی کردە ڕوانینی فلیمێکی ڤیدیۆ، کە کامیراکانی کۆمپانیای پاسەوانێتیەکە گرتبووی ، پێش شەش مانگ ئەم کامیرایانە بەسەر گشت لایەکی تەلارەکە و ڕێڕەوەکانی دابەش کرابوون. جودار لێی نزیك بووەوە وەڵامیدایەوە پێش ئەوەی پرسیاری لێبکرێت:

"هەموو وێنەکانمان تۆمار کرد و بە چاپیشمان گەیاندووە، هەمووی دیجیتاڵی و نوی و بەرواریشی لەسەرە. کاتەکانیشی لەسەر دیاری کراوە و هەموو شتێك دەگرێتەخۆی. وێنەی فەرید و مەڕوانمان هەیە لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن، هەروەها وێنەی کاتی تەقەکردنەکە و کوشتنی فەرید ڕەمزی، ئینجا کوشتنی دوو پاسەوانەکە و بردنی چەکەکانیان لەلایەن مەڕوان. هەموو شتێك تۆمار کراوە، هەر ئێستاش ڕاپۆرتی تاقیگەی تاوانگەریم پێگەیشت و تێیدا دڵنیابووین کە ئەو دوو تەرمەی

دۆزیمانەتەوە لەئوتێلی میریدیان بە گوللەی ئەو دوو دەمانچەیە کوژراون، بێگومانین لەوەی مەڕوان تەقەی لێیان کردووە."

مارسێل ڕاوەستا و بەبایەخەوە سەیری کرد و جودار پێی خۆش بوو، لێگەڕا لەقسەکەی بەردەوام بێت:

"کێشەی فلیمەکان ئەوەیە بەتەسەلی ڕووداوەکەنمان پی نیشان دەدات، بەڵام هۆکارەکانمان بۆ ئاشکرا ناکات. چونکە فلیمەکان بێدەنگن و دەنگ لەگەڵ وێنەکاندا تۆمار نەکراوە. هیچ کەس لە مەڕوان عەقاد زیاتر نازانێت کە فەرید ڕەمزی پێش ئەوەی بمرێت لە دوا ساتەکانی ژیانی چیی گوتوە. بەڵام من وەکو پێم گوتی لە تەلەفۆن گەشبینم، دەتوانین ڕووناکی بخەینە سەر ئەم تاوانە قێزەوەنە."

مارسێل پرسیارێکی لێکرد و باش وەڵامەکەی دەزانی:

"باشە دۆزیتانەوە؟ مسیۆ جودار؟"

جودار پەشۆکا و گوتی:

"هێشتا نە. بەڵام شتێکی نوێمان هەیە."

"ئەم نوێیە چییە؟"

"کۆمپانیایەکی بە کرێدانی ئۆتۆمبیل هەواڵی پێگەیاندین کە یەکێك لە ئۆتۆمبیلەکانی بزربووە و دوا پەیوەندی لەگەڵ شۆفێرەکە لە دەرەوەی ئوتێلی میریدیان بووە. هەروەها گوتیان هیچ کەس ئەم شۆفێرەی نەدۆزیوەتەوە، وەڵامی پەیوەندیەکان ناداتەوە. بەڕێوەبەری ئوتێلەکە پێی گوتوون کە خۆی شۆفێرەکەی دیوە شوێنەکەی بەجێهێشتووە بەرەو ڕۆژئاوای دەرەوەی شار بەڕێکەوتووە."

مارسێل بەبایەخەوە پرسیاری لێکرد:

"بەرەو فەڕەنسا؟"

"وا دیارە. داوام لە پیاوەکانم کرد لە ڕێگەی کامیراکانی هاتوچۆ بەدواداچوونەوەی ئۆتۆمبیلەکە بکەن."

جودار دەیزانی کە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو چەند ئاسانکارییان بۆ دەکات، بەتایبەتی لە شوێنانەی دانیشتووانەکەی دەوڵەمەندن. بۆ نموونە کامیرای چاودێری

لەهەموو شوێنێکی مۆنتیکارلۆ هەیە، هیچ کەس ناتوانێت بجوولێتەوە بی ئەوەی وێنەی نەگیرێت. بەهەرحاڵ ئەمە کۆتایی بەتاوانەکان ناهێنێت بەڵام دەتوانێت تاوانبارەکان ئاشکرا بکات.

مارسێل بیرکردنەوەکەی جوداری بڕی و پرسیاری لێکرد:

"لە کەیەوە بەڕێوەبەری میریدیان شۆفێری تەکسیەکەی دیوە کە شوێنەکەی بەجی هێشتووە؟"

" پێش نزیکەی دوو کاتژمێر."

"لە ناوشار کەس مەڕوان عەقادی نەدیوە؟"

"نەخێر."

"کەسیش لە فڕۆکەخانەی نیس شووێنەواری نەدیوە؟"

"نەخێر."

"لە هیچ شوێنێك؟"

"نەخێر."

"هەتا لە شارەکانی ڕیڤێراش؟"

"نەخێر."

مارسێل دەستی کردە ڕێکردن لەنێو ژوورەکەدا و لەناکاو ڕاوەستا و گوتی:

"دەبی بەرەو مارسیلیا چوو بێت. خێرا تەلەفۆن لەگەڵ بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە بکە. هەر ئێستا."

# بەشی سێزدەمین

فڕۆکەی گەشتی ژمارە 256 ی کۆمپانیای فرۆکەوانی شانشینی مـەغربی هەسـتا و لەژێر بارانێکی توند و ناوەڕاستی تاریکی شەودا لەسەر ڕێڕەوەکە دەرپەڕی، سەد و چل کەسی تێـدابوو، بـەم شـەوە شـەڕیان لەگـەڵ خـەو دەکـرد وخـەریکی گەشـتکردن بوون ، یەکێك لەو کەسانە مەڕوان عەقاد بوو، کە ناوی کردبووە جاك کاردێل.

دوای ئەوەی فڕۆکەکە بەرز بووەوە و بەرەو ئاڕاستەی باشوور چـوو بـە بـەرزایی 25000 پـێ، خێرایـی 500 میـل لەیـەك کاتـژمێردا. کیـژە میوانگوزارەکـانی نێـو فرۆکەکـە لـەنێوان گەشـتیارەکاندا دەهـاتن و دەچـوون و خواردنیـان دەدانـێ. دوای ئـەوەی کـاپتنی فڕۆکەکـە گڵۆپـەکانی نـاوەوەی کوژانـدەوە، زۆربـەی گەشـتیارەکان خەویان لی کەوت. مـەڕوان لەبـەر ئێـشی شـانی نـەیتوانی بخـەوێت. ئارەقـەی کـرد و پلەی گەرمای لەشی بەرز بووەوە و دڵی تێکچوو. لە یەکێك لـە کچە میوانگوزارەکـان داوای حەبێکی ئێـشبڕی کـرد و بـەو پەرداخـە کۆکایـەی خـواردەوە کـە بەدەسـتیەوە بوو. ئینجا بەرەو ئاودەستەکە چوو.

دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست و لە ئاوێنەکە تەماشای خـۆی کـرد. شـێوەی زۆر خراپ بوو، بەخۆشی هەر وا هەسـتی بـەخۆی دەکـرد. چاوەکانی سـوور بووبوونـەوە، لیقاوێکی شل چاوی دەبرژاندەوە. هەر کە چاکەتەکەی داکەند،دەرکـەوت کراسـەکەی پـڕ بـووە لـەخوێن. خـوێن کلینکـسەکەی سـەری تـەڕ کردبـوو کـە لـە ئاودەسـتی فڕۆکەخانەی مارسیلیا نابوویـە سـەر برینەکـە، لـەو کاتـەی جلـەکانی خـۆیی گـۆڕی. مەڕوان چاکەتەکەی هەڵواسی و دەستی بە ئاوی گەرم و سـابون شووشـت، بـە نـەرمی ئاوی کـردە سـەر کلینکسەکانی سـەر برینەکـەی شـانی، کـە بەشـانییەوە نووسـابوون. ئیدی لایبرد و زۆری ئێش کرد، ئەم کارە کاتێکی زۆری خایاند، تا وای لێهات یـەکێك لە میوانگوزارەکانی فڕۆکەکە لە دەرگای ئاودەستەکەی داو پرسی:

"گەورەم..خۆ هیچت پێویست نییە؟"

لە دەنگی لەدەرگادان و پرسیارەکە ڕاچڵەکی، بەڵام وەڵامیدایەوە:

"نەخێر. سوپاس."

"دڵنیایت؟"

"بەڵی. پێویست بەنیگەرانی ناکات. وا دەردەچم."

"تکایە گەورەم... خەریکە فڕۆکەکە دادەبەزێت.. فەرموو بگەڕێوە شوێنەکەی خۆت و پشتێنەکەت ببەستە."

"ئێ. باشە. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە."

مەڕوان هەوڵی دەدا شتێکی سەرنج ڕاکێش نەکات. لەگەڵ ئەو ئێشە توندەی کە هەستی پێدەکرد، بەخێرا برینەکەی شوشت و هەموو لەشی مووچڕکەی دەکرد، ئینجا سەرلەنوی کلینکسی تەڕی نایە سەر برینەکە، دەموچاوی خۆی شوشت، لە ئاوێنە تەماشای خۆی کرد بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە ئاسەواری خوێنی پێوە دیار نییە. پاشان دەرچوو، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ شوێنەکەی خۆی کیژەکە چاوی پێکەوت و پرسی:

"تۆ دڵنیایت هیچ گرفتێکت نییە؟"

"نەخێر. سەرسووڕانێکی ئاساییە، وابزانم بەهۆکاری بەرزبوونەوەی فشاری خوێنە."

ئەمەی گوت و دوورکەوتەوە، هیوای خواست کیژەکە قەناعەت بەم پاساوە بکات و وازی لی بهێنێت، بەڵام دیسان گوتی:

"بارودۆخت خراپ دیارە. دەتەوی هەواڵ بە فڕۆکەخانەی گەیشتن بدەم، پزیشکت بۆ ئامادە بکەن؟"

دەستی بەئارەقەکردن کرد و گوتی:

"کاتێك دەگەمە ئەوی دەزگیرانەکەم چاوەڕوانمە و ئەو بایەخم پی دەدات. نیگەران مەبە.. سوپاس بۆ ئەم بایەپێخدانە."

ئینجا لێی گەڕا، مەروان گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و چاوی خۆی نووقاند.

کاتێـك لـە دارلبـەیزا نزیـك بوونـەوە دیـسان ترسـی لێنیـشتەوە، لەگـەڵ ئـەوەی مارسیلیای بەجی هێشت و لە ئەوڕوپا دەرچوو، بەڵام ئیستا زیـاد لـە پێویـست جێـی سەرنج ڕاکێشانە.

مـەڕوان دەزانێـت پیـاوانی ئاسایش لەسـی وڵاتـدا ڕاوی دەنـێن. ئەمـە جگـە لـە کلۆدێـت و شـەریکە خوێنرێـژەکانی. بـەڵام نازانێـت کـەی پێـی دەگـەن و دەیگـرن. ئاسەوار و سەرەداوێکی زۆری لە فڕۆکەخانەکەدا بەجی هێشتووە. گەر بگەنـە ئـەوی دەزانن بۆ مەغرب چووە. ئەگەر بەختەوەر بێت، لـەم دوو ڕۆژەی داهـاتوو دەژیـت و نامرێت. فڕۆکەکە لـە مـەغرب نیـشتەوە. مـەڕوان بـەبی هـیچ کێشەیەك لـە بنکـەی پـشکنینی پاسـەپۆڕتەکان تێپـەڕی. لـە دەرگـای فڕۆکەخانەکـەش دەرچـوو. یەکـەم تەکسیی بینی گرتـی و بـەرەو دارلبـەیزا چـوو. بارانـەکانی تـشرینی دووەم بەتونـدی دەباری. مەڕوان نەیتوانی جامسڕی ئۆتۆمبیلەکە و هیتەرەکەی بخاتە ئیش. بۆیە بە زەحمەت هیماکانی ڕێگای دەبینی. شارەزای ڕێگاکانی شارەکەش نـەبوو. چـونکە کـەم هاتبوو بۆ ئەم شارە.

ئـەوەی هەڵوێـستەکەی گـرانتر کردبـوو ئـەوە بـوو کـەوا پلـەی گـەرمی زۆر بـەرز بووبوەوە، هەستی بە بێهێـزی و پەشـۆکان دەکـرد، نەیـدەتوانی ڕێگاکـان بناسـێتەوە. دوو جار بەسەر ستێرنەکەدا کەوت خەوی لێکەوت و بەخەبەر هاتەوە، خـەریك بـوو لە ئۆتۆمبیلەکانی پێش خۆی بـدات. دەیزانـی ئـەوەی دەیکات مەترسـی دارە. بـەڵام هەر ئەوەی بـۆ دەکـرا فـشار بکاتـە سـەر خـۆی و لـە لێخـوڕین بـەردەوام بێـت بـەرەو شـارەکە. خـوێنێکی زۆریـشی لـی هـات، برینەکـەی دەهێـشا. مـاوەی دوو ڕۆژ بـوو نەخـەوتبوو..نانیـشی نـەخواردبوو. هەسـتی کـرد لەشـی دادەهێزرێـت و دەکەوێتـە قەیران وبارێکی خراپی دەروونی .

مەڕوان گەیشتە شوێنەکە، کە لـە کاغـەزێکی نێـو جزدانەکـەی نووسـرابوو. کـات نیوەی شەو بوو. چاوی هەڵبڕیە باڵەخانەیەکی بـەرزی تەنیـشت مزگەوتـە گەورەکـە، خـۆی لەناوەڕاسـتی باڵەخانەیـەکی زۆردا بینیـەوە و هـەموویان لەیـەك دەچـن، تاکـە

جیاوازی ئەوەیە، ئەو بالەخانەی تەنیشت مزگەوتەکە، لە نهۆمی حەوتەم ئەو کچەی لێیە،کە ئەو خۆشی ویستووە، لەو کاتەی لەسەردەمی قوتابخانەی سەرەتایی بوو.

خەلکی نێو باڵەخانەکە هەموویان نووستبوون، تەنانەت پاسەوانی باڵەخانەکەش. مەڕوان بەلای پاسەوانەکەدا ڕەت بوو، بەسەری پەنجەکانی پێی بەرەو قاندرمەکە دەڕۆیشت، تاکو پاسەوانە پیرەکە بە زەنگ و دەنگی دەرگای نەردەوانەکە بەخەبەر نەیەت.

مەڕوان گەیشتە نهۆمی حەوتەم بەتوندی هەناسەی سوار بووبوو، هەستی بەئێشێکی کوشندە دەکرد لەبرینەکەی شانی. ئارەقەکەی سەر دەموچاوی خۆی سڕیەوە، گەرووی وشك بووبوو، ئارەقە لە برۆکانی دەچکایەوە و نێو چاوی دەزورانەوە و بەباش نەیدەبینی. نەیتوانی ژمارەی دەرگاکە بخوێنێتەوە،ئایا حەوتسەد و یەکە؟ دواتر توانی شوقەکە بناسێتەوە، ئەوەتا لەبەر دەرگای شوقەکە ڕاوەستاوە.

مەڕوان دڵی بە توندی لێی دەدا، هەستی بەترس و پێشبینیکردنی خراپ دەکرد. نەیدەزانی ئێستا چی ڕوودەدات. دەیزانی ڕواڵەتی زۆر خراپ دیارە، ئێستا بەم شێوەیە گونجاو نییە دیدار لەگەڵ ڕانیا بکات. بەڵام بۆ کوی دەتوانی بچێت؟ تەنها پەنای بۆ ئەم شوێنە برد. هەموو شتێکی دەوروبەری هێمن و خامۆش بوو، جگە لە دەنگی تەلەفزیۆنێکی نزم، لەبن هۆڵەکە دەنگی دەهات. بەنەرمی لەدەرگای دا، بەڵام وەڵام نەبوو. دووبارە لەدەرگای دا و کەس دەنگی نایی.

هەست بەترس کردن دڵەڕاوکی دڵی پڕ کردبوو. ئایا دەبی ڕانیا لە ماڵ بێت! بەم کاتە درەنگە بۆ کوی دەچێت؟ ئایا بە ڕاستی ئەمە شوێنەکەی ئەمە؟ خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی زۆر مێشکی داگیر کرد، دڵەکوتەکەی بەردەوام بوو تا دەهات خێراتر لێیدەدا. هەستی بەسەرما کرد و موچڕکەی بە لەشدا هات و لەرزی گرت. ئایا ئیستا بۆ ئوتێلێك بچێت ئەمشەوی لی بباتە سەر و سبەی بگەڕێتەوە ئێرە؟ شارەزای شوێنی هیچ ئوتێلێکیش نییە لەم شارە و دەبی پێشتر شوێنت بۆخۆت دابین

کردبی. هیچ هۆکارێکی پەیوەندیشی پی نییە. چاوی ڕشکەوپێشکەی کرد و هەستی کرد ئەژنۆکانی شل دەبن.

لەم چاو بۆرژانە گوێی لە دەنگی کردنەوەی سوورگی دەرگا و بەرزکردنەوی زنجیرێك بوو، دەرگاکەی بەردەمی کەمێك لێك ترازا، لەگەڵ دەرگا کردنەوەکە ترووسکایەکی زەرد و کزی بۆ دەرکەوت. چرپەیەکی بیست:

"مەڕوان؟ ئەمە تۆی؟"

پاشان هەموو شتێکی لە پێش چاو تاریك بوو، لەبەر دەرگاکە کەوت و لەهۆش خۆی چوو.

# کەرتی دووەم



# بەشی چواردەمین

کلۆدێت بە پۆشاکێکی مەلەوانی، لە جۆری پۆشاکەکانی دەریای بێکینی، لەسەر کورسیەکی سایەوە پاڵ کەوتبوو، لە تەنیشت حەوزی مەلەوانی ئەو ڤیللایەی تێیدا نیشتەجی بوو لە چیاکانی بەڕازیل، لەژێر گەرمای تیشکی خۆری ساوپاولۆدا شەرابی بیناکۆلادای دەخواردەوە.

هەرچەندە وەکو یەکێك ڕەفتاری دەکرد ، کەوا لەو پەڕی ئازادییە و ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنی، لەسەر دەم خەوتبوو، لەشی لە بندەستی کوڕێکی خزمەتچی کەنارەکەوە بوو، بە ڕۆنی گوێزی هیندی شان و پشتی دەشێلا، بەڵام لەناخەوە هەناوی گرژ دەبووەوە، لەچاوەڕوانی هەواڵی دوا کردەکەی بوو، ئیدی چیتر ناچار نییە لەگەڵ ئەو فێرعەونە بژیت کەوا شووی پی کردبوو، کلۆدێت لە پاشەملە بە فەرید ڕەمزی دەگوت فێرعەون. ئیستا ئەو مرد و تەواو بوو، کۆتەکەی شکا و پەیوەندیەکەی بەوەوە بڕا. بەڵام ئەو هەواڵگرە تایبەتەی کە بەکرێی گرتبوو چۆن؟ ئایا ئەویش مرد؟ ئەگەر کوژرابێت، ئایا بیجگە لەو یەکێکی دیکە هەیە بە پلانەکەی بزانێت؟ دەبی بۆ کەسێکی دیکەی نەگێڕابێتەوە؟

دەنگی زەنگی مۆبایلەکەی تەنیشتی هات. بەباشی دانیشت و ئەو کوڕەی بەڕی کرد کە دەیشێلا. دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە هیچ کەس نزیکی نییە گوێی لە قسەکان بێت، مۆبایلەکەی هەلگرت و گوتی:

"بە تەلەفۆنێکی ئاسوودە قسە دەکەیت؟"

لەو دیوەوە دەنگێك هات بەشێوازێکی وشك گوتی:

"ئەی چۆن، وا دەزانیت ئەوەندە بی مێشکم؟"

"دۆخکەی تۆ هی ئەوە نییە سەرچڵیەکی دیکە بکەیت. تۆ باش دەزانیت من لە چ تەنگانەیەکدام."

"تەنها هەر تۆ نیت سەرچڵی دەکەیت."

بەپەلە و پەرۆشیەوە گوتی:

"ها؟ تەواو بوو ئێستا؟"

"هەموو شتێك نە."

"مەبەستت چیە؟"

"مێردەکەتیان لەناوبرد، بەڵام مەڕوان عەقاد ڕایکرد."

بەتووڕەییەکی توند قیڕاندی:

"چۆن شتی وا دەبێت. سی تاخمم بەکری گرتووە بەدوویدا بگەڕێن و پارەیەکی زۆرم پی داون."

"ئەو زۆر کارامەیە."

"وامزانی ئێوە لەئەو باشترن."

دەنگەکە بەهێمنی و متمانە وەڵامیدایەوە:

"وا دەیدۆزینەوە و پێی دەوێرین و دەیکوژین، بەڵام پێویستیمان بەهەندێك کات و هەندێك پارەیە هەیە."

کلۆدێت بەتووڕەییەوە قیژاندی و وشەکانی لەنێوان ددانەکانی دەردەچوو و گوتی:

"هەرگیز. نە. سەنتێکی دیکە نادەم. تۆ گوتت هەردوکیان پێکەوە دەکوژین بەیەك لێدان. بۆیە ئەوەی دام.. دام. ئەوەی دی لەسەر تۆیە. کێشە کێشەی خۆتە."

"وەها؟!."

"بەڵی وەها."

"یەك شتت لەبیر کرد خاتو کلۆدێتی فەرید ڕەمزی."

قسەکەی بڕی و بەتوندی گوتی:

"بەم ناوە بانگم مەکە، دەزانیت چەندم ڕق لێیە."

"ئێ. من بەتەواوی دەزانم ئێستا تۆ لە کوێیت، باشیش دەزانم تا ئێستا چیت کردوە. ئەوەندەشم بەلگە هەیە بەشی ئەوە بکات هەتا کۆتایی ژیانت بخرێیتە زیندان."

لەم شێوە قسەکردن و ئەم هەڕەشەیە هەراسان بوو بەڵام دانی بەخۆیدا گرت وەڵامی هێرشەکەی دایەوە و گوتی:

"هەر بەڵگەیەکت دژی من پێیە دژی خۆشتە. چارەنووسی من و تۆ یەك چارەنووسە."

"هەر ئەوەندەی لی دەزانیت؟ باشە. با بزانین چی دەبێت. دەبینین."

کلۆدێت لەشوێنی خۆی بازی دا و دەستی کردە ڕێکردن و لەقەراغی حەوزی مەلەوانییەکە دەسووڕایەوە، ڕوخساری پڕ بووبوو لە تووڕەیی و گوتی:

"چۆن دەوێریت هەڕەشەم لی بکەیت. نازانی من..."

دەنگەکە قسەکەی بڕی و بەشێوەی فەرمانکردن گوتی:

"وس بە، وا دەزانی تۆ یەکەم مەعمیلیت پەنای بۆبەر ئێمە هێناوە و لەنیوەی ڕێگا لەبەڵێنەکانی پاشگەزبووەتەوە؟ نەخێر... نەخێر خاتوون. زۆر جۆر ئامڕازمان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمانە. ڕێگا و شێوازێکی زۆرمان هەیە، بەزەییم پێدادێتەوە لەگەڵ تۆی بەکار بهێنم."

پاشەکشەی کرد و بەدەنگێکی نزمتر گوتی:

"من پاشگەز نابمەوە و پاشەکشە ناکەم. من تەنها نامەوێ لەوە زیاتر بدەم کە لەسەری ڕێککەوتووین."

"هەموو پارەی کردەکە دەبی بدەیت، ئەگەر نەیدەیت ژیانی خۆت لەدەست دەدەیت. تێگەیشتی؟"

کلۆدێت لەڕێکردنەکەی ڕاوەستا و لەشوێنی خۆی وشك بوو. دەیزانی هەڕەشەکە ڕاستە و ئەوەی بیڵێت دەیکات و دەتوانێت هەڕەشەکەی جێبەجی بکات. نایەوی بمرێت... تەنها دەیەوی ئازاد و دەوڵەمەند بێت. خۆی بە شایستەی ئەوە دەزانێت.

کوشتنی بریجێت فەرید کارەساتێکی دڵتەزێن بوو. بەڵام خۆی پلانی بۆ دانەنابوو پارەشی پی نەدابوو. ئێستا زانی لەوانەیە هەمان چارەنووسی تووش بێت. ئەوان دەتوانن بیکوژن وەکو ئەوەی بریجێتیان کوشت.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

"باشە، چەندت دەوێت تاکو کردەکە تەواو بکەیت؟"

# بەشی پازدەمین

ڕانیا فەواز دەستی نایە سەر دەمی خۆی تاکو نەقیژێنێت لەترسی ئەو دیمەنەی پێش چاوی. مووچڕکەی ترس بەلەشیدا هات و بڕوای بەوە نەکرد کەوا ئیستا بە چاوی خۆی دەیبینێت. چەند مانگێکە مەڕوان عەقادی نەدیوە. ئەو پاریسی بەجێهێشت و لە دارلبەیزا ئیشێکی دەست کەوت، تاکو ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە و دوور لەمەڕوان دەست بەژیانێکی نوی بکاتەوە. چۆن ئەم شوێنەی پێزانی؟ بۆ هاتۆتە بەر دەرگای ماڵەکەی ئەو؟ کێشەکەی چیە؟ ڕانیا کراسە پەمەییەکەی ڕاکێشا و دایە سەر شانی خۆی. ئینجا چەمایەوە سەر مەڕوان و دەستێکی خستە سەر سینەی و هەستی لەترپەی دڵی ڕاگرت و دەستەکەی تری خستە سەر نێوچەوانی... لەهۆش خۆی چووبوو، پلەی گەرمای لەشی زۆر بەرز بوو، بەڵام هێشتا زیندوو بوو. سەرنجی دایە کراسەکەی بەخوێن بوو. بە هێمنی چاکەتەکەی لەبەر کردەوە. بۆی دەرکەوت لەدۆخێکی زۆر خراپە. بەچرپەیەکی بیستڕا و بی ئەوەی دراوسێکەی بەخەبەر بێت گوتی:

"لەیلا. وەرە زوو."

لەیلا لەو ماڵەدا لەگەڵ ڕانیا دەژیا و پێی ناخۆش بوو لەو کاتە درەنگە بەخەبەر هێنرا، لەنێو جێگاکەی بەچاوی خەوەوە هەستا و بەبۆڵەبۆڵ هاتە نێو ژووری پێشوازی، لەڕێکردنەکەی ڕەتێکی برد. نزیکی دەرگای شوقەکە بووەوە و چاوی بەو پیاوە کەوت کە لەپێش دەرگاکە گرمۆڵە بووە.

بەترسەوە پرسی:

"ئەمە کێیە؟"

ڕانیا خەریك بوو بە هێواشی مەڕوانی دەمەوخوار دەکردەوە، گوتی:

"مەڕوان عەقادە."

لەیلا هەناسەیەکی سەرسامی هەڵکێشا و گوتی:

"مەڕوان؟ وامزانی... چی دەکات لێرە؟"

"بەس خودا دەزانێت. سەیری کە. گوللەی لی دراوە."

سەیرکردنی لەیلا پڕ لەڕواڵەتی ترس و تۆقین بوو، ئەنجا گوتی:

"گوللە؟"

"یارمەتیم بدە هەڵی بگرین.بۆ ژوورەوەی ببەین."

"تۆ شێتیت؟ پۆلیس بانگ دەکەین."

ڕانیا بەپەلە سەری هەڵبڕی و بەتوندی گوتی:

"نە."

"نە؟ بۆ بانگی پۆلیس نەکەین؟"

"دوایی باست بۆ دەکەم."

لەیلا بەمە قایل نەبوو، گوتی:

"نە. ئێستا پێم بڵی."

ڕانیا بەچرپە گوتی:

"دەنگت کز کە."

لەیلا سوور بوو لەسەر داواکاریەکەی:

"هەر ئێستا پێم بڵی."

ڕانیا تەماشای کرد و گوتی:

"نە لێرە ناتوانم.. لەنێو هۆڵەکە."

"کەواتە یارمەتیت نادەم بیهێنینە نێو شوقەکەم."

"شوقەکەمان... من نیوەی کرێکە دەدەم..وا نییە؟ لەبیرت چوو؟"

"گرێبەستی کرێکە ئیمزای منی لەسەرە و ئامادە نیم لێرە قاو بدرێم. یان بمگرن و بمخەنە زیندان. لەپێناو کەسێك تۆ بەبۆنەی ئەو فەرەنسات بەجێهێشت و بۆ ئێرە هەڵاتیت."

ڕانیا هەستایە سەر پێ و تەماشای چاوی هاوڕێکەی کرد. هەردووکیان ئیشی پەرستاری دەکەن و لەهەمان نەخۆشخانە و لەهەمان بەشدا. ڕانیا دەیزانی نە خۆی و نە هاوڕێکەی ناتوانن یارمەتی مەڕوان بدەن. بەڵام دەبی هەوڵ بدەن. گوتی:

"لەیلا.. ئەمە واخەریکە دەمرێت. نابی بەم شێوە بەجێی بێڵین."

لەیلا وەڵامیدایەوە:

"ڕاست دەکەیت.. بۆیە دەبی پۆلیسی بۆ بانگ بکەین تا یارمەتی بدەن."

ئینجا چووە نێو شوقەکە و بەرەو تەلەفۆنەکە چوو. بەڵام ڕانیا پێی گەیشت و دەستی گرت و بەتوندی گوتی:

"من وەکو هاورێیەك ئەمەت لی داوا دەکەم."

"دەستم بەردە."

ڕانیا ڕایکێشایە لای خۆی و دەموچاوی لە دەموچاوی خۆی نزیك کردەوە و پرسی:

"یارمەتیم دەدەیت؟"

"پێم گوتی دەستم بەردە. بەرم دە."

ڕانیا بەدەنگێکی موکڕتر بەرنگاری بووە و گوتی:

"با وابێت، یارمەتیم نادەیت؟ سبەی دەچمە لای دکتۆر ڕامز و پێی دەڵێم کە حەفتەی ڕابردوو نەخۆش نەبوویت."

چاوەکانی لەیلا بە قسەیە بچووك بووەوە، گوتی:

"وا نەکەیت."

ڕانیا تەماشای کرد و گوتی:

"بۆ وا ناکەم؟ من لەبەر هاوڕێیەتی پێیم گوت تۆ نەخۆشیت و ئەنفلاوەنزەیەکی توندت گرتووە، بە ئەرکی هاوڕێیەتیم زانی ئەو درۆیەت بۆ بکەم. ئایا دەبی دکتۆر ڕامز چی بکات گەر پێی بڵێم تۆ لەحەفتەی ڕابردوو لە کەناری دەریا بوویتە لەگەڵ کوڕە ئیسپانییەکە؟"

"تۆش قاو دەدات چونکە درۆت کردووە."

ڕانیا بەتوندی دەستی لەیلای چەماندەوە و گوتی:

"لەوانەیە وا بکات. هەردووکمان قاوبدات. بەڵام باوکت چی دەڵێت گەر باسی ڕائوولی بۆ بکەم، باوکت دەزانێت بەنهێنییەوە یەکتر دەبینن دوای ئەوەی ئەو کوڕەی لی قەدەغە کردی؟ گەر بزانێت هەردووکتان لەیەك ئوتێل نیشتەجی بووینە چی دەکات؟"

بەترسەوە تەماشای کرد و دەستی ڕاکێشا و بەرەو دوا گەڕایەوە و گوتی:

"باشە. یارمەتیت دەدەم، بە مەرجێك، دەمت ببەستە و لای باوکم و هیچ کەسێکی دیکە هیچ قسەیەك دەربارەی ڕائوول مەکە. ئەگەر باوکم شتێك لەم بارەیەوە بزانێت...."

لەناکاو گڵۆپی شوقەکەی بەرامبەریان داگیرسا و ڕوناکیەك لەژێر دەرگاکەوە بەرەو هۆڵەکە دەرچوو دەنگی جوولانەوەی مەدام (بەدەوی )بیسترا - مەدام بەدەوی ژنێکی زۆر هەڵەوەر و چەنەبازە - ئەگەر مەڕوان ببینێت ئارام ناگرێت و ئاگاداری پۆلیس دەکاتەوە و هەواڵەکە بەخێرایی بەنێو باڵەخانەکە پەخش دەبێت.

ڕانیا زوو بەچرپە گوتی:

"خێراکە."

دەستبەجی جوولانەوە و دەست و پێی مەڕوانیان گرت و ڕایان کێشایە نێو شوقەکە و دەرگایان داخست. دوای ئەوەی هەناسەکیان هەڵکێشا، هەڵیان گرتە سەر قەنەفەکەی نێو ژووری پێشوازی، بە پەتووی قورس دایانپۆشی.

ڕانیا ڕای کردە ژوورەوە تا جانتای فریاکەوتنی پزیشکیەکە بهێنێت، هەروەها لەیلاش چوو پەموو بهێنێت. ئینجا گەڕانەوە و نزیکی مەڕوان بوونەوە. کاتێك ڕانیا پەتووەکانی هەڵگرت و چاکەتەکەی داکەند و کراسەکەی دڕاند، چاویان بەبرینەکە کەوت و ڕاچڵەکین. لەیلا گوتی:

"برینەکەی پیس بووە و گەنیوە."

ڕانیاش ئەندازەی پلەی گەرمی بۆکرد و گوتی:

"ڕاست دەکەیت. پلەی گەرمیەکەشی زۆر بەرزە. چلە."

ڕانیا لەگەڵ هەستەکانی خۆی ململانێی دەکرد. هەوڵی دا هەموو وریاییەکی خۆی ئاڕاستەی ئەوە بکات کە دەبێت فریای مەڕوان کەوێت. مووسێکی بچووك و پاکی هێنا لەگەڵ هەندێك شاش و پەموو، دەستی کردە پاك کردنەوەی برینەکە، هەندێك دەرمانی دژە پیسی کردە سەری. هەرچەند ئەو دەرمانانە زۆر بەهێز بوون بەڵام مەروان فزەی نەکرد. لەیلا چاودێری ڕانیای دەکرد چۆن ئیش دەکات و لەپێناو ڕزگارکردنی ژیانی پیاوێك تێدەکۆشێت کە دانی پێناوە خۆشی ناوێت.ئەوجا گوتی:

"ڕانیا. دەبی پزیشکێك بانگ بکەین. ئەگەر وا نەکەین ئێستا دەمرێت و ئێمە لە مردنەکەی بەرپرس دەبین."

"ناتوانین."

"بۆ؟"

ڕانیا فرمێسکەکانی خۆی ڕاگرت و گوتی:

"ئەی نازانیت، گەر بیتوانایە بۆ نەخۆشخانە یان پۆلیسخانە بچێت نەدەچوو؟ وا دیارە ڕووبەڕووی کێشەیەك بوویتەوە. ئەگینا بۆ ئێرە نەدەهات."

"مەبەستت ئەوەیە لەترسی کەسێك یاخود چەند کەسانێك هەڵاتووە و ڕاوی دەنێن؟"

"نازانم."

"چۆن شوێنەکەی تۆی پێزانی؟ وامزانی....."

بیری کردەوە وەڵامێك بدۆزێتەوە و گوتی:

"نازانم. بەڵام ئەو هەمیشە دەیزانی چۆن بەئاسانی بگاتە مەبەستەکانی خۆی."

"ئەی ڕاونەرەکانی چۆن؟ ڕەنگە هەمان توانایان هەبێت و بگەنە ئێرە و بیکوژن ئینجا ئێمەش بکوژن."

ڕانیا گوێی لی دەگرت و فرمێسکەکانی خەریك بوون لەچاوی بینە خوارەوە. مەڕوان دەمرێت و پێویستە لەسەری یارمەتی بدات، بەڵام ئەم یارمەتیدانە ڕەنگە

ژیانی خۆی و هاوڕێیکەی بخاتە مەترسی، هۆکاری جیابوونەوەیان هەرچیەك بووبی ناتوانێت پشت گوێی بخات، بەرەو ژووری خەوتن ڕای کرد، لەیلا لێی پرسی:

"بۆ کوی دەچیت؟"

ڕانیا بەخێرایی جلوبەرگەکانی خۆی گۆڕی، بەرگی نەخۆشخانەی لەبەر کرد و پێڵاوی سپی لەپێکرد. کارتی پەرستاریەکەی برد لەگەڵ جەنتاکەی دەستی و بەرەو دەرگا چوو. دیسان لەیلا پرسی:

"بۆ کوی دەچیت؟"

"بۆ نەخۆشخانە."

"تۆ شێتیت؟"

"پێویستیم بەهەندێك دەرمان هەیە."

"ئەوە چی دەڵێیت؟ دەرمانی چی؟"

"دەرمان و شرینقە و ئێشبڕ."

"بەم درەنگە؟ ئێستا پاش نیوەی شەوە!"

"دەزانم... دوای بیست خولەك دەگەڕێمەوە."

لەیلا بەنائومێدیەوە سەیری مەڕوانی کرد و گوتی:

"ڕەنگە ئەوە بیست خولەك نەژیت."

"کەواتە دەبی خێرا بم."

"بەڵام ڕەنگە نەتوانیت ئەم شتانەت دەست کەوێت لەنەخۆشخانە. ئەمە قەدەغەیە."

ڕانیا جانتاکەی ڕاتەکاند و خستیە سەر شانی و گوتی:

"چارمان نییە."

"ئەگەر گیرایت؟"

"هۆشیار دەبم."

"ئەمە زۆر ترسناکە."

"پێشنیاریی دیکەت هەیە؟"

"با تەلەفۆن بۆ ڕائوول بکەم."

"چی؟"

"ئەو بە درێژایی ئەم حەفتەیە ئێشکگرە."

ڕانیا تاوێك بیری کردەوە ئینجا گوتی:

"نەخێر. نابی جگە لەئێمە کەسێکی دیکە بە مەڕوان بزانێت."

"ڕائوول هیچ نالێت."

"سوپاس لەیلا، من زۆر سوپاست دەکەم.. بڕوا بکە ئەو ئیشە بەخۆم دەیکەم."

لەیلا ڕوانییە ڕانیا وا دەردەچێت و پرسیاری لێکرد:

"بۆچی؟ تۆ بەم ئیشە ژیان و کارەکەی خۆت دەخەیە مەترسی. بەرانبەر بەچی؟ ئەمە هەمووی لەپێناوی مەڕوان عەقاد؟ ئەو پیاوەی کە هەرگیز شووی پی ناکەیت؟ ئەمە شێتیە. دوای ئەوەی داوای کردی و ڕەتت کردەوە و ئەنگوستیلەکەیت بۆ گەڕاندەوە. گوتت ئیتر ناتەوی جاریکی دیکە بیبینیت. تۆ خۆت وەهات گوت."

"ئەمە دەزانم."

ڕانیا ئەمەی بەداخ و سەرسامیەوە گوت. ئینجا کلیلەکانی لەجانتاکە دەرهێنا ڕووی کردە لەیلا و ماچێکی نێوچاوانی کرد و گوتی:

"من بەڕاست ئەمەم هەموو گوتووە. گوتم ڕەتم کردووەتەوە، ئەنگوستیلەکەیم بۆ گەڕاندەوە، حەزیش ناکەم شووی پی بکەم، بەلاّم نەمگوت هۆکارەکەی چیە. ئەگەر هۆکارەکە بزانیت، ئێستاش دەزانیت هەلوێستەکەی من چیە، تکات لی دەکەم تەنها نوێژم بۆ بکەیت نەمگرن."

"بەلێنت پی دەدەم وا بکەم."

"سوپاس بۆ تۆ."

ڕانیا چووە دەرەوە.

# بەشی شازدەمین

ڕانیا زوو گەیشتە نەخۆشخانەکە  و لەتەنیشت دەرگای پشتەوە شوێنێکی بۆ ئۆتۆمبیلەکە دۆزیەوە. ویستی لەوی بچێتە ژوورەوە، بینی هەموو دەرگاکان داخراون. بەدەوری نەخۆشخانەکە سووڕایەوە و هەوڵیدا لە دەرگاکانی پێشەوە بچێتە ژوورەوە، بینی ئەوانیش داخراون چونکە کاتەکە درەنگە بوو. ئیتر تەنها دەرگای فریاکەوتنی لەپێشە. ناچارە بەپێش پاسەوانەکەدا ڕەد بێت. بەمەش سەرنجیان ڕادەکێشێت و ڕەنگە قسەی لەگەڵدا بکەن یاخود پرسیاری لی بکەن. جگە لەوەش لەوی دەفتەرێکی تۆمار هەیە بۆ ناونووسکردنی ئەوانەی ئیشکگرن لە نەخۆشخانەکە. هیچ پاساوێکی گونجاویشی بۆخۆی پی نییە، بەم شەوە درەنگە بۆ هاتووە بۆ نەخۆشخانە. ناچار بوو. سەیری کاتژمێرەکەی کرد و لەم دەرگایە چووە ژووری. پاسەوانەکە هێمای نەخۆشخانەکەی سەر سینەی بینی و گوتی:

"ئەمە چیە. خاتوو ڕانیا قەت بەوە ڕانەهاتووم بەشەو  تۆ لێرە ببینم."

ناچار بوو درۆ بکات و گوتی:

"دکتۆر ڕامز لەماڵەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، داوای هەندێك شتی لی کردم لێرە."

"گرفتێك بووە؟"

وەڵامیدایەوە و ترپەی دڵی خێرا بووەوە:

"نەخێر، دکتۆر ڕامز سبەینی سەردانی چەند نەخۆشێك دەکات، هەندێك کەموکوڕی هەبوو لە دەرمانەکانی تایبەت بەو نەخۆشانە... یەك خولەك.... دوا ناکەوم."

"پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟"

"نەخێر سوپاس. دوا ناکەوم."

ڕانیا هەستی بەنیگەرانی کرد و بینی سەرچڵی بە کارەکەی خۆی دەکات.

پاسەوانەکە تۆماری سەردانیەکانی دەرهێنا و ئاماژەی بە شوێنێکی نێو تۆمارگەکە کرد و بە نەرمونیانەوە گوتی:

"زۆر باشە، تکایە لێرە ئیمزا بکە."

سەیرێکی پێنووس و تۆمارەکەی کرد، دەبی ئیمزای بکات، لە دڵی خۆیدا پرسی: دەبی ئەمە بۆ کوی بمبات؟ هەندێك خاوبووەوە، پاشان پاسەوانەکە گوتی:

"چیتە خاتوو ڕانیا؟"

چاوەکانی خۆی ترووکاند و باوێشکێکی کرد و گوتی:

"بەلی. من ماندووم. نەمزانی بەم ڕادەیە ماندوو دەبم."

پێنووسەکەی بەدەستەوە گرت ویستی ناوی خۆی لەتۆمارەکە بنووسێت، بەڵام پێنووسەکە مەرەکەبی تێدا نەبوو. بەپاسەوانەکەی گوت:

"پێنووسەکە نانووسێت."

پاسەوانەکە تەماشای کرد و گوتی:

"نانووسێت؟، کەمێك بیتەکێنە."

پینووسەکەی ڕاتەکاند و دیسان هەوڵیداوە. هیچ نەبوو.

پاسەوانەکە بزەیەکی کرد و بەنەرمونیانەوە گوتی:

"ڕات چیە؟ پێنوسەکەی من بەکاربهێنە."

"دەستی کردە نێو گیرفانی کراسەکەی و بۆ ئەوەی بەدووی پێنووسەکەی خۆی بگەڕێت بەڵام نەیدۆزیەوە. بەبزەوەیەکەوە داوای لێبوردنی کرد و گوتی:

"ئەمە چۆن دەبێت. پێش یەك خولەك پێنووسەکەم پێبوو."

لەسەر مێزەکە و لەژێری گەڕا نەیدۆزیەوە. ڕانیا تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و گوتی:

"بەڕاستی من پەلەمە. بچمە سەرەوە پێداویستیەکانی دکتۆر ڕامز بهێنم؟"

پاسەوانەکە سەری دانواندبووە سەر زەوی و لە هەموو لایەکەوە دەگەڕا، بەسەرسامیەوە دەیگوت:

"نازانم کەوتە کوی.. ئەمە پێنووسە باشەکەم بوو."

ڕانیـا وای بـینی وەڵامـی خێـرای بەدەسـت ناکـەوێت و دەبـی زوو بـچێتەوە لای مـەڕوان و پـێش ئـەوەی لـەیلاش پاشـگەزبێتەوە لـە یارمەتیدانەکـەی. سـەیری قاندرمەکەی کرد زانی ئەمەیان کاتێك دەخایـەنێت تـا بگاتـە ئـەوی. یەکسەر بـەرەو نەردەوانەکـە چـوو، بـۆ شـوێنی پەرسـتارەکان لـە نهـۆمی سـێیەم و پاسـەوانەکەی بەجێهێشت بەدوو پێنووسەکەیدا بگەڕێت.

لـە پەنجەرەکـەی تەنیـشت نەردەوانەکـەوە ڕوانییـە نهـۆمی سـێیەم بـینی کشوماتە.دیتی لەوی پەرستارێکی لێیـە لەسـەر مێزێـك دانیـشتووە، یـەکێکی دیکـەش سـەردانی ژووری نەخۆشـەکان دەکـات. دەبوایـە بەپەلـە بجوولێتـەوە. کلیلـەکانی بـە دەستەوەگرت و کلیلە گونجاوەکەی هەڵبژارد ودەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورەوە. لە ژوورەکە هەموو شتێکی لی بوو. ئەوەی پێویـستی پـی بـوو کـۆی کردنـەوە و خـستیە نێـو جانتاکـەی دەسـتی. دەنگـی پێیـەکی بیـست بـەرەو لای ئـەو دێـت. دەسـتبەجی گلۆپـەکانی کوژانـدەوە و داچـەمی و خـۆی لـە پـشت یـەکێك لـە دۆڵابـەکانی دەرمـان شاردەوە. دەرگـا کرایـەوە گلۆپەکـە داگیرسـرا و کەسـێك هاتـە ژوورەوە. لـە پەناکـەوە توانی ببینێت، سەیری کرد ئەوە ڕائوولی هـاوڕێی لەیلایـە. چـی بـۆ ئێـرەی هێنـاوە؟ نەشێت لەیلا تەلەفۆنی بـۆ کردبێـت و پێـی گوتبێـت؟ گرژبـوونیکی گـرت و خـەریك بوو تێك بچێت. ئێستا چی بلێت گەر لەم کاتە درەنگەدا لێرە بیبینێـت؟ بـوونی ئـەو لەئازاخانەی دەرمانان و خۆی لەوی شاردووەتەوە واتای چیە؟ ئەگـەر بیدۆزێتـەوە و ڕووبەڕووی بێتەوە چی بلێت؟.

بەمبیرۆکەیە مەترسیەکی زۆری هاتە مێشکی و هەوڵیدا بیرۆکەکان لـە مێـشکی خـۆی دەربکـات. پێیـەکانی رائـوول و جوولـەی دەسـتی ئـەوی دەبـینی وا دەسـتکاری دەرمانــەکانی ســەر تاقــەکان دەکــات و خەریکــە بــە فیکەفیکــە گــۆرانی دەڵێــت. نەیدۆزیەوە و دیاربوو کە بۆ ئەو ناگەڕێت. لە پڕێکا گلۆپەکـە کوژایـەوە و دەرچـوو. ڕانیا هەناسەیەکی دەرکـرد، لەگـەڵ ئـەم هەناسـەیە هـەموو تـرس و گرژیەتیەکەشـی دەرکـرد. ڕانیـا لـە مـاوەی چاوەڕوانکردنەی لەحەشارگەکەدا دەلـەرزی. کاتێـك بـینی هەموو شتێك ئاساییە، هەستایە سەر پێ و لەسەرخۆ و بە بایەخەوە لـەنێو تـاریکی

ژوورەکـەدا دەسـتی بـۆ سویـچەکە بـرد. دیـسان تەماشـای دەرمانــەکانی کـرد. بـینی هـەمووی تـەواوە. ئێـستا دەبـی دەرچێت پـێش ئـەوەی لـەناکاو شـتێکی تـر بێـت و تەگەرە بخاتە بەردەم ئەرکەکەی. دیسان گڵۆپەکانی کوژانـدەوە و دەرگاکـەی کـردەوە، کـەس لـە دەرەوە نـەبوو. بـە هێـدی جانتاکـەی دەسـتی گرتـە بـاوەش و دەرگاکـەی داخست، ئینجا بە هێمنی بەرەو قاندرمەکان چوو و پاشان بەپەلـە بەسـەر پایەکانـدا بازی دەدا تا گەیشتە نهۆمی زەوی. ئـیتر خـاو بـووەوە و هەوڵـیدا هەناسـەکانی خـۆی ئاسـایی بکاتــەوە، بەپەلـە بــەرەو دەرگــای دەرچــوون کەوتــەڕێ، بـۆ ئــەوەی چــاوی بەچاوی پاسەوانەکە نەکەوێت کە خـەریکی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنـە بـچووکەکەی بەردەمی خۆی بوو. نزیکی دەرگاکە بووەوە لەناکاو بیستی:

"خاتو ڕانیا.. ڕاوەستە."

لە شوێنی خۆی وشك بوو.

دەنگی پاسەوانەکە بوو بانگی دەکرد و تەماشای دەکرد. چۆن هەسـتی پـی کـرد؟ ترسی لی نیشت و بەپەلەپەل هەناسەکانی دەردەچوو و سـەری سـووڕا، خـەریك بـوو بەربێتەوە نەیدەزانی چی بکات. نـاتوانی ڕا بکـات چونکە بـەدووی دەکـەون، ئەگـەر بیگرن و پرسیاری لێبکەن و بزانن چی کردووە، ئەوا تاوانبار دەبێت و قـاو دەدرێـت. نەك هەر لە نەخۆشخانەکە بەڵکو لە مەغربیش قاو دەدرێت.

هیوای لی بڕا، خـۆی بـەهێمن دەرخـست و هەسـتی بـەترس و خۆبەدەسـتەوەدان دەکرد بۆ چارەنووسی خۆی و مەڕوان و لەیلا. ڕێگای قوتاربوونیان نییە لەسزادان.

پاســەوانەکە ڕاوەســتابوو بــەتێڕامان تەماشــای دەکــرد، تــووڕە نــەبووبوو، زەردەخەنەی دەکرد و بەپێکەنینەوە گوتی:

"خاتو ڕانیا. سەیرکە. پێنووسەکەم دۆزیەوە. وەرە. دەتوانیت بـەکاری بهێنیـت و ئیمزای خۆت لە نێو خانەی هاتنەژوورەوە و دەرچووندا بکەیت. فەرموو."

لەپێکـەنین و قـسەکانی ئـەو سەرسـام بـوو، ئـەو کاتـەی ئیمـزای کـرد بـەزۆر فرمێسکەکانی خۆی ڕاگرت.

لەماوەی دە خولەکدا ڕانیا گەڕایەوە شوقەکەی. لەیلا یەکسەر گوتی:

"بۆ وا دواکەوتیت؟"

"هەندێك شت خەریکی کردم، نەمتوانی خۆمی لی لابدەم."

" شتی وەکو چی؟"

"گرفتێك دەستم تێیدا نەبوو. ئێستا هەموو شتێك باشە؟"

"نەخێر ڕانیا. باش نییە."

"مەبەستت چیە؟"

"پلەی گەرمی مەڕوان لەچل تێپەڕی."

# بەشی حەڤدەمین

لەبەرەبەیانی ڕۆژی پاش گەیشتنی مەڕوان. یەکێك لە کرێکارانی خاوێنکردنەوە تەرمی شۆفێرەکەی دۆزییەوە لە دەرەوەی فرۆکەخانەی مارسیلیا. لە ماوەی چارەکە کاتژمێرێك شوێنەکە پڕ بوو لە پیاوانی پۆلیس و هەوالگری. لە کاتژمێری حەوت و نیوی سەرلەبەیانی زەنگی تەلەفۆنی پشکنەر جودار لێی دا، لەو کاتە لە نووسینگەکەی خۆی بوو لە مۆنتی کارلۆ. دوای بۆرژانێکی کورت چاوی کردەوە، پاش ڕۆژێکی تەواو لە ماندووبوون و شەوێکی درێژ لەنووسینگەکەیدا. تەلەفۆنەکەی هەلگرت و گوتی:

"ئەلو. بەڵێ. چی؟ ڕاست دەڵێی؟ لە کوی؟ شوێنەکەتان هەمووی کۆنترۆڵ کرد؟ نە. نە. بە کۆپتەر دێم. هەموو شتێك ئامادە بکەن و تا دەگەینە ئەوی ئامادەکارییەکان تەواو کەن. باشتان کرد. دەستتان خۆش."

پەیوەندی بە دۆڤالەوە کرد تاکو سازکردنە گونجاوەکان بکات، ئینجا بە تەلەفۆن بە مارسێلی گوت سەرەداوێکیان کەوتۆتە دەست و دەیانگەیەنێتە چارەسەری کێشەکە. جودار دەموچاوی بە ئاوی گەرم شوشت و ددانەکانی خاوین کردەوە و کراسێکی پاکی دەرهێنا لە یەکێك لە کەنتۆرەکان و کراسە کۆنەکەی گۆڕی، ئەوەی ڕۆژ و شەوێکی پی بردبووە سەر. هێماکەی بەست و دەمانچە و جزدان و کلیلەکانی هەلگرت و لە نزیکی دەرگاکە چاوی بە دۆڤال کەوت. بردی بۆ کۆپتەرخانەکە، لەوی لەگەڵ مارسێل یەك دەگرن. کاتێك دۆڤال ئۆتۆمبیلەکەی بەخێرا لێدەخوڕی لەو کاتەدا ڕێگایەکە بەتاڵ بوو. سەیری ڕوخساری کرد و گوتی:

"دیمەنت خراپ دیارە."

"ئەوەی هەستی پی دەکەم لە دیمەنی من خراپترە."

" دوێنی نەچوویتەوە بۆ ماڵی خۆت؟"

"نەمتوانی." ڕوانییە یاداشتنامەکەی و پرسی:

"شتێکتان دۆزیەوە دەربارەی مەڕوان عەقاد؟"

نزیکی شوێنی چاوەڕوانکردنی کۆبتەرخانەکە بوونەوە و ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و وەڵامیدایەوە:

"لەنێو ئەو ئیمێڵەی ناردم هەواڵم پی دای، بەهەموو ئەوانەی پێی گەیشتبووم، لە کاتژمێی چواری ئێوارەی دوێنی. هەروەها دوێنی کاتژمێری دەی شەو تەلەفۆنم بۆ بەیروت و پاریسیش کرد، ئەگەر هەر شتێکی نوی هەبێت بەتەلەفۆن ئاگادارت دەکەمەوە."

کۆپتەرەکە کەوتبووە ئیش و ئامادەبوو بۆ هەستان. جودار لە ئۆتۆمبیلەکە دەرچوو و جانتاکەی بەدەستەوە بوو لەنێو هاژەی کۆپتەرەکە هاواری کرد و بە هاوکارەکەی گوت:

"تۆ دڵنیایت ناتوانیت لەگەڵم بێیت؟"

بەهاوارکردن وەڵامیدایەوە:

"تاکو ڕۆژێکی تەواو لەگەڵ خێوەکە بم؟ نمایشێکی فێڵ لەخۆکردنە، بەڵام سوپاست دەکەم. من پێویستیم بەم شکۆمەندیە نییە."

بەزەردەخەنەوە گوتی:

"دەبی وابێت. گرنگ ئەوەیە خێرا زانیاریمان بۆ ڕەوانە بکەیت دەربارەی مەڕوان عەقاد."

"وا دەکەم."

چەند تاوێکی کەم پشکنەر مارسێل گەیشت و کۆپتەرەکە بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە.

مارسێل دوای چەند خولەکێك پاش سواربوونی لە کۆپتەرەکە پرسی:

"چیت هەیە دەربارەی ئەم پیاوە مسیۆ جودار؟"

جودار لەوەڵامەکەیدا ویستی نمایشی تواناکانی خۆی بکات و شانازی بەزانیاریەکانیەوە بکات دەربارەی ئەو کێشەیە. لەوکاتەدا بەسەر گوندە دلڕفێنەکانی فەڕەنسادا دەفڕین، بە ئەسپایی قسەی دەکرد و گوتی:

"ناوی تەواوی مەڕوان (ئەدیب موسا عەقاد)ە، لەشوباتی ساڵی 1978 لە سەیدا لە لوبنان لەدایکبووە، باوکی لەیەکێك لەبەنگەکان ئیشی دەکرد. دایکی ناوی (سارە)یە، مامۆستا بووە لەیەکێك لەقوتابخانەکانی ئەوی. لەساڵی 1973 خانەوادەکەیان هاتوونەتە بەیروت. دوای ئەوە هەموو شتێك لەلامان ئاشنایە. مەڕوان تاقە برایەکی هەیە ناوی (ڕامی)ە لەساڵی 1982 لەدایکبووە. هەروەها دەزانین مەڕوان چۆن لە ساڵی 96 گەیشتە سوپای لوبنان، زۆر چالاك و زیرەك بوو لەم کارە، سەرنجی سەرۆکەکانی ڕاکێشا و چەند جارێك بەرز کرایەوە و پلەی پێدرا، پلەوپایەی گرنگی بەدەست هێنا. پاشان ئەرکی پێدرا لەهەواڵگری ئیش بکات، دوای ئەوە لەساڵی 98 وەکو پاسەوانی تایبەتی وەزیری بەرگری دامەزرا، ئینجا لەساڵی 1999 تا 2001 لە پاسەوانی تایبەت بە پاراستنی سەرۆك وەزیران کاری کردووە."

جودار کاتێك ئەمانەی دەگێڕایەوە بەدزییەوە سەرنجی دەدایە ئەو ئیمێڵەی کە دۆڤال بۆی ناردبوو، لە قسەکانی بەردەوام بوو، گوتی:

"دوای ئەوە لەساڵی 2003 وازی لە ڕاژەی حکومی هێنا و کۆمپانیای (عەقاد و شەریکەکانی) دامەزراند کۆمپانیای پاسەوانییەتی تایبەت. ئەوەش پاش ئەوەی ڕامی ڕاژەی سوپای تەواو کرد. دەتوانین بڵێین. زۆربەی ئەو ئیشانەی لەو کۆمپانیایە دەیکەن پاراستنی پیاوانی کاری ڕۆژئاواییەکانە کە ئیش لە کۆمپانیاکانی پترۆڵ دەکەن. ئێستاش ئیشی کۆمپانیاکەیان لە عیراقە، بۆ پاراستنی مەعمیلەکانیان لەترسی ڕفاندن و کوشتن. لەماوەی دواییدا دەستیان کرد بە پاراستنی پیاوانی کار لە کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوایی، ئەوانەی لە پترۆڵ ئیش دەکەن لە لیبیا. هەروەها لە چالاکیە خێراکانیان هەڵدەستن بە پاراستنی دەوروبەری پێنج سەد کەس لە دەوڵەمەندەکانی ناوچەی کەنداو و دەوروبەری. زانیارییەکی وورد و تێروتەسەلمان لەسەر کۆمپانیاکەیان نییە لە ئەنتەرنێت، تەنها لیستی ناوی مەعمیلەکان و شێوازی پەیوەندی کردن و بەدەستهێنانی زانیارییەکان نەبێت لە بنکەی سەرەکی کۆمپانیاکە لەبەیروت. کۆلێت دۆڤالی هاوکارم تەلەفۆنی بۆ نووسینگەی بەیروت کرد بینی داخراوە و دوای یەك کاتژمێر دووبارە پەیوەنییەکە دەکاتەوە."

مارسێل هەموو ئەمانەی بیست و پاشان پرسی:

"هەر ئەمەت پی بوو؟"

جودار ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوو و گوتی:

"تا ئێستا."

قسەکانی مارسێل پڕ بوو لە بەسووکزانین وشەرمەزارکردنەوە، گوتی:

"وا دەزانیت ئەمانە هەمووی نازانم؟ لەگەڵ نووسینگەکەم هەموو ئەم زانیارییانەم بەیەك تەلەفۆن دەست کەوت. ئەوەش تەنها پێنج خولەك بوو. سکرتێرەکەم دەربارەی مەڕوان عەقاد زانیاری لەتۆ زۆرترە مسیۆ جودار. پۆلیسی مۆناکۆ هەر ئەمەی پی کرا؟ ئای لەم ئیشە!"

لەگەڵ ئەوەی جودار ڤینێکی توندی هەبوو، بڕیاری دا دان بەخۆگرتنەکەی خۆی بپارێزێت. زۆر جار ئارەزووی ئەوەی هەبوو مستەکۆڵەیەك لەو پیاوە بدات لووتی بشکێنێت، بەڵام نەیویست هێمنییەکەی خۆی لەدەست بدات، دەرفەتی نەدەدا مارسێل نێوەوەی دەروونی ئەو بزانێت. وەڵامیدایەوە:

"تۆ داوات لی کردم ئەوەی پێمە بۆتی بگێڕمەوە، دوای چەند کاتژمێرێك زۆرترمان دەست دەکەوێت."

مارسێل بەهەمان شێوە گوتی:

"دوای چەند کاتژمێرێك! دوای چەند کاتژمێرێك مەڕوان دەگاتە یابان یان دەگاتە ئالاسکا. کاتمان بەدەستەوە نییە مسیۆ جودار. بکوژێکی بەڕەلامان هەیە و هەڵاتووە و بە نۆ کاتژمێری تەواو لە پێش ئێمەیە."

ڕوخساری جودار ڕەنگی گۆڕا و ئەستۆی سوور بووەوە و هەردوو گوێی گڕی گرت و هەستی بەخۆی کرد مێشکی کاس بووە، هەموو ئەوانەی لە نێو کۆپتەرەکە بوون وشە ناخۆش و سووکایەتیەکەی مارسیلیان بیست. ویستی وەڵامی هێرشەکەی بەچەند وشەیەکی توندتر بداتەوە. بەڵام نە کات و نە شوێنەکە ڕێی پی نادەن. مارسێل بەردەوام بوو و گوتی:

"من سەرم سوڕماوە کە تۆ پێت نەگوتم چۆن مەڕوان و براکەی توانییان بە زیندوویی بمێننەوە لەبەر دەستی دایکیان لەکاتی هێرشەکەی لوبنان لە ساڵی 82 کە لەو کاتە لە ترسی بۆمب و تەقینەوەکانی دەورەبەریان و ساچمە پەرت بووەکان خۆیان لە هۆڵ و گەرماوی ماڵەکە شاردبووەوە؟"

"دەترسم من..."

مارسێل قسەکەی بڕیی و بەردەوام بوو لەسەرزەنشتکردن و گوتی:

"بۆچی دەربارەی ئەو ڕۆژە هیچت پی نەگوتم کە لەڕۆژی لەدایکبوونی مەڕوان، لە پێش چاوی ئەو دووان لە مامەکانی لەگەڵ منداڵەکانیان کوژران بە بۆمبی تۆپەکان؟ ئایا دەزانیت دوای چەند ساڵێك مەڕوان و براکەی بەچاوی خۆیان کوشتنی دایك و باوکی خۆیان دی بە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو کوژران لە یەکێك لەشەقامەکانی بەیروت؟"

جودار خۆی لەپەنجەرەکەوە بەتەماشاکردنی دارە ڕووت و کێڵگە قوڕاییەکان خافڵاند، کە بە درێژایی شەوی ڕابردوو بارانێکی توند باریبوو.

مارسێل وشەکانی ئاڕاستەی جودار کرد وگوتی:

"ئەوە دەزانیت؟ دەزانیت ڕۆژی 3 ی کانوونی دووەمی 1993 چی ڕوویداوە؟"

"نەخێر."

هەستی بەرپرسیاریی و پەژمردەیەکی زۆر کرد کاتێك گوێبیستی ئەوە بوو، ئەوەی ئەم هەست پێکردنەی لەلا زیاد کرد، ئەوەبوو مارسێل قسەکانی ڕاست بوون. چونکە پێویست بوو زانیاریەکی زۆرتری کۆ بکردایەتەوە و زۆرتری دەربارەی مەڕوان عەقاد بزانایە لەوەندەی ئیستا پێی بوو. دەیزانی کە ئەم پیاوە خاوەن توانایە و کارامەیە. ئینجا بۆ ئەم بێتوانایییەی خۆی، گلەیی لە خۆی کرد.

بەڵام مارسێل هێشتا تەواوی نەکردووە. بەردەوام بوو بە قسەی وشك و ڕەق و بی هەست و سۆز و گوتی:

"کاتێك مەڕوان چەژنی لەدایکبوونی پازدەهەمینی بوو، ئەو کاتە ڕامی یازدە ساڵان بوو، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا تارمایی ئەم بیرەوەرییە ڕاویان دەنێت، ڕۆژێکە کە

هەرگیز باسی ناکەن، بۆ کەس نایگێڕنەوە تەنانەت بۆ خۆشیان. گەر بتەوێت چارەسەری نهێنی ئەم کێشەیە بکەیت، مسیۆ جودار...دەبی مەڕوان عەقادی ڕاستەقینە باش بناسیت. تۆ دەزانیت چۆن مەڕوان گەیشتە تاوانەکانی کوشتن و ڕزگارانەسەندن؟ هەروەها تیرۆرکرن و تۆقاندنی کۆمەڵگایەکی بێتاوان؟ گەر بتەوی بزانیت دەبی یەکەمجار ئەو ڕووداوانە تێبگەیت کە ئەم پیاوەی درووست کردووە و کردیە ئەو تاوانبار و دڕندە و شەیتانە."

مارسیل بەردەوام بوو لەقسەکردن و گوتی:

"چیرۆکەکە لەوەوە دەست پی دەکات... لەو ڕۆژەی دایك وباوکی مەڕوان عەقاد کوژران. هەموو شتێك لەو ڕۆژەوە لەژیانی ئەو گۆڕا. مەڕوان تەنها نەبووە برای ڕامی، بەڵکو بوو بە باوك و دایکیشی. لەخۆی زیاتر کەسی دیکە نەما بایەخ بەڕامی بدات و چاودێری بکات. مام و پوورەکانی هەموویان کوژران، ئەوانی دیکەش لە کەسوکاری ئەوان هەلاتن و لوبنانیان بەجێهێشت و چوونە ئەوروپا و ئەمێرکا. لەناکاو مەڕوان بینی تەنها خۆی بەرپرسە بەرانبەر بە بەخێوکردنی برا بچووکەکەی. بەرپرس لە دابینکردنی خۆراك و پۆشاك. بەرپرس لە پاراستن و چاودێری کردنی، تەنانەت کاتێك خۆی لە ڕاژەی سوپا بوو، لەوی ڕێگای بۆ ڕامی ئاسان کرد. هەوڵی دا بیگوازێتەوە یەکەیەکی دیاریکراو و ئەرکەکەی دیاریکراو بێت، لە شوێنێکی نزیك شوێنەکەی خۆی بێت لە دەزگای پاراستنی سەرەك وەزیران."

بەردەوام بوو لەقسەکانی و پرسی:

"پێم بڵێ. بۆچی؟ ئامانجیان چی بوو لەوە؟ ئایا پاڵنەرەکانیان شتێکی مەردانە بوو؟ لەوەی دەیانویست پاراستنی سەرۆکەکانی وولاتەکەیان بکەن لە مەترسی، پاراستنی کوڕەکانی ئەو سەرۆکانە بکەن لەوەی بەسەر خۆیاندا هاتبوو لە گێرۆدەیی و گرفتار و ئازار و ئەشکەنجە تۆقێنەرەکان، نەوەك بەسەر ئەوانیش بێت ؟ بیر بکەوە مسیۆ جودار. مێشکت بخە ئیش و ژیریەکەی خۆت بەکار بهێنە و ساویلکە مەبە."

جـودار هـیچ وەڵامێکـی نەدایـەوە. خەمـەکانی خـۆی بەسـیەتی. بـەڵام مارسـێل گوتی:

"پاڵنەری مەڕوان عـەقاد خۆشەویـستنی نیـشتمانەکەی نییـە. پاڵنەرەکـەی تـەنها چاوچـنۆکی و چڵێـسییە. بـڕوا بکـە. ژیـانم بـەڕاونانی ئـەم جـۆرە پیاوانـە بەسـەر بـردووە. دەتـوانم تـەنها بەتەماشـاکردن بیانناسـم. مـەڕوان عـەقاد دەیـەوێت ئـەوەی دەست کەوێت کەوا بە مافی خۆی دەزانێت. دەیەوێت دەست بەسەر ئـەوە بگرێـت کـە هی خۆی نییـە. سـامان... پـارە... ئـەوەی لـەڕێی پـارەوە دێـت وەك دەسـەڵات.. هێـز، ئەوەی هەمیشە دەوڵەمەندتری دەکات. تاکو برسێتی و نەوسنیە بێسنوورەکەی خۆی تێـر کـات. نێـچیرەکانی خـۆی لـە دەوڵەمەنـدە بـەهێزەکان هەڵدەبـژێرێت، وردەوردە بۆیان دەردەخات کە حەز دەکات بیانپارێزێـت، پـێش ئـەوەی خوێنیـان بمـژێت. بـاش دیقـەتی وشـەکانم بـدە مـسیۆ جـودار. مـەڕوان عـەقاد هاوپـەیمانی خـودی شـەیتانە. ئامانجی ڕوخانـدن و کوشتنە. بۆیـە دەبـی بیدۆزینـەوە، پـێش ئـەوەی دیـسان دەسـتی خۆی بوەشێنێت.

# بەشی هەژدەمین

تا دوو پشکنەرەکە، جودار و مارسێل گەیشتنە مارسیلیا. پیاوانی ئاسایشی نێوخۆیی بەڵگەی نوێیان کۆ کردبووەوە. هەردووکیان ڕوویان کردە نووسینگەی بەڕێوەبەری ئاسایشی فڕۆکەخانە، دەستیان کرد بە تەماشاکردنی وێنەکان، کە کامێراکانی چاودێری گرتبووی.

یەکەم فلیمی ڤیدیۆ، تەکسیەکەی پیشان دا کە مەڕوانی گرتبوو، چۆن دێتە نێو فڕۆکەخانەکە. دووەم فلیم، دوای چەند خولەکێك مەڕوان دەچێتە نێو فڕۆکەخانەکە، کامێرایەکی دیکە لە گۆشەیەکی تایبەت دەریدەخات چۆن گەنجینەکە دەکاتەوە و شتەکانی نێوی دەردێنێت، ئینجا خەریکە بۆ ئاودەست دەچێت. پاشان پلیتی گەشت و کارتی دەرچوون وەردەگرێت، لە بنکەی ئاسایش تێپەر دەبێت گوایە جاك کاردێلە.

جودار چاوی بەدوو وێنەکانەوە بوو، پرسیاری لێکرد :

"ئەوە چی بوو خستیە نێو زبڵدانەکەوە؟"

مارسێل گوتی:

"ڕەنگە شتێك بێت."

جودار ڕووی کردە لای بەڕێوەبەری ئاسایشەکە و گوتی:

"دەبی کەسێك بنێریت زبڵەکەی ئەو ڕۆژە بپشکنێت و بزانێت مەڕوان چی تێیدا خستوە."

بەڕێوەبەرەکە ڕووی کردە لای جودار و وەڵامیدایەوە:

"بەڵام گەورەم. ئەوەی جەنابی پشکنەرەکە گوتی تەواوە، ڕەنگە هەرشتێك بێت."

جودار سووربوو لەسەر قسەکەی و گوتی:

"لەوانەیە شتێکی گرنگیش بێت. بۆی بگەڕێن و بیهێنن."

ئینجا مارسێل ئەفسەری پۆلیسەکەی بانگ کرد، ئەوەی بەڵگەنامەکانی مەڕوانی پشکنی بوو، لە کاتی تێپەر بوونی لە دەرگای ئاسایشی، مارسێل زۆر بەووردی و بەتوندی لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەو کەسەدا کرد، بەڕادەیەك جودار هەستی کرد پیاوەکە لەژێر فشاری لێپرسینەوەکەی مارسێل دادەڕمی. لە دەرئەنجامی ئەم لێپرسینەوەیە ئەفسەرەکە بەبی مووچە لەکار دەرکرا. لەهەمان کاتدا پێداچوونەوەی کۆمپیوتەرەکان کراو دەرکەوت کە کڕینی پلیتی فڕۆکەکە لە کۆمپانیای فڕۆکەوانی شانشینی مەغربی بووە لە ڕێگای نامەیەکی ئەلیکترۆنی لە لوبنان.

مارسێل منگەیەکی لێوە هات و گوتی:

"دەبی ئەوە لە ڕێگای براکەی مەڕوان بێت."

بەڵام جودار ڕەخنەی گرت و بە ئاگادارییەوە گوتی:

"ناتوانین ئەوە بسەلمێنین."

"ئەی جگە لەو کێیە؟"

جودار پرسیارەکەی مارسێلی بی وەڵام بەجی نەهێشت و گوتی:

"دەمەوی بڵێم ئێمە هەوڵ دەدەین هەڵسەنگاندنی کێشەیەك بکەین، بۆ ئەوەی ئەم دۆسیە بنیاتێکی بەهێز و خۆگری هەبێت، ناتوانین پشت بە گریمان ببەستین، بەڵکو بەڕاستیەکی جێگیر و بەڵگەی بێگومان، کەوا دادگا پێی ڕازی بێت. ئەگەر مەڕوان عەقاد گوناهبار بێت، لەوانەیە وابێت، بەهەرحاڵ، پێویستیمان بەبەڵگەی باشتر هەیە لەوانەی هەمانە. هەموو ئەوانەی هەمانە تا ئێستا تێکەڵبوون و گومانی ڕووت و لاوازن."

هەرچەندە قسەکانی جودار ڕێك بوون، بەڵام مارسێل پەلارێکی لێدا و گوتی:

"کێشەی زۆر هەبووە بە بەڵگەی لەمە کەمتر بەسەریدا سەرکەوتووم."

جودار هیچ توانجێکی نەبوو، بەڵام لەدڵی خۆیدا گوتی: چەند کێشەشت دۆڕاند، کەوا بەڵگەکانی لەمە زۆرتر بوو؟.

لەناکاو مارسێل ڕاوەستا و گوتی:

"بەهەوەسی خۆت چی دەکەیت بیکە. من سواری یەکەم فڕۆکە دەبم بۆ دارلبەیزا، تا ئەم بکوژە بگرم. دەمەوێت تۆ بچیتە بەیروت و بەدووی ئەوەدا بگەڕێیت کە پلیتەکەی بۆ کڕیوە. بەڵام ئاگات لەخۆت بێت و هۆشیاربە مسیۆ جودار. مەڕوان عەقاد و براکەی لە تاوانبارە ترسناکەکانن، هەرچەند لێیان نزیک بوویتەوە ئەوەندە مەترسیەکە زۆرتر دەبێت، وریابە!"

# بەشی نۆزدەمین

"مەڕوان.. مەڕوان.. گوێت لێمە؟"

مەڕوان هەوڵیدا چاوی بکاتەوە بەڵام هەستی کرد چاوی قورسە. هەموو سەرتاپای لەشی ئێشێکی زۆری هەبوو ، هەرچەندە ئارەقە ڕوخساری داپۆشیبوو ، بەڵام لەسەرمان دەلەرزی. پەتووەکانی کێشایە سەر سینەی خۆی و قاچەکانی کرژ کردەوە و کورژەی کرد.

"مەڕوان. گوێت لێمە؟ من ڕانیام ."

باش گوێی لێیە. باش دەتوانێت دەنگی بناسێتەوە. چەندە حەزی لەم دەنگەیە، چەند تامەزرۆی ئەوە بوو بیبیستێ.

دوو هاوڕێی زۆر لەیەکتر نزیك بوون لەمنداڵیەوە. پێکەوە یاریان دەکرد، پێکەوە زۆر پێکەنیون. لە لوبنان پێکەوە ڕۆژانی شەڕی ناوخۆیان بەسەر بردووە. پێکەوە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی یەکتریان گێڕاوە. لە قوتابخانەدا لەتەنیشت یەکتر دادەنیشتن. کۆشکێکیان لەسەربانی ئەو باڵەخانەیە کرد کە تێیدا نیشتەجی بووبوون. پێکەوە چیرۆکی ڕەنگاوڕەنگیان دەخوێندەوە و لەنێو کۆشکەکە دایاندەنا. هەروەها شووشەی گوشاوی سێویان لێدادەنا، کە ڕانیا حەزی لێبوو، شووشەی گوشاوی پرتقاڵیش کە مەڕوان حەزی لێبوو. یەکەم کچ کەوێرا ماچی بکات ڕانیا بوو. یەکەم کچ لەگەڵ خۆی بردی بۆ سینەما بۆ تەماشاکردنی فلیمێکی ئەمێرکی ڕانیا بوو. ناوی فلیمەکەی باش لەیاد نییە بەڵام لەیادیەتی چۆن بەدزییەوە چوونە نێو هۆڵی سینەماکە و خۆیان لە دوایینەی هۆڵەکە شاردەوە ..لەپشتەوە ، لەترسی ئەوەی کەس ئاشکرایان نەکات و لەگەڵ یەك بیانبینێت. چونکە بی ڕازیبوونی کەسوکاریان چووبوون. دەست لەناودەستی ئەو ڕۆژانەی بەیاد هاتەوە. زۆر دڵنیابووبوو کە ئەمە تەنها کچێکە و هەر دەیخوازێت. ڕۆژێکیان مەڕوان لەتەمەنی چواردە ساڵان بوو دوای تەواوبوونی ساڵی خوێندن و سەرەتای پشووی هاویندا، ڕانیا

هات بۆ ماڵیان لەدەرگای داو هەواڵێکی پی ڕاگەیاند. کەوا باوکی ڕانیا لەپاریس ئیشی بەدەست کەوتووە ، هەموویان ئەوشەو دەڕۆن و کۆچ دەکەن. پێی گوت بەداخەوە ئیدی جارێکی تر ناگەڕێتەوە لوبنان. تا ئێستا مەڕوان ئەو چێژانەی لەیادە کە ڕوومەتی ڕانیای ماچ دەکرد و فرمێسکەکانی هۆن هۆن دەهاتە خوارەوە. ماڵئاوایی لی کرد و بەری کردە ئەو دیو و دوور دوور ڕای کرد. ئێستاش هەست بەبینگیرانی گەرووی و ئازاری ئەو کاتە دەکات. ئیدی بیری کەوتەوە سەر باری ئێستای ، چی کردووە هەتا خودا بەم شێوەیە سزای بدات؟ چ خراپەیەکی کردووە؟

ڕانیا دیسان هاتە لای مەڕوان و چرپاندی:

"مەڕوان. دەتوانیت چاوت بکەیتەوە؟ دەبی هەڵسیت ."

ئا ئەوەتا دیسان گەیشتەوە ڕانیا. وا لەسەر ڕوومەتی خۆی هەست بەهەناسە گەرمەکانی دەکات ، بۆنە خۆشەکەی ئەو ناوەی پڕکردووە . چاوە خوێن تیازا و نوقاوەکەی بەهیواشی کرایەوە. چاوی کردەوە بۆئەوەی ڕوخساری ئەو ببینێت. ئا ئەوەتا دیسان دەیبینێت و بزەیەکی کاڵیش کەوتە قەراغ لێوەکانی.

کراسە پەمەییەکەی خەوتنی لەبەر نەبوو، جلوبەرگی سپیی پەرستاری لەبەر کردبوو. پرچە ڕەشەکەی وەکو جاران درێژ نەبوو. ئێستا بەری داوەتەوە سەر شانی. مکیاجی نەکردبوو. بۆیە پاکتر و شیرینتر و جوانتر دیار بوو. چاوە هەنگوینییە جوانەکەی لەجاران زۆرتر جادووی تێدابوو. هەتا ئێستا بەم شۆخ و شەنگیەوە نەیدیوە. تەماشاکردن و لی ڕامانی ئەو دووچاوانە شایستەی هەموو ئەو گیرۆدەییە، کە ئەمرۆ بەسەری هاتووە بۆئەوەی پێی بگاتەوە. هەستی کرد بەدرێژایی شەش مانگی ڕابردوو هەموو ئەو ئازار و پەژارانەی کە دڵی پڕ کردبوو ، وا بە تەواوی نامێنێت. گەر لەماڵی ئەو بێت .. لەسەر قەرەوێڵەکەی ئەو بخەوێت .. لەژێر چاودێری و بایەخپێدانی ئەو شۆخە و دەنگی ترپەی دڵی ئەم نازدارە ببیستێت...ئەمەیە چاکبوونەوە، چاکبوونەوەیەکی ڕاستەقینەیە ، ئەویش ئەوەی دەویست.

"مەڕوان. گوێت لێمە؟"

ڕانیا ئەمەی بەچرپەیەکی ناسك تێکەڵ بەبایەخ و نیگەرانییەوە گوت.

مەڕوان بەلاوازی و لەرزینەوە دەنگێکی لێوەهات:

"ئێستا کاتژمێر چەندە؟"

ئەو سەرئێشە توندەی  کە دەمێکە گرتبووی کەم بووەوە، ئاسوودەیی و هێمنی و حەسانەوەیەك دایپۆشیبوو، ماوەی چەند مانگێکە هەستی پی نەکردووە.

ڕانیا سەیری کاتژمێرەکەی کرد و گوتی:

"کاتژمێر نزیکەی هەشتە."

"سەرلەبەیانی؟"

ئەمەی پرسی و سەیری پەردەکانی کرد ، بە نیوە داخراوی بەسەر پەنجەرەکاندا شۆڕبووبوونەوە و گوتی:

"دەری تاریکە، بۆ؟"

ڕانیا وەڵامیدایەوە و گوتی:

"ئێستا شەوە مەڕوان. نزیکەی هەشتی شەوە. تۆ لەو کاتەوە خەوتوویت کە لەبەر دەرگاکە کەوتبوویت ، تا ئێستا."

بەشەرمەوە چرپەی کرد و گوتی:

"بمبەخشە. داوای لێبوردن دەکەم."

سەری لەقاند و دەستی خستە سەر نێوچاوانی و گوتی:

"باشە. ئێستا زۆر باشە."

"داوای لێبوردن دەکەم بۆ هەموو ئەوانەی ڕوویدا.. من دەزانم تۆ نەتدەویست..."

قسەکەی بڕی و پەنجەی نایە سەر دەمی و گوتی:

"وس. شتێك هەیە دەمەوێت پێتی بڵێم."

مەڕوان بیری کردەوە دەبی چی بڵێت. لەدڵی خۆیدا گوتی: با هەرچیەك بێت، ئەوەی لای ئەو گرنگە وا دیسان ڕانیا هاتەوە نێو ژیانی . ڕانیا تاوێك ڕاوەستا و

تەماشای چاوی کرد و زانی مەروان بەرەو چاکبوونەوە دەچێت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەتوندی گوتی:

"ناتوانیت لێرە بمێنیتەوە."

مەڕوان خەریك بوو دڵی لەلێدان بکەوێت.

لەدڵی خۆیدا پرسی: ئەمە چیە؟ چی دەڵێت؟ تەزییەکی بەنێو شانیدا هات. هەوڵی دا قسە بکات بەڵام نەیتوانی یەك وشەش کۆ بکاتەوە ودەریبڕێت. کاتێك ڕانیا سەیری کرد وا مەروان لێوی دەلەرزێت، بەچرپە گوتی:

"قسە مەکە. تکایە. تەنها گوێم لی بگرە."

لەو دۆخەدا نەما بتوانێت دوای ئەمە شتێکی دیکە ببیستێتەوە. ئەمەی نەدەویست. پاشان ڕانیا بەدەنگێکی جێگیر گوتی:

" من خۆشم دەوێی مەڕوان. هەمیشە و بەردەوام خۆشم ویستووی. لەتاوی یەکەم ماچ. یاخود پێش ئەوە. زۆریش پێش پێش ئەوە. دەزانی ئەو ڕۆژەی کە کۆچمان کرد، گریانێکم کرد لەژیانمدا وا نەگریابووم، چونکە وامزانی جارێکی دیکە ناتبینمەوە. چەند حەفتەیەك بەردەوام دەگریام. بەدایك وباوکم گوت من ڕقم لێتانە ، چونکە منیان لەتۆ دوور خستەوە. گوتم هەڵدێم و بەدووتدا دەگەڕێم و پێت دەگەمەوە. ئەو کاتە کچێکی بچووك بووم مەڕوان... ساویلکە و سادە بووم... بەڵام گەورەوە بووم.. تۆش گەورە بوویت... هەردوکمان گەورە بووین...هەردووکمان گۆڕاین .. هەریەك لەئێمە بەڕێگایەکی جیاوازدا ڕۆیشت و لێك جودا بووینەوە. جودا بووینەوە مەڕوان... جودا بووینەوە... کاتێك ساڵپار هاتیە بەر دەرگام و چاوم پێت کەوت گوڵ و دیاریت بۆ هێنابووم و داوات کردم. زۆر ترسام... ترسام چونکە من گۆڕامە.. ژیانێکی نوی و جیاوازم هەیە .. حەزم لەم جۆرە ژیانەیە.. هاوڕێی نوێم بۆ پەیدا بووە. هاوڕێیانێك بایەخم پی دەدەن و بایەخیان پی دەدەم... لاوێکم ناسی ..دڵمان چووەتە یەك."

تاوێك ڕاوەستا ئینجا دەستی کردەوە قسەکردن ، گوتی:

"بەڵام تۆ لەنامە ناردن ڕانەوەستایت ، نامە جوان و یاداشتنامە و پەیوەندی و دیاریە ناسکەکانت بەردەوام بوون. بە بەردەوام گوڵ بەرەو ماڵی من دەهات. ئەمانە هەمووی هەست و سۆزی منی دەجووڵاند. تا دە ساڵ من بەهەموو توانا و سووربوونێك هەوڵم دەدا لەبیرت بکەم. بەهەرحاڵ نەمتوانی لەبیرت کەم. حەزم دەکرد لە دەست ئازارەکانی ئەم پەیوەندیە دوورکەومەوە .. لەبیرکردنەوەکانم دوورت بخەمەوە ، لێت تێپەڕم و بەجێت بهێڵم و وازت لی بهێنم، تاکو بتوانم ژیانێکی گونجاو بۆ خۆم دروست بکەم. ژیانێك بەگوێرەی خواست و نیاز و ئارەزووەکانی خۆم بخوڵقێنم و نەخش و نیگار و وێنەی بۆ بکێشم . دەزانم تۆ بەو هەموو هەوڵانەی کەوا دەتدا دەتویست خۆشەویستیەکەی خۆتم بۆ بسەلمێنی، ئەمەش شتێکی جوان بوو. مەڕوان نامەکانی تۆم دەخوێندەوە... بەڵی... ڕەنگە بیرت کردبێتەوە من نایخوێنمەوە.. لەنامەکانتدا بۆ من باسی ئەو جۆرە ژیانەت کردبوو ، کەوا تۆدەیگوزەرێنی. ڕەنگە وا بیرت کردبووەوە ئەم شتە سەرسامم بکات. کەوا ئیشەکەی تۆ هاوڕێیەتی کردنی هەڵبژاردە و خاوەن سامان و دەسەڵاتدارەکانی چینە هەرەبڵندەکانی کۆمەڵگان، واتزانی بەم شتانە مێشکم ئۆخەی دەکا و چاوم دەبەستری... بەڵام... لە هەموو ئەو نامانەی خوێندمەوە.. هاوڕی کۆنە ئازیزەکەمی تێدا نەبوو.. کە وێنەیەکی جیاوازی هەبوو لەلای من."

ئەم دوا دەستەواژەیەی بەشێوازێك گوت داڕمان و ڕوخانی تێدا بوو، ئینجا گوتی:

"نامەوێت شوو بەپیاوێك بکەم بەدەگمەن دێتەوە ماڵ.. پیاوێك هەمیشە لەمەترسیدا بێت... پیاوێك هەرچەند سەرچڵی بەژیانی خۆی بکات ئەوەندە پارەی زۆرتری دەست دەکەوێت... من نامەوێت شوو بە پیاوێك بکەم لەباتی خودا پارە و دەسەڵات بپەرستی. کەسێکم دەوێت خۆشم بوێ... کەسێك حەز بکات ژیانی لەگەڵ من بەسەر بەرێت مەڕوان... کەسێك ئارەزووی ئەوە بێت خاوەن خێزانەکەی خۆی بێت ... ئاگای لەمن و منداڵەکانم بێت .. بایەخ بەشتە گرنگەکانی ژیان بدات... ئەو شتانەی شایستەی ئەوەن مرۆڤ لەپێناویدا بژیت. ئەو کەسەش تۆ نیت مەڕوان...

لەوانەیە لەڕابردوو تۆ ماوەیەك وا بووی... بەڵام ئێستا نە.... ئەو کەسە نیت... کە من دەمەوێت لەگەڵیدا گەشتی ژیان بکەم."

مەڕوان هەوڵی دا شتێك بدۆزێتەوە و پێی بڵێت، دوایی گوتی:

"دەتوانم بگۆڕێم."

ڕانیا ڕوخسارە گەرمەکەی مەڕوانی بەدەستە شێدارەکەی خۆی سڕیەوە . ئەمجارە لەنێو وشەکانی ڕانیا یان چاوەکانی هیچ تۆمەتباکردن یاخود گلەییەکی نەبوو، کاتێك بەبزەیەکەوە گوتی:

"ڕەنگە بتوانیت، چونکە تۆ پیاوێکی بەهێز و بە ورەیت.. بەڵام من دوێنی تۆم بینی کەوتبوویتە بەردەم دەرگاکەم و لەهۆش خۆت چووبوویت .. بەهۆی برینێکی قووڵ خوێنت لەبەر دەڕۆیی ..دەزانم گوللەیەکی غەدرت لی درابوو، سەرچڵیم بەکار و ناوبانگی خۆم کرد لە پێناو ئەوەی هۆش و سەلامەتیت بۆ بگەڕێنمەوە. ئەمە ئەو ژیانە نییە کە من دەمەوی بژیم."

مەڕوان بە هەموو هەستەکانییەوە پرسیاری لی کرد:

"بۆیە هەڵاتیت."

"من هەڵنەهاتم. دەرفەتی ئیشێکی گونجاوم دۆزیەوە و کردم."

دەنگی مەڕوان هێشتا لەرزینی ئێش و ماندووبوونی تێدا بوو ، گوتی:

"لەپاریس چاوەڕوانی ژوانێکی تۆ بووم بۆ شیوخواردن. یەك کاتژمێری تەواو دانیشتم چاوەڕێم کرد. پێش ئەوەی براکەت بێت و هەواڵی گەشتکردنی تۆم پی بگەیەنێت."

"ڕەنگە براکەم نەیزانیوە چۆن بەشێوازێکی شیاو پەیامەکەی منت پی بگەیەنێت."

"بەبی هیچ وشەیەك؟ تەنها وشەی ماڵئاوایی؟"

"وامزانی ئەوە باشترە. زۆرم هەوڵ دا تێبگەیت، بەڵام بەداخەوە."

"لەوانەیە بەڕوونی هەوڵت نەدابوو، یان بابەتەکەت بەشێوازێکی باشتر نەگوت."

بەخۆبەدەستەوەدانێکەوە گوتی:

"لەوانەیە وا بێت، لەوانەیە هەڵەم کردبێت. بەڵام هەرگیز مەبەستم ئازاردانت نەبوو."

"بەڵکو وابوو، ئازارت دام."

"زۆر بەداخەوە مەڕوان. بڕوابکە پێم ناخۆشبوو، بەڵام هاتنت بۆ ئێرە هەڵەیە. بەم هاتنەت هەڵەت کرد."

"شوێنێکی دیکەم نەبوو بچم."

" ئێستا کێشەکەت تا چ ڕادەیەکە؟"

"خۆت برینەکەت بینی."

"کێ دەستدرێژی لێ کردی؟"

"نازانم. پێویستیم بەجێگایەکە پەنای بۆ بەرم هەتا چاك دەبمەوە و بیر بکەمەوە چۆن لەم تووشبوونە دەرچم."

"لێرە نە. مەڕوان."

مەڕوان پرسیاری لێ کرد بەبێ تۆمەتبارکردن و بێ گلەیی:

"بۆ؟ تێکەڵ ئیشی تۆ نابم. کەمێك لێرە دەمێنمەوە هەتا چاك دەبم."

ڕانیا سەری لەقاند و دووپاتی کردەوە:

"دروست نییە لێرە بمێنیتەوە.. شوێنەکە ئاسوودە نییە...پاشان..."

هەرچەند دەزانی ئێستا چی دەڵێت، پرسی:

"پاشان چی؟"

"مەڕوان. تکات لێ دەکەم. وامەکە زیاتر بڵێم."

"دەتەوێ چی بڵێی ، دەمەوێت ببیستم."

"تکات لێ دەکەم. مەڕوان. تکایە."

مەڕوان سووربوو لەسەر ئەوەی گوێی لێ بگرێت. ڕانیا چاوی پڕ فرمێسك بوو کە گوتی:

خۆشم دەوێی مەڕوان. بەو شێوەی نا کە تۆ دەتەوێت، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم. تکایە با بە شێوەیە لێك جیا بین. تا ئەم سنوورە بەسە."

مەڕوان لەسەرخۆ سەری داگرت و سەرنجی دایە لەیلا ،وا ئەویش بێدەنگ لەدوورەوە دانیشتووە و چاوەکانی ئەویش پڕ بووە لە فرمێسك.

هەستایە سەر پێ و کەلوپەلەکانی خۆی کۆکردەوە بەرەو دەرگاکە چوو. ئاوڕی لەو کچە دایەوە کە یەکەم کەس بوو خۆشی ویست، یەکەم خۆشەویست بوو ، بەهەموو خۆشەویستیەکی دڵی. باش تەماشای کرد، پڕبەدڵ پێی گوت:

"هیوادارم ئەو پیاوە بدۆزیتەوە کە بۆی دەگەڕێیت. تۆ شایستەی ژیانێکی شادومانیت ڕانیا... بەڵێنیشت پێ دەدەم جارێکی تر هەراسانت نەکەم."

چاوەکانی ڕانیا سوور بوونەوە و لێوەکانی تەتەڵەی دەکرد. مەڕوانیش نەیویست هەڵوێستەکە زەحمەتتر بکات و گوتی:

"سوپاس بۆ ئەم بایەخپێدان و تیمارکردنی برینەکەم."

ماوەیەکی بێدەنگی و تەنگ تێپەڕبوو ، ئینجا دەرگاکەی کردەوە بۆ ئەوەی بڕوات.

دەنگی لەناکاوی ڕانیا بێدەنگیەکەی بڕی:

"ئێستا بۆ کوی دەچیت مەڕوان؟"

"ئەوە گرنگە؟"

"لای منیش گرنگە."

دانی بەسەرگەردانی و نەزانینەکەی خۆی هێنا و گوتی:

"بڕوا بکە نازانم. لەوانەیە بۆ میسر یاخود کەنداو، گرنگ ئەوەیە بۆ شوێنێکی دوور بچم. دوورترین شوێن."

ئینجا دەرچوو و بەهێمنی دەرگاکەی داخست و لەوی نەما.

# بەشی بیستەمین

مەڕوان عەقاد لەدەرگای باڵەخانەکەوە دەرچوو ،نزیکەی کاتژمێر نۆی ئێوارە بو. بەو شەوە هێدی هێدی ڕێی دەکرد و نەیدەزانی بۆ کوی بچێت. کەسی نەدەناسی نە لەو شارە و نە لەو وڵاتە. نەیوێرا بەدوای ئوتێلێکدا بگەڕێت و تێدا نیشتەجی بێت. پێشهاتی وابوو ڕەنگە ئەوانەی ڕاوی دەنێن بەزوترین کات بە شوێنەوارەکەیدا بگەڕێن  بێن بۆ مەغرب ، ئەمە ئەگەر لە کاتێدا نەگەیشتبن.

ئێستاش هەرچەندە دەرمانی خواردبوو بەڵام پلەی گەرمی لەشی هەندێك بەرز بوو. هەموو لەشی دەئێشا، ئەوەتا دڵیشی شکاند. ڕۆیشتنی بۆ لای ڕانیا بڕیارێکی گەمژە و هەڵە بوو. چۆن بەگەمژەیی ڕەفتاری کرد؟ ئێستا هۆکاری ترسی ئەو شەش مانگەی زانی، دڵنیا بوو بەو ژیانەی کە ئەو هەڵیبژارد، وا خۆشەویستەکەی لەدەستدا. دوای ئەمە هیچ شتێك گرنگ نییە. هیچ شتێك نرخی نییە.

بی هیوا بوو، هیچ ئومیدێکی نەما، لەهەموو شتێك ، ئارەزووەکانی بۆ ڕزگاربوون وهەوڵدان لەدژی دوژمنەکانی لەلا لاواز بوو . تاریکی خزیە نێو مێشکی و بیری ئیفلیج کرد. بیرۆکەیەکی بۆ هات بەوەی دەبی ژیانی خۆی ڕێکبخاتەوە و سنوورێك بۆ ئازارەکانی خۆی دابنێت یان لێی گەڕی با بچێت بۆ دۆزەخ. بەڵام بیرۆکەیەکی دیکەشی لەگەڵدا هەڵقولا... ڕامی... هەولی  سەلامەتی ئەو دەدات ، تاکە برادەرەیەتی لەم جیهانە... هەرگیز ناتوانێت واز لەڕامی بهێنێت. ئەگەر وا نەکات دایك وباوکی گەردنی ئازاد ناکەن، لەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوانە، ناتوانێت ناپاکی لەیادگاری دایك وباوکی بکات و ڕیسوایی بۆ خانەوادەکەی بهێنێتەوە.

پێویستە چی بکات؟ شوێنی نیشتەجێبوونی نییە، کەسیش نایەتە لای، کاتیش بەسەر دەچێت و چرکەی کاتژمێریش ڕاناوەستێت. کەسانێك هەن دەیانەوێت بیکوژن، هەر هەڵەیەك ڕوو بدات کۆتایی و لەناوبردنی ئەوە. لەپڕێکدا ئەو ئۆتۆمبیلەی بیرکەوتەوە کە بەکرێی گرتبوو. سواربوو، چەند کیلۆمەترێك دوور

کەوتەوە لەو شوێنەی ڕانیا تێیدا نیشتەجی بوو. ئینجا ئۆتۆمبیلەکەی لەجادەیەکی چۆڵ بەجێی هێشت و سویچەکانی خستە نێو سەندووقی ئۆتۆمبیلەکە. تەکسییەکی بینی ئاماژەی بۆ کرد و گرتی، چوو بۆ فرۆکەخانەی (محمد خامس)ی نێودەوڵەتی. لەوێوە بەتەلەفۆنێکی گشتی پەیوەندی بەبراکەیەوە کرد بە بەکارهێنانی کارتیکی تایبەت بەناوی کەسێکی دیکە. وەڵامیدرایەوە و گوتی:

"ببورە ڕامی کە پەیوەندی بە ژمارەکەی ماڵەوە دەکەم."

ڕامی بەگلەییەوە پێی گوت:

"پێم نەگوتی هەموو پەیوەندییەکان دەبی بەمۆبایل بێت؟"

"ئەوە دەزانم. بەڵام کاتم نییە."

"دەبووایە سی ڕۆژ چاوەڕێت بکردایە. هێشتا یەك ڕۆژی تەواو تێنەپەریوە لەو کاتەی قسەمان کرد."

"دەمەوێت بگەڕێمەوە نیشتمانەکەم و ماڵەکەی خۆم."

"بۆ؟ شتێك بووە؟"

مەڕوان پاساوی هێنایە و گوتی:

"چیرۆکێکی درێژە."

"درێژە؟ چۆن؟ ئەوە دووازدە کاتژمێر تێپەڕبووە!"

"گوی بگرە ڕامی. تکایە. ئێستا ناتوانم باست بۆ بکەم چی بووە. پلیتێکم بۆ دابین بکە."

"نەخێر، گەڕانەوە بۆ بەیروت بیرکردنەوەیەکی ساغ نییە."

"بۆ؟"

"ئێستا بەم حاڵە ئاسوودە نابیت لێرە."

"ئێ منیش ناتوانم نە لێرە بمێنمەوە نە بۆ ئەوڕوپا بچم. ڕات چیە بە ساوپاولۆ؟"

ڕامی بەدەنگێکی ماندووەوە گوتی:

"ئەمە کاتی گاڵتەیە؟"

"بۆ نە؟ لەوی دەتوانم کلۆدێت بدۆزمەوە."

"کەسانێك هەن ئەوە دەکەن بی تۆ."

"ئەی ئەمێرکا؟ چیت گوت؟"

"ڤیزەت بەدەست ناکەوێت بۆ ئەوی."

"باشە. قاهیرە؟"

"قاهیرە بۆ؟"

"ئەی بۆ نە؟"

کاتێك قسەی لەگەڵ ڕامی دەکرد چەند پۆلیسێکی مەغربیی بینی دەوری تەکسیەکیان داوە. بەردەوام بوو لەقسەکردن لەگەڵ براکەی:

"لە قاهیرە دەتوانم بزر بم ،لەنێوان ئەو چواردە ملیۆنەی لەوی دەژین."

"تێناگەم بۆ لە دارلبەیزا نامێنیتەوە ؟"

مەڕوان بەبۆڵەبۆڵ وەڵامی دایەوە:

"پێم گوتی ناتوانم. دوایی بۆت باس دەکەم."

"باشە، وا پلیتێکت بۆ دابین دەکەم بۆ قاهیرە. کەی دەتەوی گەشت بکەیت؟"

"ئێستا؟"

"ئێستا؟ بەڕاست؟ ئێستا لە کوێیت؟"

"لە فڕۆکەخانە."

"ڕاست؟ گوی بگرە. ڕاوەستە ...ڕاوەستە."

"چیە ئەوە؟"

"هەواڵێکی گرنگ و نوی لە تەلەفزیۆنی فەڕەنسا هەیە."

"چییە؟"

"تەکسیەکە و تەرمی شۆفێرەکەیان دۆزیوەتەوە لە مارسیلیا."

دوای ماوەیەك چاوەڕێکردن مەڕوان پرسیاری لی کرد:

"چی دیکە دەڵێن؟ باسی من یان مەغرب دەکەن؟"

"نە. هێشتا. دەڵێن پۆلیسەکان زانیارییەکان کۆ دەکەنەوە هێشتا نەگەیشتوونەتە هیچ شتێك."

"درۆ دەکەن. ئەوان ڕاوم دەنێن. دەبی ئێستا لێرە دەرچم."

"ڕاست دەکەی. ئەم جارە چ ناوێك بەکار دەهێنیت؟"

"فارس جەمیل. پلیتێکم بۆ دابین بکە بەناوی فارس جەمیل."

ڕامی بەپەلە وەڵامیدایەوە، لەو کاتە لەسەر کۆمپیوتەرەکەی ماڵی بوو:

"دابین کرا. شتێکی دیکەت هەیە؟"

"کاتێك دەگەمە قاهیرە شوێنێکم دەوێت تێدا نیشتەجی بم."

"ئوتێل؟"

" نەخێر. لەئوتێل بۆ ئەوان ئاسانە شوێنکەم بدۆزنەوە!"

"دەتەوێت لەکوی نیشتەجی بیت؟"

"شوقەیەکی ڕاخراوم بۆ بەکری بگرە."

"شوقەی ڕاخراو؟ بۆ ماوەی چەند؟"

"نازانم، ماوەیەکی گونجاو."

"گونجاو؟ مەبەستت چیە لە گونجاو؟"

"ماوەیەکی درێژخایەن."

"نیازت ئەوەیە بەڕاست؟"

مەڕوان بە براکەی گوت:

"بۆ نە؟ تۆ نەتگووت ناکرێت بگەڕێمەوە بەیروت و ناشبێت بڕۆم بەدووی کلۆدێتدا بگەڕێم ؟"

ڕامی وەڵامی نەدایەوە، مەڕوان لەسەر قسەکەی خۆی بەردەوام بوو:

"بەهەرحاڵ، هەرچۆنێك بی بۆم بگەڕی بۆ شوێنێك تێیدا نیشتەجی بم .. ئینجا بەپۆستی خێرا مۆبایلێکم بۆ بنێرە لەگەڵ پارە و بزنس کارتی نوی."

"بزنس کارت؟ چ جۆرێك؟"

"تایبەت بەپیاوانی کار ، با وەکو پیاوە گرنگ و ڕێزدارەکان دیاربم."

"پیاوی گرنگ و ڕێزدار؟ وەکو چی؟"

"نازانم، ڕایپەڕێنە، پسپۆڕی کۆمپیۆتەر... پرۆگرامساز ، یان بریکار و جێگری یەکێك لەکۆمپانیا جیهانییەکان. کۆمپانیایەکی تایبەتم بۆ دابمەزرێنە، ناوێکی باشی بۆ دابنی و دروشمێکی سەرنج ڕاکێشی بۆ هەڵبژێرە و هەر ئێستا سایتێکی ئەنتەرنێتی بۆ دروست بکە."

"وابزانم گاڵتە دەکەیت.. وا نییە؟"

"نەخێر. وا نییە، ڕایپەڕێنە.. خێرا، تکات لی دەکەم؟"

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

مەڕوان عەقاد یاخود فارس جەمیل لەکاتژمێری دە و نیو سواری فڕۆکەی (کۆمپانیای میسر بۆ فڕۆکەوانی) بوو ، گەشتی ژمارە 848 ، کە پێش نیوەی شەو بەپێنج خولەك هەستا ، لەکاتژمێری حەوت و پێنج خولەکی سەرلەبەیانی ڕۆژی دادی لە فڕۆکەخانەی قاهیرەی نێودەوڵتی دەنیشێتەوە. کەس تەگەرەی بۆ نەنایەوە ، هیچ پۆلیسێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرد. کەسیشی نەبینی بەدووی کەوتبێت. بۆ؟ ئایا ئەوە خەلاتێکە لەئاسمانەوە بۆی هاتۆتە خواری یان داوێکە و بۆی دانراوەتەوە بۆ ئەوەی بیگرن؟ لەوە ناچێت داو بێت. ئەی بۆچی خودا ئیستا ئەم هەموو سۆز و میهرەبانیەی بۆ دەردەخات؟ بۆچی ئیستا ئەم شتانەی پی دەبەخشێت دوای ئەوەی کە زۆر شتی لی سەندەوە؟ ئیش و ئایندەی لی سەندەوە.. ئەو کچەی لی سەندەوە کە خۆشی دەویست.. خەریك بوو لەماوەی بیست و چوار کاتژمێری ڕابردوودا ژیانیشی لێ بسێنێتەوە ؟ ئەمە شتێکی نا ئاساییە، ئیتر قایلە هەر دەرفەتێکی باشی بۆ بڕەخسێت یاخود هەر چاکەیەکی خودایی لەگەڵدا بکرێت هەرچەندە بچووك و کەمیش بێت.

ئەو پرسیارەی کە ئێستا سەرقاڵی کردووە ئەوە نییە چۆن هاتووە بۆ ئێرە، بەڵکو ئێستا چی بکات دوای ئەوەی کە گەیشتە ئێرە؟ یەکەم شت کە پێویستە دەستی پی بکات ئەوەیە کە دەبی لەبیری بێت ئەو (فارس جەمیل) ە، پاسەپۆڕت و پلیتەکەی بەم ناوەیە، ئەم ناوە لە گرێبەستی کرێی شوقەکە دەنووسرێت. دەبی

فێری بێت و لەگەڵیدا ڕابێت و وا ڕەفتار بکات کە ئەو فارس جەمیلە. هەروەها چیرۆکێکی گونجاویشی هەبێت لەگەڵ ئەم ناوە.

لەنێو قەرەباڵغی فڕۆکەخانەکە ڕێگای خۆی کردەوە، بەئاسانی ڤیزەکەی وەرگرت ، پاش ئەوەی پارەکەی دا، تەکسییەکی گرت و لەپێش دەرگای ئوتێلی شیراتۆن دابەزی، کە لە فڕۆکەخانەکەوە دوور نییە ، حەزی نەکرد لە ئوتێل نیشتەجی بێت یان ژوورێك لە ئوتێل بگرێت. بەڵام بۆ ماوەیەك پێویستی بەشوێنێك هەبوو تاکو پەیوەندی بەبراکەیەوە بکات و شتێك بخوات و پلانێك بۆ جموجوولەکانی خۆی دابنێت. چوو بۆ بنکەی ڕاژەکان ، یەکێك لەکرێکاران پێشوازیی لی کرد و گوتی:

"شەو باش. هیچ ڕاژەیەکت پێویست نییە؟"

"کۆمپیوتەرێکم دەوێت بەکری."

"هەر ئێستا گەورەم. جەنابت نیشتەجێی ئوتێلەکەیت؟"

"نەخێر، من لێرەم بۆ دیداری برادەرێك و لاپتۆپەکەم لەبیرکردووە و دەمەوێت ئیمێڵەکەم بکەمەوە."

بەنەرمی وەڵامیدایەوە:

"ئەمە شتێکی ئاسانە. بۆ ماوەی چەند پێویستیت پێیە؟"

"نزیکەی یەك کاتژمێر."

"بەسەر چاو، بەس ئەم فۆڕمە پڕبکەوە. ناوی جەنابت؟"

مەڕوان بەدوودڵیەوە وەڵامیدایەوە:

"فارس جەمیل."

"زۆر باشە بەڕێز، پێویستیت بە کارت دەبێت بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکە."

"بەچەندە؟"

"سەعاتێك بەچل وپێنج جونەیهە."

"باشە. ڤیزەکارت وەردەگریت؟"

"شتێکی ئاساییە"

دوای کەمێك مەڕوان یاخود (فارس) لە سووچێکی هێمن لە هۆڵی پێشوازی نێو ئوتێلەکە دانیشت، لەژێر رووناکییەکی کز. ئیمێڵەکەی خۆی کردەوە و پەرداخێکی گوشاوی پرتقاڵی خواردەوە ، ئیمێڵێکی نارد و تێدا نووسی:

"ڕامی. تۆ لەوێیت؟ ئەمە منم فارس. گەیشتم."

ماوەیەك چاوەڕێی کرد، وەڵامی نامەکەی لەسەر مۆنیتەرەکە دەرچوو:

"خەریکم."

"واتا؟"

"شوێنێکم دۆزییەوە ماوەیەکە بەکار نەهێنراوە، خاوەنەکەی دەڵێت هەندێك چاکسازیی دەوێت ، دەتوانیت لەمڕۆوە بەکاری بهێنیت ، ئەگەر لاریت نییە تۆش لەوی بیت چاکسازییەکە بکرێت."

"چاکسازییەکە تا چ ڕادەیەکە؟"

"هەندێك خاوێنکردنەوە و بۆیاغ و کەمێك چاکسازی. بەتەواوی نازانم."

"شوقەکە لەکوێیە؟"

"لە میسرجەدیدە. نزیکی فرۆکەخانەکەیە."

"زۆر باشە. من ئێستا لە شیراتۆنم."

"خاوەنەکەی ئامادەیە بتبینێت لەهەر شوێنێك تۆ دیاری بکەیت. وا دیارە دڵخۆشە بەوەی یەکێکی دۆزییەوە شوقەکەی بەکری بگرێت."

"قایل دەبێت بۆ یەك مانگ بەکرێی بدات؟"

وەڵامی ڕامی لەسەر مۆنیتەرەکە دەرچوو:

"نەخێر لەشەش مانگ کەمتر نابێت."

"ئەستەمە. پێی بڵێ ئێمە کرێی یەك مانگ دەدەین ، بەڵام ئیمزای گرێبەستی لەگەڵدا ناکەین پێش ئەوەی چاکسازییەکان تەواو دەکات. ئینجا بیر دەکەینەوە کە شەش مانگ بەکرێی بگرین."

"هەر وایە."

"باشە، ئیتر چی؟"

"زانیم ئەوانەی لەمۆنتی کارلۆ لە کێشەکەت دەکۆڵنەوە کێن."

"کێن؟"

"دووانن: یەکەمیان جان کلۆد جودارە. لەدایکبووی نیسە لە فەڕەنسا، لە مۆنتی کارلۆ دەژیت، تەمەنی 46 ساڵە. گەورەی پشکنەرەکانی هەواڵگرییە. پیاوێکی ژیرە و ناوبانگی هەیە و ڕێزدارە لەمۆنتی کارلۆ. هاوسەری هەیە لەگەڵ تاکە کچێك. دووەمیان مارسێل لۆمیێ، تەمەنی 62 ساڵە. لەدایکبووی چرینۆبلە لە فەڕەنسا، لە نۆرماندی دەژیت. سەرۆکی هەواڵگری تاوانەکانە لە پاریس، بەکارامەترین پشکنەر دادەنرێت لە سەرتاپای فەڕەنسا و بگرە لە هەموو ئەوڕوپا. توانیویەتی زۆر لەکێشە گرێدراوەکان چارەسەر بکات لە یەکێتی ئەوڕوپا. هاوسەرەکەی تەڵاق داوە و کوڕی نییە.

"کی لەم دووانە چووە بۆ مەغرب؟"

"چۆن زانیت؟"

"بەخۆڕسك. برا بە مەزەندە."

"مارسێل. دوای چەند خولەکێك دەگاتە ئەوی."

"ئەی جودار؟"

"وا دێتە ئێرە. مەڕوان، تا لێکۆڵینەوە لەگەڵ مندا بکات."

"گاڵتە دەکەیت."

"خۆزگە گاڵتەم بکردایە."

"خێرا لوبنان بەجی بهێڵە. هەر ئێستا.. نەهێڵی بتدۆزنەوە."

"ئێستا نە.. ناتوانم هەڵبێم و ئیشی ئێرە بەجی بهێڵم مەڕوان."

"دەتوانیت لە دوورەوە ئیشەکە بەڕێوە ببەیت. زۆر جاریش وەهات کردووە."

"بۆ کوی بڕۆم؟"

"بۆ بەغدا. ئێستا تیمێکمان لە بەغدا هەیە لەگەڵ پیاوانی کارن لە کۆمپانیای (ئێکسمۆبێل)."

"شێت بوویت؟ دەتەوێت بۆ عیراق برۆم و لەدەستی پۆلیسێك هەڵبێم كە لەمۆنتی كارلۆوە دێت؟"

فارس بۆی نووسی:

"ئەی چۆن. بێگومان. نابێت ئێستا لەوی بمێنیتەوە. ئەگەر جودار بتدۆزێتەوە و زانیاریەكانت لی وەرنەگرێت. فەرمان دەدات بتخاتە زیندان ، بەتۆمەتی تەگەرەخستنە كاری دادوەری و بەرنگاربوونەوەی دەسەڵاتە یاساییەكان. تەنها خوداش دەزانێت چی دیكەشت بەسەر دێت، نابێت رێگایان پی بدەین وەهات لی بكەن رامی."

"ئەی ئەگەر جودار بەدوومدا هات بۆ بەغدا ؟"

"نایەتە دووت و ژیانی خۆی ناخەتە مەترسی. ژیانی  خۆی پی زۆر لەوە گرانترە."

# بەشی بیست و یەك

فارس جەمیل لە شوقەکەی مایەوە تا دوو ڕۆژ دەرنەچوو.

هێشتا پلەی گەرمی لەشی بەرز بوو... نەیزانی چەندە، هیچی پی نییە گەرمییەکەی خۆی بپێوێت. توانای نەبوو دەرچێت و بچێتە لای پزیشکێك یان بچێتە چێشتخانەیەك یاخود خواردنگەیەك. هیچ شتێکی پی نەدەخورا، تەنها ساردی و ئاوی خواردنەوە نەبێت ، کە لەئوتێلی شیراتۆن لەگەڵ خۆی هێنابووی ، بۆ ئەوەی لەشی وشك نەبێتەوە. هەروەها حەب و دەرمانیشی دەخوارد، ئەوانەی لە ڕانیا وەریگرتبوو پێش ئەوەی لەماڵەکەی ئەو دەرچێت. بۆی خستبووە نێو جانتای پشتەکەی. ڕامی زیادەڕۆیی نەکرد لە باسی شووقەکە. زۆر گەورە و بەرین بوو لەپێویستی ئەو زۆرتر بوو. سی ژووری خەوتنی تێدا بوو لەگەڵ سی ئاودەست و هۆڵێکی پێشوازی زۆر گەورە و فراوان. بەڵام دەربارەی ئەوەی کە گووتی هەندێك چاکسازیی دەوێت ڕاست نەبوو. ڕەنگە لە سەردەمی پەنجاکان و شەستەکان ئەم شوقەیە زۆر ناوازە و قەشەنگ بووبێت. بەڵام وەکو فارس لی دەزانێت، لەو کاتەوە تا ئێستا دەستی خاوێنکردنەوە و چاکسازیی پی نەگەیشتووە.

تۆز و خۆڵ هەموو شتێکی داپۆشیوە ، لەزەوییەوە تاکو بنمیچ. ناندین و ئەو شتانەی لەوی بوون بە چەورایەتیەکی لیق داپۆشرابوو. تەنها یەك دوش لە گەرماوەکان ئیشی دەکرد، دووانەکەی تر لەکار کەوتبوون. یەك ئاودەست بە کەڵك بوو دووانەکەی تر ئاویان لی ڕادەوەستا. حەوزی قاپشۆرینی چێشتگەکە خراپە و ئۆڤنەکەش ئیش ناکات. تەنها یەك چاو لە چوار چاوی تەباغەکە ئاگری هەبوو. لەگەڵ ئەوەی وەرزەکە سەرمابوو ئامێری گەرمکەرەوەکان ئیشیان نەدەکرد. کاتێك فارس دەخەوت لەسەرمان دەلەرزی.

بەڵام دیوارەکانی شوقەکە هەمووی تابلۆی هونەریی ناوازە و قەشەنگی پێوە بوو، وەکو تابلۆی مۆنالیزا بە قەبارەیەکی سروشتی، وێنەی ژنە ئسپانییەکە،

لەژووری نانخواردن دوو تابلۆی دووبارەی وەك یەك لەسەر دیوارەكە هەبوو، تابلۆی كوڕێكی بچووك جگەرە دەكێشێت، لەسەر دیواری ڕێڕەوەكەش چەند وێنەیەكی چوار پشیلەی زۆر جوان هەبوو. لەهۆڵی پێشوازییەكە سی پەیكەری گەورەی لە مس دارژێژراو هەبوو ، هی ئەژدیهایەك و چەند پیاوێكی ئاسایی ، وێنەی چەند ئاژەڵێكی جۆراوجۆر لەسەر دیواری باڕەكە هەبوو. بەڵام ئەمانە هەمووی بە چینێك تۆزی چڕ داپۆشرابوو.

هیچ شتێك لەمانە فارسی وەڕەس نەكردبوو، وەكو ئەوەی كە زۆربەی گڵۆپەكان سووتابوون ، بە جۆرێك كە بە ڕۆژیش بینینی تێدا زەحمەت بوو.

خاوەن شوقەكە بەڵێنی دابوو دەستبەجی خاوێنی بكاتەوە و چاكسازیی بكات. بەڵام فارس پێویستی بەچەند ڕۆژێكی حەسانەوە هەبوو ، بی تەقەتەقی دەستی كرێكاران و هەراسانكردن. بەكرێكارەكانی گوتبوو نەیەن بۆ شوقەكە پێش ڕۆژی دووشەممە. ئەوەی پێویستی پی هەبوو قەرەوێڵەیەكی باش بوو بۆ خەوتن و سەرینێك بۆ ژێر سەری و پەتوویەكی قورس خۆی پی گەرم بكاتەوە. تەنها قەرەوێڵەكەی دەست كەوت و لەسەری خۆی گرمۆڵە كرد وخەوت. سێهەم ڕۆژ دەنگی لە دەرگادانێك بەخەبری هێنا. خۆكارانە دەستی برد بگەڕێت بۆ دەمانچەكەی، ئینجا بیری كەوتەوە كە چەكی پی نییە، تەماشای كاتژمێرەكەی كرد، زانی كات نیوەڕۆیە، بەهۆی پەردە داخراوەكان دەوروبەری تاریك بوو.

دەرگاكە بەردەوام لی دراو توندتر بووەوە. دڵی فارس بەخێرایی لێیدا، بەكەسی نەگوتووە لە قاهیرەیە یان میسرجدیدە. ئەمڕۆش پێنجشەممەیە و كرێكارەكان پێش ڕۆژی دووشەممە نایەن. دەبی ئەمە كی بێت وا بەتەوژم لەدەرگا دەدات؟

فارس هەستا و لایتێكی بچووكی بەدەستەوە گرت و بەرەو دەرگاكە چوو، دەبێت شوێنەكەی ئەویان پی زانیبی؟ ئیدی بۆ لە دەرگا دەدەن؟ بۆ تێناخزێن و بی لەدەرگادان هێرش بكەنە نێوماڵەكە ؟ لایتەكەی توند لەناوەڕاستیەوە گرت تاكو بتوانێت بۆ بەرگری لەخۆكردن بەكاری بهێنێت ، گەر كەسێك بیەوێت دەستدرێژیی بكاتەسەر. بی بەرگریكردن خۆی بەدەستەوە نادات. گەیشتە دەرگاكە. لەكونێكەوە

تەماشای کرد ، ئینجا هێور بووەوە ، کە بینی پۆستەچییەکە چەند کارتۆنێکی گەورەی بۆ هێناوە. دەرگاکەی کردەوە و سەیری پیاوەکەی کرد ،کە فارس سەیری ڕواڵەتی پیاوەکەی کرد ، ڕاچڵەکان بەڕوخساریەوە دیار بوو.

"تۆ فارس جەمیلیت؟"

"بەڵێ. من ئەوم."

فارس زانی هۆی سەرسامبوون و ڕاچڵەکانی پیاوەکە دیمەنە بەربادەکەی ئەوە. چەند ڕۆژێکە ڕیشی نەتاشیوە و خۆی نەشوشتوە و جلوبەرگەکانی نەگۆڕیوە لەو ڕۆژەی گوللەکەی لی دراوە.

"لێرە ئیمزا کە."

فارس ئیمزای کرد و بەخشیشێکی دایە، کارتۆنەکانی هێنا ژووری، دیار بوو لە بەیروتەوە نێردرابوو. قەپاغی یەکەم کارتۆنی بەپەلە دڕاند، وەکو منداڵێکی بچووك دیارییەکی پی درابی لەجەژنی لەدایکبوونی.

لەنێو کارتۆنەکەدا مۆبایلێکی نوێی بینی ، لەگەڵ پاترییەکانی و کەتەلۆکەکەی. لەگەڵ زەرفێك دە هەزار جونەیهی میسریی تێدا بوو، بەشی ئەوە دەکات پێداویستیەکانی خۆی بکڕێت. لەگەڵ کۆمەڵێك بزنس کارت لەسەری نووسراوە فارس جەمیل بەڕێوەبەری کۆمپانیای ICT بۆ ڕاوێژکاری. بڕوکسێل- بەلجیکا، لەگەڵ سایتی ئەنتەرنێت و ئیمێڵ ئەدرێس و ژمارەی سەندوقی پۆست و ژمارە تەلەفۆنی ناوخۆی بڕۆکسێل.

فارس مۆبایلەکەی خستە سەر شەحن و ئەو ژمارەیەی لێدا کە لەسەر بزنس کارتەکە نووسرابوو. کچێك بە فەڕەنسی وەڵامیدایەوە:"سوپاس بۆ پەیوەندیەکەتان بە کۆمپانیای ئای سی تی بۆ ڕاوێژکاری. ببورن کە ئێستا کەس وەڵامی پەیوەندیەکەتان ناداتەوە، تکایە ناو و ژمارەی تەلەفۆن و مەبەستی پەیوەندیەکەتان بەجی بهێڵن. دواتر بەنزیکترین دەرفەت وەڵامتان دەدەینەوە". ئینجا ئەوە بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی دووبارە کرایەوە. ڕامی باش بیری لەهەموو شتێك کردۆتەوە!!!

فارس کارتۆنی دووەمی کردەوە ، جانتایەکی چەرمی بچووکی تێدا بوو. کە کردیەوە بینی کۆمپیوتەرێکی نوێیە Dell Latitude D 800 نوێترین زانیاریی تێدایە. لەگەڵ هەندێك سی دی، کە گشت پێداویستی ئیشەکەی ئەوی تێدایە. هەرەوەها کارتۆنی دووەم جلوبەرگێکی زۆری تێدابوو. چەند پانتۆڵێکی کاوبۆ و چەند کراسێك، جلی ژێرەوە، چاکەت و جلوبەرگی خوری و پێداویستیەکانی تەراش و دەرمانی ددان و فرچە و سابون و جەڵی قژ و شتی تر.

سێیەم کارتۆن شتێکی ناکاو بوو بۆ فارس، تەلەفزیۆنێك و سەتەلایتێکی دیجیتاڵی بچووك، لەگەڵ ڕادیۆیەکی نوی. زانی کەوا ڕامی دەیەوێت بە دوای هەواڵەکاندا بچێتەوە، بەتایبەت هەواڵی ڕاونانی ئەو. لەژێر ئەوەش هەندێك نەخشەی قاهیرە و دەوروبەری تێدا بوو. لەگەڵ لیستی کۆمپانیا ڕاوێژکارییەکانی تایبەت بە کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت لە قاهیرە. لەگەڵ کۆمەڵێك چاپکراو و گۆڤار و ڕۆژنامە کە گوتار و توێژینەوەیان سەبارەت بە دروستکردنی کۆمپیوتەر تێدابوو ، بۆ ئەوەی بتوانێت لە نهێنییەکانی ئەو ئیشە بگات کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە.

ئینجا لە بنی کارتۆنەکە قوتویەکی بچووکی بینی کلیلەکەی بەقەپاغەکەیەوە لکابوو، کە کردیەوە دەمانچەیەکی عیار 45 ی تێدا بوو لەگەڵ فیشەکەکانی.

# بەشی بیست و دووەم

فارس هەستی بەخەتا کرد کە براکەی نارد بۆ بەغدا. بێگومان ڕامی باش دەزانێت بۆچی ئەوەی لی داواکرد. چونکە هەرگیز ڕێی نەدەدا و ڕازی نەدەبوو بیخاتە ژێر دەستی جودار یان یەکێك لەپیاوەکانی ئەو. هەستی بەئازار کرد، ئازارەکە گەدە و ریخۆڵەکانی گرژ کردەوە. ئەگەر خوانەخواستە ڕامیش لە عیڕاق بکوژرێت ئەوا هەرگیز ئەم تاوانەی خۆی لە یاد ناچی. دەبی چارەسەرێك بدۆزێتەوە و خێرا ئەم مۆتەکە ڤاو بدات کە ئەو تێیدا دەژیت. کۆمپیوتەرەکەی کردەوە و کێبڵەکەی گەیاندە هێڵی تەلەفۆنەکەی ژووری دانیشتن و چووە نێو ئەنتەرنێت. بەخێرایی بۆ زانیاری نوی گەڕا، دەربارەی فەرید ڕەمزی و هاوسەرەکەی، وەکو پێشبینی ئەوەی کردبوو، بینی میدیاکانی ئەوروپا و میسر پڕە لەچیرۆك و توانج لەسەر کوشتنی فەرید و بریجێتی کچی و ڕفاندنی کلۆدێتی هاوسەری. ئینجا لەسەر مۆنیتەرەکەی بەردەمی وێنەکەی خۆی دەرکەوت، وێنەی مەڕوان عەقادی داواکراو بۆ گرتن وەکو بکوژێك. وێنەکە لەزۆر شوێن دووبارە بووەوە ، وای لی کرد بیر بکاتەوە، کەوا هەڵەی کردووە بەم هاتنەی بۆ ڤاهیرە. بەڵام ناچار بوو. هەواڵێکی نوی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی لۆموۆندی فەڕەنسی هەبوو ، بە وردی و دوورودرێژی باسی ڕووداوەکانی پێش کوشتنی فەرید ڕەمزی دەکات لە مۆنتی کارلۆ. لەمانە گەیشتنی نامەیەك بوو لە بەرلینەوە بۆ نووسینگەکەی فەرید ڕەمزی لە پاریس بە پۆستی خێرا ، ڕۆژێك دوای ڕفاندنی کلۆدێت و داواکردنی ڕزگارانە. لەنێو نامەکەدا ڕێنماییەك هەبوو بە حەواڵەکردنی ملیۆنێك یۆرۆ بۆ حیسابی ژمارەیەکی دیاری کراو لەبەنگێکی سویسری لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، ئەوە تەنها بۆ ئەوەی ئەگەر مسیۆ فرید ڕەمزی حەز بکا جارێکی دیکە هاوسەرەکەی ببینێتەوە ، ڕۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات کە فەرید ڕەمزی بڕی تەواوی پارەکەی داوە بەبی دواکەوتن.

هەروەها رۆژنامەکە گوتی:"دوای ڕۆژانێکی کەم نامەیەکی دیکە لە برۆکسێلەوە دیسان بەپۆستی خێرا گەیشتە ماڵی فەرید ڕەمزی و کاسێتی ڤیدیۆیەکیشی لەگەڵدا بوو ،تێیدا هاوسەرەکەی دەردەکەوێت کۆت کراوە و دەمی پێچراوە و زیندووە و دەجوڵێتەوە، لەنێو نامەکەدا داوایەکی نوی هەیە، بە بڕی دە ملیۆن یۆرۆ، ئەگەر نا بەپێچەوانەوە هاوسەرەکەی دەکوژرێت و وێنەی کوشتنەکەی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکرێتەوە ، تاکو هەموو جیهان تەماشای بکات. ڕێنماییەکەش ئەوە بوو کە دەبێت فەرید ڕەمزی لە ماوەی حەفتا و دوو کاتژمێردا ئەو بڕە پارەیە حەواڵە بکات، ئینجا بڕوات بۆ برۆکسێل و چاوەڕوانی ڕێنمایی نوی بێت لەلایەن ڕفێنەرەکان".

ڕۆژنامەکە بەردەوام باسی هەندێك چیرۆکی کرد دەربارەی دۆزینەوەی زەرفێکی نامۆ لە نێو نووسینگەی پێشوازی ئەو ئوتێلەی کە فەرید ڕەمزی تێیدا نیشتەجی بوو، لەنێو زەرفەکە وێنەیەکی نوێی هاوسەرەکەی تێدایە لەگەڵ یاداشتێك بە داواکردنی بیست و پێنج ملیۆن یۆرۆ ، لەگەڵ ڕوونی شوێنی هاوسەرەکەی لە مەدرید، دوای حەفتەیەك پاش ئەوەی تەواوی پارەکە دەدات. ئەم چیرۆکە تەواوە و ڕاستە وەکو ڕۆژنامەکە باسی دەکات و هۆی ئەوە بوو فەرید ڕەمزی پەیوەندی پێوە بکات و داوای یارمەتی لی بکات. چیرۆکەکە لەلای مەڕوان نوی نەبوو ، نەبووە مایەی سەرسام بوونیشی. ئەمانە هەمووی باش دەزانێت. ئەوەی سەرسامی کرد بڕگەکەی دیکەی نووسراوی ڕۆژنامەکە بوو:

"هەروەها پیاوانی پۆلیس بۆچوونیان وایە کە مەڕوان عەقاد خاوەن کۆمپانیای لوبنانی تایبەت ، لەوانەیە ئەم تاوانە تۆقێنەرە بەدەسکێشی ئەو بووبێت. سەرچاویەکی نزیك لەلایەنە لێکۆڵەرەکان دەڵێت کە بەڵگەی بەهێزیان لایە کەوا مەڕوان عەقاد دەستی لە تاوانەکە هەیە ، هەروەها توانیویەتی هەڵبێت و تا ئێستا بێسەروشوێنە. ڕۆژنامەی لۆمۆند چەندین پەیوەندی بە نووسینگەی کۆمپانیای عەقاد و شەریکەکانی کردووە لە بەیروت و وەڵام نەدراوەتەوە، بەڵام هەوڵی چڕوپڕ هەیە بۆ ڕاونان و گرتنی بەزووترین کات و لەڕێگای کارامەترین پیاوانی پۆلیس".

لەناکاو دەنگی لێدانی دەرگاکەی بیستەوە. لێدانەك بە هێواشی دەستی پێکرد و ئینجا بەهێز بووەوە. فارس لە جێگای خۆی وشك بووەوە. دەشی دیسان پۆستەچییەکە هاتەوە؟ یان دەبی کی بێت؟ خێرا دەمانچەکەی پڕ کرد لە فیشەك و بەسووکی ڕووەو دەرگاکە ڕۆیشت. کاتێك لەکونەکەوە تەماشای کرد زۆر سەرسام بوو لەوەی بینی. لە دەرەوەی دەرگاکە سی کچی جوان ڕاوەستابوون. کەسیان تەمەنی لە بیست ساڵ تێناپەڕێت. کچەکەی ناوەڕاست سەبەتەیەکی پڕ لەشیرنەمەنی و میوەی بەدەستەوە بوو.

سەری لی شێواو و دەمانچەکەی خستە گیرفانی و بەکراسەکە داپۆشی تا کەس نەیبینی، کەمێکی لە دەرگاکە کردەوە بزەیەکی کرد، هەستێکی سەرگەردانی تێدابوو، گوتی:

"بەیانیتان باش."

کچەکەی لای ڕاست زەردەخەنەیەکی کرد، ئەوەی لای چەپ بە شەرمەوە قاقایەکی کرد، بەڵام ئەوەی کە لەناوەڕاستیان ڕاوەستابوو قسەی کرد و گوتی:

"بەیانیت باش. من ناوم دالیا نوورە. ئەمانەش هاوڕێمن دینا و مێرڤەت ، ئیمە نیشتەجێی شوقەکەی سەرەوەی تۆین. بیستمان تازە هاتوویت بۆ ئێرە."

فارس هیچ قسەیەکی نەدۆزیەوە بیڵێت. بەڵام دانی بەخۆدا گرت و دوای کەمێك گوتی:

"خوشحاڵم بەبینینت دالیا، خۆشحاڵم بەبینینی ئێوەش. فەرموون؟"

دالیا بەدەنگێکی دڵنیاوە گوتی:

"ئێمە تەنها دەمانەوێت بەخێرهاتنت بکەین لەم باڵەخانەیە و دیارییەکی ساکارت پێشکەش بکەین لەباتی دەستەی سەرنشینەکانی ئێرە."

سەبەتەی میوەکەی بۆ پێشکەش کرد، فارسیش دەستی درێژ کرد و بە سوپاسکردنەوە وەریگرت. لەو کاتەی دەستی درێژ کرد هەستی کرد دڵی چووە دالیا. جوانترین و ناسکترین ڕوخساری هەیە، دوو چاوی گەورە و بەرین ... ڕەنگ قاوەیی ، کاتێك زەردەخەنە دەکات چاوەکانی دەتروسکێنەوە و دەدرەوشێنەوە ، هەر لەو

تاوەش زەردەخەنەی دەکرد. جلوبەرگەکانی ئەوروپی و گرانبەها بوون. چاکەتەکەی کشمیری و ڕەنگ پەمەیی بوو، پانتۆڵەکەی ڕەش بوو، بێڵاوەکەی وادیاربوو لە ئنگلتەرا یان فەڕەنسا دروست کراوە. هیچ پۆشاکێکی دروستکراوی خۆماڵی لەبەر نەبوو. هەرچەند هاوڕێکانی خشڵیان لەبەر کردبوو، بەڵام دالیا تەنها ئەنگوستیلەیەکی باریك و لە ناوەڕاستی ئەنگوستیلەکە ئەڵماسێکی بچووك هەبوو.

فارس چاوی بە دالیاوە هەڵواسرابوو و گوتی:

"جوانە. سوپاس بۆ پێشوازی و ڕێزلێنانتان."

ڕانیا وەڵامیدایەوە و لەچاوەکانیدا تەماشاکردنێکی بەدڵاچوون هەبوو:

"پێخوشحاڵین."

ئایا ئەویش وەکو خۆی ڕاکێشرا ؟ یان تایەکەی لەشیەتی بەم شێوەیە فریوی دەدا؟ هەستی کرد دەیانەوێت بڕۆن. ڕواڵەتە ناشرین و دیمەنە قێزەونەکەی خۆی بیرکەوتەوە. ئینجا هەوڵیدا کەمێك ڕایان گرێت، چەند خولەکێك قسەی خۆشیان لەگەڵدا بکات و گوتی:

"حەزم کرد بتوانم میوانیتان بکەم و چایەك لەگەڵ ئەم دیارییە جوانەتان بخوێنەوە. بەڵام شوێنەکەم خراپ و چەپەڵە لە ڕواڵەتم باشتر نییە کەوا دەیبینن."

بۆ بەرپەچدانەوەی قسەکەی تەنها پێکەنینێکی دالیا و دینا و قاقای مێرڤەت بوو.

ئینجا دالیا گوتی:

"گرنگ نییە. بەڵام حەز دەکەین ئەمشەو بانگهێشتت بکەین بۆ ئاهەنگێکی خنجیلانە . ئاهەنگەکە لە کاتژمێری نۆیە. پێویست ناکات هیچ لەگەڵ خۆت بهێنیت. هەر ئاوها وەرە. بەڵام بە کراسێکی خاوێن."

فارس ویستی بانگهێشتەکە بی دوودڵی قبووڵ بکات. شتێك لەم کچەدا هەیە و مێشکی سەرقاڵ کرد. بەڵام لەهەمان کاتدا دەیەوێت بزر بێت و سەرنج ڕاکێش نەبێت. چۆن دەتوانێت بانگهێشتەکە ڕەت کاتەوە؟ ئەگەر ئاهەنگەکە ڕەت بکاتەوە دەبێتە هۆی پرس و باس ، دەربارەی ئەم بێگانەیە توند و ووشك و بێزەوقە ، کە

بانگهێشتەکەیانی ڕەت کردەوە. باڵەخانەکە پڕ دەبێت لەچەنەبازی. تەماشای کردن و زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

"ئەوە مایەی شانازیە بۆمن و زۆریشم پی خۆشە. لە پێناو ئەوەدا وا بۆ کراسێکی خاوێن دەگەڕێم."

# بەشی بیست و سێ

پشکنەر جودار بە هیچ شتێك نەگەیی. کاتێك گەیشتە بەیروت، کۆمپانیای عەقاد و شەریکەکانی کەسێکی گرنگی لی نەبوو ، تا زانیارییەکی گرنگی لی وەربگرێت و یارمەتی بدات بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە. گشت کارمەندە گەورەکانی بەجێیان هێشتبوو پێش گەیشتنی ئەو بە ڕۆژێك. کچێکی فەرمانبەری پێشوازی بە تەنها لەوی بوو، کە پرسیاری لێکرد مەڕوان عەقاد لێرەیە. گوتی: نەء نازانم لە کوێیە. کاتێك هەواڵی ڕامی پرسی، داوای لێبوردنی کرد و گوتی: ببورە ڕامی لە بەغدایە و نازانم کەی دەگەڕێتەوە. هیچ هەواڵێکی ئەوم پی نەگەیشتووە. زۆربەی بەرپرسەکانی دیکەی ئەم کۆمپانیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون ،بۆ کاروباری جۆراوجۆر. جودار ژمارەی مۆبایلەکەی خۆیی پی داو داوای لی کرد پەیوەندی پێوە بکات ، گەر هەر زانیاریەك هەبوو. پاشان چوو بۆ ئوتێلەکەی خۆی ، تاکو هەواڵەکە بە مارسێل بگەیێنێت.

لە ئوتێلی هیلتۆن رەبات پەیوەندی پێوە کرد و لێی تێگەیشت کە ئەو زانیارییەکی کەمی باشتری پێیە. لەسەر ئامێرەکانی ڤیدیۆی فڕۆکەخانەی دارلبەیزا وێنەی جاك کاردێلیان دۆزیەوە، لە کاتی گەیشتنی فڕۆکەی کۆمپانیای شانشینی مەغربی، ئینجا کاتی بەکری گرتنی ئۆتۆمبیلەکە. پۆلیسی دارلبەیزا خەریکن بۆ ئۆتۆمبیلەکە دەگەڕێن و نەیاندۆزیوەتەوە، هەروەها دەزگا هەواڵگریەکانی مەغربی ڕایانگەیاند کە مەڕوان عەقاد لە دوو سەردانی فەرمی ، دووجاری دیکەش لەگەڵ سەرەك وەزیرانی لوبنان هاتووە بۆ مەغرب. ئەمە هەموو ئەوانە بوو کە مارسێل لەگەڕانەکەیدا بە دوای مەڕواندا، توانی بووی پێی بگات. لە تەلەفۆن بەسەرگەردانییەوە وەکو یەکێك بەدەنگی بەرز بیر بکاتەوە بەجوداریشی گوت:

"مەڕوان ڕووەو مەغرب ڕۆیشت. ئەو باش دەزانێت کە ئێمە بەدوویدا دەگەڕێین. باشیش دەزانێت ناوی جاك کاردێل بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەکار

بهێنێت. ئیمەش باش دەزانین کە ئەو پارەیەکی وەهای پی نییە بەشی بکات. دەبی کەسێکی ناسیاو لێرە ببینی.

جودار تاوێك وەستا و ئینجا پرسی:

"بە ئەفسەرەکەی مارسیلیای نەگوتبوو دەچێت بۆ لای دەزگیرانەکەی؟"

مارسێل بەڕەخنەگرتنەوە گوتی:

"پێم گوتی ئەو زانیاریانەی لامانە دەڵێت ئەوە ساڵانێکە نەهاتووە بۆ ئێرە، واتە ئەگەری بوونی دەزگیرانی لێرە لاوازە."

"ڕەنگە لە شوێنێکی دیکە بینیویەتی و پاشان هاتووە بۆ دارلبەیزا."

مارسێل بینی  جودار قسەکەی دروستە و ڕاستە، دوای بێدەنگییەك گوتی:

"تەواوکە. قسەکەت تەواوکە."

"لە جانتاکەی ئەنگوستیلەیەکی مارەبڕینیان دۆزییەوە. وا نییە؟"

مارسێل وەڵامیدایەوە:

"بەڵی. وایە."

جودار گوتی:

"ئەمە بەتەواوی ئەوە ناسەلمێنێت کە بەڕاست دەزگیرانەکەی لەوێیە؟"

مارسێل بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدا بۆ قسەکەی جودار و پرسی:

"باشە. لەکوی یەکتریان دیوە؟ لە بەیروت.. بلێین؟"

خێرا وەڵامیدایەوە:

"دەشبێت. بەڵام دەبی لەبیر نەکەین کە مەڕوان عەقاد زۆربەی کاتەکانی دوای شەش مانگ لە لقی کۆمپانییەکەی لە پاریس بەسەر بردووە. لەیەکێتی ئەوڕوپا کاری بۆ مەعمیلەکانی دەکرد."

"بۆچوونت وایە کە ئەو کچەی لەوی دیوە؟"

"لەوانەیە."

مارسێل بەشێوەی فەرمان گوتی:

"لەبراکەی بپرسە."

جودار تێی گەیاند کە ئەوە ئێستا نابێت. مارسێل گوتی:

"مەبەستت ڕامی عەقاد لەهەمان ڕۆژی گەیشتنت بۆ بەغدا ڕۆیشتووە؟"

"ڕەنگە ئەمە شتێکی سەیر بێت، بەڵام کچە فەرمانبەرەکەی پێشوازی پێی گوتم وەکو خۆکار بەردەوام سی حەفتە لەمانگێك لەدەرەوەی بەیروت دەبێت."

"کەی نەخشەی بۆ دوامین گەشتەکەی خۆی دانابوو؟"

"گوتی چونکە لەناکاو بووە."

مارسێل دەستپێشخەر بوو بۆ بڕیارێکی دیکە و ئەرکپێدانێکی نوێ و گوتی:

"گرەو دەکەم  ئەمە پەیوەندی بەوە هەیە کە ئێمە تێیداین. دیسان بڕۆ بۆ لای کچە فەرمانبەرەکە ، هەوڵ بدە و هەموو شتێکی لی تێبگەی ، دەربارەی سۆزەکانی مەڕوان عەقاد و پەیوەندی بەکچانەوە. ئینجا بەزووترین کات هەواڵم پی بدە."

# بەشی بیست و چوار

فارس جەمیل بەهەموو توانایەوە هەوڵی دا یادی بێتەوە دووایین ئاهەنگ کەی بووە کە تێیدا ئامادەبووە. لەو ماوەی دواییدا کە ژیانی بۆ کار تەرخان کردبوو. هەموو ئیشەکانیشی پڕ لە مەترسی بوو تەنانەت لە ڕۆژانی حەسانەوەش ، لەکاتی حەسانەوە و مۆڵەتەکانیش بێبەش بوو. کاتی نەبوو بۆ چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان و تێکەڵبوونی خەڵکی. بەڵام هەستی کرد بەڕاستی پێویستی و تامەزرۆیی هەیە بۆ بەشداریکردن لەم ئاهەنگەی ئەمشەو.

چووە ژێر پرژێنی ئاوی گەرمەوە ، ئەمەش ئاسان نەبوو چونکە برینەکەی شانی هێشتا سارێژ نەبووبوو. هێشتا هەر وا سوورە و ئێشی هەیە ، لەگەڵ ئەو هەموو دەرمانانەی دەیخوارد هەندێك چاك بۆتەوە. هەروەها هەوەسی خواردنی بۆ گەڕا بۆوە، بەڕادەیەك هەموو پرتقاڵە گەورە و هەندێك لە میوەکانی دیکەی خواردبوو ، ئەوانەی کە دالیا بۆی هێنا بوو..دالیا نوور...

کاتێك لەبەر ئاوێنە ڕاوەستابوو ڕیشی خۆی دەتاشی ڕوخساری دالیای بیرهاتەوە. دەبێ ئەو کچە کێ بێت؟ چیرۆکەکەی چییە؟ لەپەنجەکانی ئەنگوستیلەی مارەبڕین یان شووکردنی نەدی. ئەوە چۆن دەبێت؟ کچێك بەم شێوە جوان و سەرنج ڕاکێشە، پەیوەندی بەکەسەوە نییە ؟!

مەڕوان هەندێك جلوبەرگی قۆزی هەڵبژارد ، کە گونجاو بوو بۆ ئەو ئاهەنگە. سواری نەردەوانەکە بوو بەرەو سەربان. لەوی نزیکەی بیست گەنجی کچ و کوڕی بینی ، هەموویان لەسی ساڵ کەمتربوون ، وا خەریکی ئاهەنگ گێڕانن، پێکەنین و سەما و قسەکردن و هەرا و خۆشیە. دەنگی مۆسیقای (عەمرو دیاب) لەڕیکۆردەرەکەوە بەرز دەبووەوە ، کە لەناوەڕاستی شوێنەکە دانرابوو، ڕوناکیی گڵۆپەکان بەسەر دەموچاوی ئەو لاوە دڵخۆشانەدا دەدرەوشایەوە ، کەوا بۆ بەزمی ئەم شەوە هاتبوون. مێزی خواردنەکە درێژ و سەری پڕ بوو لەخۆراکی بەتام و

شیرنەمەنی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی . لەلاپەڕێکی شوێنەکە بارێك هەبوو جۆرەها خواردنەوەی لەسەربوو. لە پشتی بارەکە ساقییەك بە جلێکی ڕەش ڕاوەستاوە ، جلەکانی بە سانتینی زێڕین نەخشکرابوو. شوێنەکە بەو خواردن و خواردنەوە و مۆسیقا و ئەو جلوبەرگە جوانانە و پێکەنین و قسەی نێو ئەم گەنجانە ڕازابۆوە، مەروان وای هاتە بەر چاو، تێگەیشت دەبی ئەوانە لەبەرزترین چینی کۆمەڵگای قاهیرە بن ، لەو دەوڵەمەندانەی کە ئازادن لە پەیوەستبوونی ئاینی و دواکەوتنی کۆمەلأیەتی . بەپێچەوانەوە هەستی کرد هەموو ئەوانەی لەدەوروبەری ئەون بە مەبەستی کات بەسەربردنێکی بی کۆت وپێوەند هاتوون. دوای ڕووداوەکانی حەفتەی ڕابردوو، دوای ئەو کۆستەی کە لە ڕانیاوە تووشی هاتبوو. ئەمرۆ دەیەوێت دووربکەوێتەوە و لە هەموو بیرکردنەوەیەکی قەدەغە و لە حەرام هەڵبێت. تەنانەت دەیەوی خودی خوداش لەبیر بکات.نایەوی هیچ شتێك ناوی خودای بهێنێتەوە یاد. پێویستی بەوە نییە هیچی لەسەر بزانێت یان ببیستێت. نە لەدوور و نە لەنزیك بوونیشی هەبێت لەژیانی ئەو . چیی لە خودا بە دەست هێناوە بێجگە لەداڕوخان و دۆڕان ؟! نە دادی داوە و نە یارمەتی و نە پاراستوویەتی. دەتوانێت بەخۆی بی ئەو ڕووبەڕووی هەموو کێشەکانی ژیانی خۆی بێتەوە بی ئەوەی پێویستی بەخودا بێت.

لەبارەکە نزیك بووەوە شووشەیەکی بیرەی گەورەی هەڵگرت و پارەکەی دایە ساقییەکە، کردیە نێو پەرداخێکی گەورە. ویستی ماندووبوون و پەژارەکانی ڕۆژانی ڕابردوو خۆی ڤاو بدات.

پەرداخەکەی بەرزکردەوە بۆ دەمی و چاوی نوقاند و هەستی کرد یەکێك بەنەرمی لەسەر شانی دەدات ، لەدواوەوە دەنگێکی ناسکی بیست، دەڵێت:

"کراسێکی خاوێن وجوانە!"

ئاوڕی دایەوە بینی دالیا بوو ، زەردەخەنەی بۆ دەکات و دەڕوانێتە جلوبەرگەکانی و دەڵێت:

"بەباشی خۆت خاوێن کردووەتەوە و ڕواڵەتت جوان بووە."

وا پێدەچوو خۆشڕەفتاری لەگەڵدا بکات. بەڵام هەستی کرد ئەوە لە خۆشڕەفتاری زۆرترە. وا دیارە دەزتبازیی لەگەڵدا دەکات. دالیا هەناسەیەکی لەجگەرە ئەستوورەکەی هەڵکێشا و جگەرەیەکی هەمان جۆری دایە ئەویش. چاوێکی بەدەم و دەستی دالیا و دووکەڵی جگەرەکەیدا خشاند و زانی ئەم جگەرەیە چیی تێدایە. دایکی یادهاتەوە گەر بیبینایە چۆن دەست درێژ دەکات و ئەم جگەرەیە وەردەگرێت و چیی پی دەگوت. بەڵام یەکسەر ئەو بیرۆکەیەی لە خەیاڵی خۆی نەهێشت. نایەوێت ئەمشەو هەست بەهیچ خەتا و پەژارەیەك بکات لەو شتانەی دەیەوی بیکات. بڕیاری دا لەم شەوەوە هەموو ڕابردووەکانی خۆی فەرامۆش بکات و سەرلەنوی دەستپێبکاتەوە. دەستی درێژ کرد و چگەرەکەی وەرگرت و دەشیزانی هۆشبەری (ماریجوانا)ی تێدایە، دایگیرساند و ئینجا پرسیاری لی کرد:

" ئەمە هەمووی بە چ بۆنەیەکە؟"

"ئەمڕۆ پێنجشەممەیە."

"جا چی تێدایە؟"

"ڕۆژی حەسانەوە. سبەینی پشووە."

"گشت پینجشەممەیەك وا دەکەن؟"

"هەندێك خەڵك وا دەکەن."

"تۆ لەو کەسانەیت؟"

"هەندێك جار پێم باشترە بچم بۆ سەماکردن یان بۆ تەماشاکردنی فلیمێك."

"ئەی ئەمشەو؟"

"ئەمشەو تامەزرۆی ئەوە بووم ، کە تۆ ئامادە دەبیت و بانگهێشتەکەم قبووڵ دەکەیت یان نا."

"پێشبینی ئەوەت کرد کە من دێم ؟"

"بەڕاستی.. نەخێر."

فارس بەبزەیەکەوەوە سەیری کرد و پرسیاری لی کرد:

"بۆ نەخێر؟"

"نازانم. وامزانی تۆ لەوانەی کە حەز لە گۆشەگیری دەکەی. گۆشەگیریت و حەز دەکەیت تەنیا بیت لەگەڵ خۆت. وات پێوە دیار بوو."

دەنگی پێکەنینی فارس بەرز بووەوە و سەری داگرت و بەگاڵتەوە گوتی:

"خەتاکارم گەورەم دادپرس. من خەتاکارم."

دەنگی پێکەنینەکانی دالیا بەرز بووەوە و دەستی نایە سەر سینەی فارس و لار بووە لای و گوتی:

"هەر لەوە خەتاکاریت؟ یان خەتای دیکەت هەیە؟"

پرسیارەکە سینە و دڵی فارسی کون کون کرد  کە ئەم قسەی بیست، چونکە واتاکەی گۆڕی بۆ کردەوەکانی ڕابردووی خۆی و ئەوەی ئێستاش دەیکات و دەیشارێتەوە، بەڵام بەگاڵتەوە گوتی:

"خەتاکانم زۆرن. من تاوانبارێکی ترسناکم."

دەستە ناسکەکەی درێژ کرد و دەستی گرت و لەدوو خۆی ڕایکێشا و گوتی:

"وەرە. دەمەوی شتێکت پی نیشان بدەم."

لەنێوان جەنجاڵیەکە دەستی گرت بۆ گۆشەیەکی دوور و هێمن لەسەربانەکە، دار و گوڵێکی زۆری لی بوو وەکو باخچەیەکی تایبەتی بچووك وابوو. لەسەرەوە تەماشای گڵۆپەکانی میسرجدیدەی کرد وا دەدرەوشێنەوە و فڕۆکەکان لەفڕۆکەخانەکەی نزیك ئەوی هەڵدەستن و دەنیشنەوە. بەرانبەر ئەم دیمەنە جوان و دڵڕفێنە ڕاوەستا، بە سەرسورمانەوە گوتی:

"زۆر جوانە... زۆر زۆر!"

"وا نییە؟"

هەردووکیان لەتەنیشت یەك و دەست لەنێودەست ڕاوەستابوون، چێژیان لەو بێدەنگی و تێڕامانی دیمەنەکە وەردەگرت. دوای ماوەیەکی نادیار نەیانزانی چەندێك بوو بەدەنگی دالیا خەبەری بووەوە کە بەنازەوە گوتی:

"پێم بڵی کوڕە بەدبەختەکە: ناوت چیە؟"

"فارس."

"فارس کێ؟"

"فارس جەمیل."

"سەروسەربردەت چیە؟ تۆ کێیت؟ لێرە چی دەکەیت ؟"

چی پی بڵێت؟ چۆن وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە؟ ئایا ڕاستیەکەی پی بڵێت؟ کاردانەوەی ئەو چی دەبێت؟ بەردەوام ڕوانییە چاوە جوانەکانی و نایتوانی خەیاڵی ئەوە بکات کە کاردانەوەی ئەم دوو چاوە چی دەبێت ، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی بەڕاستی بداتەوە. قومێکی لەپەرداخەکە خواردەوە و گوتی:

"ڕاوێژکار."

لێی دووپاتکردەوە و پرسی:

"ڕاوێژکار لە چی؟"

"لە کۆمپیوتەر."

"ئیشێکی بێزارگەر دیارە ."

"ڕاستیەکەی وایە."

"خەڵکی کوێیت؟ لەکوێوە هاتوویت؟"

"لەهەموو شوێنێك. دواهەمین پێنج ساڵ لە ئەوڕوپادا ژیام."

چاوی تروسکایەوە و پرسی:

"بەڕاست؟ لە هەموو شوێنێکی ئەوڕوپا؟"

"مەدرید. پاریس. بەرلین. هەموو شوێنێك کە بە بیرت دادی. بەڵام بارەگای کۆمپانیاکەم لە بڕۆکسێلە."

"ئاە. من حەزم لە پاریسە. بەتایبەت لە بەهاراندا."

ئەمەی گوت و باسی ئیشکردنەکەی پشت گوی خست، فارس ئەمەی پی خۆش بوو ،ئینجا دالیا گوتی:

"کەشوهەواکەی پاریس زۆر خۆش و سازگارە و شەقامەکانی پڕە لە دڵدارانی بەجووتە."

"فارس لەنێوان بیرە خواردنەوە و هەناسەی جگەرەکێشانەکەی گوتی:

"لەوی گەورە بوویتە؟"

دووکەڵێکی شینی دەرکرد و گوتی:

"نەخێر، لە ئوردن. بەڵام من لە کۆمپانیای فڕۆکەوانی بەریتانی میوانگوزارم ، لەبەر ئەمە زۆر جار سەردانی پاریس دەکەم."

"دیارە ئیشەکەت خۆشە."

بەخەمۆکیەوە گوتی:

"لەوانەیە وابێت."

"بەڵام؟"

"بەڵام زۆر زەحمەتە ژیانی تایبەتی خۆت هەبێت کاتێك ئەم ئیشە دەکەیت."

"مەبەستت چیە؟"

"مەبەستم ئەوەیە، کە لە ئیشەکە داتدەمەزرێنن، بەڵێنێکی زۆر و دڵخۆشکەرت پی دەدەن وەهات لی دەکەن سەرت دەسووڕێنن، نە تەنها ئەم کۆمپانیا بەریتانییە، گشت کۆمپانیا فڕۆکەوانیەکان. پێت دەڵێن گەشتکردن بەخۆڕایی.. جیهان دەبینیت.. بۆ هەر شوێنێك بتەوی دەچیت و هی دیکەش. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بەردەوام ئیش دەکەیت و لەکات و ساتێکی نائاسایی. هەموو کاتێك لەنێو جانتای گەشتدا دەژیت. بەیانیان هەڵدەستیت نازانیت لە کوێیت و نازانیت چۆن پەیوەندی بەکەسوکاری خۆتەوە بکەیت. زۆریش زەحمەتە برادەرییەك دروست بکەیت ،تەنها برادەرەکانی ئیشەکە نەبێ. ئەگەر دڵیشت چووە یەکێك لە فڕۆکەوانەکان دەبینیت هەموویان ژنیان هێناوە. یان ئەگەر دڵت چووە یەکێك لە میوانگوزارەکان ، بۆت دەردەکەوێت زۆربەیان بێقیمەتن. دەبینیت زۆربەیان وەهان. ؟ گرفتێکی زۆر لەم جۆرە هەیە. بەڵام لەکۆتاییدا بە پارەی جۆرە ئیشێکی وەها دەتوانی بە ئاسانی قەرزەکانت پی بدەیتەوە."

ئەمەی گوت و سەری لەقاند و هەناسەیەکی دیکەی لە جگەرەکە هەڵکێشا . فارس بەبایەخپێدانەوە تەماشای کرد و ئینجا گوتی:

"ئەی دینا و مێرڤەت؟ ئێوە هاوڕێن. وا نییە؟"

"بەتەواوی نا."

"مەبەستت چییە؟"

"خراپ لێم تێنەگەیت. ئەوانە دوو کچی چاکن. منیش ئامادەم هەموو شتێك لە پێناوی هاوڕێیەتیەکەمان بکەم. ئەوانیش هەمان شت. بەڵام ماوەیەکی کورتە یەکترمان ناسیوە. ئێمە لەکرێی شوقەکەمان هاوبەشین چونکە هیچ کەسێکمان بەتەنی توانای کرێیەکەمان نییە... پاشان ئەوان لە کۆمپانیای (ئایەرفرانس) ئیش دەکەن بۆیە ناتوانین زۆر یەکتر ببینین. هەریەك لە ئێمە ئیشێکی جیاوازی هەیە ئێستاش بۆ نیویۆرك گواسترانەوە و ئیتر لەمەو دوا ناتوانم بیانبینم.

"ئەمە شتێکی خراپە."

"ژیان وەهایە.. پشوودان بۆ بەدبەختەکان نییە."

ئەمەی گوت و زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد، فارس دەستپێشخەربوو بۆ پرسیارەکەی:

"کەواتە بۆ ناگەڕێیت بۆ ئیشێکی دیکە؟"

"چ ئیشێك؟ لەکۆمپیوتەر وەکو تۆ؟"

"بۆ نا. بەوەش دەتوانیت قەرزەکان بدەیتەوە."

"تۆ حەز لەم ئیشەی خۆت دەکەیت ؟"

"ئەم ئیشە خراپ نییە ، وەکو زانیت لەگەڵ سروشتی گۆشەگیریەکەم گونجاوە. سەبارەت بە یەکێك وەکو تۆ، نازانم... پێویستیت بەزۆرترە."

"مەبەستت لەم قسەیە چییە؟"

"مەبەستم ئەوەیە تۆ جوان و ناوازەیت.. بوێر و گورجیت، بۆیە پێویستیت بە شتێکی باشترە."

"چاوی لە دیمەنی شارەکە لابرد و ڕوانییە چاوی فارس و سەری لارەوە کردە لای و بەگاڵتە و ڕووحسووکی و نازەوە پرسیاری لی کرد و بەچرپەیەکی گەرم و پڕ لەخەیاڵ گوتی:

"دەمبینیت من جوانم؟"

"ئەی چی منی هێنا بۆ ئەم ئاهەنگە گەر وا نەبێت؟"

فارس ئەمەی گوت و کەشوهەواکەی دەوروبەریان و خواردن و جگەرەکێشانەکەی هەستی گەرم کردەوە. بۆ لای ئەو خۆی لار کردەوە و لەناکاو ماچێکی لێکرد! ئەویش لەگەڵیدا بە وەڵام بوو و خێرا ماچێکی چاوەڕوان نەکراوی لێکردەوە. فڕۆکەیەکی گەورەی بوینگ 747 لەسەریان هاژەیەکی کرد و کاتێك لە فڕۆکەخانەی قاهیرەی نێودەوڵەتی نزیك بووەوە ، دەنگێکی گەورەی هەبوو. دالیا خەمساردی نەکرد و دەستپێشخەرییەکی بۆکرد، زانی ڕەت ناکرێتەوە، دەمی بردە بن گوێی و پێی گوت:

"دوای ئاهەنگەکە یەکسەر دینا و مێرڤەت دەچن بۆ فڕۆکەخانە و شوقەکە بەتەنیا دەبێتە هی خۆم. ئەنجا هەست بەتەنیایی دەکەم و ئەمەش بۆ من شتێکی کوشندەیە. چونکەحەز لە تەنیایی ناکەم و ئۆقرە ناگرم."

فارس هەستی کرد کە پلەی گەرمی لەناکاو بەرز بووەوە. ئەوەی ڕوو دەدات ناشێت بەم خێراییە بێت. وشەکانی لی بزر بوون و تا تاوێك هیچ قسەی بۆ نەکرا ، دیسان دالیا بەچرپەیەکی فریودان کە پێشتر فارس ڕووبەڕووی شتی وا نەبووبووەوە و گوتی:

"قایل دەبیت بێیت بۆلام؟ دێیت؟ حەز دەکەیت بۆ شوقەکەم بێیت؟"

بێگومان حەز دەکات. لەهاوڕێیەتی دالیا بەولاوە حەزی لە هیچ شتێکی تر نییە، بەڵام دوو بەربەست بازیان دایە نێو مێشکی وای لێ کرد دوودڵ بێت. وێنەی ڕانیا و برینی شانی، دەستبەجی هەردوو بەربەستەکەی پێکەوە لەمێشکی خۆی قاودا. ڕانیا تەواو بوو. هەموو شتێك لەنێوانیاندا تەواو بوو و دوا دیدار هەموو شتێکی ڕوون کردەوە. ئێستا مافی خۆیەتی بەئارەزووی خۆی ڕابوێرێت. دووەم ڕێگر بەهیزتر و توندترە و پێویستی بەبیانوویەك هەیە پاساوی برینەکەی بۆ بکات. وەکو هەر ڕووداوێك بێت کە وای لێکردووە. توانای ئەوەی نییە پاساوێکی بێگومانی بۆ بدۆزێتەوە. دەبی هیچ شتێك ڕێگری نەبێت بۆ ئەم کات بەسەر بردنە لەگەڵ ئەم کچە جوانە کە حەز لەهاوڕێیەتی دەکات و لەگەڵیدا بێت، وەڵامی دایەوە:

**"حەزدەکەم؟ بێگومان حەزدەکەم و خواست و ئارەزوومە!"**

**هەستی کرد بەکلیلێکی بچووك هەڵخلیسکایە نێو دەستی دالیا. دالیا دەنگی بەچرپەوە هات:**

**"ئەوە کلیلی ژوورەکەمە لە شوقەی ژمارە 901. لێرە بمێنەوە و تێکەڵی ئامادەبووان بە و دوای دە خولەك وەرە دووم. ژوورەکەم لە پشتەوەیە. سێیەم ژووری لای چەپ. دەرگای دەرەوە بە کراوەیی جێدەهێڵم."**

# بەشی بیست و پێنج

بارەگای کۆمپانیای (عەقاد و شەریکەکانی) لەبینایەکی بچووك بوو نزیکی زانکۆی ئەمێرکی لە بەیروت. شێوەی شوێنی بارەگاکە و شێوازی کەلوپەلەکانی کەسایەتی دامەزرێنەر و خاوەنەکەی و ئیشەکەی دەردەخست. هەر کە دەچوویتە نێویەوە هەست بە شاراوەیی دەکەیت. کپی و بێدەنگی ، نهێنی و ناکاوەکان... هەموو شتێکی نێوی واتای نهێنی و چاوەڕوانکردن و ئامادەبوون دەگەیەنێت. لەم سەردانەی دووەمی جودار، هەستی وەك یەکەم سەردان بوو. تابلۆیەك لەسەرەوەی دەرگاکە هەبوو تەنها ناوی کۆمپانیاکەی تێدایە بی وێنەی دروشم و بی ئاڕم یان هیچ هێمایەك بۆ ناونیشانی ئەنتەرنێت ، بی دیاریکردنی شێوەی کاری کۆمپانیاکە. تەنها ناوەکەیە. کەلوپەلە گرانبەهاکانی هۆڵی چاوەڕوانی بە زەوقێکی بەرز هەڵبژاردرابوون. مێزە کەشخەکان کە لەتەختەی گرانبەها درووستکرابوو و بە نیگار نەخشێندرابوو، هیچ شتێکیان لەسەر نەبوو بۆ ئەوەی جۆری ئیشوکاری نووسینگەکە دەربخات. هیچ وێنەیەك لەسەر دیوارەکان نەبوو، نە تابلۆ نە هێما ، کە وا لە خاوەن پارە وخاوەن کارەکان بکات بەملیۆنەها  بدەن بەخاوەنی نووسینگەکە. ئەو جۆرە چالاکیە شاراوانە هیچ شتێك دەرناخات ، بەوپەڕی نهێنییەوە کارەکان دەکرێت. چڕی و موکمی ئەو پەنجەرە دژە گوللانە تەنها مەترسی ئیشی کۆمپانیاکە دەردەخات،. هەروەها کامیرا لەهەموو لایەکی نووسینگەکە و ژوورەکان هەڵواسرابوو و بڵاوکراوەتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو خۆپاراستن و نهێنی وووردکاریانە بۆ پاراستنی نهێنییە تایبەتەکانی ئیشی مەڕوان عەقاد،  بەڵام خاڵی لاوازی هەموو ئەمانە. (یاسەمین زەیتون) بوو.

جودار لەنووسینگەی یاسەمین زەیتونی فەرمانبەری پێشوازی نزیك بووەوە ، بەزەردەخەنە و ناسیاویەوە پێی گوت:

"بەیانیت باش خاتوو یاسەمین، خۆشحاڵم جارێکی دیکە بتبینمەوە."

یاسەمین بە فراوانی چاوی کردەوە و زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد و هەموو ددانە سپیەکانی وەدیار کەوت. بەشێوەیەك پێشوازی لەم پیاوەیە کرد وەکو بلێی گرنگترین مەعمیلی کۆمپانیاکەیە. ئەم کچە بچووکە جوانە تازە لە زانکۆ دەرچوو بوو. زێدەڕۆییەکی زۆری لەپێشوازییەکە کرد.

"بەخێربێیت مسیۆ جودار. هەر ئەمرێك؟ لەخزمەتتدام."

جودار بە نەرمونیانی و میهرەبانییەك کە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتاندا باشی لێدەزانی و گوتی:

"خەریکە بۆ وڵاتەکە خۆم دەگەڕێمەوە ، بەڵام ویستم لە ڕێگای خۆم سەردانێکت بکەم و پرسیارت لی بکەم ئایا مەڕوان عەقاد یان یەکێك لە شەریکەکانی ئەمڕۆ بۆ کۆمپانیا هاتوون ؟"

زەردەخەنەیەکی کرد و بەلێبوردنەوە گوتی:

"ببورە. هیچ کەس لێرە نییە. نووسینگەکە لە پێشتە ، وا دەیبینیت زۆر هێمنە. هیچ ئیشێکی نییە."

"باشە. خۆ بەهاتنم دووبارە هەراسانم نەکردی؟"

"نە. هەرگیز. خۆشحاڵم بە بینینت."

"هێشتا ژمارە تایبەتەکەی مۆبایلەکەی منت پێیە. وا نییە؟"

"بەڵی."

ئاماژەی بۆ ئەو کارتە کرد کە لەسەر مێزەکە دانرابوو و بەبزەیەکەوە و گوتی:

ئەگەر هەرکەسێك لەبەرپرسان هات داوای لی دەکەم دەستبەجی پەیوەندیت پێوە بکات."

خۆی وا دەرخست کە دەیەوی دەرچێتە دەرەوە، ئینجا وەکو شتێکی بیر بکەوێتەوە گوتی:

"سوپاس بۆ تۆ. بەڕاستی تۆ زۆر ڕووخۆشیت. ئا. بەڵی شتێکی دیکە هەیە."

"چییە؟"

"دەزگیرانەکەی مەڕوان هەر لە پاریسە، دەمەوێت ببینم و هەندێك قسەی لەگەڵدا بکەم. تەنها بۆ بەجێهێنانێکی ئاسایی و سادەیە. ژمارەی تەلەفۆنەکەی ئەوت پێیە تا پەیوەندی پێوە بکەم؟"

بەساویلکەیی و دڵپاکیەوە گوتی:

"ڕانیا؟ دەبی مەبەستت ڕانیا فەواز بێت. ئەوە دراوسێی بوو بۆیە لەگەڵیدا ڕووخۆش بوو ، تەنها هاوڕێتییەکی ئاسایی بوو."

وەکو پشکنەرێکی هەواڵگری کارامە، هەستی کرد ماسیەکە نزیکی چەشەکە بووەوە. باش تەماشای کرد و بهێواشی گوتی:

"بوو؟!."

چەشەکەی قووت دایەوە. ئینجا بەجەختکردنەوە چرپاندی وەکو نهێنییەکی ترسناك ئاشکرا بکات. هەرچەندە کەس لە نووسینگەکە نەبوو ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دایەوە و بە وریاییەوە چرپاندی:

"بەڵی. قسەی وا هەیە دەڵێن لە هاوینی پار داوای لی کردووە شووی پی بکات بەڵام ڕەتی کردۆتەوە، ئینجا لێی دوورکەوتۆتەوە و بزر بووە."

جودار بەچرپە و بایەخدان گوتی:

"بزر بوو؟"

"وەهام بیست."

پەژارە بە ڕوخساریەوە دیار بوو و گوتی:

"دەبی ئەو  دڵی مسیۆ مەڕوانی شکاندبێت. زۆر بۆی خەمناکم. چونکە پیاوێکی باش و ڕووخۆشە."

تەنها دە خولەك و جودار لەنێو ئۆتۆمبیلەکەی بوو بەخێرایی بەرەو فرۆکەخانە چوو. ناتوانێت ئارامبگرێت تا نەگاتە خێوەکە ، مارسێل لۆمیی و ئەو زانیاریاریە بەنرخانەی پی بگەیێنێت.

جودار لەتەلەفۆن بەهەناسەبڕکی و پەرۆشەوە بە مارسیلی گوت:

"ناوی ڕانیا فەوازە، تەمەنی بیست و چوار ساڵە. ئیشی پەرستارە، لێرە گەورەبووە ئینجا لەگەڵ خانەوادەکەی پێش دەساڵ چوونە بۆ پاریس بەڵام خۆی لەمانگی ئاداری پار چووە بۆ دارلبەیزا."

دەنگی لۆمیی لە تەلەفۆنەکەوە هات و گوتی:

"ئەمە ڕاستە یان گاڵتە دەکەیت؟"

"زۆریش ڕاستە."

"ئەو کچە لەریباتە؟"

جودار گوتی:

"داوام لە دۆڤال کردووە دەستبەجی لەوە بکۆڵێتەوە."

مارسێل بۆ یەکەمجارە لە ماوەی چەند ڕۆژێکە بەشێوازێکی خۆشیەوە گوتی:

"تۆ پیاوێکی مەزنیت جودار. پشکنەرێکی پۆلیسیی ژیر و کارامەیت."

# بەشی بیست و شەش

"ئەی ئەو شۆفێرەکەی دیکە وەکو تۆ برینەکەی زۆر بوو؟"

فارس وەڵامی پرسیارەکەی دالیای نەدایەوە خۆی کردە خەوتوو. دووبارە پرسیارەکەی کردەوە، بەڵام تا چەند خولەکێك وەڵام نەدرایەوە. ئینجا چاوی کردەوە لەسەر تیشکی زێڕینی خۆری بەیانی کە لەنێوان پەردەکانەوە دیار بوو. بێدەنگییەکە بەردەوام بوو، فارس بیری دەکردەوە چۆن وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە. فێرە درۆ بکات. درۆدان هیچ وەڕەسی ناکات و بەڵکو بەپێچەوانەوە، زۆر جار درۆکردن لەهەڵوێستە شەرمەزارییەکان قوتاری دەکات. ئەمجارە دوودڵ بوو لەدرۆدان. لەم ڕۆژە. لەگەڵ ئەم کچە، ئارەزووی درۆی نەبوو. هەستی بەشەرم کرد گەر درۆ بکات. ناشزانێت بۆ. بۆ ناتوانێت درۆ بکات. شتێك هەیە ڕێی لێدەگری. لەدوواییدا بەدەنگێکی ئاسایی و بەبی هەڵچوون وەڵامیدایەوە:

"بەڵی ڕاپۆرتی پۆلیس دووپاتی کردەوە کە سەرخۆش بووە. لە ئاهەنگێك عەرەقێکی زۆری خواردبووەوە. دەرچوو بی ئاگا و بەخێرایی ئۆتۆمبیلەکەی لێخوڕیوە و ، زرم.... دای لە ئۆتۆمبیلەکەم. منیش نەمتوانی بیبینم یان خۆمی لی لادەم."

دالیا بەترسەوە گوێی لی دەگرت و ئینجا گوتی:

"ئەگەر لەو ڕووداوە بگوژرابای ؟ یان بمردبای!."

فارس زۆرتر دوودڵ بوو کاتێك لەدرۆکردنەکەی بەردەوام بوو ئینجا گوتی:

"حەز ناکەم بیر لەوە بکەمەوە."

هەستایە سەرپێ و خەریك بوو جلوبەرگەکانی دەکردەبەر ، لێی پرسی:

"حەز ناکەیت بیر لەڕووداوەکە بکەیتەوە، یاخود حەز ناکەی بمریت؟!"

"هەردووکیان."

بەواتای تێگەیشتن سەری ڕاتەکاند و گوتی:

"کەواتە هۆی مۆتەکە ئەمەیە!"

"مۆتەکە؟! مۆتەکەی چی؟!"

سەری لەقاند و بەبایەخەوە پرسی:

"بیرت نایەتەوە؟"

"هیچم لەبیر نییە."

بەردەوام بوو لەدرۆدانەکەی و نەوەستایەوە... هەر درۆیەك درۆیەکی دیکەی لەدوا بوو. بەخاویەوە گوتی، لەناخیدا شپرزە بوو! مۆتەکە؟! بەدەنگێکی بەرز خەونی دی؟! لەخەونەکەدا چیی گوت ؟! ئایا ئەوەی گوتی ئابڕووی ڕاستیەکەی نابات؟!

دالیا چاوی کردەوە و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە و خستیەوە بیری، گوتی:

"خەووتبویت ددانەکانت بەتوندی جیرکردەوە و پێچت دەخوارد و دەجوولایت و وەرچەرخانت دەکرد ورتە وورتێکت کرد بەقسەیەك و تێنەگەیشتم چیت گوت."

بە بایەخدان و نیگەرانیەوە پرسی:

"قسە؟ قسەی چی؟"

قسەیەکی زۆر، کەمی لی تێگەیشتم وەکو: نە. هەرگیز، ڕاوەستە. من گوناهبار نیم. پەیوەندیم بەوە نییە،... هەموو شتێکم نەبیست چونکە نیوە خەوێکم کردبوو."

"دوای ئەوە چیم کرد؟"

"هیچ نەبوو. ئیتر بێدەنگ بوویت و بەرت کردە ئەو دیو و خەوتیت، هیچت لەمانە لەبیر نییە؟"

باشی لەبیرە. لەبیریەتی ئەو خەونەی بینیوە. بەڵام باسی هیچی بۆ ناکات. ئێستا دەرفەتی قوتاربوونی ئەوەیە کە بەدووژیانی بژیت. هیچ بوارێکی نییە بۆ هەر هەڵەیەك، لەوانەیە دەردەسەرییەکی نوێی بۆ بهێنێتەوە. لار بوەوە لای و بەلێبوردنەوە ماچێکی کرد و بەزەردەخەنەوە گوتی:

"ببورە هیچم بیر نایەتەوە. ئێستاش. گوی بگرە. دەمەوی پرسیارێکت لی بکەم."

هەموو ڕوخساری کردە لای و بەناسکیەوە گوتی:

"بەڵی."

"کەی دەگەڕێیتەوە بۆ ئیشەکەت. وادەی گەشتی داهاتووت کەیە؟"

"دووشەممەی داهاتوو."

"واتە ئەم دوو ڕۆژە هیچ پەیوەندییەکی دیکەت نییە بەهیچ شتێك ؟"

"نیازم بوو بە سەردانێك بۆ ئسکەندەرییە بچم."

"سەردانی کوڕێك یان کچێك؟"

"زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی.:

"کچێك."

بەخێرا گوتی:

"ئەم سەردانە پووچ بکەوە."

"بۆ؟"

"وەرە پشووی کۆتایی ئەم حەفتەیە پێکەوە بیبەینە سەر."

"پشووەکە پێکەوە ببەینە سەر؟ لە کوی؟ چی بکەین؟"

بەپەرۆش و خۆشیەوە گوتی:

"نازانم. وەرە ناشتاکەمان لەشیراتۆن بخۆین یان لەهەر ئوتێلێکی نزیك، پێکەوە بیری شتێك بکەینەوە. من ئامادەم حەزت لەهەرچییەك بی بیکەم."

تەماشایەکی کرد و بەگومانەوە گوتی:

"هەرشتێك؟"

"هەرشتێك." بە دووپاتیەوە گوتی.

فارس ئەوەی گووت و لەناخەوە تامەزرۆی ئەوە بوو قبووڵی بکات و پشووی کۆتایی ئەم حەفتەیە لەگەڵی بێت. مەترسیەکانی دەستپێکردنی دڵدارییەکی نوێی هەست پی دەکرد ، بەتایبەتی لەم کاتەدا. بەڵام زۆر متمانەی بەخۆی هەبوو کە توانای هەیە ڕووبەڕووی هەموو کێشەیەك بێتەوە. هەروەها حەزیشی نەکرد بگەڕێتەوە بۆ شوقە دڵتەنگەکەی خۆی و کاتەکە لەنێو تۆز وخۆڵ و پیسی و تاریکی

و بەتەنیایی بباتەسەر .دالیا جوانە! زۆر جوانە! گورج و چالاك و پڕ لە ژیان و لە تۆغیانی گەنجییە! قسەخۆش و هاوڕێیاتیەکەی ئەو ڕابواردنە! بە درێژایی ئەو کاتەی لەگەڵیدا بوو وێنەی ڕانیا و جودار و مارسێل و هیچیانی نەهاتە پێش چاو. زۆر لەیادی دوور بوو. دالیا لەپڕیکدا بەشادومانییەوە گوتی:

"با وا بێت فارس جەمیل. ئێمە پێکەوەین. وەرە وەکو گەشتیارەکان بکەین."

هەچەندە دالیا نزیکەی یەك ساڵی تەواوی لە قاهیرە بردۆتەسەر، بەڵام کاتی نەبووە شارەکە ببینێت، هەروەها فارسیش لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی لوبنان چەند جارێك بۆ قاهیرە هاتووە ، بەڵام بە هەمان شێوە شارەکەی نەبینیوە. دوای ئەوەی ناشتایەکی باشیان خوارد لە شیراتۆن، تەکسیەکیان گرت و بۆ (خان خەلیلی) بردن ، بەیانییەکەیان وەکو بوکوزاوایەك بەگەڕان بردەسەر. بەنێو کۆلانە تەسك و چەوتەکاندا پیاسەیان کرد. لەهەموو گۆشە و سووچێکی ئەم شارە جۆرەها بۆنی خۆش لی دەردەچوو. تەماشای دوکانی زێرینگەرەکانیان کرد و هەروەها تەماشای ئەنتیکە ڕۆژهەڵاتیەکانیان کرد ، هەرگیز چاو لێی تێر نابێت. لە قاوەخانەی نەجیب مەحفوز کە لەناوەڕاستی بازاڕەکەیە چایی سەوز و قاوەی تورکییان خواردەوە.

ئینجا چوون بۆ لای کوشکێکی بچووك بەپارچە قوماشێك داپۆشرابوو ، بەوێنەی ڕۆژهەڵاتیانەی هەمەڕەنگ نەخشابوو ، خۆی وەکو ڕەشماڵێکی ڕەوەندان پیشان دەدا ، کەشێکی ڕۆمانسیانەی هەبوو. نزیك یەکتر دانیشتن و قاوە و ساردەمەنییان خواردەوە.

دالیا سەری خستە باوەشی و پرسی:

"ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوزت خوێندۆتەوە؟"

خەریك بوو زۆر بەتام پارچە پاقلاوەیەکی دەخوارد و گوتی:

"تەنها یەکێکیان. وا بزانم ناوی (مردنی پێشەوا) یاخود (کوشتنی پێشەوا) بوو."

"ئەوە ڕۆمانێکی خەمناکە."

"هەموو رۆمانەکانی نەجیب مەحفوز خەمناك نییە؟"

"هەرگیز. ڕۆمانەکانی هەمەڕەنگە. گوزارشت لە ڕەوشی میسری ڕەسەن دەکات ، لە گەڕەکە دێرینەکانی قاهیرە. وەکو ڕۆمانەکانی (کۆشکی تامەزرۆ)، (کۆڵانەکانی شارەکان)، (خان خەلیلی)، (سەرەتا و کۆتایی)، (ئەلحەڕافیش) و هی تر."

"نووسەرێکی جیهانی گەورەیە. خەڵاتی نۆپلی وەرگرت."

بە پەرۆشەوە گوتی:

"لەسەرهەموو بابەتەکانی نووسیوە، من حەز لەوانە دەکەم کە لەسەر دڵداری نووسیویەتی. هەندێك لە وشەکانی ئەوم لەسەر دڵداری لەبیرە. نە کتومتی دەقەکە، بەڵام بەهەمان واتا. نووسیویەتی و دەڵێت:"خۆشەویستەکەم بەقولابە ڕایکێشام و لە ئاوەکە دەریهێنام. داوەکەی بەتاڵ بوو کاتێك فڕێ دایە سەر هەردوکمان ، قولابەکە بەر پەنجەم کەوت و برینێکی لی کەوەتەوە تا ئەمڕۆش هێشتا شوێنەکەی لەسەر پەنجەم ماوە. لەسەر کەناری نیل و بەرانبەر ماڵەکەی خۆمان پێم گوت تۆ لە ڕاوەماسی کارامە نیت. بەڵام لە ڕاوەپیاو وێنەت نییە. منت گرت و قولابەکەت دڵمی پڕخوێن کرد!".ئایا لەم کۆپلەیە ڕەوانبێژی و ئەندێشەی جوانی تێدا دەبینیت؟!

بەشەیداییەوە گوێی لی دەگرت ،ئینجا گوتی:

"سەرسامگەرە."

دالیا بەدەنگێك وەکو خەون گوتی:

"باوکم وایلێکردم بە نەجیب مەحفوز ببەسترێمەوە ، بە قولابەکەی ئەو ببەسترێمەوە. هەموو شەوێك پێش ئەوەی بچمە سەر نوێنەکەم چیرۆکەکانی بۆ دەخوێندمەوە. هەموو شەوێك بەلای کەم بەشێکی بۆ دەخوێندمەوە. هەندێك جار زیاتریش ئەگەر بیبینایە لەگەڵ چیرۆکەکە تێکەڵ بوویمە. بەڵام دوای ئەوەی گەورە بووم بەخۆم دەمخوێندەوە."

"هەموو ڕۆمانەکانی؟"

"هەموو شانۆگەریی و نووسراوەکانیم نەخوێندۆتەوە، بەڵام هەموو کورتە چیرۆك و ڕۆمانەکان. ئەوانە وەکو جادووگەرێك لەجیهانەکەی خۆت بۆ جیهانێکی

ناوازەی دیکەت دەبا ، کارتێکردنێکی گەورەی لێم کرد. تەنانەت بیرم دەکردەوە کە گەورەبم وەکو ئەو ببم بە نووسەر.

فارس بەبایەخ و دڵ تێچوونەوە گوێی لەقسەکانی دەگرت. ئینجا دالیا گوتی:

"تاکو ئەو ڕۆژە هات کە دەستدرێژیی کرایە سەر نەجیب مەحفوز ، لەلایەن ئەو شڕوشێتەی بەچەقۆ هێرشی هێناسەر. کاتێك ئەو هەواڵە شوومەم بیست ئەو ڕۆژەم لەیادە لەکوی بووم."

فارس سەری لەقاندەوە و پرسیاری لی کرد:

"بەڕاست.. لەیادتە؟ ئەمە ماوەیەکی زۆرە، لە ساڵی 1995 یان 96 بوو وا نییە؟"

دالیا بەخێرایی گوتی:

"14ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1994 بوو ."

"ها! تۆ بەڕاست مێژووەکەت بە تەواوی لە یادە!"

ئەوەی گووت و لە دانیشتنەکەی ڕاست بووەوە. دالیا دەستی درێژکرد و فنجانە قاوەکەی هەڵگرت و لێی ڕاما، یادگارە ناخۆشەکانی هاتەوە بیر و گوتی:

"ئەو ڕۆژە سێزدەمین ساڵی لەدایکبوونم بوو. هەر کە لەقوتابخانە گەڕامەوە ماڵ دایکم ڕووداوەکەی بۆ گێڕامەوە. یەکەمجار بڕوام نەکرد. تەلەفونم بۆ باوکم کرد و پرسیارم لەویش کرد، ئەویش کارەساتەکەی بۆ دووپات کردمەوە. بۆ ژوورەکەی خۆم ڕام کرد ، دەرگام لەسەر خۆم داخست. دەستم کرد بەگریان و نەوەستامەوە. هەتاکو ڕۆژی پاشتر لەو ژوورە دەرنەچووم ، ئەو کات ئەزموونی مردنی کەسم نەدیبوو ، لەو کەسانەی خۆشم دەویستن.وەك ئەوە وابوو باوکم یان باپیرم لەدەست چووبا. نازانم بۆ بەو ڕادەیە بۆی خەمناك بووم. بەڵام دوای ئەوە زانیم لە مردن قوتار بووە ، بەوە زۆر دڵشاد بووم و سرەوتم ، وەکو قورساییەك لەسەر دڵم لاچوو ، ئینجا دیسان گریام. ئەمجارەیان لەخۆشیان گریام، هیوام خواست و نوێژم بۆ کرد تا دووبارە بۆ نووسین بگەڕێتەوە. ئینجا سوپاس بۆ خودا دیسان دەستی بە نووسین کردەوە. ئایا قەت ڕووداوێکی وەها کاری تێکردوویت ، فارس؟ کەسێکی نزیکی وەهات لەدەست چووە؟ بەسەرهاتێکی وەهات بەسەر هاتووە، فارس؟

فارس پڕ بەچاوی تەماشای کرد و لەخۆڕا ویستی دیسان درۆ بکات. ویستی لێی دوور کەوێتەوە و زۆر لێی نزیك نەبێتەوە و دڵی بشکێنێت و وەکو ڕانیا هەستی بریندار بکات ، حەزی نەکرد پەیوەندیەکەیان پتەوتر بێت تاکو نهێنییەکانی دڵی خۆی بۆ نەدرکێنێت. لەگەڵ ئەوەش، دڵی پاڵی پێوەنا بۆ ئەوەی بەتەواوی پێچەوانەکەی ئەوە بڵێت.

کەم ئاشنای یەکترن. هێشتا لەسەرەتای ڕێگادان و لەبیست و چوار کاتژمێر کەمتر یەکتریان دیوە، بەڵام سەیری خۆی کرد ، وا خەریکە بەڕاستی هەندێك لەڕاستیەکانی بۆ دەڵێت:

"دایك وباوکم، لەتەمەنی چواردەساڵیدا بووم هەردوکیان لەپێش چاوم مردن ، بە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو کوژران. لەبێش چاوی من و براکەم مردن، خەریك بووین بەرەو لایان دەچووین. ئەگەر پێش چەند چرکەیەك و چەند مەترێك پێیان بگەیشتاین. ئێمەش دەکوژراین."

دالیا هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەرسام بوو. ئینجا بەئازار و شڵەژانەوە گوتی:

"ببورە! مەبەستم ئەوە نەبوو... نەمزانی..."

"نەخێر... هیچ.. ئەوە کاتی خۆی بوو."

"بەداخەوە. زۆر بەداخەوە! بمبەخشە!"

بێدەنگیەکی ترسێنەر باڵی کێشایە سەر شوێنەکە، ئینجا دالیا گوتی:

"کاتێکی زەحمەتت بەسەردا هاتووە. زۆرت مردن دیوە فارس. وا نییە؟"

یەك ووشەی نەگوت و بەسەریشی ئاماژەی نەکرد و هیچ توانجێکی نەدا. نەیتوانی هیچ شتێك بکات. دالیا دەستی برد بۆ دەستی فارس ، فارسیش هەستی بەئارەزووی دەرچوون و دوور کەوتنەوە کرد. نابێت کەس بەزەیی پێیدابێتەوە. بەدرێژایی ژیانی حەزی لە بینینی لاوازی نییە. بەڵام لەهەمان کاتدا حەزی نەکرد هەستی ئەم کچە ناسکە بریندار بکات. دەستە نەرم و گەرمەکەیی و سۆز و بەزەییەکی دیمەنێکی ڕاستگۆیانەی جوانی بوو. بەیادیدا نایەت کە پێشتر کەسێك

هەبووبی بایەخی بە سۆزەکانی ئەو دابێت، هەستەکانی ئەوی  تێدا ڕەنگ بداتەوە.
بەم شێوە دڵسۆز بی بۆ ئەو . دوای تۆزێك گوتی:

"باشتر وایە بۆ شوێنێکی دیکە بچین."

"بەڵێ. وەرە شتێکی دیکە بکەین."

هەستان و شوێنەکەیان بەجێهێشت.

# بەشی بیست و حەوت

دوای یەك کاتژمێر. شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتن و بەنێو ڕێڕەوەکانی مۆزەخانەی میسردا دەستیان تێکئالاَند بوو. شارستانیەتێکی چوار هەزار ساڵەیان لە بەردەم بوو، دەیانەویٚت تەنها لەماوەی سی چوار کاتژمێر پەی پێبەرن. بە یارمەتیی ڕێبەرییەکی ڕوونکردنەوە کە بە دەستی دالیاوە بوو ، کە لە کوشکی دیارییەکان کڕیبووی لە تەنیشت مۆزەخانەکە. چەند بڕگەیەکی بە دەنگێکی بەرز دەخوێندوە.

بەبایەخ و سەرسورمانەوە دەڕوانیە شتەکان، لە نێوان پەیکەری فیرعەونەکان و خوداوەندە کۆنەکان دەسوڕانەوە ، ئەم پەیکەرانە لەلا تەنیشتەکانی مۆزەخانەکە دانرابوون ، لەنێوان زێڕ و زەبەنەکانی (ئەمنحۆتب) ی سێیەم، (تیرا)ی شاژن، (نێڤەرتی تی)، (ڕاحوتب)ی کچەشازادەدا تێدەپەڕین.

دالیا گوتی:

"بەبۆچوونی تۆ لەم مۆزەخانەیەدا ئەم پەیکەر و ئاسەوارانە کە هونەرمەندە کۆنەکانی میسر بەو پەڕی لێزانی و توانینەوە دروستیان کردوون. ژمارەیان چەندە؟"

فارس گوتی:

"هیچ بۆچوونێکم لەسەری نییە."

فارس لەوانە نەبوو کە سەردانی مۆزەخانە بکات و زانیاری لەسەری کۆبکاتەوە، بەلاَم ئیستا لەگەڵ دالیا هاتووە و ئەو حەزی لە سەردانی ئەم مۆزەخانەیە گەورەیە بوو.

"مەزەندەی بکە!"

"ملیۆن؟"

"گاڵتە مەکە. بیر بکەوە ژمارەیان چەندە؟"

"نیو ملیۆن؟"

"لێرە 120,000 پارچە هەیە، لەوێش لەژێر کۆگای ژێرزەمینەکە 150,000 پارچەی دیکە هەیە.

بەچاوی گاڵتە و بەپێکەنینێکی تەشقەڵەبازییەوە گوتی:

"بەس؟ هەر ئەوەندە؟ دەشلێی مۆزەخانەیە؟ ئای لەوە!"

شەپێکی لە پشتی فارس دا، بە دەست پاڵی بە سینەی وەنا و بەپێکەنینەوە گوتی:

"تۆ قەرەقۆزیت. دەبووایە ئەکتەری کۆمیدی بووبایت."

لەبن دەستی دوورکەوتەوە ، بەرەو دواوە بووەوە و بەپێکەنینەوە گوتی:

"ڕاست دەکەیت. ئەکتەری کۆمیدی زۆر لەئیشی کۆمپیۆتر باشترە. بەڕاست دەبووایە ئەکتەری هەزەلی بام وەکو چارلی چاپلن و عادل ئیمام."

دالیا دەستی ڕاکێشایە دوای خۆی و ڕێیکرد و گوتی:

"وەرە. بڕوانینە خشڵەکانی شا (تووت عەنەخ ئاموون)."

بەقاندرمەکە چوونە نهۆمی دووەم و چوونە نێو پیشانگای شا (تووت عەنەخ ئاموون).

بە تێڕوانینی دوو پەیکەرە گەورەکەی شا (تووت) دەستیان پێکرد ، بە قەبارەیەکی سروشتی و دوو ڕەنگی ڕەش و زێڕین دروستکرابوو، ئەو دوو پەیکەرە پاسەوانیەتی گۆڕستانەکەیان دەکرد لە(دۆڵی شاهان) لە(ئەقسەر). ئینجا چوونە نێو هۆڵەکانی پیشانگا شووشەییەکان کە تابووتی ناشتنەکانی تێدا بوو. بە زێڕی ساف نەخش کرابوو. زانای ئاسەواری بەریتانی (هاورد کارتەر) لەساڵی 1920 ئەم شوێنەی دۆزیەوە، تا ئێستاش ڕەنگ و نیگارەکانی بەجوانی ماون و ناوازەییەکانی خۆی لەدەست نەداوە.

دالیا دەستی گرت و گوتی:

"بڕوانە. چەند سەمەرەیە! لەنێو ئەو سەندوقە گەورەیە سەندوقێکی بچووک هەیە، لەنێو ئەوەش سەندوقێکی بچووکتر هەیە و ئیتر وەها."

ئینجا چوونە نێو هۆڵی سێیەم، هۆڵێکی تایبەتە... ڕوناکیەکەی کزە و پلەیەکی گەرمای تایبەتی هەیە، دلیا ڕایکێشا و بەچرپەوە گوتی:

"بڕوانە ناوەوەی ئەو سەندوقانە، تابووتە زێڕینەکەی تێدایە کە ئەویش تابووتێکی لە دار و زێڕ دروستکراوی تێدایە. لەنێو ئەوەش یەکێکی بچووك هەیە و یەکێکی دیکەی بچووکتر تا ئەو تابووتەی کە شا (تووت عەنەخ ئاموون) ی تێدایە لەپشت ڕووبەندێکی زێڕین. هەموو شتەکان لەزێڕی ساف دروستکراوە."

لەپێش سەندوقێکی شووشەبەند ڕاوەستان ، سەندوقەکە لە ناوەوە ڕوناك بوو، چەند پاسەوانێکی چەکداری مۆزەخانەکە بەدەوریەوە بوون. فارس ناوازەترین شتی تێدا بینی، کە بەدەستی هونەرمەندێکی بلیمەتدروستکرابوو، چاوی داچەقاند و بەچرپەوە پرسی:

"ئەمە ڕاستەقینەیە؟ بڕوا بە چاوی خۆم ناکەم."

دالیا بەشانازیەوە وەڵامی دایەوە:

"ڕاستەقینەیەکی تەواوە. بڕوانە ڕەنگەکانی. لەم دروستکراوە ڕامێنی. شتێکە و ناچێتە مێشك."

ڕاست دەکات. شتێکە بەمێشکدا ناچێت. ئەم ڕووبەندە کە لەزێڕی پەتی و بەقەبارەی سروشتی دروستکرابوو... زێڕەکە لووس کرابوو و دەبریسکایەوە و ئاوی لەچاوان دەهێنا ، ئاوێتە بە ڕەنگی شین و زەرد و سوور کرابوو، ناوازە و سەرسوڕهێنەر. تابلۆی شا گەنجەکە بوو کە فەرمانڕەوایی ڕووباری نیل و هەموو دانیشتوانی ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد. لەتەنیشت ئەویش چەند سەندوقێکی شووشەیینی دیکەش هەبوو، لە دەوروبەری ڕووبەندەکە شتی دەگمەن و گرانبەهای وا هەبوو کە نرخەکانیان بێسنوور بوو، هەمووی لەگەڵ شا (تووت عەنەخ ئاموون) دۆزراوەتەوە ولەگەڵ تەرمەکەی ئەو ناشترابوون. دالیا چاوی بەو خشڵانەدا خشاند و پرسیاری لە فارس کرد:

"دەتوانیت لە خۆت ڕاببینی وسامانێکی بەم قەبارەیەت لەگەڵدا بنێژترێت ، گوایە لەژیانەکەی دیکەتدا بەکاریان دێنی ، واتە دوای مردن؟"

فارس سەرسام بووبوو لەو شتانەی دەیبینی و گوتی:

"ڕاست دەکەیت شتێکی سەیرە."

دوای ماوەیەك بێدەنگی دالیا گوتی:

"شا فیرعەونییەکان و میسریە دێرینەکان باوەڕیان بەژیانی دیکەی دوای مردن هەبووە. نموونەش بۆ ئەمە، پەرستگا و هەرەمەکانە. ئەم هەرەمانەیان بۆیە بینا کردووە بۆ ئەوەی لەش و سامانەکانیان بپارێزێت ، بۆ ژیانەکەی دیکە، بۆ ئاسمان. سامانێکی ئێجگار فرە، تاکو دوای گەڕانەوەی روح بۆ لەشیان و هەستانەوەیان لەمردن ، بەم شتانە جاێکی دیکە ژیان بگوزەرێنن ، تاکو لە ژیانی نوێیاندا هەموو ڕابواردنەکانی ژیانی پێشتریان دیسان پی بێت."

یەکێك لەپاسەوانەکان هاتە پێش و داوای لی کردن لەو شوێنە بێدەنگ بن چونکە دەبی لێرە بێدەنگی بپارێزن و ڕێز لەم ڕێنومایییە بگیرێت. بڕیاریان دا لەهۆڵی ژمارە سی دەرچن و سەردانی مۆزەخانەکە تەواو بکەن. بەڵام بینیان لە هۆڵێکەوە بۆ هۆڵێکی دیکە دەچن و هەر هەمووشی پڕە لە خشڵەکانی شا (توت) ، کە سووربووە لەسەر ئەوەی ئەم شتانە لەگەڵیدا بنێژرێت. ڕم و تیرەکانی جەنگ، هەموو ئامڕازەکانی یاری و باوەشێنە زێڕینەکانی ، کە لەکاتی گەرمای هاوین بەکاری دەهێنا ، هەروەها تەختی شاهانەکەی کە لەسەری دادەنیشت و فەرمانڕەواییی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی خۆی دەکرد.

دوای نزیکەی نیو کاتژمێر، پلیتێکی دیکەیان کڕی بۆ ئەوی بچنە ژووری مۆمیاکان. یەکەم مۆمیای تەماشایان کرد، مۆمیای شا (ڕەمسیس) ی دووەم بوو. فارس هەر کە چاوی پی کەوت فەرید ڕەمزی یاد هاتەوە کە هاوسەرەکەی پێی دەگوت فیرعەون. بێگومان ئەویش ئێستا تەرمەکەی لە یەکێك لەبەفرگرەکانی مۆنتی کارلۆ پارێزراوە. لە شووشەی سەندوقەکە نزیك بوونەوە کە مۆمیاکەی تێدایە، تەماشای ڕوخسارە ڕەشەکەی مومیاکەیان کرد، کە ڕەنگی بەقوڕ و لیتەی نیل دەچوو. هەروەها پەنجە باریکەکانی ئێسکەکانی زەق بووبوونەوە ، تەرمەکەی بە کەتانێکی بۆر پێچرا بوو .

فارس ئاوری لە دەوروبەری خۆی دایەوە بۆ ئەوەی کەسی لی نەبێت گوێی لێیان بێت، ئینجا بەچرپەوە گوتی:

"دالیا."

"ها؟"

"باوەڕت بە ژیانی ئاسمان هەیە؟"

پرسیارەکەی بۆ دالیا لەناکاو بوو ، ڕووی کردە فارس و بە دەربڕینێکی گاڵتەجاڕانە گوتی:

"بێگومان. ئەی تۆ؟ باوەڕت پێی هەیە؟"

"وابزانم."

بەسووکایەتی و سەرسامییەوە سەیری کرد و گوتی:

"وابزانی؟"

لەشێوازەکەی و سەیرکردنەکەی پەست بوو و گوتی:

"نەخێر... باوەڕم هەیە... بەڵام من... نازانم... گرنگ نییە."

دەستبەحی ڕێك بووەوە و تێبینی پەستبوونەکەی کرد و شێوازەکەی گۆڕی و چرپاندیە گوێی:

"ببورە. نەدەبوایە بمهێنابای بۆ ئێرە. ئێرە فستیڤاڵی مردنە. هەموو دەوروبەرمان مردنە. ببورە."

"نە. نە. وا نییە. من باشم. مەبەستم هیچ نەبوو... تەنها..."

"چی؟ تەنها چی؟"

"هیچ."

"نە. نە. پێم بڵی چیە؟"

"دەکرێت بڕۆین؟"

"پێم بڵی."

"هیچ. .بڕوابکە ..هیچ نییە."

بەدوو چاوی پڕ لەناسکی و سۆز و بەزەیی و میهرەبانی، بەجگەرسۆزیەوە گوتی:

"تۆ ڕووداووی ئۆتۆمبیلەکەت لەبیرە کەوا لێی دای، بیر لەوە دەکەیتەوە کە چەند لە مردن نزیك بوویت."

سەیرێکی دووری کرد و گوتی:

"شتێکی وەك ئەوە."

ئاواتی ئەوە بوو بتوانێت هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە.

دالیا لێی نزیك بووەوە ، بەهەردوو دەستی دەستی گرت. لە نێو دەستە گەرمەکانی خۆی شاردیەوە و هەناسەکانی نزیك دەموچاوی فارس بووەوە ، بەئەسپایی گوتی:

"با شتێکت پی بلێم فارس جەمیل. تۆ پیاوێکی چاکیت. پیاوێکی باشیت. خوداش پیاوچاك و باشەکان لەئاسماندا قبووڵ دەکات. تۆ ئێستا پێویستە ئەمە بزانیت."

شێوازی بیرکردنەوەی دالیای دەزانی، دەیزانی ئەو دەیەوی تەنها نەرمونیان بی لەگەڵ ئەو، بەڵام نەیدەزانی تا چ ڕادەیەك دڵی پڕ ترس بوو بەهۆی ئەو قسەیە. گەر ئەو قسەی گوتی ڕاست بێت. خودا تەنها خەڵکی چاك و باش قبووڵ بکات لە ئاسمان، ئەوا باش دەزانێت هەرگیز چارەنووسی لەوی نییە. چارەنووسی دۆزەخ و بەدبەختترین چارەنووسە. چونکە ئەو پیاوێکی باش نییە. لەهەمان کاتدا ئەمە ڕاستیەکی سادە و ترسناکە. چونکە ئەویش خەتاکارە. ئەو لەپێش جودار و مارسێل تۆمەتبارە. ئەگەر ناچار بوو لەبەردەم تەختی دادپەروەری ڕاوەستێت ، هیچی پی نییە خۆی پی بێتاوان بکات لەبەرامبەر هەر دادگایەك. باشە ئەی دادپەروەریی ئاسمان چۆن؟ حوکمی خەتاکاریی بەسەردا نادات؟ درۆزن.. هۆشبەرکێش؟ داوێن پیس؟ تاوانبارە.. بەم کردەوانە یادی دایك و باوکی خۆی گڵاو کردووە؟ بەتایبەت دایکی کە بە هیوای ئەوەبوو کوڕەکەی ژیانێکی باشتر و چاکتر و بێگەردتر بژیت؟

هەر جارێك بیری لەوە دەکردەوە، ئەوەندە لیستی گوناح و تاوان و خەتاکانی زیاتر دەبووەوە و خەم و پەژارەشی زیاتر دەبوو.

# بەشی بیست و هەشتەمین

پـێش ئێـوارە لـە ڕیـزی گەشـتیارانی فڕۆکەخانـەی بـەیروت بـۆ کـڕینی پلـیتی فڕۆکەیەك ڕاوەستابوو تاکو بیباتە مەغرب، کاتێك دەنگی مۆبایلەکەی بەرز بـووەوە پشکنەر جودار لە یەکەم زەنگ وەڵامیدایەوە.

"هـا کۆلێـت دۆڤـال. گەیـشتیتە سـەرەداوێك بمانگەیێنێتـە ڕانیـا فـەواز؟ هـەر سەرەداوێك؟ ژمارەی تەلەفۆنێك، ناونیشانێك، یاخود هەرشتێك بیگرین و بەرەو لای ئەو بچین؟"

دەنگی دۆڤال ڕوون بوو کەوا گوتی:

"هەردووکیانم دۆزییەوە. ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانیش."

دەنگـی جـودار بـەرز بـووەوە خـەریك بـوو سـەرنجی ئەوانـەی دەوری خـۆی ڕاکێشێت:

"ڕاست؟ لە(ریبات) ە."

"نەخێر.. لە دارلبەیزایە."

"بەڕاست؟ لەکوێ؟"

جـودار یاداشـتنامەکەی لـە گیرفـانی خـۆی دەرهێنـا بـۆ ئـەوەی ناونیـشانەکە بنووسێت، ئینجا گوتی:

"ئەی وێنەکە... وێنەکەیت دەست کەوت؟"

"بەڵێ.. وێنەکەیشم لەلایە."

"هەر ئێستا لەسەر ئەم مۆبایلە بۆم بنێرە."

"بەسەر چاو."

"جوانـە. زۆر جوانـە کۆلێـت. ئەوپـەڕی کارامـەیی و ژیرییـە. بێگومـان هێـشتا هەواڵت بەپۆلیسی مەغریب نەداوە؟ وا نییە؟"

"نەخێر. زانیم تۆ بەباشتری دەزانی کە یەکەمجار زانیارییەکان بگاتە خۆت."

"گرینگە. تۆ لێزان و ناوازەیت. چۆن ئەمەت پێگەیشت؟"

دۆڤال شانازیی بەئیشەکەی خۆی کرد و وەڵامیدایەوە:

"لە ڕێگای کۆمپانیا تەلەفۆنیەکان.تەنها گرفتمان هەبوو لە چۆنیەتی گەیشتن بە بەڕێوەبەرە بویێرەکەی کۆمپانیاکە، کە فەرمان بۆ گەڕان بە دوای تۆمارکراوەکان دەدات. دەبوایە پێیان بڵێم من کێم و ناسنامەکەم بسەلمێنم و گرنگی ئەم زانیاریانەیان تێبگەیەنم کە بەدوایدا دەگەڕێم. دوای ئەوە هەموو شتێك بەئاسانی کرا."

جودار جارێکی دیکە دەستی بە ستایشکردنی کردەوە و سوپاسی کرد، بڕوای بەوە نەدەکرد ئەم هەواڵە خۆش و لە ناکاوانە و ئەم سەرکەوتنە گرنگە دەبیستێت.

"ئیشێکی ناوازەیە. ئێستا پەیوەندی بە خێوەکە دەکەم لەهەمان کاتدا دەمەوێ بەوپەڕی کۆشش و تەقەلاوە زۆرترین زانیاری لەسەر ئەم کچە کۆبکەیتەوە، ڕانیا فەواز. بەدوای پەیوەندییەکانی ئەم چەند ڕۆژانەی دوواییدا بچۆوە. لەکوێ ئیش دەکات؟ دراوسێکانی کێن؟ کێ لەگەڵیدا نیشتەجێیە؟ جۆری ئەو ئۆتۆمبیلەی سواری دەبێت. هەموو شتێك. ئەو زانیاریانەش بەپێی توانا با لە پۆلیسی مەغریبی دوور بێت. دەمەوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە دادگایی و ئاسایشییەکانی مەغریب دوور بم.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

پاش دە خولەك مارسێل زانیارییەکانی لەجودار وەرگرتبوو. پەیوەندیە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ جودار تەواو کرد و تەماشای ئەو دەقەی کرد کە لەسەر مۆبایلەکە وەری گرتبوو. بیری کردەوە و لەگەڵ خۆیدا گوتی:"جودار و ئەو هاوکارە سیسە گەیشتنە شتێکی بەنرخ. زۆر باشە!"

ئینجا بیری لەو زانیارییە کردەوە کە بەدەستی کەوتووە. شتەکان ڕوون و تەواو بوون. مەڕوان عەقاد لە شوقەی ڕانیا فەواز خۆی شاردۆتەوە، ئەمەش ئەگەرێکی گەورەیە. یان ڕانیا دەزانێت ئەو لە کوێیە و دەتوانێت بەومان بگەیەنێت. بەهەر

حاڵ. دەبێ خۆی یەکەم کەس بێت بگاتە ڕانیا. لە ئوتێلی (هیلتۆن ئەلڕیبات)، بەخێرایی دەرچوو و چووە نێو ئۆتۆمبیلەکەی و بەپەلە گەڕایەوە دارلبەیزا.

لەگەڵ هاتنی شەو مارسێل گەیشتە بەردەم باڵەخانەکە. بینی پاسەوانەکە خەوتووە. لە قاندرمەکە بەسەر کەوت بۆ نهۆمی حەوتەم، تا لەدەنگی کردنەوە و داخستنی نەردەوانەکە کەس بەخەبەر نەیەت. لەنهۆمی حەوت هەموو شتێك خامۆش بوو، کاتێك بەهەناسەبڕکێ گەیشتە ئەوێ کەسی لی نەبوو. دەمانچەکەی دەرهێناو دەنگبڕێکی نایە سەری و لەنێو جلەکانی و نزیکە دەست شاردەوە. لەدەرگای ژمارە 701ی دا و لە ژورەوە دەنگی ئافرەتێکی بیست:

" ئەوە کێیە؟"

بیری کردەوە ئایا ئەمە ڕانیا فەوازە؟ ئایا مەڕوان عەقاد لەگەڵێدایە؟ دەزانێت مەروان پێشتر دەنگی نەبیستووە. بەڵام بیری کردەوە کە دەبێ ئەو لە ژورەوە بێت و چەکداریشە، ئامادەشە جارێکی دیکە یەکێك بکوژێت و خۆی بەدەستەوە نەدات. پیاوەکانی پێش چەند کاتژمێرێك هەندێك زانیارییان دابویێ.

دەنگی بەرز کردەوە، گوتی:

"داوای وەستای سەتەلایتتان کردبوو. وا نییە؟"

دەنگی ئافرەتەکە لەژوورەوە هات:

"بەڵێ بەڵێ. ڕاوەستە."

دەنگی کردنەوەی سورگی و زنجیری قوفڵێکی بیست بەرز دەکرێتەوە، لەبەر دەرگا ڕوخساری ڕانیای بینی. بەگوێرەی وێنەکەی جوودار بەمۆبایل ناردبووی ڕوخساری باش دەناسێتەوە.

مارسێل دەرگاکەی پاڵدا و قۆڵی ڕانیای گرت و بەتوندی سووڕاندی، ئینجا ئانیشکی خۆی پێچایە دەوری ملی و دەمانچەکەی نایە سەر نێوچاوانی.

بەدەنگێکی بەرز و بەشێوازی فەرمان و هەڕەشەوە داوای لی کرد:

"مەڕوان عەقاد لەکوێیە؟ هەر ئێستا بڵێ."

لەبەر ئازار قیژەی دا و گوتی:

"ئای... تۆ ئازارم دەدەیت.. قۆڵم شکا."

مارسێل گوێی نەدایە قیژە و گریانەکەی، بەدەنگێکی بەرز قیڕاندی:

" مەڕوان دالیام گرتووە.. ئەوم گرتووە. گەر دەتەوێ دالیا بەزیندوویی ببیینیەوە، چەکەکەت فڕێدە و بەهێواشی وەرە دەری و دەستەکانت بەرز کەوە."

ڕانیا ڕوخساری ئازارەکەی هەڵدەگەڕاندەوە، گوتی:

" لێرە نییە. مەڕوان لێرە نییە."

"درۆ دەکەیت.. بڕوات پێ ناکەم. درۆزن. درۆ دەکەیت، دەتەوێت دۆستەکەت قوتار بکەیت."

" دۆستی من نییە. دۆستیشم نەبووە و لێرەش نییە."

قسەکانی ڕاستگۆیانە و باوەڕ پێکراو بوو. بەڵام مارسێل ئامادە نەبوو سەرچڵی بکات. دەمانچەکەی بەتوندی نایە سەر ڕوومەتی و لەگەڵ خۆی ڕایدەکێشا، ژوور بەژووری شوقەکەی دەگەڕا. کانتۆرەکان، ژێر قەلوێرەکان، پشتی پەردەکان و گشت گۆشە و سووچێك کە گومانی لی بوو. کاتێك دڵنیا بوو مەڕوان لەشوقەکە نییە و خۆی مات نەداوە بیکوژێت. دەمانچەکەی لەسەر ڕوومەتی ڕانیا لابرد.

دوای ئەوەی پشکنینێکی وردی تەواو کرد و دەرگای دەرەوەی داخست. ڕانیا پێی گوت:

"پێم گوتی لێرە نییە."

مارسێل دڕندانە لێی نزیك بووەوە، قونکە دەمانچەیەکی لەدەم و چاوی دا و بەگریانەوە لەبەر پێی بە زەویدا کەوت. خوێن لەلێوەکانی بەربوو. مارسێل قیرەیەکی بەهێزی کرد و گوتی:

"وس بە. لێرە نییە. بەڵام لێرە بوو. وا نییە؟"

ڕانیا لەترسان دەلەرزی و سەری هەڵبڕی و گوتی:

"تۆ کێیت و لێرە چی دەکەیت؟"

بەدەوریدا خولایەوە و دەمانچەکەی ڕووەو سەری کرد، بەدڵڕەقی و هەڕەشەوە گوتی:

"مـن پرسـیار دەکـەم نـەك تـۆ، بـۆت نییـە هـیچ پرسـیارێك بکـەیت. ئـەوە مـن پرسیارەکەت بۆ دووبارە دەکەمەوە. مـەڕوان عـەقاد لێـرە لـەلای تـۆ بـوو؟ هاتـە ئـەم شوقەیە؟"

دوایی گوتی:

"بەڵێ. لێرە بوو."

"چی لێت ویست؟"

"ویستی لێرە بمێنێتەوە، بەڵام من قایل نەبووم."

"بۆ ویستی لێرە بمێنێتەوە؟ بۆ نەچووە ئوتێلێك؟"

"برینێکی گەورەی هەبوو، پێویستی بەیارمەتی هەبوو."

"تۆش یارمەتیت دا؟ هەموو یارمەتیەکت پێشکەش کرد."

"من پەرستارم."

"ئەویش خۆشی دەوێی. دڵداریتان لەنێواندایە؟!"

ڕانیا بەیەك وشەش وەڵامی نەدایەوە. بێدەنگ مایەوە و سەری دانەواند.

مارسێل گوتی:

"ویستی بتهێنێ. مانگی ئایاری ڕابردوو نەیویست بتهێنی؟ وا نەبوو؟"

"بەڵێ. وا بوو."

"کەواتە خۆشی دەوێی؟ شەیدای تۆ بووە؟!"

"وابزانم."

"ئەی تۆ؟ شەیدای ئەویت؟ خۆشت نەویست؟"

"من ڕەتم کردەوە. قایل نەبووم شووی پێ بکەم."

" ئەمە ئەوە ناگەیـەنێت کـە خۆشـت نـاوێ. هاتـە لای تـۆ نـەك کەسـێکی دیکـە، لەنێو ئەو هەموو خەڵکە.. پەنای بۆ تۆ هێنا. وا نییە؟"

"بەڵێ."

"ئەو وایزانی تۆ هێشتا بایەخی پێ دەدەیت و خۆشت دەوێ. وا نییە؟"

"لەوانەیە."

"لەکاتی تەنگانە هاتە لای تۆ. گوللەی لی درابوو، وا نییە؟"

"بەڵێ. کاتێك هات ئەوهام بینی."

"بەڵام تۆ وازت لی هێنا و بەو سەرماوسۆڵەیە قاوت دا دەرەوەی ماڵەکەت."

"نەمویست بچمە نێو ژیانی ئەو."

"ژیانی بکوژێك."

ڕانیا هەناسەی هەڵکێشا و گوتی:

"من ئەوەم نەگوتووە."

"پێویستیمان بەگوتەی تۆ نییە."

"ئەو بکوژ نییە. مەڕوان پیاوێکی چاکە."

"پیاوێکی چاك! بەڵام گونجاویش نییە شووی پێ بکەیت، وا نییە؟"

"ئێمە لەمنداڵییەوە هاوڕێی یەکین. ئامادەش بووم هەموو شتێکی بۆ بکەم."

"ئەی بۆ نەتکرد؟"

"من. من. من یارمەتیم دا. بەپێی توانام یارمەتیم دا."

"بەڵام نەتویست لێرە بمێنێتەوە؟ بۆ؟"

"نەخێر. چونکە من..."

"پارەت دایێ؟"

"نەخێر."

"یارمەتیت دا تاوەکو پلیتی فڕۆکە بکڕێت؟"

"نەخێر."

"گەیاندتە وێستگەی شەمەندەفەر؟"

"نەخێر."

"بەڵام تۆ دەزانیت ئێستا ئەو لە کوێیە. وا نییە؟"

ڕانیا گرمۆڵە بووبووە سەر زەویەکە و لەترسان دەلەرزی. نەیتوانی خۆی ڕاگرێت، چاوی پڕ فرمێسك ببوو، دەنگی دەلەرزی، بەهەوڵێکەوە گوتی:

"نەخێر نازانم."

"تۆ درۆزنیت. درۆ دەکەیت."

"لەوەندەی پێم گوتی زیاتر هیچ نازانم."

مارسێل پەلەپیتکەی دەمانچەکەی جولاند و تەقەتەقی پێکرد بۆ ئەوەی بیترسێنێت. ڕانیا بە تەماشاکردنێکی ترسنۆکانە و بەدەنگێکی لاواز گوتی:

"تکات لی دەکەم.. دەبێ بڕوام پێ بکەیت. من نازانم بۆ کوێ چووە؟"

مارسێل دەمانچەکەی راوەشاند و ئاراستەی ڕانیای کرد، بەهەڕەشەوە گوتی:

"تاکو سێ دەژمێرم. ئەوەی دەمەوێ لێتی نەبیستم دەتکوژم."

بەپاڕانەوە و سووربوون لەسەر قسەکانی خۆی گوتی:

"بەلام من نازانم. سوێندت بۆ دەخۆم ئەگەر بمزانیبوایە دەمگوت."

روخساری خۆی لێی نزیك کردەوە و بەسوکایەتی پێکردنەوە پێی گوت:

"ڕەنگە نەزانیت. بەلام خۆشت دەوێ. لەوانەیە وا بیردەکەیتەوە دەبێ ژیانی خۆتی بۆ بکەیتە قوربانی تاوەکو رابکات."

"نەء.. نەء.. من خۆشم دەوێ، بەلام ڕاست دەڵێم و درۆ ناکەم."

"یەك..."

" گەورەم تکات لی دەکەم. دەبێ بڕوام پێ بکەیت."

"دوو..."

"باشە، ئەوەی دەیزانم دەیڵێم. من زۆر نازانم. بەلام تکایە مەمکوژە. ئازارم مەدە."

مارسێل تا ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو تاکو هەموو هێزی خۆی بەکار بهێنێت.

"باشە. قسە بکە. من چاوەڕێی قسەکانتم."

هەلەکەی قۆستەوە و بەپەلە گوتی:

"ئەوەی مەڕوان گوتی، نەیزانی چی بکات. لەوەی گوتی دڵنیا نەبوو، منیش بڕوام پێ کرد."

"بەتەواوی چیی گوت؟ وشە بە وشە چی گوت؟"

"گوتی... شتێکی وەك ئەمەی گوت.. گوتی لەوانەیە بچێتە میسر یان کەنداو. هەر شوێنێك کە لێرە دوور بێت. بڕوام پێ بکە هەر ئەمەی گوت. هەر ئەوەندە دەزانم."

"تۆ دڵنیایت؟ هەر ئەوە دەزانیت؟"

بە راستگۆیانە و موکڕی لەسەر قسەکەی خۆی گوتی:

"بەڵێ. هەر ئەوە دەزانم. هەر ئەوەی گوت."

"کەسێکی دیکە زانی مەروان لێرە بووە؟"

"نەخێر، تەنها من."

"دایك و باوکت نەیانزانی؟"

"نەخێر."

"هاوڕێیەکت نەیزانی؟"

"نەخێر."

"نە ئەوەی لەگەڵتدا نیشتەجێیە؟ نە دراوسێ؟"

ڕانیا ناچار بوو درۆ بکات تاوەکو لەیلا لەم پیاوە ترسناکە بپارێزێت. گوتی:

"نەخێر. تەنها خۆم. بەکەسیشم نەوتووە. تکات لی دەکەم بڕوام پێ بکە."

مارسێل ماوەیەك بێدەنگ بوو تاکو بیر لە راستی قسەکان بکاتەوە، ئینجا گوتی:

"باشە. وادیارە شتێکی دیکەت پێ نییە. وابزانم هەر وەهاشە."

ڕانیا هەستی بەسرەوتن کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا.

بەڵام دەرگای دەرەوە بەدەستی یەکێك و لە دەرەوەڕا جوڵایەوە، دەسکەکەی بە کلیل جووڵاندرا. لەناکاو لەیلا هاتە نێو شوقەکە چەند کیسەیەکی بەدەستەوە بوو. لەیلا لە دیمەنی مارسێل و دەمانچەکەی دەستی سەری سوڕما، ترس لە روخساری نیشت و قیژاندی:

"ڕانیا ئەمە چیە؟ ئەمە هەمووی بەهۆی مەڕوانە؟"

چارەنووس و کۆتایی ژیانی خۆی بەم وشانە دیاری کرد.

**مارسێل بەدەمانچە بێدەنگەکەی دوو گوللەی پێوە نا، بێ جووڵە کەوتە سەر زەوی. ئینجا ڕووی کردە لای ڕانیا و دوو گوللەی بەویشەوە نا، ئەویش وەکو هاوڕێیەکەی بەسەر هات.**

# کەرتی سێیەم

# بەشی بیست و نۆیەمین

لەدواییدا پشکنەر جودار توانی بگاتە ئەو باڵەخانەیەی کە ڕانیا فەوازی تێدا نیشتەجی بوو. کاتێك لەتەکسیەکە دابەزی، لەبەر دەرگا چاوی بە مارسێل کەوت، بەلووتبەرزی و سوکایەتی پێکردنەوە گوتی:

"بۆ وا دواکەوتی؟"

هەوڵیدا خۆی لەگۆبەندی ئەو لا بدات، وەڵامیدایەوە:

"لە بەیروتەوە بۆ ئێرە ماوەییێکی درێژە و کاتی دەوێ."

ئینجا ئاوڕی لی دایەوە و پرسی:

"مەڕوان عەقادت دۆزییەوە؟"

"نەخێر، هەموو شتێك هێمن دیارە."

"ئەی کچەکە؟"

"پێم گوتی هەموو شتێك هێمنە."

ئینجا جودار بەسەرسامی و بەبایەخەوە سەیری کردو گوتی:

"بەڵام تۆ دەزانیت و دڵنیایت کە ئەوان لێرەن."

مارسێل بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر گوتی:

"تاوەکو ئێستا لەهیچ شتێك دڵنیا نیم. دەبێ لەمە زیاتر کات لەدەست نەدەین. دەبی دەستبەجێ بچینە ژوورەوە و مەڕوان لەناکاودا بگرین."

"لەدەرگاکەوە چوونە ژوورەوە، ئەمجارەیان پاسەوانەکە بەئاگا بوو. مارسێل هێما پۆلیسیەکەی پێی نیشان دا و گوتی:

"دەمانەوێ چاومان بەخاتوو ڕانیا بکەوێ، گوایە لێرە نیشتەجێیە. وا نییە؟"

پاسەوانەکە پێشیان کەوت و گوتی:

"خاتوو ڕانیا؟ بەڵێ کچێکی ناوازەیە. کەس وەکو ئەو وا باش نییە، خۆی و هاوڕێیەکەی لەنهۆمی حەوتەمن شوقەی (701)، لەگەڵتان بێم بتانبەمە لای؟"

مارسێل وەڵامی دایەوە:

"نەخێر پێویست ناکات."

ئینجا بەجوداری گوت:

"تۆ بە قاندرمەکەدا سەرکەوە و وریابە و بزانە ڕێگاکە ئاسوودەیە؟. لەوێ دەتبینمەوە."

ئینجا خۆی بەرەو نەردەوانەکە چوو، دەمانچەکەی دەرهێنا، ئەو دەمانچەی کە لەئیشی فەرمی بەکاری دەهێنا. جوداریش هەمان شت دەمانچەکەی دەرهێنا و پاسەوانەکەی ڕاسپارد کە بێدەنگ و هێمن بێت و هیچ شتێك بەکەس نەڵێت. ئینجا لە قاندرمەکان بۆ نهۆمی حەوتەم بەسەرکەوت و نوێژی دەکرد کە ئەم گرفتە قێزەوەنە بەئاسوودەیی کۆتایی پێ بێت. ئێستاش دەیەوێت بڕوا بکات کە مەڕوان عەقاد بکوژە. شیکردنەوەی مارسێل بۆ دەرئەنجامەکانی کێشەکە ناوازە و بڕواپێنەکراو و نابەستەیە. بەڵام دەبێ هۆشیار بێت. چونکە مەڕوان عەقاد پیاوێکی بەمەشق وئەزموونە لەسەر کوشتن.

لەپێش شوقەی 701 مارسێلی بینیەوە، بەبێ قسەکردن و بەدەست ئاماژەیکرد بۆ پلانی هێرشکردن. دوای ئەوەی جودار بەبێ دەنگی تا سێی ژمارد، بەتوندی شەپێکی لەدەرگاکە دا و چوونە ژوورەوە، چەکەکانیان بەدەستەوە بوو. جودار کە لە ناکاو هەردوو تەرمی ڕانیا و هاوڕێیەکەی بینی لەوێ لەناو خوێن گەوزینە و لەسەر زەوی کەوتوون، هەنگاوێك گەڕایەوە دواوە. بەڵام مارسێل گوتی:

" ئەو تاوانبارە، مەڕوان عەقاد کوشتوونی. درەنگ گەیشتینە ئێرە."

جودار هێشتا سەرسامی دایگرتبوو، وەڵامی تۆمەتەکەی دایەوە:

"بەڵام بۆ؟ بۆ چی بیانکوژێت؟"

مارسێل لەسەر قسەکەی سووربوو، گوتی:

" ئێستا ئەمە گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە بگەینە مەڕوان و پێش ئەوەی تاوانی کوشتنێکی دیکە ئەنجام بدات دەستگیری بکەین. دەبێ پەنجەمۆرەکان دیاری بکرێن و بەدوای بەڵگەکانی تاوانەکەدا بگەڕێین. یەکەمجار دەبێ وێنەی مەڕوان عەقاد

بدەینــە ســەرجەم بنکــە پۆلیــسیەکان و لــە گــشت وێــستگە شــەمەندەفەریەکان و بەندەرەکان هەڵبواسرێت و بدرێتە وێستگە تەلەفزیۆنیەکانی مەغرب. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بکرێتەوە. لەوانەیـە هێـشتا لێـرە مابێـت. ڕێـی پـێ نـادەین ڕابکـات. هەرگیز لەدەستم ڕزگاری نابێت."



# بەشی سییەمین

سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە فارس زەنگی تەلەفۆنێکی بیست، بەڵام گوێی نەدایێ. چونکە لەگەڵ دالیا خەریکبوون ناشتایان دەخوارد. دوای کاتژمێرێك دەنگی زەنگەکە دووبارە بووەوە،بەڵام دیسان فارس نەیبیست، چونکە لەگەرماو خۆی دەشوشت. سێیەمین جاریش دوای کاتژمێرێکی دیکە زەنگی تەلەفۆنەکە بەرز بووەوە، دیسان فارس وەڵامی نەدایەوە، چونکە مۆبایلەکەی لەشوقەکە بەجێ هێشتبوو. لەگەڵ دالیا بۆ بەسەربردنی ڕۆژێکی دیکە دەرچوبوون. بەم شێوەیە هەموو هەوڵەکانی ڕامی کە ویستی پەیوەندی پێوە بکات بێکەڵك بوو.

ئەگەرچی زستان بوو، بەڵام پەیوەندی نێوان فارس و دالیا و سۆزی بەکوڵی نێو دڵیان دونیای لی کردبوونە بەهار و وەك ئەوەی بای شەماڵ هەڵیکردبی بەسەر دەلتای نیلدا. سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە دوای ئەوەی پێکەوە ناشتایان خوارد، دەرچوون بەرەو تاوەرەکەی قاهیرە، کە 185 مەتر بەرزە و لەناوەڕاستی شارەکەدایە،لەو کاتە کەمێك سەرما لێیدەدان. لە لوتکەی تاوەرەکە دەست لەنێو دەست ڕاوەستابوون و تەماشای شارە گەورە و بەرینەکەیان کرد کە پڕبوو لەساختمان و دانیشتووان. لەناسینەوەی گەڕەکەکانی شارەکەدا کێبڕکێیان دەکرد. تەلاری مۆزەخانە و قەڵا و مزگەوتی محمد علیو مزگەوتی ئیبن تۆلۆن، ئینجا بەرەبەرە شینایی ئاسمان کەوتە پشت هەورێکی بۆر. تەماشایان کرد باڵەخانە بڵندەکان و ئوتێل و نووسینگە و ماڵە سوزانی و خانووەکانی شارەکە دیار بوو، بە تەپوتۆز و دووکەڵی ئۆتۆمبیلەکان داپۆشرابون. دالیا لاربۆوە لای و لێی پرسی:

"چوویت بۆ هەڕەمەکان؟"

بەشێوازێکی لێبوردن و شەرمەزارییەوە گوتی:

"شەرم دەکەم پێت بڵێم هەتا ئەمڕۆ نەمدیوە."

بەخۆشیەوە هاواری کرد:

"منیش.. وەرە بچین بۆ ئەوێ تا لەنزیکەوە بیبینین و سواری وشتر بین و لەسەر لم پێشبڕکی بکەین."

فارس بەسەرسامییەوە لێی پرسی:

"سواری وشتر دەبین و بەبیاباندا دەڕۆین؟"

"نەك پێیدا دەڕۆین بەڵکو ڕادەکەین."

دالیا کە ئەمەی دەگوت چاوەکانی بەپەرۆشەوە دەتروسکانەوە.

ژیری دالیا و حەزکردنەکەی لە ژیان، بووە مایەی شانازی فارس. کاتێك سەرنجی دایێ هەستی بە بوژانەوە و چالاکی کرد، چونکە ژیرییەکەی دالیای چووە نێو ناخ.

بەپەرۆشەوە شانی ڕاتەکاند و گوتی:

"وەرە با دەست بەپێشبڕکێیەکە بکەین."

تەکسییەکیان بۆ (جیزە) گرت و گەیشتنە ناوچەی هەرەمەکان. لەدەرگا بچووکەکەوە چوونە نێو هەرەمە گەورەکەوە، لەپیلەکانە دارینە تەسکەکە تێپەڕین تا گەیشتنە هۆڵە بەتاڵ و گەورە و بەرینەکەی مردووناشتن. ئاوڕیان لە دەوروبەری خۆیان دایەوە، بیربکەنەوە چەندین گەنجینە لێرە هەبووە. ڕێبەرێکی گەشتیارییان بەکری گرت و دوو وشتری بۆ هێنان، بەرەو قووڵایی بیابانە بەرینەکەی دەوروبەری هەرەمەکان بردنی و هەروەها بەرەو پەرستگاکان و (ئەبولهەول)و هەموو ئەو مێژووە دوور و نەمرەکانی فیرعەونەکان. فارس هەستی کرد تەلیسمی ئەم شوێنە گێژی دەکا و دڵ و مێشکی پی دەحەپەسی. ڕوانییە دالیا سواری وشترێکی مێیینەی جوان و خاوێن بوو بوو. چاوی وشترەکە گەورە و بەرین بوو، گوێیەکانی قوت و قاچەکانی باریك و لەڕەنگی بیابان بوو. ڕانیا قنج و قیت و پشت ڕاست لەسەر پشتی ووشترەکە دانیشتبوو، لە یەکێك دەچوو، وەك ئەوەی لەڕەشماڵنشین و ڕەوەندی بیابان لەدایکبووە و ژیانی لەمێرگێکی ناوەڕاستی لمەکانی بیاباندا بردۆتە سەر. کاتێك تێی ڕاما یادگارییەکانی بەتاڵ بووەوە، قسەکانیان دەربارەی نەجیب مەحفوز و ئەزموونەکانی خۆی لەگەڵ مەرگ و کوشتنی دایك و باوکی لەپێش چاوی، ڕووداوە

درۆیینەکەی ئۆتۆمبیلەکەی بە جۆرێك کە باسی کردبوو ، تاوەکو پاساوی برینەکەی شانی پێ بکات. هەروەها پشکنەر جوداری لەبیری خۆی قاودا، پشکنەر مارسێل و فەرید ڕەمزی و مۆنتی کارلۆ و دارلبەیزای لەبیر چووەوە، کەوا لەلایەن پۆلیس و کلۆدێت و مافیاکەی کلۆدێت ڕاونراوە. لەبەر ئەوانە رایکردووە، دەیانەوێت دەستگیری بکەن یان بیکوژن. پێویستە ئاگادار و وریا بێت و خۆی بپارێزێت. هەمووی لەبیرچوو. لەڕانیا زیاتر هیچی دیکەی لەپێش نییە و پێکەوە دەگەڕێن، وەکو بوك و زاوایەکی نوێ هەڵسوکەوتیان دەکرد. دالیا وەك کانیاوێکی فێنك بوو بۆ ئەو، تینوێتی دڵی دەشکێنێت و روحی فێنك دەکاتەوە و ژیانی خۆش دەکات. دەنگی دالیا درامای یادەوەریەکانی بڕی، بەدڵخۆشییەوە پێی گوت:

"فارس دەتوانم لێت ببەمەوە و بەپێشت کەوم. گۆڕەپانی پێشبڕکێیەکە لێرەوە دەست پێدەکات و لەبەر پەیکەری ئەبولهەول کۆتایی دێت. گرەو لەسەر پارەی چێشتەکە بکەین. هەرکاممان بدۆڕێت ئەودەیدات."

هەر ئەمەی گوت و لەقەی لە وشترەکەی داو و بە داردەستەکەی لەپشتی داو و ڕای کرد، دوور کەوتەوە و بەسەر گردەکاندا بازیدا و بەرەو دۆڵەکانی بیابان چوو. کاتێك فارس بینی بەخێرایی دوور دەکەوێتەوە هەستە خۆڕسکیەکەی لە ململانێی کێبڕکێدا لەناخی بەرز بووەوە و لەشوێنی خۆی دەرپەڕی و جڵەوەکەی لەدوای خۆی ڕاکێشا کە بەدەستی ڕێبەرە گەشتیارییەکەوە بوو، ئیتر ڕێبەرەکە هەراسان بوو و بەدوایاندا هاواریکرد و بەهەموو ئەو زمانانەی کەوا لەمامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیاراندا فێری بووبوو، دەستی بە جنێودان و نەفرەتکردن کرد. دالیا وەکو پیشەداران بەکارامەیی بە وشترەکە ڕای دەکرد و پێشبڕکێی دەکرد. فارس بەدوایدا دەرپەڕی، دالیا چل تا پەنجا مەترێك بەپێشی کەوتبوو. دڵی پڕبوو لە هەستی ململانی، بڕیاری دا بە سانایی خۆی بەدەستەوە نەدات، بەسەر ملی وشترەکەدا لار بووەوە و بەشەق لەسکی دەدا،خێراتر بوو تاکو بگاتە دالیا. گردێکی نەرمەلیان بڕی و بەرەو گۆڕەپانێکی بەرین چوون،ئینجا بەرەو گردێکی دیکە، لەپێچێکدا دالیا تا ماوەیەك لەپێش چاوی وون بوو، بەدوایداچوو تا بیگاتێ، بینی دالیا ئاماژەی

بۆدەکات و گاڵتەی پێدەکات و ململانێی دەکات، سەری بادەدات بۆ ئەوەی تووڕەی بکات. وای لی هات زیاتر لەسەر بردنەوە سووربی. هاواری لە گوێی وشترەکەدا کرد و بەتوندی و بەهەموو هێز و توانایەوە لەپشتی دا. هەر وەکو ڕێبەرەکەی پێ گوتبوو دەیزانی ئەو وشترەی کەوا ئەم سواری بووە بچووکە و تەمەنی لە سێ ساڵ تێنەپەڕیوە، بەخێرایی بەشداری لەپێشبڕکێیەکان کردووە. کەواتە بەئاسانی دەتوانێت بگاتە وشترەکەی دالیا و لێی بباتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی، چونکە دالیا گەیشتە ژێر بەردەکەی ئەبولهەول. کە لە دەوروبەری ئەوێدا گەشتیارێکی زۆری لێبوو لەگەڵ ڕێبەرەکانیان. خێرایی پێشبڕکێیەکە هەردووکی ترساندن، لایاندا و لەسەر ڕێگاکە دوور کەوتنەوە. دالیا بردیەوە و سەرکەوت. فارس گوریسەکەی بەتوندی ڕاکێشا و خێرایی وشترەکەی کەم کردەوە،تاوەکو ڕاوەستا و لە دالیا نزیک بووەوە و هەناسەیەکیان هەڵکێشا. دالیا بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنی و هەموو ڕواڵەتەکانی ڕوخساری کرایەوە و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك. فارسیش بەجۆرێك پێدەکەنی کە پێشتر وا پێنەکەنی بوو. دابەزین و فارس لێی نزیك بووەوە و دڵی بەتوندی لێی دەدا و خەریك بوو دڵی لەسینەی بێتە دەر. سۆزەکانی بەشێوەیەك جووڵا، کە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتبوو. سۆزەکانی لەناخیدا بەجۆرێك دەکوڵێتەوە و بەرز دەبێتەوە، زۆر لەمێژە شتی وای لەلا ڕوونەداوە. دالیا خۆی بۆ فڕێ دا و باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد، گوتی:

"شتێکم بۆ بکڕە."

"شتێکت بۆ بکڕم؟ هەر شتێك؟"

دالیا پێکەنی و پێیەوە چەسپا، ملی و هەردوو گوێی ماچکرد و گوتی:

"نازانم. شتێکی تایبەتم بۆ بکڕە. شتێکی جیاواز. شتێکی دیار. شتێکم دەوێ لە کاتێکدا لێم دوور دەکەویتەوە و لەناکاو بزر دەبیت تۆم بەیاد بهێنێتەوە."

بەڕوانینێکی گلەییانەوە پێی گوت:

"ئەوە چی دەڵێی؟ بۆ وا دەڵێیت؟"

"هـەموو پیاوێـك وا ناكـات؟ هەنـدێك پیـاو ئـەوەی دەیـەوێت دەیبـات، ئینجـا لەكاتێكی چاوەڕوان نەكراو بەجێت دەهێڵێ و دوور دەكەوێتەوە؟"

نیگایـەكانی گاڵتـە و خۆشـی و گەمـەی هەڵدەگەڕانـدەوە، هەرچـەندە وشـەكانی دڵپاكی و پێكەنینی لەگەڵدا بوو بەڵام بۆ ئەو مەبەستێكی تێدا بوو. لەو ساتەدا ئـەم گاڵتەكردنە وایكرد وا هەست بكات یاری بـەئاگر دەكـات و بـەر لـە ماوەییێـك یـەكێك بەتوندی هەستی ئەم كچەی برینـدار كـردووە و هێـشتا برینەكـەی نوێیـە و ئـازاری مـاوە. وا خەریكـە برینەكـەی دەكولێتـەوە و ئاگرەكـەی نـاوەوەی دادەگیرسـێنێتەوە. لێرەدا دالیا لەگەڵیدایـە، چـونكە خـۆی داوای ئـەوەی لێكـردووە. بـەڵام دالیـا نایـەوێ پەیوەندی پێوە بكات و بیبەستێتەوە. بیرۆكەیەك لە دڵیدا سەریهەڵدا بـەڵام كاتەكـە بۆ باسكردنی گونجاو نەبوو.

هەستەكانی بەرانبەر بەدالیا هەرچییەك بووایە، فارس هەر لەتوانایدا نەبوو بۆ ماوەیەكی درێژ لەگەڵیدا بمێنێتەوە. ئایا دەبێت؟ ئایا دەتوانێت؟ دوای چـەند ڕۆژێـك یان چەند هەفتەیـەك یـان مانگێـك یـاخود دوو مـانگ. دەبـێ ڕامـی پەیوەنـدی پێـوە بكات و پێی ڕابگەیەنێت كە ئەوان دەیگەنی و پێویستە بزربێت و خۆی بـشارێتەوە. بەڕاستی قسەی دالیا ڕاستە. لێـی دوور دەكەوێتـەوە و لـەكاتێكی چاوەڕوان نـەكراودا بەجێی دەهێڵێت.

ئاسان بوو ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ ئەم كچە لەڕۆژێك یان شـەوێك یـان پـشووی كۆتـایی حەفتەیـەك زیاترنـەبێت. بـەڵام لەهەسـت و ڕوانـین و بیركردنـەوەی دالیـا دەربـارەی پیـاو زۆر سەرسـام بـوو، لـەلای فـارس واتایـەكی زۆری هـەبوو. ئەمـەی بـە بایـەخ و گرینگییـەوە وەرگـرت. ئـەم كـچە شـتێكی نـامۆ و نـاوازە و سـەیری تێدایـە. فارس هەرگیز نایەوێت ئازاری بدات یان ببێتە هۆی ئازاردانی.ئەنجا گوتی:

"هەندێك پیاو وانە، من لەوانە نیم."

# بەشی سی و یەکەمین

تاکو لەبیرکردنەوەی ئەم باسە دوور بکەونەوە، پێکەوە بەڕێدا ڕۆیشتن و فارس قۆڵی دالیای گرتبوو، لەیەکێك لە شەقامە جەنجاڵەکان کە پڕبوو لەگەشتیار و فرۆشگای دیارییەکان، لەوی پیاسەیان دەکرد. چوونە نێو شوێنێکی تایبەت بەگەڵای قامیش. کە بەو شوێنەدا دەڕۆیشتن، فارس بەگوێیدا چرپاندی:

"گوێبگرە، هەر شتێك لەم شوێنەدا حەزت لێیە بۆتی دەکڕم."

چاوەکانی دالیا درەوشایەوە و گوتی:

"هەر شتێك؟" گوتی:

"هەر شتێك. داوای هەر شتێك بکەی."

دالیا بەدڵخۆشییەوە توند قۆڵی فارسی گرت لەنێو ئەو شوێنە گەورەیەدا کە دیوارەکانی داپۆشرابوون بە جوانترین ڕەنگ، قەشەنگترین وێنە لەسەر گەڵای قامیش کێشرابوو، ڕوانییە دەوروبەری خۆی. فرۆشیارێك بەزەردەخەنەیەکەوە لێیان هاتە پێش و گوتی:

"فەرموون، ئەمڕۆ دەتوانم نرخێکی هەرزانتان پێ بڵێم."

فارس پێی گوت و دالیاش بە سەر لەقاندنەوە پشتگیری لێکرد:

"باشە. جارێ با باشترین شتەکانت ببینین."

بەشادیەوە گوتی:

"سەرچاوم گەورەم."

بردنیە هۆڵێك لەبەشی پشتەوەی شوێنەکە و پیشانی دان کەوا چۆن لقی دارقامیش دەبڕن و باریك و درێژ لەتی دەکەن و دەیخەنە نێو ئاو و شەکرەکەی لی دەردەهێنن، پاشان دەیچنن و بەچەند ڕۆژێك لەشێوەی پەڕە و تابلۆی ڕەق ووشکی دەکەنەوە، بۆ هونەرمەندانی پسپۆڕ دەگونجێ وێنە ناوازەکانیان لەسەری بکێشن. زۆربەی ئەو وێنە و نیگارانە لەئەفسانە و مێژووی میسری کۆندا هەیە. دوای

ئەوەی بۆی ڕوون کردنەوە، دالیا لە تابلۆیەکی قامیشی جوان نزیک بووەوە، لەنێو چوارچێوەیەکی دارینی ورد، بەڕەنگی شین و سوور و زێڕین دروستکرابوو، وێنەی چەند مرۆ و ئاژەڵ و پیتی هیرۆگلیفی تێدا بوو. تەماشای کرد و گوتی:

"ئەم تابلۆیە چییە؟"

فرۆشیارەکە بەم هەڵبژاردن و پرسیارە دڵخۆش بوو، گوتی:

"ئا. بەڵێ. ئەمە تابلۆی دوا دادگاییە. تابلۆیەکی زۆر بەناوبانگە. کاتی خۆی وێنەی ئەم تابلۆیە لەگشت ماڵ و گۆڕستان و پەرستگا و لەهەموو قوژبنێکی میسری کۆندا هەڵدەواسرا."

فارس پرسیاری لێکرد:

"بۆ؟ واتای چییە؟"

فرۆشیارەکە تابلۆکەی بۆ ڕوونکردنەوە و گوتی:

"میسرییە کۆنەکان باوەڕیان بەوە هەبوو کە مرۆ کاتێک دەمرێت لەدوای مردنەکەی بەرانبەر بەخوداوەندەکان لەسەر کردەوەکانی ژیانی دونیا ڕووبەڕووی دوا دادگایی دەبێتەوە.. بنوارن. ئەم پیاوە دەبینن کە لەوێیە، لەسەرەوەی تابلۆکە لەلای چەپ ڕاوەستاوە، کڕنۆش بۆ خوداوەندەکانی سەرەوەی وێنەکە دەبات؟"

"بەڵێ."

"ئەم مرۆڤە لەدوای مردن. دوای کۆتایی ژیانی لەسەر زەوی. بەرانبەر چواردە فەرمانڕەوا ڕادەوەستێت، نکوڵی دەکات و سوێند دەخوات کە گوناهکار و خەتاکار نییە، قوربانی پێشکەش دەکات و دەپاڕێتەوە تا ڕێگای پێ بدەن بچێتە نێو فیردەوس یا بەهەشت."

فارس سەرنجی لەتابلۆکەدا و پرسی:

"ئەم پیاوەی خوارەوەی تابلۆکە چییە؟ هەمان پیاوە؟"

"ئەمەی لەبەشی خوارەوەیە؟"

"بەڵێ."

"ئەمە هەمان پیاوە. بردیان بۆ کۆشکی دادوەری،لەوێ دەردەکەوێت و بڕیار دەدرێت کە پیاوچاکە یان بەدکارە. تاوانبارە یان بێتاوانە. ئەم تەرازووە گەورەیە دەبینن کە لەپێشیەتی؟"

"بەڵێ."

"دڵی مردووەکە هەڵدەکەندرێت و دەخرێتە لای چەپی تەرازووەکە، لەبەرانبەری،لەلای ڕاست پەڕی دادوەری دادەندرێت. وەکو پەڕی باڵندەیە. ئەگەر دڵی ئەو کەسە لەپەڕەکە قورستر بوو، واتە ئەو دڵە پڕ لەگوناه و بەدییە و شایانی ئەوە نییە بچێتە ئاسمان یاخود بەهەشت، ئینجا دەخرێتە نێو دۆزەخ! بەڵام ئەگەر دەرکەوت دڵی لەپەڕەکە سووکترە، واتا ئەوە پیاوچاکە و مافی خۆیەتی بچێتە بەهەشت یا فیردەوس. ئەم پیاوەی نێو ئەم تابلۆیە پیاو چاکەو دەچێتە نێو بەهەشت، دەبینن وا کلیلی ژیانی بەدەستەوەیە؟ ژیانی نەمری... دەبینن؟ تابلۆکەتان بەدڵە؟"

نارەزایی لەڕوخساری دالیادا وەدەرکەوت و گوتی:

"نەخێر. بەدڵم نییە. حەزم لەم تابلۆیە نییە. یەکێکی دیکەمان پیشان بدە."

ئینجا چوونە لای تابلۆیەکی دیکە. وێنەی دوو کۆتر، لەسەر لقی درەختێکی گەورە نیشتوونە. بەڵام فارس هەر لە بەرانبەر تابلۆی دادوەرییەکە ڕاوەستا و تەماشای دەکرد و بە هەموو بایەخێکەوە سەرنجی دەدایێ. دوای ماوەیەك لەفرۆشیارەکەی پرسی:

"ئەی چۆن دڵنیایت و دەزانیت؟"

فرۆشیارەکەش لێی پرسی:

"دڵنیایی چی و چی بزانم؟"

"چۆن دڵنیایت و دەزانیت کە دڵت پاگژە و دەچیتە بەهەشت؟"

فرۆشیارەکە لە جۆری تەماشاکردنەکەی پیشانی دا کە وەلامەکە نازانم . وا دیاربوو وەلامێکی بۆ پرسیارەکەی فارس نییە. بۆ لای دالیا ئاوڕی دایەوە، وا دیارنەبوو ئەویش وەلامێك دەزانێت، هیچ کەس نازانێت، هیچ کەس. شەپۆلێکی

ترس دڵی فارسی داپۆشی. دڵی پڕبوو لەنیگەرانی، پرسیارەکە لەنێو دەروونی دەنگی دایـەوە. دەنگدانەوەکـە دووبـارە بـووەوە و بـەرزتر و بـەرزتر بـووەوە تـاوەکو وەك هاوارکردنی لێهات. تەزی بە لەشیدا هات. کە بیری لەم پرسیارە کـردەوە نێوچـەوانی ئارەقـەی کـرد. هـەر دەبـێ وەڵامێـك بـۆ ئـەم پرسـیارە بدۆزێتـەوە. دەبـێ بەرلـەوەی بمرێت و چارەنووسی دیاری بکرێت بیزانێت.

ئەو تابلۆیەی کڕی کە دالیا هەڵیبژارد. تابلۆیەکی گران و ناوازەی دوو دڵدار بوو لـەنێو بەلـەمێك و لـە ڕووبـاری نیـل. بـەڵام کاردانـەوەی تـابلۆی دوا دادگاییەکـە لای فارس هەر مایەوە. هەر لە نێو ناخیدا مایەوە. خەریك بوو دەنگی دایکی ببیستێت ، لەسەر ئەو کردەوانە دەگرییێت کەوا لە ئەنجامی ئـەو بێمـشکی و هەڵانـەی لەژیانیـدا کردوویەتی. ئینجا داوای لی دەکات و لێی دەپاڕێتـەوە کـە بیرێـك لـەخۆی بکاتـەوە و شێوازی ژیانی خـۆی بگۆڕێت،چـونکە دەرفـەت مـاوە سـەرلەنوێ دەسـت پـێ بکاتـەوە. لەبیرۆکەکانی بەردەوام بوو، بەڵام لەکوێوە دەست پێ بکاتەوە؟ پـەنا بـۆ کـوێ ببـات؟ ئامادەیە و دەیەوێ بگۆڕێت. گرنگ ئەوەیە چۆن؟ ئایا دەتوانێـت! ئەمـە بـۆ ئـەو زۆر گرانە! ئاسـانە بـیر بکاتـەوە و بڕیـار بـدات، بـەڵام ئەگـەر بیکـات قورسـە! گۆڕانکـاری ئاسانە بیری لی بکەیتەوە، بەڵام جێبەجێکردنی قورسە!

بۆ شوقەکەی دالیـا گەڕانـەوە، دوای ئـەوەی خۆیـان شوشـت و جلـەکانیان گـۆڕی، چوونە ئوتێلی (مۆڤمبیك) لەتەنیـشت فڕۆکەخانەکـە تـا لـەوی لەبـەر ڕونـاکیی مـۆم نان بخۆن، پێش ئەوەی دالیا شەوێ بچێتە لەندەن. دالیا زۆر دڵخۆش دیار بوو، بـەڵام ئـەو هـەوڵی دەدا هەسـتی بەدبەختیکردنەکـەی خـۆی بـشارێتەوە. دالیـا هێـشتا خۆشییەکەی لەنێو چاواندا بوو تەماشایکرد و گوتی:

" لەبیرم چوو پێت بڵێم، دینا و مێرڤەت ئیمێڵێکیان ناردووە."

لـە قاپەکەیـدا کـە کـەمێکی لـی خواردبـوو، پێـی نـەدەخورا. بـێ ئـەوەی سـەر هەڵبگرێت وەڵامی دایەوە، گوتی:

"بەڕاست؟"

"هێشتا لە نیویۆرکن. شوقەیەکیان دۆزیوەتەوە. دینا دەڵێت لەکۆتایی ئەم هەفتەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە تاوەکو کەلوپەلەکان کۆ بکاتەوە و بۆ ئەوێیان ببات."

تاوێك بێدەنگ بوو ئینجا گوتی:

"بڕوا ناکەم بەجێیان هێشتم، دەبێ بگەڕێم بۆ یەکێك لەگەڵمدا نیشتەجێ بێت و لەکرێیەکە بەشداریم بکات، بەتەنیا ناتوانم بیدەم."

فارس خەریکی خواردن بوو، گوتی:

"باشە."

سەرنجی دایێ و لێی پرسی:

"فارس. ئەوە چییە؟ ئەتۆ باشیت؟"

"بەڵێ. بەڵێ. من باشم."

"دیارە بیرت پەرتەوازەیە. بەشتێکەوە سەرقاڵیت. تۆ زۆر لێم دووریت. وەکو ئەم بەیانییە و ئەو دوو ڕۆژەی رابردوو نیت؟"

"نەء نەء من تەنها..."

ئەمەی گوت و دەنگی دوور و کز بووەوە. دالیا لەسەر ئەوە سووربوو ئەو هۆیە بزانێت، پرسی:

"تۆ تەنها چی؟"

نەیویست جارێکی دیکەش درۆی لەگەڵدا بکات. نەیویست لەمە زیاتر دڵی خۆی بارگران بکات. دیسان هەمان بیرۆکەی پێش کەمێك هێرشی بۆ هێنا. ئەو بیرۆکەیە بوو دڵتەنگ و نیگەرانی کردبوو. کە خۆی درۆزنە و ژیانی هەمووی درۆیە.

"من تەنها.. شوێنی تۆ لەلای من بەتاڵ دەبێت. شوێنت زۆر بەتاڵ دەبێت. ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو لەگەڵتدا زۆر شادومان بووم."

"منیش." دالیا هەردوو دەستی درێژ کرد و دەستەکانی فارسی گرت.

"تۆ کچێکی ناوازەیت. پایەیەکی تایبەتیت لەدڵمدا هەیە."

دالیا هێشتا زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو، بەڵام لەناکاو زەردەخەنەکەی نەماو ڕوخساری بۆ ڕواڵەتی گومان و نکۆڵی لی کردن هەڵگەڕایەوە، گوتی:

"پایەیەکی تایبەت ڕیگات پێ دەدات بڵێی پێکەوە کاتێکی خۆشمان بردەسەر و جارێکی دیکە نامبینیتەوە؟"

فارس بەدووپاتکردنەوە و سووربوون لەسەر هەر وشەیەك کەوا دەیلێت، هەردوو دەستی دالیای گرت و گوتی:

"پایەیەکی تایبەت ڕێگام پێ دەدات بڵێم کە من دەمەوێ درێژترین کاتت لەگەڵدا بەسەر بەرم. کاتێکی درێژخایەن. کەی دەگەڕێیتەوە؟ سبەینی؟"

"کاتی نانی نیوەڕۆ لێرە دەبم."

"زۆر باشە چاوەڕوانت دەبم."

دالیا توند دەستی گرت و زەردەخەنەیەکی کرد و تەماشای چاوەکانی کرد، گوتی:

"ئەمە بەڵێنە؟ بەڵێنم پێ دەدەیت؟"

"بەڵێنت پێ دەدەم."

# بەشی سی و دووەمین

فارس شەوەکەی بەتەنیا لە شوقەکەی دالیا بەسەر برد. چاکسازی شوقەکەی خۆی بەردەوام بوو، کرێکارەکان تا کاتژمێرێکی درەنگ ئیشیان لی دەکرد. دۆخی شوقەکەی زۆر خراپ بوو، بەڕادەیەك زەحمەت بوو بزانێت کەی تێیدا نیشتەجێ دەبێت. لەهەمان کاتدا شوقەکەی دالیا بچووکتربوو، بەڵام گەرمترە چونکە ئامێرەکانی گەرمکەرەوە ئیشی دەکرد. جگە لەکەلوپەلی باش و دیکۆراتی جوان و کەشخە. پەنجەرەکان پەردەیان پێوەیە، گوڵدانەکەی سەر مێزی چێشتگەکە پڕە لەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ. لەسەر قەلوێرەکە دۆشەکی خاوێن و پەتووی قورس و نەرم هەیە، لەگەڵ سەرینی پڕ و نەرم. بووکەشووشە و ئەنتیکەی جوان کە دالیا لەگەشتەکانی کۆی کردووەتەوە بەهەموو لایەکدا بڵاوبوونەتەوە. گرنگترین شت ئەوەیە قاپەکان خاوێنن و بەفرگرەکە پڕە لەخواردەمەنی. هەروەها ئۆڤنی ناندینەکە و هەموو ئامێرەکانی ناوەوەی ئیش دەکەن. بۆیە بڕیاریدا لەم کاتە شوقەکەی ئەو بەکار بهێنێت.

یەك فنجان قاوەی بۆ خۆی ئامادەکرد و دۆڵابێکی کردەوە و هەندێك کێکی تێدا بوو بەیانیان لەگەڵ قاوە دەیخوارد. پاشان دەستی بە پشکنینی شتەکانی دالیا کرد و لێی ڕاما، بەڵکو شتێکی زیاتر دەربارەی ئەو بزانێت. گۆشەیەکی بینی ئامێری ڤیدیۆ و تەلەفزیۆنێکی تێدا بوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کاسێت و سی دی مۆسیقا و گۆرانی و فیلمی میسری و ئەوروپی و ئەمێرکی کە بەڕیز و ڕێکوپێك یەك لەدوای یەك بەپێی پیتە ئەلف بێ دانرابوون. تەماشای دۆڵابی جلەکانی کرد، کە جلی نوێ و پێڵاوی ڕەنگاوڕەنگی زۆری تێدا بوو، ئینجا چەند سەندوقێکی بچووك خشڵی هەمەجۆری تێدا بوو. کۆمەڵێك گۆڤاری ژنانەی بەهەموو زمانەکان و جۆرەکان بینی. هەروەها هەندێك ئامرازی نقوم بوون و هەناسەدانی ژێر ئاوی بینی ، تاقێك نەخشە و چەند نامیلکەی ڕێبەرایەتی گەشتیاران لەسەر بوو بۆ شوێنە

گەشتوگوزارییەکان لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاست و دەریای کاریبی. لەتەنیشت پەرتووکە قەبارە گەورەکان چیرۆکەکانی نەجیب مەحفوز هەبوو. ئینجا شوێنێکی دۆزییەوە هۆشبەری ماریجوانای لەگەڵ جگەرەدا تێدا هەڵگرتبوو. دانەیێکی برد و دایگیرساند. پێی سەیر بوو کە لەماڵەکەدا هیچ یاداشتنامەی نووسراو یان بیرەوەرییەکی رۆژانەی نەدۆزییەوە، کە کچان لەم تەمەنەدا بایەخی پێ دەدەن. هیچ وێنەیەکی خانەوادەکەی نەدۆزییەوە کە شتێك دەربارەی دالیا نوور دەربخات. دالیا نوور کێیە؟ لەکوێ هاتووە؟ بۆ کوێ دەچێت؟ لەگەڵ ئەوەی بۆی باسکردووە، بەڵام شتێکی کەمی دەربارە دەزانێت. شتێکی زۆر کەم لەسەر دالیا دەزانێت. دەزانێت لەئوردن گەورە بووە، بەڵام نازانێت لەکوێی ئوردن. دەزانێت لەتەمەنی هەژدە ساڵاندا، ئەوێی بەجێ هێشتووە. بەڵام نازانێت بۆ!. دەزانێت لەزانکۆیەکی بچووك لەفەرەنسادا دەرچووە، بەڵام نازانێت لە چ زانکۆیەك و چ پسپۆڕییەك. دەزانێت لەکۆمپانیای فڕۆکەوانیی بەریتانی چووە کاربکات، تاوەکو زۆربەی وڵاتانی جیهان ببینێت و بەخۆڕایی گەشت بکات، دەشزانێت کە سەردانی بیست و سێ وڵاتی کردووە و بەنیازە لەپشووی داهاتوودا بچێتە ئوستورالیا،چونکە وەرزشی نقوم بوونی ژێر ئاوی ئەوێ ناوازەیە. جگە لەمە هیچ شتێکی دیکە نازانێت. دالیا نهێنییەکی شاراوەیە بۆ فارس. هەروەك فارسیش هەمان شتە بۆ دالیا.

لەهەوڵدانەکەیدا بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی سەبارەت بە دالیا، چەکمەجەی دۆڵابێکی بچووکی کردەوە کە لەتەنیشت قەروێڵەکەیدا بوو. بینی چەند چاپکراوێکی لێیە دەربارەی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی شەرم شێخ. ئەم کچە بەڕاستی خولیای گەشتوگوزارە. فارس بەبیری نایەتەوە کەی لەپشوویەکدا گەشتێکی کردووە. بەڵام دالیا شەیدای گەشتکردنە بۆ بینینی جیهان و ڕابواردن،تا دوا دڵۆپی جامی ژیان. واش دیارە ناتوانێت لەیەك شوێندا لەچەند ڕۆژێك زیاتر بمێنێتەوە. ئەگەر چەند ڕۆژێکی کەمیش کاتی بەدەستەوە بێت بۆ سەردانی شوێنێکی نوێ دەردەچێت. بۆ چی؟ وەکو بڵێی لەشتێك هەڵدێت. چ شتێك؟ فارس کۆمەڵە چاپکراوەکانی پشکنی. یەکێك دەربارەی ئوتێلی هیلتۆن بوو، یەکێکی دیکە

لەسەر ڕیتز کارلتۆن. ئینجا (چواروەرزەکە) و (ماریۆت) و (مۆڤـەمبیك جۆلی ڤێـڵ) و زۆری دیکەش. لەبن چەکمەجەکە زەرفێکی بچووکی دۆزیەوە دروشمی کۆمپانیـای فڕۆکەوانیی بەڕیتانیای لەسەر بوو. کردیەوە، بینی چەند نووسـراوێکی دەستنووسی دالیـا بـوو. نـرخ و خـەرجکراوەکانی سـێ کـەس لەهەنـدێك ئوتێـل و شـوێنە گەشـتوگوزاریەکان و ژوان و نرخـەکان و بـەراوردێك لـەنێوان هەریـەکێك لەوانـەی نووسیبووی.

لەوکاتەی چاپکراوەکانی کۆکردەوە تـا بیانگەڕێنێتـەوە شـوێنی خـۆی و لەگـەڕان بەردەوام بێت بەدوای نهێنییەکانی ئەم کچەدا. سەرنجی دا ئەو کاتانەی کەوا دالیا بۆ پشوودانەکانی هەڵیبـژاردوون، نزیکی نێـوان (کریـسمس)و (سـەری سـاڵ)ە لەپڕێکدا فارس زانی کە دالیا ناتوانێـت پـشووی ئەمـساڵ جێبـەجێ بکـات، لەبـەر گواسـتنەوەی دینا و مێرڤەت بۆ دەرەوەی میسر، بەهۆی ئەوەش ناتوانێت کرێی شـوقەکە بەتـەنیا بدات. بۆیە ناتوانێـت ئـەم پـشوودانە لـە شـەڕم شـێخ بەسـەر بـەرێت. ئەمـەش بـووە مایەی بیرکردنەوەی فارس... چی دەبێت ئەگەر؟!

کاتێك دالیا گەڕایەوە ماڵ کارەکان تەواو بووبوو. پلیتەکان کـڕا بـوون. جانتاکـان ئامادە کرابوون و ئامرازەکـانی نقـوم بـوون و هـەموو شـتێك... هـەموو شـتێك لـەناو تەکسییەکە بـارکرابوون و لەبـەر دەرگـا لەچاوەڕوانی دابـوو. فارسـیش ڕاوەسـتاوە و چەپکە گوڵێکی بەدەسـتەوەیە. هـەر کـە دالیـا لەبـەردەم ماڵەکـەی دابـەزی، ئەمانـەی هەموو بینی. بڕوای بەچاوی خۆی نـەکرد، وا پێکـەوە بـۆ شـەڕم شـێخ دەچـن. ئەمـە ڕاستە؟ هەر ئێستا؟ چۆن فارس زانی بەنیازە بـچێتە ئـەوی؟ چۆن هـەموو شـتەکانی بەپەلە بەجێهێنا؟

لەو کاتەی بەڕێوە بوون بۆ فڕۆکەخانەکـە، فـارس وەڵامـی هـەموو پرسـیارەکانی دایەوە. وا دەچێتە شەڕم شێخ و گەشتەکە کاتـژمێرێك دەخایـەنێت. زۆر پێخۆشـحاڵ بوو  شادی لە ڕوخساری دالیا بەدیکرد.

پێشتر لەخوڕەوشتی فارس نەبوو وا پەلە لە شت بگات، بەڵام بەمە خۆشحاڵ بوو و بەدەستپێکردنێکی نوێی زانی.

دەرچوونەکەی لەقاهیرە لەبەر زۆر هۆ بیرۆکەیەکی ساغ بوو. زۆر پێویستی بەخۆر و لم و کەنار هەبوو،تاوەکو لە لەیادکردنەوەی گرفتەکانی دوور بکەوێتەوە. حەزیش دەکات درێژترین کات لەگەڵ دالیا بەسەر بەرێت. لەدواییدا دالیا پێی گوت:

"ئەمە چاوتێری و میهرەبانییەکی گەورەیە لە تۆوە. تا ئەم ساتە نازانم بۆ ئەم هەموو شتانەت کرد؟"

فرۆکەکە خەریك بوو لە کۆتایی گەشتەکە نزیکدەبۆوە، پێی گوت:

"شوێنت بەتاڵ بوو، تامەزرۆت بووم."

توند دەستی فارسی گرت و خشییە نزیکی و تەماشای ڕوخساری کرد و بە ئاوێتەی خەیاڵەوە گوتی:

"بەڕاستتە؟"

"بەڕاست."

ئینجا فارس گوتی:

"ماڵەکەت بچووك و ناوازەیە. بەلام بێ تۆ هیچ نییە. هەستم بەتەنیاییەکی کوشندە کرد، ئینجا خشتەی گەشتەکانتم دۆزییەوە، زانیم کە تۆ ئەم دوو ڕۆژە ئازاد و بێ ئیشیت. خۆمم پێ نەگیرا، هەموو ئەم شتانەم ئامادە کرد."

"سوپاس بۆ هەموو شتێك، کە کردووتە."

# بەشی سی و سێیەمین

وەکو بووكوزاوایەکی نوێ لە ئوتێلی (ریتز کارلتۆن) ناوی خۆیان نووسی. سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو لەبەر ئەوەی لەخەودا مابوون هەر لە ژوورەکە ناشتایان خوارد. پاشان چوون لەتەنیشت حەوزی مەلەوانی لەبەر خۆرەتاو پاڵکەوتن. پاش نیوەڕۆ کاتەکەیان بەنقوم بوون و تەماشاکردنی ماسییە سەرسوڕهێنەر و هەمەڕەنگەکان بەسەربرد، لەنێو هۆبە مەرجانییەکانی دەریای سوور و لە نزیکی دوورگەی تیران،کە زۆر لەعەرەبستانی سعوودی دوور نییە، لەوی مەلەوانییان دەکرد. پاشان لە یەکێك لە چێشتخانە کەشخەکان نانیانخوارد و بۆ ئوتێل گەڕانەوە.

لەو ساڵەدا کەشوهەواکەی سازگار بوو، پلەی گەرما نزیکەی 30 پلە بوو. شەماڵ ونەرمە باییێکی باکووری هەبوو. کاتی ئێوارە پلەی گەرما دابەزی و ئاسمان ساماڵ بوو. کەشەکە پاك و جوان و بێ گەرد بوو. نە پەیوەندی تەلەفۆنی، نە ئیمێل، نە شتێکی دیکە هەبوو هێمنییەکەی دەوروبەریان لێڵ بکات. هەموو شتێك ناوازە و قەشەنگ و ئاسوودە بوو. ئوتێلەکە، دەریا، چێشت، هێمنی، دڵخۆشییەکە، هەموو شتێك پڕاوپڕبوو. فارس تەنها یەك ئومێدی هەبوو، ئەویش ئەو ڕۆژە جوانانە تەواو نەبن.

ڕۆژی سێیەم لەگەڵ سپێدەی بەیانی هەستا و چووە دەری و لەسەر کەناری دەریاکەدا ڕای دەکرد، شێی کەشی بەیانی دەموچاو و قژی تەڕ دەکرد. برینەکەی ساڕێژ دەبوو و هێز گەڕایەوە لەشی. ئەو برینانەی لەمۆنتی کارلۆ تووشی بووبوو، تەندروستییەکەی بەتەواوی بۆ گەڕایەوە. بەوەشەوە چالاکی و دڵخۆشی و پێکەنینەکەی بۆ گەڕایەوە. لەژێر ئاوپڕژێنەکە خەریکی گۆرانی گوتن بوو، لەشوێنێك دەچووە شوێنێکی دیکە و بازی دەدا. لەدەوروبەری ئوتێلەکە وەرزشی دەکردو بە سەما هاتبوو.

پێشتر فارس بەرانبەر بەهیچ کچێك ئەم هەستەی نەبووە، بۆ ڕانیاش وانـەبووە. هێشتا خۆشەویستییەکەی ئەوی لەدڵدا ماوە، دەیزانی ئەم خۆشەویستییەی بەرانبەر بە ڕانیا هەیەتی کپ نابێتەوە و هەمیشە لەدڵیدا دەمێنێتەوە. بەڵام ڕانیا هەرگیز وا نـەبوو. هەسـتی بـە ئـالوگۆڕی سـۆز نـەدەکرد. بـە هـیچ ڕادەیـەك ئـەوە لـەدەربڕینی هەستەکانی دالیادا نەبوو، بێ گومان دالیا فارسی دەویست و تامەزرۆی بوو. فارسیش هەستی بە حەزەکەی ئەو دەکرد. هەروەها شوێنێکی تایبەتیشی لەدڵی ئەودا هەبوو.

دوای ڕاکردنی چوار میل لەسەر کەنارەکـەدا بـەنهێنی و دزە کردنـەوە گەڕایـەوە بۆ ئوتێلەکە. دالیا لەو کاتەدا خەوتبوو، لـەپێش چـاوی فـارس وەکـو فریـشتە وابـوو. هێمن و کپ و ناسك، وەك ئەوەی لەخەونێکی خۆش دا بێت.

چووە گەرماوەکە و کە ئاوەکـە بـە جەسـتەیدا دەڕژا هەسـتی بـە بوژانـەوە کـرد. ئینجا چوو جلەکانی لەبەرکرد و خۆی بۆ بەسەربردنی ڕۆژێکی دیکـە لەشـەڕم شـێخ ئامـادەکرد. لەوانەیـە بـچن بـۆ تەماشـاکردنی شـوێنەکانی ئـەم شـارەی کـە لەباوەشـی دەریا و لەسەر سینەی بیاباندایە. یان بـۆ شـت کـڕین بـچن یـان دوو پایـسکڵ بـەکرێ بگرن و لە شەقامەکاندا بـسوڕێنەوە. یـان بـە بەلـەم گەشـتێك بـەنێو دەریـادا بکـەن. بەلایـەوە گـرنگ نییـە چـی بکـەن. دالیـا هەرچـییەکی بـوێ دەیکـات، گـرنگ ئەوەیـە پێکەوەن.

کە لەدەرگای گەرماوەکە دەرچوو دالیا پێی گوت:

"بەیانیت باش."

چووە لای و بە ناسکی ماچی کرد و گوتی:

"گیانت باش. چۆنی؟"

بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

"مەزنەکەی من. برسیمە."

"منـیش، ڕات چـییە؟ بـچۆ زوو خـۆت بـشۆ، ئینجـا وەرە ناشـتا بخـۆین و پلانـی ئەمڕۆ دابنێین."

"باشە."

ئینجا چووە گەرماو و دەرگاکەی داخست.

کە ئەو خۆی دەشوشت، فارس ژوورەکەی ڕێك دەخست، شتە پەرتوبڵاوەکانی کۆکردەوە. جلە تەڕەکانی دالیای کۆ کردەوە،کە لەبالکۆنەکەدا دانرابوو، جوان دووقەدی کرد و لەنێو جانتاکەیدا داینا. مۆبایل و کلیلەکانی لەژێر سەرینەکە بوو، کاتێك خستیە نێو جانتای دەستەکەی دیتی بڕێك کاغەزی تێدایە. تەماشای کرد بینی هەندێك پسوولەیە و هێشتا نەکراونەتەوە، کەواتە پارەکەی نەدراوە. لەدوای ئەم کاغەزانە زەرفێکی تێدابوو،سەرنجی ڕاکێشا. لەنێو زەرفەکەدا نامەیەك هەبوو، بە گوێرەی پوولەکانی سەری دیار بوو لەئوردنەوە هاتبوو، بەروارەکەشی هی هەفتەی ڕابردوو بوو. خۆی پێ ڕانەگیرا نەیخوێنێتەوە. ئەوەی لەنامەکەشدا نووسرابوو ئەمە بوو:

"زۆر ئەزیزم دالیا،

سوپاس بۆ دوا نامەت. ناتوانم بۆت باسبکەم کەوا من و دایکت چەندە شادمان بووین کە زانیمان وازت لە ژووان و دەرچوون هێناوە لەگەڵ (کەلیم). خۆت دەزانیت کە ئێمە حەزمان لەشێوازی ژیانی ئەو نەبوو. لەبرخواردنەوەی هۆشبەر و مەی و ئاهەنگەکانی شەوانەی. ئەو گەنجە گونجاو نەبوو کەوا تۆ ببیتە هاوسەری ئەو. کریستیانی نەبوو، بگرە پیاوێکی سەنگینیش نەبوو. ئێمە شانازیت پێوە دەکەین و دڵخۆشین کە پەیوەندییەکەت لەگەڵیدا بڕیوە و لێی ئازاد بوویت و بەبێ ئەو گەڕاویتەوە سەر ژیانی خۆت.

تۆ ئامادەیت پیاوێکی دڵپاك و چاکت بۆ بدۆزینەوە کە خۆشی بوێ و بایەخ بەهەموو ژیانت بدات؟ ڕات چییە بە(یوسف)؟ دەزانی ئێستا ئەو لەگەڵ من وەکو هاوکار ئیش دەکات؟ لەمانگی ڕابردووەوە لەگەڵمدایە. لە وارگە ئیشێکی ناوازە دەکات، بەتایبەتی لەبواری ڕاژەی منداڵان و بەشەکانی وانەی پەرتووکی پیرۆز، هەروەها لە فێرکارییەکان لە فێرگەکانی منداڵان ،ئێستاش رابەرایەتی کۆبوونەوەکانی لاوان دەکات. وابزانم ئەو بایەخت پێ دەدات. دەتوانیت ژمارەی

تەلەفۆنەکەی خۆتی بۆ بنێریت و ڕێگای پێی بدەیت پەیوەندیت پێوە بکات؟ ئەمە دەبێتە مایەی دڵشادی من و دایکت!

کەی بۆ نیشتمانەکەت دەگەڕێیتەوە؟ ئێمە تامەزرۆی بینینی تۆین، گەر هاتیەوە ئێرە دەتوانی بیبینیت. هەموو خزمەکانت تامەزرۆی بینینی تۆن. تکایە دیسان نامەمان بۆ بنووسە. لەگەڵ خۆشەویستیم.

باوکت "

نامەکە بەگرنگییەوە نووسرابوو، لەسەر کاغەزێکی چاپکرابوو بە ناوی " وارگەی بەتڕائی پەرتووکی"، لەگەڵ ناونیشانی سندوقی پۆستەکەی لەو شارە بچووکەی باشووری ئوردن.

فارس لەدوای خوێندنەوەی نامەکە واقی وڕما. ئەمە چییە؟ دالیا کریستیانیە؟ باوکیشی شوانە لە وارگە( کەنیسە)؟ چۆن شتی وا دەبێت؟ ناچێتە مێشکیەوە؟ دالیا مەی دەخواتەوە و هۆشبەرەکان هەڵدەمژێت، بەردەوام لەئاهەنگە گەرمەکانە. چۆن کچی پیاوێکی ئاینییە؟. دالیا هەرگیز ئەمەی نەوتووە، شتێکی لی نەدیوە کە دیار بێت ئەمە کریستیانیە. خاچ لەمل ناکات و یەك پەرتووکی پیرۆزیش لەماڵەکەیدا نییە. ئەوەی لێی بینیوە، کچێکی ئازادە و ژیان بەهەموو خۆشییەکانی بەسەر دەبات و شوێنی ئایین لە ژیانی ئەودا نییە و بەلای ئەو ئایین گرنگی نییە. داخۆ نهێنی تر هەیە لێی شاردووەتەوە؟ وەکو فارس کەوا خۆی لەو شاردووەتەوە؟ چەندە درۆی دەربارەی خۆی بۆ کردووە؟ ئایا دالیاش درۆی کردووە؟ ئایا ئەویش وەکو خۆی نهێنیی شاراوەی هەیە؟.

# بەشی سی و چوارەمین

کاتێك فارس سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەکە بوو زەنگی مۆبایلەکەی بەز بووەوە، تەماشای کرد و ژمارەکەی خوێندەوە، زانی ئەوە ڕامی برایەتی. وەڵامیداوە:

"ئەلەو. ڕامی؟"

قیڕەی برایەکەی بیست هاواری کرد:

"مەڕوان. ئەوە لەکوێی؟ ئەو ماوەیە لەکوێ بویت؟ چەند ڕۆژە تەلەفۆنم بۆ دەکردی. دیقت پێ کردم. وامزانی مردوویت..."

فارس یان بڵێین مەڕوان بەبێباکیەوە وەڵامیدایەوە:

"نە. نە. من باشم. بەڵام سەرقاڵ بووم... ئا... بۆ؟ چی بووە؟"

"سەرقاڵ؟" خەریك بوو دەنگی براکەی گوێی کون بکات.

"چ شتێك وا سەرقاڵی کردوویت؟ سەرقاڵی چیت؟"

"سەرقاڵی هەر چی بم بەتۆ چی؟"

ڕامی زۆر تووڕە بوو گوتی:

"شێت بووی؟ مەڕوان وادیارە شێت بووی. من لەپێناوی دوورکەوتنەوەی تۆ لەزیندان، ژیانی خۆم خستۆتە مەترسی، دوو ڕۆژی تەواو هەروا بزر دەبیت، کاتێك پرسیاری سەرقاڵیەکەت لی دەکەم دەڵێیت بەتۆ چی! چۆن دڵت دێ وام پێ بڵێیت؟ بەمن چی..سەرقاڵی چیت؟. تۆ بەڕاستی شێت بووی!"

لەترسی ڕامی تێگەیشت، زانی ئەو ڕاست دەکات، ئیتر نەیویست مشتومڕی لەگەڵدا بکات یان بەرگری لەخۆی بکات. بەدەنگێکی هێمن گوتی:

" ڕامی زۆر ڕاست دەکەیت. داوای لێبوردن دەکەم!"

ڕامی زۆر تووڕە بووبوو، هەوڵی دەدا کاردانەوەکەی ڕابگرێت، گوتی:

" بەڕاستی حەز دەکەم داوای لێبوردن بکەیت. گوێ بگرە: لەو ڕۆژەی تۆ لەسەر ئەو زەوییە نەماویت شتێکی زۆر ڕووی داوە. وا بەیەکەمین فڕۆکە بەغدا بەجێ

دەهێڵم و بۆ بەیروت دەگەڕێمەوە. لەلایەن جێگری گشتی لەمۆنتی کارلۆ بڕیارێك دەرچووە داوام دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە، دەبی بەرانبەر پشکنەر جودار ئامادەبم."

تا ماوەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر هەردووکیان کێشا، فارس هەستیکرد کە شتێکی ترسناکتر هەیە براکەی پێی نەوتووە. دوای تۆزێك ڕامی پرسی:

"بۆ پێت نەگوتم ڕانیا لە دارلبەیزایە."

فارس سەری سوڕما و لەپرسیارەکەی ڕامی سەرسام بوو. چۆن ڕامی بەگواستنەوەی ڕانیای زانی لەپاریسەوە بۆ مەغرب؟ کێ پێی گوتووە؟ هەوڵی دا خۆی لەهەڵوێستەکە لابدات:

"من دڵنیام کە تۆ... وادیارە تۆ..."

بەپەلە قسەکەی بڕی و گوتی:

"مەڕوان گوێ بگرە. ملهوڕی و پاساوهێنانەوە سوودی نییە؟ من دەزانم لە دارلبەبەیزا لەلای ئەو بوویت. دەمەوێت هۆکارەکەی بزانم. بۆ چی؟ نەمانگوت بەوریایی و هۆشیاری ڕەفتار بکەیت و پەیوەندی بەهیچ هاوڕێیەك نەکەیت و هیچ ئیشێکی سەرنج ڕاکێش نەکەیت؟ بەڵێنت دا."

"بەڵێ بەڵێنم دا. بەڵام بۆلای ئەو زیاتر نەمزانی بچمە لای کێ. پێویستیم بەیارمەتیدانی ئەو هەبوو. "

"بۆ چی؟"

بەدەنگێکی پڕ لەئازار و پەشیمانی گوتی:

"چونکە برینندا بووم. گوللەم لی درابوو...؟ یەکێك لە بکوژە خوێنڕێژەکان دەیەویست بمکوژێت، کاتیك لەمۆنتی کارلۆ بووم. نەمتوانی بچمە نەخۆشخانە، نە لەوێ نە لەفەڕەنسا. نەدەمزانی ئەو کەسەی ڕاوم دەنێت کێیە. کەسیش نەبوو متمانەی پێ بکەم. تاکە کەس کە بیرم لێی کردەوە ڕانیا بوو. بۆیە هانام بۆبرد و ئەویش یارمەتی دام و برینەکەی پێچامەوە. پاشان بەڕێی کردم. قایل نەبوو لەلای بمێنمەوە. لەماڵەکەی قاوی دام و هاتمە ئێرە."

دوای کەمێك وەڵامی دایەوە:

"لەوێ هەڵەت کرد. هەڵەیەکی گەورەت کرد."

"ڕەنگە هەڵەم کردبێت، بەڵام ڕزگارم بوو، ئیشەکەش بەئاسودەیی تێپەڕی."

"نەخێر. بەئاسوودەیی تێپەڕنەبوو."

"مەبەستت چییە؟"

"ڕانیا کوژرا."

هەواڵەکە وەکو هەورەتریشقە، وەکو بومەلەرزە، وەکو ڕەشەبا بوو. بێ ئاگا گوتی:

"چی؟... چی دەڵێیت؟... چۆن؟"

مێشکی لەبیرکردنەوە کەوت. هەستی بەخنکان کرد و خەریك بوو هەناسەی ڕاوەستێت. چۆن ئەمە ڕویداوە؟ چۆن ڕانیا ئاوا بکوژرێت؟ چۆن؟. ڕامی بۆی باسکرد:

"پۆلیس تەرمی خۆی و هاورێیەکەیان لە دارلبەیزا لە ماڵەکەیدا دۆزییەوە. بەگولله کوژرابوون."

نابێ ئەمە ڕاست بێت. پێش ماوەیەك لەلای بووە. یەکتریان بینیوە و قسەیان لەگەڵ یەکتردا کردووە. باوەشی بۆ کردوەتەوە و برینەکەی تیمار کردوە و بایەخی پێداوە. ئەوە نابێت.

ڕامی بە ووشەی پڕ لەتاڵیو پەژارەییەوە قسەی دەکرد:

"پشکنەر جودار لەنووسینگەکەدا کاسێتێکی دەنگی بۆ بەجێ هێشتووم. بەم شێوەیە ڕووداوەکەم زانی. گوتیان لە شوێنی تاوانەکە جێی پەنجەکانت لەسەر هەموو شتێك دەرکەوتووە. هەروەها مووی قژی تۆیان لەسەر سەرینێك لەوێدا دۆزیوەتەوە. دوکانداریکی نزیکیش وێنەکەتی ناسیوەتەوە و گوتوویەتی تۆی دیوە لەوێ ڕێت کردووە. ئۆتۆمبیلەکەشتیان لەدووری چەند میلێك لەوێدا دۆزیوەتەوە. پشکنەر مارسێل دووپاتی دەکاتەوە کە تۆ بکوژەکەیت، فەرمانی دەسگیرکردنی تۆی دەرکردووە. جوداریش دەڵێت ئەگەر هەر ڕوونکردنەوەیەك یاخود زانیارییەکت

لەسەر ئەم ڕووداوە هەیە،ئەوا دەبی بە خۆت بیدەیتە دەست پۆلیس. ئەگینا هیچ ڕێچکەیەکی یارمەتیدانت نییە لەم کێشەیە دەربازت بکات.

ئیتر فارس نەیتوانی قسەکان ببیستێت، هەستی بەدڵهەڵچوون کرد. لەتووڕەییدا خوێنی نێو دەمارەکانی دەجۆشا، مێشکی هەموو شتێکی ڕەت دەکردەوە. کە تەلەفۆنەکە ئەم هەواڵانەی بۆ هێنا ویستی بەهەموو هێزی خۆی لەپەنجەرەکەوە خۆی فڕێی بدات. لە داڕوخانەوە بەرەو شێتی نزیك بووەوە، ئینجا بیستی ڕامی دەڵێت:

"نە هەر ئەمە، لەوە خراپتریش هەیە."

لەهەژمەتان دەست و پێی وشك بوو، بڕوای نەکرد لەمە خراپتر هەبێت، پرسی:

"چییە؟"

"مارسێل و جودار دەزانن تۆ لەمیسر دەژی."

"چۆن؟"

"پرسیارم لی مەکە چۆن زانییان. جودار نەیوت چۆن زانیویانە، بەڵام ئێستا ئەوان لەوێن، لەلای تۆ! لە میسر! گشت بنکە پۆلیسەکانی کۆماری میسر وێنەی تۆیان لەلایە. ڕیگەیان پێدراوە هەر بتبیننەوە و ئەگەر خۆت بەدەستەوە نەدەیت تەقەت لی بکەن."

"بەڵام من ڕانیام نەکوشتووە."

ڕامی بەسۆزێکی گەورەوە گوتی:

"دەزانم. ئەوە دەزانم مەڕوان."

مەڕوان بە ناهومێدی وبەزیوی گوتی:

"هاوڕێیەکەیشم نەکوشتووە. دەبێ بکوژەکان تاخمەکەی کلۆدێت بن."

ڕامی هەوڵی دا برایەکەی هانبدات و گوتی:

"بەتەواوی لەگەڵتدام. منیش گروپێکی دیکەم نارد بۆ بەڕازیل. بەڵام بڕوا ناکەم کلۆدێت هێشا لە ساوپاولۆ مابێت. بەڕای من بۆ چیاکان هەڵاتووە تاوەکو خۆی لەشوێنێکی دوور بشارێتەوە. هەرچەندە خۆی حەشار بدات، خۆی و ئەوانەی

لەگەڵیدا ئیش دەکەن هەر دەدۆزرێنەوە. مەڕوان بەڵێنت پێ دەدەم، بەڵام ئەمە پێویستی بە کاتە. ئێستاش کات لەبەرژەوەندی ئێمەدا نییە. یەکەم شت دەبێ لەم بەسەرهاتە دەرباز بین کەوا ئیستا تێیداین."

خەونەکەی ڕۆژانی ڕابردوو باریکرد. هیوایەکانی بەسەربردنی کاتێکی ئاسوودە و دوور لەمەترسی و گرفت وون بوو، ئەو مۆتەکەی کە خەریك بوو نەمێنێت و لەبیری بکات دیسان بۆی هاتەوە. دیسان دەبێ بەردەوام بێت لەهەڵاتن و هەوڵدان و خۆ قورتارکردن.

ڕامی بەتەواوی ڕاست دەکات. هەرچەند مەڕوان دان بەوەدانانێت. ئەگەر کلۆدێت و چەتەکانی توانییان ڕانیا لەمەغرب بدۆزنەوە، دەکرێ لە میسریش بیگەنە ئەو. وا چەند تاوانێکیان خستنە پاڵ و کەوتە ئەستۆی ئەو،کە هەرگیز ئەو نەیکردووە. هەموو پیاوانی پۆلیسی ئەوروپا و باکووری ئەفریکایان بەرداوەتە سەر گیانی ئەو. ئێستا هەرگیز ناتوانێت بگەڕێتەوە قاهیرە تاوەکو لەوێدا خۆی بشارێتەوە، هەرچەند فراوان و جەنجاڵە. بەڵام ناشتوانێت دالیا بەجێ بهێڵێت، باشی دەزانی نەدەبوایە بکەوێتە نێو ئەم عەشقەی ئەو. بەڵام شتەکە ڕووی دا و تەواو بوو. ئێستا گلەیی لەخۆ کردن بێکەڵکە. ڕێگاچارەیەکی گەڕانەوەی لەپێش نییە. بەڵام ناتوانێت بەبۆنەی ئەو زیانێك بە دالیا بکەوێت. لەخۆشی خۆشنابێت ئەگەر ئەوە ڕووبدات.

# بەشی سی و پێنجەمین

دالیا لە گەرماوەکە هاتەدەرەوە جلێکی تەنکی شینی کاڵی ئاسمانیی لووسی وەکو ئـاوی دەریـای لەبـەردا بـوو. لەگـەڵ پێڵاوێکـی هەمـەڕەنگ. نـاوازە و قەشـەنگ بـوو. بەڵام هزری فارس بۆ هـیچ هەسـتێکی ڕۆمانـسیانە ئامـادە نـەبوو. هـزری بـەخێرایی پەرتەوازەبوو، لەنێوان نامەکـەی بـاوکی دالیـا و  هەواڵـەکانی پەیوەندییەکـەی ڕامـی دەسووڕایەوە. دەبێ چی بکات؟ دەبێ بۆ کوێ ڕابکات؟ تامەزرۆی ئـەوە بـوو لـە بەشـە چرکەیەکدا هـەموو شـتێك بـۆ دالیـا بگێڕێتـەوە. دان بـەوە بنێـت کـە خـۆی کێیـە و ڕاستی ئیشەکەی چییە و لەبەر چی هاتۆتە ئێرە  و کێ ڕاوی دەنێـت و بۆچـی ڕاوی دەنـێن. ئەمـە مەردانـەترین و پیاوانـەترین شـتە دەبـێ بیکـات. بـەڵام ئێـستا ئەمـە دەگونجێت؟ هەرچەندە زانیارییەکانی دالیا کەم بێـت، ئەوەنـدە مەترسـییەکانی کـەم دەبێت، لـەم چارەنووسـەش ڕزگـاری دەبێـت کـە ڕانیـا تووشـی هـات. ئەگـەر بەڕاسـتی خۆشی دەوێت ئەمە ڕاستیەکە و دەبێت نکۆڵی لی نـەکات و بڕیارێکـە دەبـێ بیـدات. بۆ چـی بـە باسـکردنی نیشانـچییەکان بیتۆقێنێت،کـە ئـەوان چـەکەکانیان ئاراسـتەی سەری  مەروات دەکەن و ئۆتۆمبیلەکەی بۆمبڕێژ دەکەن؟ یان بیترسێنی بـە ئەگـەری بوونی خوێنڕێژێك کە لەتاریکیەکـدا خـۆی بـۆ مـەڵاس داوە و چـەکی بـە دووربـینی ئاڕاستە کردووە؟ ڕەنگە ئەمە ڕاستییەکە بێـت، بـەڵام ئایـا ئەمـە شـتێکی  دانایانـە و دادپەروەرانەیە، بەوتنەوەی ئەم شتانە تووشی نیگەرانی و مەترسی بکات؟

سـەیری کاتژمێرەکـەی کـرد، دەبـێ ئێـستا خێـرا بـەدوای پلانێکـدا بگـەڕێت بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەلۆیستەکە. کاتێك بیری لەمانە دەکردەوە، پێش ئەوەی شتێکی پێ بڵێت. ڕانیا نامەکەی بەدەستیەوە بینی و لێی پرسی:

"ئەوە چییە؟ لەکوێ دۆزیتەوە؟"

ویستی قسە بکات و وەڵامی بداتەوە، قسەکەی بڕی و بەتوڕەییەوە گوتی:

"ئەوە نامەکەی باوکمە؟ لەجانتاکەی دەستم دەرت هێنا؟ چۆن دەوێری شتی وا بکەیت؟"

توندی وشەکانی و تووڕەییەکەی تووشی شەرمەزاری کرد. هەوڵیدا پاساو بۆ رەفتارەکەی بهێنێتەوە، گوتی:

"شتەکانی ژوورەکەم ڕێك دەخست و دۆزیمەوە. نەمزانی چییە، نەمزانی."

بەرەو ڕووی هات و بەتوندی نامەکەی لی سەند. توندڕەو و تووڕە و دڕندانە بەدیارکەوت. ڕوخساری سوور هەڵگەڕا و چاوی درەوشایەوە و دەمارەکانی ملی بەدیارکەوتن و دەستەکانی دەلەرزین، هاواری کرد:

"خوێندتەوە؟ وەڵامم بدەوە. خوێندتەوە؟"

لەشێوازە هێرشاوییەکەی زۆر سەرسام بوو، وەڵامیدایەوە:

"پێم گوتی نەمزانی چییە. ناڵێم نەمخوێندۆتەوە. نەمتوانی. ئەوەی خوێندمەوە زۆر سەیرە. مەبەستم... بەڕاست تۆ کریستیانیت؟ باوکیشت شوان (قەشەیە)؟ پیاوی ئایینی کریستیانیە؟"

بەڕویدا هاواری کرد و زیاتر تووڕە بوو. نامەکەی لەنێوان پەنجەکانی گرمۆڵە کرد و چووە گەرماوەکەوە. دەرگاکەی بەتوندی داخست و قیژاندی:

"مافت بەوەوە نییە، هەرگیز هیچ مافت بەوەوە نییە."

ڕووداوەکان وەکو هەورەتریشقە لێی دا و هەڵوێستەکە تووشی شەرمەزاریی کرد، یەك لەدوای یەك شتی لەناکاو ودڵتەزێنی بۆ دەهات. بەدەنگێك کەوا هەموو تووڕەییەکانی هەڵگرتبوو، لێی پرسی:

"چی بووە؟ چییە؟ تاوانە؟ چی تێدایە گەر نامەکەی باوکتم خوێندبێتەوە؟ ئەمە تاوانێکە؟"

لەپشت دەرگاکەوە دەنگی هات، دەگریا و هەنسکی دەدا:

"مافت نییە بیخوێنیتەوە. ئەمە مافی تۆ نییە. بۆت نییە دزە و سیخوڕیم بەسەردا بکەیت و کاڵاکانم و تایبەتمەندیەکانم بپشکنیت. فارس جەمیل. بۆت نییە

دەست لە ژیانی تایبەتیم وەربدەیت و یاسا بۆ ڕەفتاری ئازادانەی من دەربکەیت. گوێت لێمە؟ ئەوە مافی تۆ نییە."

بەرەو دەرگای گەرماوەکە چوو و پاڵی پێوەنا. بەڵام لەمدیوەوە داخرابوو. ئینجا گوتی:

"من دزە و سیخوڕیم نەکردووە. هیچ کاڵایەکی تایبەتی تۆم نەپشکنیووە. هەرگیز بیریشم نەکردۆتەوە یاسا بۆ ڕەفتارەکانت دەربکەم. تەنها ئەوە بوو بەڕێککەوت نامەکەم دۆزییەوە. ڕێککەوتێکی سادە. ئینجا ئارەزووی زانین و ناسینی تۆ وایکرد بیخوێنمەوە. دالیا. بەسە. دێیە دەرەوە یان بێمە ژوورەوە."

لەپشت دەرگاکەوە هاواری کرد:

"نەء لێم دوورکەوە. بڕۆ."

کەمێك بێدەنگ بوو، ئینجا بەدەنگێك کەوا هەوڵیدەدا دا هێمن و بە ورە بێت، گوتی:

"نەخێر دالیا. ناڕۆم. من خۆشم دەوێی. خۆشم دەوێی و دەمەوێ هەموو شتێکت بزانم. دەمەوێ خانەوادە و کەسوکار و دایك و باوکت بناسم. دەمەوێ ئایینەکەت بزانم و شوێنکەوتەی چی و باوەڕت بەکێ هەیە و چییە. دەمەوێ بزانم ئەم پیاوە کێیە کە یەکتریتان دەبینی و بۆچی پەیوەندییەکەت لەگەڵدا پچڕاند. دەمەوێ هەموو شتێکت بزانم."

دالیا لەپشت دەرگاکەوە گوێی لی بوو، هەوڵی دا گریانەکەی ڕاگرێت. جارێکی دیکە فارس دەرگاکەی پاڵ نا، بەڵام هێشتا داخرابوو. بەرەو دوواوە گەڕایەوە، لەسەر زەوییەکە پەشێو و سەرلێشێواو دانیشت و لە تێگەیشتنی ئەم کچە دۆش دامابوو، بەم شێوەیە مێشکی پەڕاند و هەستەکانی داگیرکرد.

لەسەر زەویی ژوورەکە بەرانبەر بە دەرگای گەرماوەکە دانیشت و بیرێکی قووڵ وسەرنجێکی ئەم پەیوەندییەی دایەوە،کەوا لەنێوانیاندا بەخێرایی و بەهێز و بەشێوەیەکی نائاسایی دروست بوو. هەستی بەداخێك کرد و بەلاوازییەوە قسەی کرد و گوتی:

"دالیا! تکات لی دەکەم. بمبەخشە. بمبورە. داوای لێبوردن دەکەم. بەڕاستی من پەشیمانم. نامەکەم بەڕێککەوت دۆزییەوە. سوێندت بۆ دەخۆم. مەبەستم نەبوو جانتاکەت بپشکنم و لە تایبەتمەندییەکانت بگەڕێم. بەڵام ڕاست دەکەیت. ماڧ من نەبوو نامەکە بخوێنمەوە. بەڵام بڕوام پێ بکە. هیچ مەبەستێکم نەبوو. بەدڵپاکییەوە ڕفتارم کرد. هەرگیز بیری ئەوەم نەکردۆتەوە شتێك بکەم ببێتە مایەی ئازار و پەژارە یان تۆ ئازار دەم. هەرگیز بە هزرمدا نەهاتووە وا هەراسان دەبیت یا پێت ناخۆشە. مەهێڵە ئەم هەڵەیە ئەم کاتە خۆش و ناوازەیەمان لی تێك بدات."

شێوازی قسەکردنەکەی پاڕانەوە و تکاکردنی تێدابوو،پێشتر هەرگیز وا نەبووە. بەڵام ئەو شتە کاریگەریەکی باشی هەبوو بۆیە هەڵوێستەکە دالیای گۆڕی. دالیا خێرا تووڕەییەکەی خاوبوەوە و دڵی نەرم بوو. دوای ئەوەی گریانەکەی ڕاوەستا و هەناسەکانی ڕێك و هێمن بوونەوە هێشتا دەنگی هەنسکەکانی دەهات. پاش ئەوە فارس لەهەوڵدانەکەی بەردەوام بوو، بەنەرم و نیانی گوتی:

"دەتوانم بێمە لات؟ بڵێ ئا، با بێمە ژوورەوە."

دوای چەند خولەکێك دەرگاکە تۆزێك کرایەوە و بەهەنسکەوە گوتی:

"تەماشام مەکە. چاوت بنوقێنە. دیمەنم قێزەوەنە."

"هەرگیز!"

بەڵام بەپێی ئارەزووی دالیا چاوی خۆی نوقاند. دەنگی دەرگاکەی بیست وا زیاتر دەکرێتەوە و دەڵێ:

"ئەوەی پێش تاوێك گوتت بەڕاستتە؟"

هەر وشەیەکی گوتوومە بەتەواوی ڕاستە و بەڕاستی دەیلێم."

"بەڕاستی منت خۆش دەوێ؟"

"بەڵێ. بەتەواوی، بەسەرتاپای هەستەکانم کەوتمە دڵداری تۆ. دالیا من خۆشم دەوێ. خۆشم دەوێی."

فارس بڕوای بەوشەکان نەدەکرد کە لـەزاری دەردەچـوون. چـونکە هێـشتا یـەکتر ناناسن. لەو دەمەدا دانایی نەبوو بیر لە پەیوەندیی پێوەکردن و پـەیوەسـتبوون لـەم بارودۆخەدا بکاتەوە،کەوا ئێستا تێیدایە، بەڵام نەیتوانی دوودڵ بێت. شـتێك لـەدالیا هەیە بەرگەی ناگرێت... شتێکە وای لێدەکات کـەوا بەتونـدی بیگرێـت و پـەیوەسـتی بێت و بەهەموو توانایەوە بیپارێزێت و هەرگیز ڕێ نەدات لەدەستی دەربچێت.

دالیا بەسەرگەردانییەوە گوتی:

"نازانم. هەوڵ دەدەم لە ڕووداوەکان تێبگەم."

بەپێداگرتن لێی پرسی:

"لێم دەبووریت؟"

بەدوودڵییەوە گوتی:

" هەوڵ دەدەم ئەمەش تێبگەم."

دالیـا هاتــە دەر و لەســەر زەوی لەتەنیــشتی دانیــشت و پێیــەوە لکـا، ئینجـا بەهەردوو دەستی دەستی گرت و چاوە نوقاوەکانی ماچ کرد. ئینجا ڕێی پـێ دا چـاوی بکاتەوە و تەماشای بکات. چاوەکانی سـوور بووبوونـەوە و هێڵـەکانی ژێـر چـاوی و برژانگەکانی تێك چووبوون، بەڵام لەپێش چاوی فارس جوان بوو. لەپێشتر جوان تر بوو. بەسەرساممیەووە تەماشای کـرد، لەناخیـدا بیرکردنـەوەکان ململانێیـان دەکـرد. چۆن ئەمانە هەمووی ڕوویدا، لەکاتێکدا بەجۆرەها مەترسـی لـە ژیـانێکی نەسـرەوتە دەژیـت؟ چـۆن دۆسـتایەتییەکەی لەجـەنجاڵی ڕەشـەبای ڕووداوەکـان گەیـشتە ئـەم ڕادەیە؟ ئەم هەستانە کەشوهەوایەکی هێمنی دەوێ.. ژینگەیەکی ئاسوودە و ژیـانێکی هێمن و ڕێکی دەوی. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا. ئەمـە گرنگـە؟ ئەگـەر پێویـستە شـتێك بکات با خێرا بجووڵێتەوە. کات بەسەردەچێت. هەرچەند کات بەسەربچێت دەرفـەتی ڕزگاربوونی کەم دەبێتەوە و ئەگەرەکانیش کەم دەبنەوە. دەبێ هەر ئێستا لـە شـەڕم شێخ دەرچێت، پێش ئەوەی مارسێل و جودار و هێزەکانی پۆلیـسی میـسری بیگـەنێ و دەرگای هـەڵاتن و ڕزگـار بـوونی لـی دابخـەن. بـەڵام چـۆن؟ چۆن لێـرە دەربـچێت؟ چۆن؟.

# بەشی سی و شەشەمین

داليا جگەرەيەكی هۆشبەری ماريجوانای داگيرساند و جگەرەيەكيشی دايە فارس. بيرۆكـەكانی نيّـو ميّـشكی كەڵەكـەببون بـۆ گـەڕان بـەدوای شـيّوازيّكی شـياو بـۆ ڕزگاربوون. گوتی:

"ئەمە شيّوازی دەربازبوونە لەتەنگانە؟"

داليا سەری لەقاند و بەتوندی دووكەڵی جگەرەكەی هەڵمـژی، ئـەويش بەرانبـەر بـە هەڵوێـستەكەی ئـەو لاسـايی كـردەوە و وەكـو ئـەو دووكەڵەكـەی هەڵمـژی. چـەند خولـەكێك بێـدەنگ لەتەنيـشت يـەك دانيـشتبوون و ژوورەكـەيان پـڕ كردبـوو لـە دووكەڵی جگەرە. فارس چاوی هەڵبڕيە دووكەڵەكە، ئينجا گوتی:

"بۆم هەيە پرسيارێكت لی بكەم؟"

"بێگومان. بپرسە."

"بۆ وا هەڵچوويت و هەموو تووڕەييەكەت بەم جۆرە بەڕوومدا تەقييەوە؟"

بەدۆش دامانەوە شانی لەقاند و سەرنجێكی دووری دا و گوتی:

"نازانم."

"دەبێ هۆيەكی هەبێت."

مژێكی ديكەی  لە جگەرەكە هەڵمژی و لەسەرخۆ گوتی:

"وا بزانم هەستم بەشەرمەزاری كرد."

"لەچی؟ لە چ شتێك؟"

"كە زانيت من كريستيانيم. چونكە من وا نيم. خانەوادەكەم كريستيانين بـەڵام مـن هـەرگيز رازی نەبوومـە وەكـو ئـەوان بم. كاتێـك منـداڵ بـووم پاشـكۆيان بـووم و لاساييم دەكردنەوە. بەڵام هەرگيز بـاوەڕم بـەباوەڕی دايـك و بـاوكم نـەبوو. ئەمـەش يەكێك لە هۆكارەكانە كە ماڵم بەجێهێشتووە."

"لەكەيەوە ماڵێت بەجێهێشتووە؟"

**هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:**

**"ماوەیەکی زۆرە. کاتێك خوێندنی دواناوەندیم تەواو کرد و چوومە زانکۆ."**

**"لەو کاتەوە نەگەڕایتەوە بۆ ماڵ؟"**

**"نەخێر."**

**"تامەزرۆی دایك و باوکت نیت؟ هاوڕێیەکانت، ماڵەکەت، وڵاتەکەت؟"**

**دالیا بێدەنگ بوو، کەمێك بیری کردەوە، ئینجا گوتی:**

**"بەڕاستی.. بەڵێ. هەست بە تامەزرۆیی هەموویان دەکەم.. بەڵێ."**

**فارس بە بایەخەوە تەماشای کرد و گوتی:**

**"ئەی بۆ ناگەڕێیتەوە؟"**

**هەناسەیەکی قووڵی لە ئاخ هەڵکێشا و گوتی:**

**"چونکە باوکم زۆردار و ستەمکارە. زەبربەدەستە."**

**"زەبربەدەست؟"**

**"بەڵێ. هەموو ڕێنمایی و یاسا ئایینییەکان بەسەر هەمووان دا دەسەپێنێت،ئەمە ڕێباز و شێوازی ژیانییەتی. بڕیارمدا ملکەچی ئەمانە نەبم و بەو ڕێبازەدا نەچم کە ئەو بۆم دیاریی دەکات ونەخشەی بۆ دەکێشێت...دەرچووم... ڕامکرد و دوورکەوتمەوە و هەرگیز ناگەڕێمەوە."**

**"یاسای چی؟ چ جۆرە ڕێنماییەك؟"**

**دالیا پرسی:**

**"ئەمەش گرنگە؟ گرنگە بیزانیت؟"**

**ئەمەی گوت و لەناکاو هەستایە سەرپێ، بەجۆرێك کەوا ڕتکردنەوە و پێوێران و هەڵچوونی تێدابوو، چووە نێو ژووری خەوتن و بەتوندی خۆی فڕێدایە سەر سیسەمەکە و بەناڕەزاییەوە گوتی:**

**"یاساکان. ڕێنماییەکان. یاساغەکان. قەدەغەکان. دەرچوون لەگەڵ گەنجان قەدەغەیە. مەی خواردنەوە قەدەغەیە. هۆشبەر قەدەغەیە. ئەمە قەدەغەیە و ئەوە قەدەغەیە. ئەمە بکە و ئەوە مەکە. نەء نەء نەء هەمووی نەء"**

فارس هاتە لای و لەسەر سیسەمەکە لەسەر پشت پاڵکەوت و تەماشای بنمیچی ژوورەکەی دەکرد، گوتی:

"دەتەوێ لەوە زیاتر چی بکات؟ چی بڵێت؟ ئەوە باوکە... باوك... ئەمەش ئەرکیەتی و ئەرکی گشت باوکانە وا بکەن، کوڕەکانیان دەپارێزن... کچەکانیان دەپارێزن... ئەمە ئەرکی هەموو دایك و هەموو باوکێکە. لەو ڕۆژەی مرۆڤ دروستکراوە تاکو ئەمڕۆ. ئەرکێکی باوکانەیە."

بەناڕەزاییەوە گوتی:

"ئەیهوو. تۆ لە کوێیت؟"

"گوێ بگرە. کاتێك دەبیت بە دایك و کچێکت دەبێت. وا دەزانی تۆ دەهێڵیت جگەرە بکێشێت و سەرخۆش بێت و لەگەڵ کوڕێکی وەکو من دەرچێت؟"

دالیا بەهێمنی ڕووی لەلای ئەو کرد و زەردەخەنەیەکی هاتێ و بەگاڵتەوە گوتی:

"لەوانەیە نەهێڵم لەگەڵ کوڕێکی وەکو تۆ دەرچێت. نەخێر."

فارس زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، ئینجا بەرەو پێشەوە چوو، پلانێکی لە هزردا دروست بوو، بەبایەخەوە تەماشای کرد و پرسی:

"ڕاستە باوکت کاهینە؟"

لەبیرکردنەوە دابوو وەڵامی دایەوە:

"قەشە. چاودێر. ئا بێگومان جۆرێکە لەکاهینەکان. وابزانم."

"جیاوازی چییە؟"

"جیاوازییەکی گەورەی نییە."

پرسی:

"واتە سەرۆکایەتی وارگە دەکات؟ جەماوەریشی هەیە و ئامادە دەبن و دەربارەی مەسیح وتاریان بۆ دەدا؟ بایەخ بە هەژاران دەدات و خزمەتی گەلەکە دەکات؟ شتگەلێکی وەها؟"

بەواتای بەڵێ سەری راوەشاند و گوتی:

"بەڵێ شتگەلێکی وەکو ئەمە."

"ئەی وارگەی بەتڕائی پەرتووکیە چییە؟"

"ئەو وارگەیەی تێیدا گەورە بووم. باوکم شوانی ئەم وارگەیە ، پێش ئەوەی من لەدایك بم ئەو چاودێری دەکرد."

"وارگەیەکی گەورەیە؟"

سەر و شانی لەقاند و بەبێ بایەخی گوتی:

"وارگەیەکە ساڵ لەدوای ساڵ گەورە دەبێت و گەشە دەکات. کاتێك من منداڵ بووم، ئەوئەندامانەی ئامادە دەبوون نزیکەی سی یان چل کەس دەبوون و هەموویان بەتەمەن بوون. کەسی هاوتەمەنی خۆمی تێدا نەبوو. بەڵام ئێستا وەکو بیستومە فراوانبووە، سەدو پەنجا ئەندامی هەیە و زۆربەیان گەنج و خێزاندارن. کوڕ و کچێکی زۆریشی تێدایە."

"لەوێ (کەلیم)ت ناسی؟ لەوارگەکە؟"

"هەرگیز."

بەبایەخەوە پرسی:

"ئەی لەکوێ بینیت؟"

"لە زانکۆ. دووەم ساڵی خوێندن. من و هەندێك لە هاوڕێیەکانم چووین بۆ پاریس، لەوێ لە قاوەخانەیەك بینیم."

"ئینجا."

بەسەرسامییەوە تەماشای کرد و وەڵامیدایەوە:

"ئینجا چی؟ بەدڵیدا چووم و بەدڵمدا چوو. ئینجا یەکترمان دەبینی، دۆستایەتییەکەمان سەری نەگرت. ئەمە هەموو شتێکە."

"بەهۆی باوکت دۆستایەتییەکەتان پچڕا؟ پێموایە باوکت لەم ئیشەدا دەستی هەبووە."

هەندێك ڕاوەستا، ئینجا بیری کردەوە و قسەکەی ڕاست کردەوە:

"بەواتای ڕقلێبوونەوە ڕقی لێنەبوو. پێم وانییە باوکم ڕقی لەکەسێك بێتەوە. بەڵام بەهیچ شێوەیەك پێی قایل نەبوو."

"بۆ؟"

"چونکە کریستیانی نەبوو. بەڕاستی هیچ نەبوو. بایەخی بەهیچ نەدەدا. بایەخی بە هیچ ئایینێك نەدەدا. ئەمە بە دڵی باوکم نەبوو. لە منداڵیمەوە باوکم سووربوو لەسەر ئەوەی شوو بەگەنجێکی کریستیانی بکەم. ئەمە دوایین بڕیارە و هیچ گفتوگۆیەك وەرناگرێت."

"کە ئەمەت دەزانی ئیتر بۆ لەگەڵ کەلیم دەردەچوویت و دەتبینی؟"

" لەشووکردن ڕای باوکمم لەلا گرنگ نییە. هەرچی دەڵێت با بیڵێت."

ئینجا بە بەرەنگارییەکی ئاشکراو سووربوونێکی بەهێز گوتی:

"شوو بەو کەسە دەکەم کەوا من دەمەوێت گەر باوکم بەدڵی بێت یان نا. ئەمە ژیانی خۆمە، ژیانی ئەو نییە. شووکردنم شتێکی تایبەتە بەخۆم. تایبەتە بەمن. تایبەت نییە بەو. تەنانەت دوای شووکردنم. ڕێگای پێنادەم لە ڕەفتار و کردار و ژیانی من ببێتە یاساداڕێژ یان خۆی تێهەڵبقورتێنێ، ڕێنمایی و یاسا و..... ئەها... گوێ بگرە... با باس لەشتێکی دیکە بکەین جگە لەباسی باوکم و هاوڕێ کۆنەکەم. ئەم باسەم بەدڵ نییە و حەز ناکەم باسی بکەم."

"باشە، باش."

هێشتا بیری لەلای پلانەکەی خۆی بوو کە لەهزریدا هەڵدەقولا، ئایا دەبێ جێبەجێی بکات یان نا. پرسیاری لێکرد:

"برسیتە؟"

"زۆر. وا لەبرسانا دەمرم."

"منیش. وەرە بچینە خوارەوە و ناشتاکەمان بخۆین، دیارییەکیشم هەیە دەمەوێ بتدەمێ."

چاوەکانی درەوشایەوە و بەپەرۆشەوە پرسی:

"بەڕاست؟ چییە؟"

"ئێستا دەزانیت. هەموو شتێك لەکاتی خۆیدا دەزانیت."

# بەشی سی و حەوتەمین

مارسێل و جودار ئەرکەکانیان تەواو کرد و لە مەغربەوە بەرەو قاهیرە بەڕێکەوتن. هەر کە لە فڕۆکەخانەی قاهیرەی نێودەوڵەتی دابەزین دەستبەجێ چوونە لای بەڕێوەبەری ئاسایشی فڕۆکەخانەکە. چەند کاتژمێرێکیان بە بەدواداچوونی تۆمارکراوەکانی کامێراکانی چاودێری و ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و گشت لستەکانی پاسەپۆرتەکان بەسەر برد. بە ووردی بەدوای بەڵگەیەك دەگەڕان کەوا گەیشتنی مەڕوان عەقادیان بۆ قاهیرە بۆ بسەلمێنی. لە ئەزموونی پێشوویاندا لە ڕاونانی مەڕوان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا ئەمجارەش ناوی جاك کاردێل بەکار ناهێنێت. هەڵوێستەکەیان شیکردەوە. ئەمجارە چ ناوێکی بەکارهێناوە؟ ئەگەریش ئەو ناوەی بەکارهێنا بێت، ئایا هێشتا لەمیسر ماوەتەوە؟

مارسێل گروپێکی پشکنینی بۆ ئسکەندەرییە نارد، دوای ئەوەی چەند گروپێکی دیکەی بۆ کوێت و ئەبوزەبی ناردبوو. بەڵام بەجوداریشی گوتبو لەوانەیە ئێستا لە قاهیرەی گەورە بێت، ئەوەش کۆششێکی گەورەی دەوێت بۆ دۆزینەوەی.

زەنگی مۆبایلەکەی جودار لێیدا، کاتێك تەماشای کرد زانی دۆڤالی هاوکاریەتی. وەڵامی دایەوە و گوتی:

"دۆڤال پێم بڵێ شتێکی نوێت دۆزیوەتەوە."

بە پەرۆشەوە دەدوا و گوتی:

"بەڵێ. هەواڵم پێیە، وادیارە گرنگ و خۆشە."

"شوێنی مەڕوان عەقادت دۆزیەوە."

"نەخێر گەورەم. نەء"

بە پەرۆشەوە گوتی:

"ئەی چیت پێیە؟"

"کاسێتی ڤیدیۆکەت لە یادە کەوا لە شوقەکەی فەرید ڕەمزی لە مۆنتیکارلۆ گیراوە؟"

"لە یادمە."

"لە یادیشتەکە مەڕوان عەقاد شتێکی لەنێو زەرفەکەدا دەرهێنا و پیشانی فەرید ڕەمزی دا؟"

"بێگومان ئەوەشم باش لەبیرە، وێنەیەك بوو."

"تەواوە گەورەم."

"ئەو وێنەیە چییە؟"

"پسپۆڕەکان بە کۆمپیۆتەر توانیان بە وردی شیبکەنەوە... بڕواش ناکەیت گەیشتنە چی؟ بخەملێنە!"

جودار کات و ئارامی نەبوو. پێویستە بگەڕێتەوە بۆ بەیروت و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕامی عەقاد بکات، گرژ و شڵەژابوو، قیڕاندی:

"چییە؟"

"وێنەی کلۆدێت هاوسەری فەرید ڕمزییە. یەکێك لە کامێراکانی چاودێری لە یەکێك لە بانکەکانی ساوپاولۆ لە بەڕازیل گرتویەتی."

جودار زمانی بەسترا و نەیتوانی قسە لەسەر ئەوە بکات کەوا بیستویەتی. لە ژوورێکدا گوێبیستی پەیوەندییەکە بوو کە مارسێل و هەندێکی دیکە و پیاوانی ئاسایشی میسری و هەوالگریی تاوانەکان تێیدا دانیشتبوون. داوای لێبوردنی لی کردن و چووە دەرەوە، چونکە ئەمە تایبەتە بەخۆی و نایەوێ مارسێل دەست لەم کارە وەربدات. چووە دەرەوە تاوەکو بە ئازادانە لەگەڵ هاوکارەکەیدا بدوێت.ئینجا گوتی:

"دەڵێی کلۆدێت؟ دۆڤال تۆ لەوە دڵنیایت؟"

"هەر خۆیەتی. وێنەکە هەر خودی کلۆدێتە. لەوە گرنگتر لەخواری بەرواری وێنەکەی لەسەرە، بەڕۆژ و کاتژمێر و خولەك و چرکە. هەروەها لەسەر دیوارێك

دەکەوێتە پشت شانی چەپی ناو و دروشمی بانکەکە ڕوون و ئاشکرایە. ئیمێڵێکم بۆ زانیاری زیاتر نارد."

جودار بەئاسانی بڕوای بەم هەواڵە نەکرد، ئەمە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە ئاڕاستەی لێکۆڵینەوەکە. ئەمە واتای چییە؟ بەئاسانی ڕاڤەیەکی بۆ نادۆزێتەوە. هۆکارێك بە بیریدا نایەت. بیرکردنەوەکەشی نایباتە سەر شتێك. پرسیارەکەی ئاراستەی دۆڤال کرد، ئەو توانای دەرئەنجام و شیکردنەوەی هەیە، بەڵام دۆڤال بە دوودڵییەوە گوتی:

"نازانم. منیش وەکو تۆ سەرشێواو بوومە و سەرگەردانم."

جودار فشاری کردە سەری و بە دوپاتکردنەوە گوتی:

"بۆچوونت چییە؟ لەگەڵم بیربکەوە. باسی بیروڕای خۆتم بۆ بکە."

بەخاوی و لێوردبونەوەوە گوتی:

"باشە گەورەم. ئەمە واتا مەڕوان عەقاد دەیزانی کلۆدێت لە کوێیە. شوێنەکەی دەزانی. لەوانەیە دەستی لە ڕفاندنی کلۆدێت هەبووە. ئەگینا ئەو وێنەیەی بۆچی هێنابوو؟ لەپیشاندانی وێنەکە داوای چیی دەکرد؟"

جودار هەوڵیدەدا دوای ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەی لە کێشەکەدایە، بیر لە هەڵوێستەکە بکاتەوە و لەگۆشەیەکی نوێ تەماشای بکا، ئینجا گوتی:

"لەوانەیە وابێت. بەڵام لەڕوونکردنەوەکەت شتێکی ناڕاست و ناڕێك هەیە. مەڕوان دەستی لەڕفاندن و رزگارانەسەندن هەیە؟ نەخێر."

"بۆ نەخێر؟"

جودار لەدەرگایەکەی ئاسایشی هۆڵی فڕۆکەخانەکەوە تێپەڕی و چووە ناو هۆڵی گەشتیاران و بیری لە قسەکەی دۆڤال کردەوە. بۆ نەخێر؟ بەڵێ، بۆ نا؟ جودار پێویستیی بەکات بوو تاکو لەمارسێل دووركەوێتەوە و بیر بکاتەوە. ئەم گۆڕانە ڕێگایەکی نوێیە ڕەنگە چارەسەری نهێنییەکە بکات، دەبێ هەموو کەلێنەکان بدۆزێتەوە و لێیان تێبگات پێش ئەوەی هەواڵەکە بگاتە مارسێل و ئەویش بەشێوازە ڕق هەڵسێنەرەکەی دەست لە کارەکەوە وەربدات. لەکوشکی ڕۆژنامەفرۆشییەکە

ڕاوەستا و چاوی بە مانشێتی ڕۆژنامەکاندا خشاند. سبەینێ سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژنامانە هەموویان لە لاپەڕەی یەکەم وێنەی مەڕوان عەقادیان لەسەرە و چیرۆکی تاوانە خوێناوییەکانی بڵاو دەکرێتەوە کە لەنێوان مۆنتیکارلۆ و مەغربدا کردوویەتی. لەماوەی بیست و چوار کاتژمێری داهاتوو هەموو دانیشتووانی میسر چیرۆکی مەڕوان عەقاد دەزانن و وێنەکەی دەناسن. ئیتر دەرفەتی راکردنی بۆ نارەخسێت. جودار لە قاوەخانەی نێو هۆڵەکە فنجانێك قاوەی کڕی و پیاسەی دەکرد و قاوەکەی دەخواردەوە، بیری دەکردەوە.

دیسان قسەی لەگەڵ دۆڤال کرد و ڕووداوەکانی کێشەکەی دووبارەی کردەوە و هەوڵی دەدا بگاتە چارەیەك پێی ڕازی بێت. گوتی:

"دۆڤال. ئەگەر مەڕوان عەقاد دەستی لە ڕفاندنی کلۆدێت هەبوایە، ئیتر بۆ چووە شوقەکەی فەرید ڕەمزی تاوەکو ڕووبەڕوو چاوی پێی بکەوێت؟ هەروەها بۆ ئاشکرا دەکات و پلانەکەی پێ ڕادەگەیەنێت و هەموو شتێکی دەخاتە بەردەستی؟ چۆن بەپێی خۆی دەچێتە لای دەوڵەمەندترین و بەهێزترین و بە دەسەڵاتترین پیاو؟ مەڕوان بەم ڕادەیە گەمژە نییە تاکو وا بکات! ئینجا چۆن ئیشی وا دەکات کە خۆی تووشبکات، لەبەردەمی و لەپێش چاوی و لەنێو هەمان ژووردا ئەو پیاوە بکوژێت؟ چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەمە چ مێشکێك قبووڵی دەکات؟ ئەمە دەچێتە مێشکت؟"

دوای ماوەیەك بێدەنگی دۆڤال گوتی:

"ڕەنگە مەڕوان عەقاد بەم کارەی گومانی کوشتنی فەرید ڕەمزی لەسەر خۆی لابەرێت. بوونی لەگەڵ ئەودا بێتاوانی مەڕوان دەسەلێنێت. لەوانەیە ئامانجەکەی ئەمە بێت، ئایا ئەمە ناشێت؟"

جودار لە گفتۆگۆکردنەکە بەردەوام بوو و پێی گوت:

"دەشێت، بەڵام ئەو بۆمبەی لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا تەقیەوە؟ خەریکبوو مەڕوان بەو بۆمبە بکوژرێت. بۆ چی؟ پاساوی ئەوە چییە؟ ئەی کێ بوو ئەوەی ویستی لەئوتێلی میریدیان بیکوژێت؟ ئەگەر بەشدار بووایە لە کرداری ڕفاندن و

ڕزگارانەسەندن و کوشتن، ئەمانە هەمووی مێشك قبووڵیان ناکات. مێشك قبووڵی ناکات!"

وا دیار بوو دۆڤال تێگەیشت و بڕوای بەقسەی سەرۆکەکەی کرد، گوتی:

"نەخێر گەورەم. بێگومان ناچێتە مێشك. بەڵام بۆ چی وێنەی کلۆدێتی پێ بوو؟ ئەی ئەو دوو کچە پەرستارە؟ چۆن ئاوا لە دارلبەیزا کوشتنی؟"

جودار بە ناڕەزاییەوە گوتی:

"ئەوانەی ئێمە بانگەشەی دەکەین کوژراون. ئەوە ڕاوبۆچوونی مارسێلی خێوە و هێشتا ڕاستییەکە نەسەلمێندراوە."

دۆڤال لە مشتومڕکردنەکەی بەردەوامبوو و گوتی:

"بەڵام گەورەم، لەگەڵ ڕێزم بۆ شیکردنەوەکەت، پەنجەمۆرەکانی مەڕوان عەقاد لەسەر هەموو شوێن و هەموو شتێکی شوقەکەی ڕانیا فەواز هەبوو. ئەمە دووپاتی دەکاتەوە کە لەوێ بووە. پەنجەمۆری لە شوقەکەدا سەلماندنێکی بێگومانە و جێگای مشتومڕ نییە. لەگەڵ ئەوەدا بەڵگەیەکی دیکە نییە لەسەر ئەوەی کە کەسێکی دیکە لەوێ بووە. چۆن ئەوە ڕاڤە دەکەیت؟ چ شتێکی دیکەمان بەدەستەوەیە جگە لەوەی کەوا (خێو)ەکە گوتویەتی. مەڕوان لە کوشتنی ئەو دوو کچە بەرپرسیارە؟".

# بەشی سی و هەشتەمین

مەڕوان عەقاد یان بڵێین فارس جەمیل لەسەر مێزێکی دووکەسی بۆ ناشتا لەبەلەکۆنی ئوتێلی ڕیتز کارلتۆن دانیشت. لەژێر سێبەری دارخورماکانەوە دەیڕوانییە ئاوی دەریای سوور کە لەبەر تیشکی خۆرەکە دەدرەوشایەوە. چاوەڕوانی هاتنی دالیای دەکرد، پاش ئەوەی ناشتاکەی هەڵبژارد لەسەر مێزی بۆفێکە کە هەموو جۆرە خواردنێکی لەسەر بوو. قاپێکی هێلکە و قاپێکی میوە و پەرداخێکی گوشاوی پرتقاڵی تازە و فنجانێکی قاوەی لەپێش بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ هەوەسی خواردنی نەبوو.

مێشکی سەرقاڵ بوو، بیرۆکەکانی جەنجاڵ بوو، دڵیشی بەهێز و خێرا لێی دەدا، چونکە ئەگەر پلانەکەی سەرنەگرێت، پاش ئەوەی بەووردی دایناببوو، ئەوا دەبی لەکاتێکی کورت و گرانبەها نەخشە بۆ پلانێکی دیکە داڕێژی. دواتر دەستی بۆ لەتێك کاڵەك برد، بەڵام دەستی کێشایەوە و هیچ ئارەزووی خواردنی نەبوو.

یەکێك لەشاگردەکان بەوێدا تێپەڕی، بانگی کرد و پێی گوت:

"دەکرێت لە بڕی ئەم قاوەیە فنجانێکی قاوەی بێ کافاییینم بۆ بهێنیت؟"

"بەسەر چاوم گەورەم."

شاگردەکە لەبەردەم فارس فنجانە قاوەکەی خواردەوە و گەڕایەوە فنجانێکی دیکەی بە گوێرەی داواکارییەکەی ئەو بۆ هێنا. لەو کاتەی فارس شەکر و شیری تێدەکرد، دالیا گەیشت و قاپێك کێکی بە فەراولە و کرێمی پێ بوو. هەستایە سەر پێ، پێشوازیی لی کرد و قاپەکەی لێوەرگرت و لەسەر مێزەکە داینا.

دالیا دانیشت، فارس خۆی بەلای ئەودا لار کردەوە و بەجوانی ناشتاکەی ئەویدا هەڵگوت. قسەکردنەکی ڕاست بوو، تەنها بۆ ڕووخۆشی نەبوو، بەڵکو لەهەمان کاتدا ئامانج و مەبەستێکی هەبوو. کاتی ئەوە هاتووە خواستەکەی خۆی جێبەجێ بکات. هەرچەندە باری دەروونی خۆی هەڵچوو و گرژ بوو، بەڵام نەیتوانی لەوە زیاتر

چاوەڕێ بکات. لەبڕی ئەوەی لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشێت، لەتەنیشت دالیا خۆی چەماندەوە و دەستی گرت. دالیاش بەسەرسامی و پشێوی تەماشای کرد و گوتی:

"فارس. ئەوە چی دەکەیت؟ هەستە سەر تەختەکەی خۆت و ناشتاکەت بخۆ."

"ئەمەیان لەهەموو ژەمەکان گرنگترە."

دالیا هەستا و داوای لی کرد ئاوا نەکات و بەهۆشمەندیەوە ڕەفتار بکات، چونکە لەشوێنێکی گشتین. لەپڕێکدا سەندوقێکی قەدیفەی بچووکی لەدەستی فارس بینی. تەماشای کرد قەپاغەکەی دەکاتەوە، ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسی ناوازەی گرانبەهای تێیدابوو، پێشتر شتی وەهای نەدیبوو. ئەنگوستیلەی وا جوان و وردیلەی وەهای بەچاوی خۆی نەدیبوو. هەروەها ئەڵماسی قەبارە گەورەی وەها بەم قەشەنگییەوە شەوق دەداتەوە. تەماشای ئەنگوستیلەکەی کرد، سەرسامی و خۆشی و شادی کەوتە نێو چاوەکانی. فارس بەزمانگیرانەوە دەستی بە قسەکردن کرد و پاشان هاوسەنگ بووەوە، گوتی:

"دالیا، دەزانم ئەم ڕووداوانە خێرا بوون، بەڵام من خۆشم دەوێی و پێشتر خۆشەویستییەکی وەهام بۆ کەس نەبووە. هەرگیزیش لەخەیاڵم نەبووە، ڕۆژێك بێت بەم ڕادەیە یەکێکم خۆش بوێت. ڕەنگە ئەمە شتێکی بەپەلە بووبێت، بەڕاستی خۆی هەروایە. بەڵام کاتێك مرۆڤ بزانێت ئەو کردەوەیە دروستە. ئیتر بۆ چی چاوەڕی بکات؟ دەمەوێت تا کۆتایی ژیانم لەگەڵتدا بم، دالیا دەمەوێت بتکەمە بەختەوەرترین ژن لە جیهان. تۆش دەمکەیتە بەختەوەرترین پیاو لە جیهان. ئەگەر ببیتە هاوسەرم. دالیا نوور قایل دەبیت شووم پێ بکەیت؟"

دالیا دەیڕوانییە ئەڵماسە گەورەکە، بە تیشکی خۆرەکە دەتروسکایەوە، بەدوودڵییەوە بڵمەبڵمێکی کرد و گوتی:

"فارس. من نازانم چی بڵێم. ئەمانە هەمووی بەخێرایی ڕوویدا. چی بڵێم؟ توندوتیژانە قسەم لەگەڵتکرد. کاتێك لەژوورەکەدا بووین لەگەڵت بێڕێز بووم، تۆ

پرسیارێکی ئاساییت لی کردم، شایانی ئەوە نەبوو. چۆن دوای ئەم ڕفتارە بەدەی کە من کردم قایل دەبیت داوای هاوسەرگیریم لی بکەیت؟"

بەبزەیەکەوە کەپڕی ناسکی و میهرەبانی بوو گوتی:

"چونکە تۆ چارەنووسی منیت. تەنها تۆیت کە دەمەوێ لەگەڵت بژیم تاهەتایە."

ئینجا بەپێکەنین و گاڵتەوە گوتی:

"ها چیت گوت؟!"

دالیا چاوی لەسەر ئەڵماسەکە لابرد و بەقووڵی ڕوانییە چاوەکانی فارس و فرمێسکی هاتە خواری. دەستی بەگریان کرد! فرمێسکەکانی سڕییەوە و گوتی:

"فارس ئەمانە جوانترین وشە بوون لەژیانمدا بیستومە!"

ئینجا بە هەنسکەوە گوتی:

"بەڵێ. شووت پێ دەکەم. دڵشادم و شانازی دەکەم گەر هاوسەری تۆ بم."

خۆی فرێدا باوەشی،تاکو ماچی بکات، بەڵام فارس بەری لێگرت و گوتی:

"ڕاوەستە."

بەهەردوو دەستی گرتی، تاکو خۆی نەخاتە باوەشی و گوتی:

"مەرجێکم هەیە. تەنها یەك مەرج."

دالیا بەسەرسامی و پشێوی کشایەوە و پرسی:

"مەرج؟ ئەوە چ مەرجێکە؟"

فارس بێدەنگ بوو تا تاوێك وەڵامی نەدایەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەخاوی و پێداگرتن گوتی:

"دەبێ پێکەوە بچینە ئودرون و خانەوادەکەت ببینیین و هەوڵ بدەین لەگەڵیاندا ئاشت ببینەوە."

دالیا لەشوێنی خۆی وشك بوو، بەسەرگەردانییەوە گوتی:

"وابزانم ئەوە نابێت. ئەوە بیرۆکەیەکی چاك نییە."

"پێویستە لەسەرمان وا بکەین، دەبێ هەوڵ بدەین."

دالیا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و سەری لەقاند، گوتی:

"پێم گوتی باوکم پیاوێکی دیکتاتۆر و کەللەڕەقە. ئێستا سوور دەبێ لەسەر ئەوەی بزانێت تۆ کریستیانییت یا نا. ئەگەریش ئاوا نەبێت، ئەوا فرێت دەداتە دەرەوەی ماڵ. ئەگەر وەهاش خۆت دەربخەیت، ئەوا بەپرسیار و لێکۆڵینەوە دەتکوژێت و گۆشتت دەبرژێنێت، چەندین کات دووبارەی دەکاتەوە تاکو ڕاستییەکە بزانێت. تۆ نایناسیت. باوکم ناناسیت! بڕوام پێ بکە، تۆ نازانیت، ناشتەوێ بزانیت."

فارس بە پێداگرتن و ورەبەرزییەوە گوتی:

"ببورە دالیا! ئەم بابەتە شایانی گفتۆگۆکردن نییە."

بەسەرسامییەوە پرسی:

"شایانی گفتوگۆکردن نییە؟"

"تەواو. گوێ بگرە. من نامەوێ هاوسەرگیریمان نهێنی بێت وەك ئەوەی گوناهێك یان تاوانێك دەکەین و شەرمەزار بین. من پیرۆزبایی باوکتم دەوێ. دەمەوێ هەموو ئەندامانی خانەوادەکەت پیرۆزباییمان لی بکەن."

دالیا بەدەنگێکی بەرز پێکەنی و بەنکۆڵی کردنەوە گوتی:

"فارس هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم. ئەوە هەرگیز نابێت."

"بڕوا و متمانەم پێ بکە. من دەتوانم بەجوانی هەڵسوکەوت لەگەڵ باوکتدا بکەم و ڕازی بکەم."

"بۆ ئەمەت دەوێ؟ ئەمانە هەمووی سوودی چییە بۆ ئێمە؟"

فارس وشەکانی بە ڕاست و قووڵ و پڕ لەسۆز دەردەچوو، ڕوومەتی دالیای سڕییە و گوتی:

"چونکە ڕەزامەندی خێزان زۆر گرنگە. پەیوەستی و پەیوەندییە خێزانییەکان گرنگترین شتە لە ژیانی مرۆڤ. من ئامادەم هەموو شتێك ببەخشم، تەنانەت تەمەنیشم، ئەگەر پێم بکرێت دایك و باوکم بگەڕێنمەوە. چەندە بەهیوام دیسان بگەڕێنەوە نیو ژیانی من. ئەوە بۆ من ئەستەمە. بەڵام بۆ تۆ ئەستەم نییە."

شێوازی قسەکردنی فارس کاریگەری لەسەر دالیا هەبوو، بەڵام ئاگاداری کردەوە و گوتی:

"تۆ نازانیت داوای چی دەکەیت؟ باش حەسابت نەکردووە. نازانی ترسناکی ئەو ئیشە چییە وا خۆتی تێ دەخەیت."

ڕەنگە قسەکەی دالیا دروست بێت. فارس کەمێك بیری کردەوە، بەڵام دالیاش نازانێت ترسناکی ئەو ئیشە چییە، وا لەگەڵ فارس خۆی تێدەخات. دەبێ ڕاستییەکەی پێ بڵێت، هەموو ڕاستییەکان، بێگومان ئێستا کاتی ئەوە نییە. ئێستا تەنها ڕەزامەندی دالیای دەوێت. یەکەمجار ڕازی بێت شووی پێبکات، ئینجا بچن بۆ بەترا لە ئوردن. لەوێ لەو شارۆچکە بچووك و ئاسودەیە دووربن لە مارسێل و جودار و کلۆدێت و خوێنڕێژەکان. دەکرێت لەوێ بیر لەوە بکاتەوە ڕاستییەکەی بۆ باسبکات. ئەوسا ئامادە دەبێت و شتەکان ڕێك دەخات، هەموو ڕاستییەکانی پێ دەڵێت. هەموو ڕاستییەکان. بەڵام هەرگیز پێش ئەو کاتە نابێت.

دالیا بە بایەخەوە پرسی:

"ئایا ئەمەت لەلا گرنگە؟ فارس ئەمە گرنگە لەلای تۆ؟"

"سەیری قوڵایی چاوەکانی دالیای کرد و گوتی:

"زۆر. زۆر گرنگە لەلام."

بە خۆبەدەستەوەدانێکی تێکەڵ بەنیگەرانی و ترسەوە گوتی:

"با وابێت، کەی دەتەوێ بچین؟ کاتم بەدەستەوەیە، لە پشووی سەری ساڵی نوێ بێ ئیشم."

بەپەلە گوتی:

"نەخێر ئەوە دوورە. نابێ چاوەڕێی سەری ساڵ بکەین. وەرە هەر ئێستا بڕۆین."

سەرسام بوو و وەڵامیدایەوە:

"چی؟ ئێستا؟ تۆ شێتیت! ناکرێت بەم دەمودەستە و هەروا بچین."

"بۆ نا؟ بابۆ ئـەوان شـتێکی لـە ناکاوبێـت. بڕیارەکـەمان دا، بـا خێـرا جێبـەجێی بکەین. بڕوام پێ بکە. ئەمـە باشـترین شـێوازە. ئێـستا دڵخۆش دەبـن بـەوەی لـەناکاو دەتبینن و سوپاسم دەکەن کە دەستبەجێ و بێ دواکەوتن تۆم گەڕاندەوە بۆ ئەوان."

"نازانم." بیری لە پێشنیارە سەیرەکە کردەوە، ئینجا گوتی:

"دەبێ لەناو فڕۆکەکەی کۆتایی ئەم حەفتەیەدا بم."

فارس بەخۆشییەوە پێکەنی و گوتی:

"پێیان بڵێ شوو دەکەم. مافی خۆتـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە داوای مۆڵـەت بکـەیت. وا نییە؟ مۆڵەت وەربگرە.. ئەوە مافی خۆتە."

دالیا پەشێو و سەرگەردان بوو، لێی پرسی:

"تێناگـەم. هۆکـاری ئـەم پەلەکردنـە چـییە؟ ئـەوە پێـنج شـەش سـاڵە بـاوکم نەدیووە. بۆ چی چاوەڕێ ناکـەیت و چـەند هەفتەیـەك ئـەوە دوابخـەین؟ پێویـستیم بەکات هەیە، تاکو مێشك و سۆزم ئامادەبێتەوە."

بە پێداگرتنەوە گوتی:

"نەخێر، پێم گوتی خۆشم دەوێ و ناتوانم بێ تـۆ بـژێم. وەرە جانتاکـان ئامـادە بکەین و ئەمڕۆ گەشت بکەین. بیر لە تەماشاکردنی باوکت بکەوە، تۆ لەبـەر دەرگـای ماڵەوە ڕادەوەستیت و ئەم ئەنگوستیلەیەشت لە پەنجەدایە."

ئینجا ئەنگوستیلەکەی لەسەندوقە بچووکەکە دەرهێنا و بەهێواشی لـە پەنجـەی کـرد. لـە پەنجەیـدا نـاوازەبوو، بـی ئـەوەش نـاوازە و قەشـەنگ بـوو. دوای کـەمێك وا خـــەیاڵکرد کـــرد وا ســـڕ بـــووەوە و لەســـەر ڕوویـــەکی شووشـــەیین دەخلیـــسکێ. بەرەنگارییەکـەی ڕووخـاوە، بەرهەڵستییەکەی تـوواوەتـەوە. خـۆی بەدەسـتەوەداوە و بەهەموو داواکارییەکانی ئەو قایل بووە.

# بەشی سی و نۆیەمین

فارس و دەزگیرانەکەی چوونە نووسینگەی پێشوازی ئوتێلی ڕیتز، کلیلەکەیان گەڕاندەوە، پارەکەیان دا، تاکسییەکیان گرت و بەرەو باکوور چوون، بەرەو شاری (نوێبع). نانی نیوەڕۆیان خوارد، دیارییان بۆ بنەماڵەی دالیا کڕی، ئینجا دوو پلیتی گەشتی دەریاییان کڕی، تا بە پاپۆڕی خێرا بۆ بەندەری عەقەبەی باشووری ئوردن بچن. لەچەند خولەکێك دوای کاتژمێر سێ پاپۆڕە خێرایەکە کەوتە ڕێ، بەیەك کاتژمێر گەیشتە بەندەری عەقەبە. لەکاتی نانی ئێوارە توانییان بگەنە بەترا. لەبەردەم ئەو باڵەخانەیە ڕاوەستان، ئەوەی دالیا مناڵێتی خۆی لە یەکێك لە شوقەکانی بەسەر بردووە.

دالیا بەرانبەر باڵەخانەکە ڕاوەستا و بە پەشەرمەزارییەوە گوتی:

" فارس پێموانییە ئەمە بیرۆکەیەکی دروست بێت."

ئینجا تووشی ئازار و گرژبوون هات. فارس بەرەو خۆی ڕایکێشا و قۆڵی گرت و پێی گوت:

"گیانە هەموو شتێك ئاسایی و باش دەبێت. بڕوام پێ بکە."

جانتاکەی دالیای هەڵگرت و بەو هیوایە بوو، ئەوەی گوتی ڕاست بێت. هەموو شتێك ئاسایی و باش و بێ کێشە بێت.

چوونە نێو باڵەخانەکە، بە قاندرمەکەدا بۆ نهۆمی پێنجەم بەسەرکەوتن. لەبەر دەرگای ماڵی دالیا ڕاوەستان. دەستەکانی دالیا بەئاشکرا دەلەرزین. فارس دەستەسڕێکی لۆکەی خاوێنی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و دڵۆپە ئارەقەکانی نێوچاوان و سەرەوەی لێوی دالیای سڕییەوە. ئینجا چرپاندی:

" دالیا من خۆشم دەوێی."

دالیا ڕوانییە چاوی فارس و تیایدا بەدوای شتێك دەگەڕا دڵی ئاسوودە بکات، کاتێك تروسکەیەکی بینی تیشکی هێز و متمانەی دەدایەوە، گوتی:

"منیش خۆشم دەوێی."

فارس زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئینجا لە دەرگایدا. دەنگی ژنێکی بیست لەپشت دەرگاکەوە دەڵێت:

"نەدیم لەدەرگا دەدەن. چاوەڕوانی چی دەکەیت؟"

پیاوەکە لەوەڵامدا گوتی:

"نەخێر. تەلەفۆنەکەم بەدەستەوەیە. دەکرێ خۆت بیکەیتەوە؟"

"بێگومان. ئێ. هاتم."

دالیا چرپاندی و گوتی:

"ئەمە دایکمە ناوی ڕیمایە."

"باوکت ناوی نەدیمە؟"

"بەڵێ. نەدیم نوور."

دالیا بەتوندی باڵی فارسی گرت، فارسیش سەرنجیدا دالیا ئەنگوستیلەکەی لە پەنجە نەبوو. ویستی لەو بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، بەڵام کات ڕێی نەدا. ڕەنگە باشتریش بێت، چونکە لەوانەیە هەواڵی نیشانکردنی ببێتە شەرمەزاری بۆ دایك و باوکی. ئێستا پێویستە لە دوای ساڵانێکی زۆر، دالیا ڕووبەڕووی یەکەم دەرکەوتنی خۆی بێتەوە لە بەرانبەر خانەوادەکەیدا.

لەدواییدا دەرگاکە کرایەوە، ڕیمای دایکی دالیا دەرکەوت. خاتوونێکی قۆز. لە ناوەراستی پەنجایەکانی تەمەندا بوو. کەمێك لەشی پڕ، قژی ڕەش و کەمێك ماش و برنج بوو، وەکو خۆڵەمێشی لێهاتبوو، لەگەڵ ئاسەواری جوانیەکەی ڕواڵەتێکی سەلار و شکۆداری دابوی و سەرنج ڕاکێش بوو. چاوەکانی گەورە و جوان، لە چاوی دالیا دەچوو.

ڕووبەڕوو بەرانبەر کچەکەی ڕاوەستا، ساڵانێکە نەیدیوە. لەناکاو چاوی پێ کەوت. تەماشای کرد  چاوەکانی ئەبڵەق بوو. ئەو کچەی ماوەیەکی درێژە دیار نییە. ڕیما دەستی نایە سەر دەمی خۆی. زمانی لاڵ بوو وەك ئەوەی لە ناکاو و بەچاوەڕوان

نەکراوی خێوێك ببینی. چاوی هەڵپشافت وەکو ئەوەی بڕوا نەکات. ئینجا دەنگی هاتەوەبەر و پرسی:

"دالیا. ئەمە بەڕاستی تۆیت؟ "

"بەڵێ دایە. من دالیام. زۆر تامەزرۆت بووم."

دالیا نەیتوانی هاوارەکەی خۆی کپ بکاتەوە لەو کاتەی دایکی باوەشی بۆی کردەوە.

"ئەی منداڵە بچووکەکەم، ئەی خۆشەویستەکەم. چەند تامەزرۆتم. زۆر زۆر بیرم دەکردی. کچەکەم خودا بتپارێزی. خودا بەرەکەتت بداتێ."

"خۆشم دەوێی دایکە. خۆشم دەوێی دایە."

" ڕۆڵەکەم منیش خۆشم دەوێی. کچەکەم زۆرم خۆش دەوێی."

دەستی لەملی کچەکەی کرد و لە باوەشی کرد. بە باوەشی یەکتری وەنووسان و زۆر گریان. فارسیش کشایەوە دواوە، تاوەکو دەرفەتیان بداتێ باوەش لە یەکتر بدەن. هەمووگیانی دەلەرزی بەرانبەر ئەم خۆشەویستی و هەستەی نێوان ئەم داك و کچە، کە بە هەنسك و ماچ و فرمێسك دەریدەبڕن. ئەم دیمەنە تامەزرۆ و تەنیایی لە ناخی مەروان بەگەڕخست بۆ دایك و بابی خۆی، بەتایبەتی دایکی!

دڵی لە نێو سینەیدا بەتوندی لێیدەدا، هەستی کرد شوێنی ئەو لەم نێوەدا نییە. ئەگەر ئێستا خاتوو ڕیمای دایکی دالیا بیبینێت چی دەڵێت؟ دەڵێت ئەمە کێیە؟ بۆ لەگەڵ کچەکەی هاتۆتە ماڵەکەی ئەوان؟ ڕەنگە بڵێت ئەمە شوفێری تاکسیە و کچەکەی هێناوەتەوە. یان بەکرێی گرتووە جانتاکانی بۆ هەڵگرێت. دەبی چی بڵێت کاتێك خۆی پێ دەناسێنێت و باسی خۆی بۆ دەکات، کێیە و بۆچی هاتووە و داوای چی دەکات؟ لەوەش زیاتر هەڵوێستی شوان نەدیم نوور چۆن دەبێت، کاتێك لەگەڵ کچەکەی دەیبینێت، ئایا وەکو دالیا گوتی وایە؟ دیکتاتۆر و زۆردار و ستەمکار و بێبەزەییە؟ فارس وەڵامی بۆ پرسیارەکانی نێو مێشکی نەدۆزییەوە. دالیا تەواو ناناسێت و هیچ لەسەر دایك و باوکی نازانێت. هیچ دەرفەتێکی بۆ نەڕەخساوە کەوا خەیاڵ و بیری ئەو بزانێت، بۆ ئەوەی بزانێت چی ڕوودەدات.

دواتر دالیا فرمێسکەکانی چاوی خۆی بەو دەستەسڕە سڕییەوە، کەوا فارس دابوویێ و فرمێسکەکانی دایکیشی پێ وشك کردەوە، چونکە فرمێسك روخساری ئەویشی داپۆشیبوو، ئینجا گوتی:

"دایە."

"بەڵێ کچم."

" کەسێك هەیە دەمەوێ بیناسیت."

فارس بەخۆشەویستیەوە بزەیەکی بۆ خاتوو ڕیما کرد. کە ڕوانییە ڕوخساری فارس، گوتی:

"ئای! سەرنجم نەدا. نەمزانی. وامزانی..."

"قەیناکا دایە. قەیناکا."

دالیا دەستی درێژ کرد و دەستی فارسی گرت، گوتی:

" دایە ئەمە فارس جەمیلە. ئەو بوو هانی دام و یارمەتی دام بۆ گەڕانەوەم، لە دوای ئەو هەموو ساڵانە. هەموو چاکەکە لە گەڕانەوەی من بۆ ماڵ بۆ ئەم دەگەڕێتەوە."

دایکی بە بایەخ و سوپاسەوە تەماشای فارسی کرد و بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ کرد و گوتی:

"بەڕاست؟! سوپاس فارس جمیل. سوپاست دەکەم. کەواتە تۆ بوویتە وەڵامی نوێژەکەم. وەرە ژوورەوە. فەرموو. کوڕم هەر ئێستا چایەك لێ دەنێم."

فارس کەمێك دڵی حەسایەوە. بزەیەکی گەورە کەوتە سەر ڕوخساری و گوتی:

"خاتوو ڕیما سوپاس بۆ تۆ، خانم تۆ زۆر ڕوو خۆشیت. ئیستا دەتوانم تێبگەم دالیا ناسکی و ڕووخۆشییەکەی لەکوێ هێناوە."

لە دوای دایکی چوونە ژوورەوە، کاتێك پێڵاوەکانیان دادەکەند، باوکی دالیا لە ژوورەوە هات و پرسی:

"ڕیما. ئەوە چییە؟ چی...؟"

کە چاوی بە دالیا کەوت لە جێی خۆی وەستا و ڕستەکەی تەواو نەکرد. چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسك. ئینجا باوەشی بۆ کچەکەی کردەوە. دالیا بێ دوودڵی غاریدا و خۆی فڕێ دایە سەر سینەی باوکی. باوەشی بە دالیادا کرد، کە بەخێرهاتنی کچەکەی دەکرد دەنگی نووسا، دالیاش بەدەنگێکی بەرز گریا. باوکی بەچاوی بە فرمێسکەوە گوتی:

"کچە بچووکەکەم گەڕایەوە ماڵ. خۆشەویستەکەم،دالیام بۆ گەڕایەوە. وا گەڕایەوە باوەشم. خودایە سوپاست دەکەم. سوپاس بۆ تۆ عیسای مەسیح. بەڕاستی تۆ گوێ لە نوێژ دەگریت و وەڵاممان دەدەیتەوە. سوپاس ئەی پەروەردگار. سوپاس. شکۆ بۆ تۆ. شکۆ بۆ ناوە پیرۆزەکەت."

فارس هەستی کرد گریان قورگی ئەویشی گرتووە. ئەگەر خۆی نەگرتبایە و جڵەوی سۆزەکانی بەربدابوایە ئەویش وەکو ئەوان دەستی بەگریان دەکرد. هیشتا کاتێکی کورت تێپەڕ نەبووە و هاتۆتە ئەم ماڵە، بەڵام بینی ماڵێکی ئاوەدانە بەخۆشەویستی. خۆشەویستییەك لە هیچ جێگایەکی دیکەی نەبینیوە. شوان نەدیم نوور لەماچکردن و لەباوەشکردنی کچەکەی نەوەستا. هەروەها لەسوپاسکرن و ستایشی خودا و شکۆدارکردنی ناوی عیسای پەروەردگار ڕانەوەستا.

چونکە کچەکەیان لەمردن گەڕاوەتەوە. لە مردن هەستاوەتەوە... لە گۆڕ هاتۆتەدەر و گەڕاوەتەوە ماڵ.

ساتێکی درێژ بوو بەرلەوەی دایکەکە بڵێت:

"دالیا."

دالیا فرمێسکەکانی سڕییەوە، تا دایکی بەڕوونی ببینێت، ئینجا و گوتی:

"بەڵێ دایە."

دالیا لە ئاماژەکەی دایکی تێگەیشت و بەرەو لای باوکی چوو، فرمێسکەکانی باوکی سڕییەوە و گوتی:

"بابە. دەمەوێ ئەو پیاوەت پی بناسێنم،کە چاکەی گەڕانەوەم بۆ ئێرە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، فارس جەمیل. ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی بگەڕێمەوە ماڵ. هەمیشە

ئەمەم دەویست... بەڵام دەترسام قایل نەبن! نەمدەزانی ئێوە چی دەکەن، کاتێک دەگەڕێمەوە. وامدەزانی لێم تووڕەن. نەمدەزانی تا چ ڕادەیەک لێم تووڕەن. بەڵام فارس. فارس گوتی هیچ شتێک لە خانەوادە گرنگتر نییە. ئینجا پێی گوتم با پێکەوە بێین بۆ ئێرە، تاکو لە سەلامەتی گەیشتنەکەم دڵنیا بێت."

نەدیم نوور بە وردی و جێگیری سەرنجی چاوی فارسی دا، فارس لە سەرنجە کاریگەرەکەی . پێشبینی کردبوو بۆ تووڕەیی و تۆمەتبارکردن و سەرزەنشتکردن لەچاوەکانیدا هەبێت. بەدرێژایی ئەم ڕۆژە خۆی بۆ ئەم هەڵوێستە ئامادەکردبوو. بەڵام لەچاوەکانی ئەم پیاوە سوپاس و ستایش و خۆشەویستییەکی باوکانەی بینی، نەدیم نوور گوتی:

"دەرفەتم بۆ نەڕەخسا بتناسم. بەڵام تۆ ئەمڕۆ دیارییەکی گرانبەهات بۆ هێنامەوە. دوای ماوەییەکی درێژ لە بزربوونی ئەم دیارییە. دالیات بۆ هێنام. بۆیە کوڕم زۆر سوپاست دەکەم. خودا پاداشتت بداتەوە. تکایە ئەمشەو لەماڵی ئێمە بمێنەوە، زۆر بەخێر بێی."

فارس بەشێوەیەک سەرسام بوو نەیتوانی قسە بکات و وەڵامی بداتەوە. کە ئەم بەخێرهاتنە گەرم و فراوانەی بینی، بە چاوتێری و خانەدانییە. دواتر توانی بە ئاسانی هەناسە بدات. بەڵام لە هەمان کاتدا نەیدەتوانی خۆی لە بیرکردنەوەی ئەو هەموو مینەی سەرە ڕێی خۆی  ڕزگاری بکات. نەیدەتوانی ئەوانە لەیاد نەکات کە بەدوایدا دەگەڕێن و ڕاوی دەنێن. وای لێکرد دیسان هەست بە ئازارکردن بکات.

# بەشی چلەمین

لە بنکەی پۆلیسی سەرەکی لە ناوەڕاستی بەیروت، پشکنەر جودار لە پشت مێزێکی بچووك دانیشت و ڕامی عەقاد بەرانبەری بوو، بۆ ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات.

جودار جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو، قومی لێدەدا بێ ئەوەی دانەیەکی لی بداتە ڕامی. هەروەها قاوەشی نەدایێ، بەخۆی فنجانێك قاوەیەی لەبەردەم بوو و دەیخواردەوە. تەماشاکردن و ڕەفتارێکی توندوتیژ و دڵڕەقی هەبوو، چاوەڕوانی یەکێك لە تەکنیکارانی دەکرد، تاکو ئامێری درۆ دەرخستن لە لەشی ڕامی ببەستێت،تا بتوانێت پوختەی زانیارییەکان دەربارەی مەڕوانی برای بەزووترین کات لی وەدەست کەوی. تەکنیکارەکە بە جوداری گوت ئامێرەکە ئامادەیە و کاردەکات. جوداریش ڕیکۆردەرێکی خستە کار، تاکو هەموو قسەکانی ڕامی تۆمار بکات.

جودار دەستی بە لێپرسینەوەکە کرد، پرسی:

"دیسان بۆ ئەوەی باسەکەمان ڕوون بێت و لە یەکتر تێبگەین، تۆ دەزانیت تۆ سوێنددرایت. تێگەیشتی؟"

ڕامی سەری ڕاتەکاند. جودار گوتی:

"وەڵامی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەم دەوێ، بەڵێ یان نەخێر. بەڕوونی و ئاخاوتنێکی ساغ بدوێ تاکو تۆمارکردنەکە ڕوون بێت.

"باشە. بەڵێ... من بۆ ئەمە سوێندم خوارد."

جودار بەشێوەی هێرشبردن و یەك لەدوای یەك وەکو فیشەك لە ئاڕاستەکردنی پرسیار بەردەوام بوو.

"باش وریابە و وەڵام بدەوە، ناوت ڕامی عەقادە."

"ئەوە دەزانیت."

"بەڵێ یان نەخێر! بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدەوە."

"کەواتە با بەڵێ بێت."

"ئایا تۆ لە کۆمپانیای عەقاد و هاوبەشەکانی هاوبەشیت؟"

"بێگومان."

"گوتمان وەڵامەکان بەڵێ یان نەخێر بێت."

"بەڵێ."

"ئیشی کۆمپانیایەکە پاسەوانیکردنی پیاوانی کارە؟"

بوێرانە و بەگاڵتەوە گوتی:

"نەخێر. کۆمپانیای بۆنخۆشی و ئامرازی جوانکارییە."

جودار بەتووڕەییەوە قیڕاندی:

"وا دیارە لە ترسناکیی هەڵوێستەکە تێناگەیت. ئەگەر بە ڕەوشت و ڕێزەوە وەڵام نەدەیتەوە دەتوانم بەیەك وشە بتخەمە زیندان. هەروەها ئەگەر درۆیەك بکەیت دەتوانم کۆتت بکەم. ئەگەر لە زیندان دەتەوێت ڕزگارت بێت، دەبێ هەڵوێستی خۆت چاك بکەیتەوە و هاوکاریم بکەیت. ئەگینا ئازارت دەدەم. تێگەیشتی؟"

ڕامی دووبارە شانی لەقاندەوە:

"ئێستا. ئایا کۆمپانیاکە ڕاژەی پاسەوانییەتی پیاوانی کار دەکات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟"

"بەڵێ."

"ئایا هاوبەشەکەی ترت برایەکەتە؟"

"بەڵێ."

"ئایا فەرید ڕەمزی داوای لی کردبوو، نهێنی کوشتنی کچەکەی و ڕفاندنی هاوسەرەکەی بۆ دەربخات؟"

"بەڵێ."

"ئایا لە دەقی گرێبەستیەکەی نێوان کۆمپانیاکە و فەرید ڕەمزی هاتووە بەرانبەر کارەکە نیو ملیۆن یۆرۆ وەربگرن لەگەڵ خەرجیەکانی دیکە؟"

ڕامی بەم قسەیە  شپرزە بوو و لێی پرسی:

"چۆن توانیت کە...؟"

جودار بەتوندی قسەکەی بڕی:

"وەڵامەکان تەنها بە بەڵێ یان نەخێر بێت، لە بیریش نەکەیت  سوێند درایت."

ڕامی بەدووپاتکرنەوە وەڵامیدایەوە:

"بەڵێ."

"مەڕوان عەقاد بەشێوەیەك لە شێوەکان لە کوشتنی کچەکەی فەرید ڕەمزی و ڕفاندنی هاوسەرەکەی تووشبووە؟"

"نەخێر."

"هەوڵیداوە بەزۆر پارە لە فەرید ڕەمزی بسەنێت؟"

"نەخێر."

"ئێستاش هەوڵ دەدات بەزۆر پارە لە هاوسەرەکەی فەرید ڕەمزی بسەنێت؟"

"نەخێر."

"بەڕاست؟!" جودار ئەمەی بە سووکایەتیەوە گوت. ئینجا بەهەنگاوی خاو و کورت لەنێو ژوورەکە سووڕایەوە و گوتی:

"ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئایا برایەکەت کاتێك لە مۆنتیکارلۆ سەردانی فەرید ڕەمزی کرد نەیزانی کلۆدێت لەکوێیە؟ لە چ وڵاتێکە؟"

هێرشەکە توند و لەناکاو بوو. بەڵام ڕامی عەقاد چاوی نوقاند و وەڵامی نەدایەوە.

جودار لە پرسیارە موشەکهاوێژەکانی بەردەوام بوو و بە قسەکانی فشاری لەسەر دەکرد:

"چی؟ وەڵام بدەوە؟ دەیزانی کلۆدێت لەکوێیە؟"

دیسان ڕامی وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە، بۆیە جودار بەهەڕەشەوە هاواری لێکرد:

"بـێ خۆدزینــەوە و بـێ فێڵبـازی. ڕامـی گـوێبگرە. یـان وەڵامـی پرسـیارەکانم دەدیتەوە و هاوکاریم دەکەیت یان دەخرێیتە زیندان. باش لێم تێبگە. دەی دیسان لێت دەپرسم: ئـەو ڕۆژەی کـە فەریـد ڕەمـزی کـوژرا، برایەکـەت دەیزانـی کلۆدێـت لەکوێیە و لە چ  وڵاتێك خۆی شاردۆتەوە؟"

"بەڵێ."

"لە بەڕازیل بوو؟"

دیسان ڕامی لە زانیارییەکانی جودار پەشۆکا، بەدوودڵییەوە گوتی:

"بەڵێ."

" مەڕوان وێنەی کلۆدێتی لەلا هەبوو، کە لە بانکەکەی ساوپاولۆ گیرابوو؟"

"بەڵێ."

مەڕوان ژمارەی حیسابی کلۆدێت دەزانێت؟"

"لەو کاتە، بەڵێ. بەڵام... چونکە."

"بەڵێ یان نەخێر، ڕامی."

"بەڵێ."

"ئایـا ئێـستا لـە چـیایەکانی تەنیـشت سـاوپاولۆ، دوازدە پیاوتـان هەیـە بـۆ کۆمپانیایەکەتان ئیش دەکەن؟"

ڕامـی عـەقاد وەڵامـی پرسـیارەکەی نەدایـەوە. بـەڵام جـودار تێگەیـشت، زانـی گەمارۆکەی لەسـەر تەسـك کردۆتـەوە و ئـەوەی ویـستی لێی دەرهێنـا. بۆچوونەکەی دروست بوو، سەرچاوەی زانیارییـەکانی ڕاسـت بـوون. ئێـستا دەبێ بەتـەواوی پـشتی بەزەویدا بدات. هێرشەکەی بەردەوام کرد و گوتی:

"ڕامی. پێم بڵێ: ئەوە ڕاستە؟"

"بەڵێ."

ئەو پیاوانە چەکدارن؟"

"بەڵێ."

"ئەم بەیانییە پەیوەندییان پێوەکردی تا لێت بپرسن. دەتەوێ چی لە کلۆدێت بکەین؟"

جودار تەماشای ڕامی کرد و بینی ترسێکی لە ڕوخساردا هەیە، زۆر پێی دڵخۆش بوو. ڕامی زمانی گیراو و گوتی:

"تۆ تێناگەیت. تۆ..."

" ئەم بەیانییە پێیان گوتی؟ دەتەوێ چی لە کلۆدێت بکەین؟"

"گوێ لە تەلەفۆنەکانم دەگریت؟"

"بەڵێ. ئێمە گوێ لە تەلەفۆنەکانت دەگرین. ئەمەیان پێ گوتی؟"

"بەڵێ."

"وەڵامت دانەوە: جارێ هیچ نەکەن. ئیشەکە ئاڵۆزە. بەم زووانە پەیوەندیتان پێوە دەکەمەوە؟"

"بەڵێ. وەڵامەکەم ئەوە بوو."

"ڕامی عەقاد. تۆ و برایەکەت پلانی ڕفاندنی کلۆدێتتان سازداوە؟"

ڕامی قیڕاندی و وەڵامەکەی دووپات کردەوە:

"نەخێر."

"تۆ بەتەنها پلانی ڕفاندنەکەت دانا؟"

"نەخێر."

"بەڕاست؟ بەڵام بێگومان تۆ دەزانیت کلۆدێت لەکوێیە."

"بەڵێ."

"پیاوەکانیشت ڕێی پێنادەن ئەوماڵە بەجێ بهێڵێت کە تیایدا نیشتەجێیە."

"ئەمە ڕاستە."

"دەشتدەوێ بڕوا بکەم کە تۆ و برایەکەت لەهەموو ئەمانە بێتاوانن؟"

"بەتەواوی."

"ئەمە زەحمەتە. ڕامی عەقاد گوێ بگرە. با پرسیارێکی دیکەت لێبکەم: مەڕوانی برات هەفتەی ڕابردوو لە دارلبەیزا بوو؟"

"بەڵێ."

"چووە لای کچێك ناوی ڕانیا فەواز بوو. ئەوەی پێشتر قایل نەبوو شووی پێ بکات؟"

"بەڵێ."

"ئایا دەزانیت کە ڕانیا و هاوڕێیەکەی کوژران؟"

"بەڵێ. بەڵام مەڕوان دەستی لەوەدا نییە. تۆ بەهەڵەدا چووی."

جودار بەووروژانێکی توند و بەهاوارێکی بەرز، نەیویست لە هەڵوێستی وەڵامدانەوەکەدا بجووڵێتەوە، گوتی:

"ووس بە. دەبێ وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە و ملکەچ بیت و ڕێنماییەکانم بە وردی جێبەجێ بکەیت، ئەگینا ئەمشەو دەتهێڵمەوە دەبی لە زیندان بەسەری ببەیت. گوێت لێمە؟"

ڕامی هەردوو دەستی پێچایە سەر سینەی و چاوەڕوانی کرد، جودار دەستپێشخەری ئەم پرسیارە بوو:

"ئایا هێشتا مەڕوانی برات لە میسرە؟"

گوێی لە پرسیارەکە گرت و بێ دەنگ مایەوە، بەرنگاربوونەوەی پێوە دیار بوو، دوای ئەوەی بابەتەکە گەیشتە ئەم ڕادەیە شتێکی خراپتر نییە لێی بترسێت. دووبارە جودار پرسیارەکەی کردەوە:

"ئایا برایەکەت لە قاهیرەیە؟"

دیسان وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە. جودار گوتی:

"ئایا برایەکەت میسری بەجێ هێشتووە تا بچێتە وڵاتێکی دیکە؟"

ڕامی بەسەرکەشی و کەللەڕەقی دەمی خۆی داخست، لەسەر وەڵام نەدانەوە سووربوو، ئەوەش بووە مایەی تووڕەبوونی جودار و بەسەریدا هاواری کرد و گوتی:

"مەڕوانی برات بەتۆمەتی کوشتن داواکراوە دەبی دەستگیر بکرێت، لەهەر شوێنێك خۆی بشارێتەوە دەیدۆزینەوە، دەیدۆزینەوە و دەیگرین، گەرەنتیشت پێنادەم کە دەیبینینەوە گوللەبارانی نەکەین. ئەگەر دەتەوێت جارێکی دیکە

برایەکـەت بـە زینـدوویّتی ببینیتـەوە، دەبـێ هاوکـاریم بکـەیت و وەڵامـی هـەموو پرسـیارەکانم بدەیتـەوە. تـاوەکو بـیر لـەوە دەکەیتـەوە و بڕیـار دەدەیت وا دەتخەمـە زیندان. لەوێ دەرفەتت هەیە بەهێمنی بیر بکەیتەوە.

# بەشی چل و یەکەمین

نەدیم نوور پیاوێکی باڵابەرزە. قەبارە زل. وەرزشوان، چاوەکانی گەورەن، قژی چڕو قاوەیی، زۆربەی سەری مووی لی سپی بووە. کاتی قسەکردن پێدەکەنی و فرمێسکەکانی نەمان، فارس لە دانیشتنەکەدا هەستی بە حەسانەوە کرد.

خاتوو ڕێما دەستی بە ئامادەکردنی چێشتلێنان کرد بۆ ئەوان. شوقەی نیشتەجێبوونەکەیان سادە و ساکارە. سێ ژووری نووستن و نانخۆرێکی بچووکە، بەڵام لەنێو هۆڵەکە تەخت و قەنەفەیەکی زۆری لێیە، نزیکەی پازدە تا سی کەس دەگرێتە خۆ. دیوارەکان بە پەرتووك ڕیزکرابوو، لەزەوییەوە هەتا بنمیچەکەی داپۆشی بوو و لەسەر تاق دانرابوون. ژمارەیەکی ئیجگار زۆر، فارس شتی وای نەدیبوو،تەنها لە پەرتووکخانەکانی زانکۆ نەبی. لە تەنیشت پەرتووکەکان چەند چواچیوەیەکی وێنە هەبوو، وێنەی خێزان و وارگە و بۆنە تایبەتییەکانی ساڵانی ڕابردوو هەڵواسرابوون.

شوان نوور ئەلبومێکی وێنەی دەرهێنا، هی دالیا بوو، کاتی منداڵی، لەو قۆناخەی کچێکی بچووکە، ئینجا گەورەیە تا قۆناغی دواناوەندی ئینجا وێنەی دەرچوونەکەی. پاشان وێنەی دەرچوونی ئەلیاسی برای دالیای دەرهێنا لە قۆناغی دواناوەندی. ئینجا لە کۆلیژی فڕۆکەوانی سوپای ئوردنی. ئەلیاس فڕۆکەوانێکی سەربازییە، خوێندنی لە کۆلیژی شانشینی بەریتانی لە ئینگلتەڕا تەواو کردووە. ئینجا بووە سەرباز و دواتر فڕۆکەوان. پاشان بووە ئەفسەرێك لە هێزە چەکدارەکانی شانشینی ئوردن. فارس لە تەماشاکردنەکانی دالیا زانی بیری برایەکەی دەکاتەوە. هەمیشە داوای لێبوردنی دەکرد، لە دوورکەوتنەوەی لە خانەوادەکەی پەشیمان بوو، وەڵامی نامە و ئیمێڵەکانیانی نەدەدایەوە. بەڵام باوکی بایەخی بەوە نەدەدا و بەگەڕانەوەکەی دڵخۆش بوو و دەیگوت:

"گیانەکەم ئەم باسانەم پشتگوێ خستووە."

هەستەکانی بەقسە دەردەبڕی بەرانبەر بە تاقە کچەکەی و دەستی کردبووە ملی و ڕایکێشابووە لای خۆی :

"ئەگەر عیسا لێمان خۆش بێت، چۆن منیش لێت خۆش نابم؟ لەبیرتە (پەرتووکی پیرۆز) دەربارەی ئەمە چی دەفەرموێ لەزەبوورەکانی داودی پێغەمبەر:﴿چونکە وەک بەرزی ئاسمان لەسەر زەوی، ئاوها میهرەبانییەکەی بەهێزە لەسەر ئەوانەی لێی دەترسن. وەک دووری ڕۆژهەڵات لەڕۆژئاواوە یاخیبوونەکانمانی لێ دوور خستینەوە. وەک بەزەیی باوک بۆ ڕۆڵەکانی، وەهایە بەزەیی پەروەردگار بۆ ئەوانەی لێی دەترسن﴾."

دالیا بەشەرمەوە گوتی:

"سوپاس بۆ تۆ بابە. من زۆر ئەوەم لەلا گرنگە. سوپاس."

هەردوکیان باوەشیان بە یەکتریدا کرد. خاتوو ڕیما لە نانگدینەکەوە هات، قاوەی بۆ هێنان لەگەڵ چەند قاپێك لەجۆرەها چەرەز و میوەی تێیدا بوو. دوای کەمێك هەموویان بەرەو ژووری پێشوازی چوون و لە نانگدینەوە بەرەو ژووری خواردن، قاپە چێشتی جۆراوجۆر و بۆن خۆشیان لەگەڵ خۆیان بردە ئەوی.

فارس ڕوانییە قاپێکی گەورە گۆشت و برنجی تێیدا بوو، پرسی:

"ئەمە گۆشت بەرخی برژاوی مەغربی نییە؟"

خاتوو ڕیما خێرا گوتی:

"بەڵێ خۆیەتی. حەزی لی ناکەیت؟"

"زۆر حەزم لێیە. ئەمە خواردنی..." قسەکەی بڕی. خەریك بوو بڵێت ئەمە خواردنی پەسەندی ڕانیا بوو. ئەگەر بیگوتایە دەکەوتە هەڵوێستێکی شەرمەزارییەوە.

نەدیم نوور بە بزەوە لێی پرسی:

" فارس ئەمە خواردنی چییە؟"

خێرا ڕەوشەکەی پاساو کرد و بەفێڵەوە گوتی:

"ئەمە خواردنی میللی مەغربە. کاتی خۆی لە مەڕاکش کڕیارێکم هەبوو. هەر جارێکی دەچوومە ئەوێ، هاوسەرەکەی ئەم خواردنە بەتامەی بۆ دەکردم."

وشەکان بە لووسی لە زاری دەردەچوون، وەکو هەڵقولێنی شەپۆلی کوناھ، پاساوی تەڵەکەبازی درۆزنانەی هەڵگرتبوو. لە ماڵی پیاوچاکێك. یەکێك لە پیاوە لەخوداترسەکان ! ئا ئەوەتا لە یەکەم کاتژمێردا دەستی بە درۆکردن کرد. لە درۆکردن ناوەستێت. ژیانی تا ئێستا درۆیەکی گەورەیە.

خاتوو ڕیما لەسەر قسەکەی ئەو گوتی:

"ئەم خواردنە بەدڵی دالیاشە."

ئینجا فرمێسکەکانی خاتوو ڕیما هاتە خواری و گوتی:

"لەو کاتەی دالیا ماڵی بەجێهێشتووە ئەم خواردنەم نەداوەتە کەس. بەڵام..."

نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات، فرمێسکەکانی سڕییەوە و داوای لێبوردنی کرد، ئینجا بە پەلە بەرەو ناندینەکە چوو. فارس لەوە دوو شت تێگەیشت: زانی خاتوو ڕیما لە دەرچوونی کچەکەی بە درێژایی ئەو ساڵانە بە چ ڕادەیەك هەستی بە ئازار کردووە. دووەم شتی بۆ دەرکەوت ، هیچ نازانێت دەربارەی دالیا، حەز لەچی دەکات، حەز لەچی ناکات. چێشتە پەسەندەکەی چییە، حەز لەچ مۆسیقایەك دەکات، حەز دەکات چ جۆرە فلیمێك یان چ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تەماشا بکات. یان ئەو شوێنانەی حەزی لێیە، هیچ شتێکی گرنگی ژیانی ئەو نازانێت. تەنها ئەوە دەزانێت کە حەزی لە بەرهەمەکانی نجیب مەحفوزە و خولیای گەشتکردنە. دەشزانێت کە ئەوی خۆش دەوێ. ئەمە هەموو شتەکان بوو کە دەیزانی.

زانی پێویستە بەپێی توانا هەرچۆنێك بێت دەبی باسەکە لە پەیوەندیەکەی نێوان خۆی و دالیا دووربخاتەوە. دایك و باوکی ئامادە نەبوون هەواڵی پەیوەندییەکەی نێوانیان یاخود نیشانکردنەکەیان ببیستن. هێشتا زۆر زووە باسی ئەوە بکات. ڕەنگە هەوڵ بدەن بزانن چۆن چاوی پێ کەوتووە، ئەوەش ئاسان نییە بڵێت لە ئاهەنگێکی شەوانە لە ماڵێك چاوی پێ کەوتووە و مەییان خواردۆتەوە و

جگەرەی هۆشبەریان کێشاوە... دەیانەوێ بزانن ئەو ماوەیە چەندە کە یەکتریان ناسیوە. بۆ ئەمەش زەحمەتە بڵێت تەنها چەند ڕۆژ و کاتژمێرێکی کەمە. نەك بە مانگ و ساڵ.

بەڕاستی وەڵامێکی دڵنیاکەرەوەی بۆ ئەو هەموو پرسیارانە و سەدان پرسیاری دیکە نەبوو، کە ئەو دایك و باوکە حەز دەکەن وەڵامەکەی بزانن. هەر شتێك بڵێت لە درۆ زیاتر نییە، هەرچەندیش بیر لەوە دەکاتەوە، هەست دەکات نایەوێت درۆیان لەگەڵدا بکات، تەنانەت ئەگەر لەپێناوی پاراستنی ژیانی خۆی و پاراستنی ئەوانیش بێت.

نەدیم نوور تاکو چاوی لە گریان و فرمێسکی هاوسەرەکەی دوور بخاتەوە، دوای ئەوەی کچەکەیان بۆ باوەشی ئەوان گەڕایەوە ماڵ. لە فارسی پرسی:

"فارس پێمان بڵێ ئیشت چییە و کرپارەکانت کێن،وا بەم جۆرە بەهەموو جیهاندا دەگەڕێیت، ئەوروپا و مەغرب و میسر و لوبنان؟"

فارس هەناسەیەکی حەسانەوەی هەڵکێشا، چونکە دەتوانێت لەم بابەتە زۆر قسە بکات. باش خۆی بۆ ئامادە کردبوو. گوتی:

"من پسپۆڕی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و بەرنامەساز و ڕاژەکانی ئەو بابەتەم، یارمەتی بانك و کۆمپانیاکانی دابین و کۆمپانیا فرە چالاکییەکان دەدەم، تاکو نهێنیی زانیارییەکانیان لەسەر ئامێرەکان پارێزراو بێت لە لە دژی ڤایرۆسی کۆمپیوتەر و دزەکانی زانیاری."

نەدیم نوور بەدەنگێکی بەرز و بەدڵشادییەوە پێکەنی و گوتی:

"کوڕم خودا یارمەتیت بدات و بەرەکەتت بداتێ. لەو بابەتەی گوتت هیچ زانیارییەکم نییە، بەڵام وا دیارە کارەکەت ژیانێکی خۆشگوزەرانت بۆ دابین دەکات."

"بێگومان وایە."

هەروەها چۆن باسی کارەکەی بەخێرا دەستپێکرد، ئاوهاش بەخێرایی کۆتایی پێ هات. شوان نوور بەردەوام بوو لە باسکردن و فارس بەبایەخەوە گوێی لی دەگرت و گوتی:

"بەشێوەزارەکەت وا دیارە بەڕەگەز لوبنانیت."

قومێکی لە فنجانە قاوەکە خواردەوە، پاڵی دایەوە و پرسی:

"لە بەیروت لەدایکبوویت؟"

فارس لە ناخەوە ڕاچڵەکی، چونکە ئەگەر ڕاستگۆیانە و بەڕاشکاوی وەڵام بداتەوە ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکات. بیری کردەوە ئەگەر لەسەر ڕابردووی خۆی زانیاری درۆی دا، پێویستە درۆیەکانی لەبیرنەکات، ئەگەر ناچاربوو دووبارە باسیان بکاتەوە هەڵە نەکات. پلانێکی ڕوون و ئامادەکراوی لەسەر ڕابردووەکەی خۆی دانەناوە. پێشتر پێویستی بە نەخشەکێشانی ئەو پلانە نەبووە. چونکە دالیا لەسەر ڕابردووی ئەو داوای زانیاریەکی زۆری نەکرد، جگە لە باسی مردنی دایك و باوکی، چونکە دالیاش نەیدەیویست باس لە ڕابردووی خۆی بکات.

فارس هەستی کرد داوێکی بۆ دانراوە. ئێستا نەدیم نوور بەردەوام پرسیار لەسەر ڕابردووی ئەو دەکات، ئینجا هاوسەرەکەشی هەوڵ دەدات مێژووی ژیانی ڕابردووی ئەو بزانێت. چی بکات؟ چەند ڕۆژێك لەم ماڵە دەباتە سەر، هەر دەبێت بابەتێك بدۆزێتەوە باسی لێوە بکەن، بەبێ ترس و دەرخستنی ئەو ڕاستیانەی کەوا ئەو شاردوویەتەوە. تاکە ڕێگا لەم تەنگانەیە دەربازیبکات ئەوەیە دەست بەهێرشی پرسیاکردن بکات، دەستپێشخەربێت لە پرسیارکردن نەك پرسیاری لی بکرێت. دەبێ خۆی بە ئارەزووی خۆی گفتوگۆکە بسوورێنی. دەبێ بابەتێك هەڵبژێرێت و بتوانێت گفتوگۆیەکانی پێ بەڕێوەببات. شتێك ئەم پیاوە سەرقاڵ بکات و جێگای بایەخی ئەو بێت و باسی بکات. چییە؟ ئەوە چ بابەتێکە؟ لە چ بوارێك بێت؟ تا چەند کاتژمێرێك بتوارێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی دووریان بخاتەوە لە بەدواداچوونی ڕابردووی ئەو و دەرخستنی وردەکاریەکانی پەیوندی ئەو دالیا؟.

# بەشی چل و دووەمین

فارس سەری بۆ شوان نەدیم نوور هەڵبڕی و بزەیەکی کرد و وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە، گوتی:

"بەڵێ. لە بەیروت گەورە بووم و لە ساڵانی حەفتاکان لەوێ ژیاوام. کاتێکی زۆر سەخت بوو بۆ گەنجێك لە ناو جەنگی ناوەخۆ بژیت، ئەو جەنگەی کە لوبنانی ڕامالی. بەرەی نێوان پارت و لایەنگیرە موسڵمان و کریستیانییەکان، بەرەی چەندین تایەفەی جودا. ڕۆژانێکی چەندە سەخت بوو، لە هەموو لایەکی دەوروبەرت جەنگ بوو. موسڵمان بەناوی خودا کریستیانی دەکوشت. کریستیانییش بەناوی خودا موسڵمانی دەکوشت. هەموویان دەیانگوت لەپێناوی خودا دەجەنگین و بەرگری لە خودا دەکەین. ئایین تێکەڵی جەنگ و خوێنڕژان و کوشتن بووبوو. ئەو کات بچووك بووم، زۆر تێنەدەگەیشتم. بەڵام ئەمە لەنێو دڵم تاڵییەکی سەبارەت بە ئایین و خودا دروستکرد. لە خودا دوور کەوتمەوە. لەبەر ئەوەی لە خانەوادەیەکی کریستیانی بووم، پێویست بوو بچمە وارگە و پشتگیریم لەو کریستیانییانە بکردابوایە کە دەجەنگان. بەوە قایل نەبووم، چونکە وەکو ئەوانی دیکە، خەریکی تەقاندنەوە و ڕووخاندن و کوشتنی ئەوانە بوون کەوا لە ئایین و باوەڕدا لەگەڵیان جیاوازبوون. هەموویان ئەوەیان دەکرد. جیاوازی لەنێوان کریستیانی و موسڵمان نەبوو. دەمارگیری... کینە... ڕق! ئەمانە هەمووی چاوی خەڵکی کوێر کردبوو. تاکە زمانی نێوان خەڵکی ئەو وڵاتە تەنها زمانی گوللە بوو. ئەمە وای لی کردم لە وارگە و لە کریستیانی دوور بکەومەوە. چونکە ئەوان لە کەس باشتر نەبوون...ئاژاوە بوو..."

نەدیم نوور بەسۆز و بایەخەوە گوێی لی دەگرت، ئینجا گوتی:

"بۆیە ڕووت لە کۆمپیۆتەر کرد، چونکە بە سیستەمێکی وورد و دیار و شێوازێکی زانستی و متمانەپێکراو ئیش دەکات."

فـارس دڵخـۆش بـوو کـە گەیـشتە ئـەو ئەنجامـە، تـاوەکو جڵـەوی باسـەکەی بەدەستەوە بمێنێت، گوتی:

" گەورەم دەتوانین وا بڵێین."

شوان نەدیم نوور ئاورێکی لێدایەوە و بەچرپە گوتی:

"ڕێگام پێ دەدەیت نهێنییەکی گەورەت بۆ ئاشکرا بکەم؟"

"بێگومان. فەرموو."

پیاوەکە ڕاستەوخۆ بە دەنگێکی هێمن و ڕاشکاو گوتی:

"بۆ سەرڕاستی و مێژوو: من خۆم بە کریستیانی نازانم."

ئەم درکاندنە فارسی شەرمەزار کرد و تێنەگەیشت، پرسی:

" گەورەم تێناگەم چی دەڵێت. تۆکریستیانی نیت؟! تـۆ شـوانیت؟ پیـاوی ئـایینی کریستیانییت؟!"

"بەڕاستی من وەهام، بەڵام ناوی خۆم بە کریستیانی نابەم."

"ئەی ناوی خۆت بەچی دەبەیت؟"

"شوێنکەوتەی عیسای مەسیح."

"ئەی یەك شت نییە؟"

شوان نوور بزەیەکی کرد و گوتی:

"خوزگە وا بوایە. لە ناوچەکەمان زۆر کەس ناوی خۆیان بە کریـستیانی دەبـەن گوایە جوولەکە یاخود موسڵمان نین. بەڵام شوێنکەوتەی (مەسیح)یش نین."

"دەچنە وارگەکان؟"

"بێگومان، بەڵام بە چوونیان بۆ وارگـە نابنـە کریـستیانی. چـوونی کەسـێك بـۆ وارگە جیاوازی نییە لەگەڵ چوونی بـۆ چێـشتخانەیەك بـۆ ئـەوەی ژەمێکـی بـدرێتی، کریـستیانییەتی ڕاسـتەقینە کۆمەڵەیـەکی ڕەگـەز پەرسـتی نییـە یـان یانەیـەکی کۆمەڵایـەتی یـاخود هۆزێـك بـە دەوری خوداوەنـدێك کۆببنـەوە و بیپەرسـتن. کریـستیانییەتی ڕاسـتەقینە نازناوێـك یـان ئاوڵناوێـك نییـە، تـەنها لـە بڕوانامـەی لەدایکبوون و لەسەر ناسنامەکانمان بینووسین. کریستیانیەتی وەهـا نییـە، بڕیارێکـە

دەیـدەیت. بڕیارێـك لـە نـاخی دڵتـەوە دەیـدەیت، بـە پاڵنـەری خواسـتێکی ئـازاد و هۆشداری خۆت."

"بڕیار؟ چ جۆرە بڕیارێك؟"

"بڕیارێك کـە بـە بـاوەڕ و بـڕواش بکـەیت کـە خـودا خۆشـی دەوێـی و پلانێکـی ناوازە و سەیری بۆ تۆ هەیە، مەبەست و ئامانجێکی بڵندی بۆ ژیانت هەیە."

ئینجا رووی لە فارس کرد و بەبایەخەوە لێی پرسی:

"تۆ باوەڕت بە بوونی خودا هەیە. وا نییە؟"

پرسیارەکە بۆ فارس لە ناکاو بوو، بەڵام بێ دوودڵی وەڵامیدایەوە:

"بێگومان. بێگومان خودا بوونی هەیە. دەبێ هەبێت."

"ئەوە ڕاستە، نابێ، دەبێ خودا بوونی هەبێت، ئەگینا کێ ئەم جیهانەی دروست کردووە؟ زەوی و ئاسمان و گەردوون؟ ئاژەڵ و ڕووەك و مـرۆڤ؟ لـە خـودا زیـاتر کـێ دەتوانێـت ئـەو هـەمووە، بـەو هـەموو پـەرجوو و ئـاڵۆزیی و ووردیـی وجوانکارییـە بهێنێتەدی."

خاتو ڕیماش هاتە نێو باسەکەوە، لەو کاتە دالیا سـەرقاڵی ئامـادەکردنی مێزەکـە بوو. خاتوو ڕیما گوتی:

"خۆی بەدیهێنەرمانە، هەموو ئادەمیزاد بۆ بوون و بەدیهاتنیان قەرزاری ئەون. بەڵگـــە لەســـەر بـــوونی خـــودا.. پێکهاتـــەی مرۆڤـــە.. ویژدانەکـــەی ناخییـــەتی..جاویدانییەکـــەی نێـــو دڵییـــەتی. حـــەزرەتی ســـولەیمانی دانـــا دەفەرموێ:﴿هەموو شتێکی لە کاتی خۆی بەباش دروستکرد، جاویدانییشی خستە نێو دڵیان﴾."

ئینجا شوان نوور بە فارسی گوت:

"ئەگەر باوەڕت بە بوونی خودا بێت باشە، مرۆڤی بەمێشك نییە گەر نكۆڵی لە بوونی خودا بكات، داودی پێغەمبەر دەفەرموێ:﴿نەزان لە دڵی خۆیدا گوتی (خودا نییە)﴾."

" گەورەم من نەزان نیم. بەڵام زەحمەتە بڕوا بكەم كە خودای مەزن منی خۆش دەوێت."

"بەڵێ. خودا تۆی خۆشدەوێت و بەردەوامیش خۆشەویستییەكەی بۆ تۆ دووپات دەكاتەوە."

"خۆشەویستییەكەی بۆم دووپات دەكاتەوە؟ چۆن؟"

"لە خۆرهەڵاتن و ئاوابووندا. لە چیا و دۆڵ. لە درەخت و گوڵ. لە نەڕەی درندە و جریوەی چۆلەكەكان. لە ترپەی دڵت.. لەڕێكی هەناسەكانت. لە چاودێرییەكەی بۆ تۆ و لە دابینكردنی پێداویستییەكانت. لە بایەخدپێدان و بێداری. لە پەرتووكی پیرۆزدا خۆشەویستییەكەی بەڕوونی و ڕاشكاوی ڕادەگەیەنێت كە دەفەرموێ:﴿بە خۆشەویستییەكی هەتاهەتایی خۆشم ویستی﴾."

"ئای لەوە!!..."

"بەڵێ. پلانێكی ناوازە و سەیریشی بۆ تۆ هەیە، مەسیح ڕایدەگەیەنێ و دەفەرموێ:﴿من هاتووم تا ژیانیان هەبێت، بەڵكو باشتریشیان بۆ ببێت﴾."

"ئەمانە هەمووی بۆ ئێمەیە؟!"

"ئەمانە هەمووی بۆ ئێمەیە. بەڵام بەهۆی گوناه ئێمە چێژ لەو خۆشەویستی و پلانە وەرناگرین، لێی بێبەشی كردووین."

"ئاه. ئەمە هۆیەكەیە."

"بەڵێ. مرۆڤ گوناهبارە و لە خودا دابڕاوە. لە خۆشەویستی و پلانەكەی ئەو زۆر دوورە."

"حەیف. بەداخەوە!..."

"دەزانی خودا بە پاگژی و بێگەردی ئادەمی لە شێوەی خۆی دروست کردووە. بەڵام سەرپێچی خودای کرد و یاخی بوو، لەگەڵ حەوا لە درەختە قەدەغەکراوەکەی خوارد. بۆیە شایانی سزا و دادگایی خودا بوو. سزای گوناهیش مردنە. خودا مردنی دروست نەکردبوو. گوناه مردنی هێنا. نەك هەر مردنی لەش بەڵکو مردنی ڕوحیش. واتا دابڕان لە خودا. نابێت ئادەمی گوناهبار بەردەوام بێت لە تەك خودای پاك و بێگەرد. لە بەهەشت دەرکرا. بۆ جیهان دەرچوون و گوناهەکە لە لەشی نیشتەجێ بوو. بۆ توخمەکانیشی گواسترایەوە.... بەڵام"

فارس بەپەرۆشەوە پرسی:

"دوای ئەوەش {بەڵام} هەیە؟"

"بەڵێ خودا گشتگری دادپەروەرییە. گشتگری میهرەبانیشە. هەر وەك چۆن سزای گوناه و دەستەبەرکردنی داد پشت گوێ ناخات. خۆشویست و بەخشندە و میهرەبانیشە. بە بەخشندەیی و خۆشویستنەکەی خۆی چارەسەرییێکی بۆ گەڕاندنەوەی مرۆڤ و ڕزگاربوونی و گەڕانەوەی ئەو وێنەیەی کە دروستی کردبوو ئامادە کرد، بۆ گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ لای خۆی."

"دەبێ لێی ببورێت و بیبەخشێت."

"ئەی دادپەروەرییەکەی چۆن؟ دەبێ فەرمانی مردن جێبەجێ بکرێت."

"ئەوە کێشەیە."

"خودا خۆی چارەسەرەکەی دۆزییەوە. قوربانی کردە چارەسەر. ڕزگارانەکەی بە عیسای مەسیح دا.﴿*چونکە چۆن بە ئادەم هەموان مردن. هەروەها هەموان بە مەسیح دەژین*﴾."

"واتا؟"

"﴿*چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست.هەتا تاقە کوڕەکەی خۆی بەخت کرد، هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەکەن لەناو نەچن، بەڵکو ژیانی جاویدانی هەبێت*﴾

واتە باوەڕت هەبێت عیسا خۆی مەسیحی ڕزگاریدەری مرۆڤایەتییە، دان بـەوەبنێیت کە لەسەر خاچ گوناهەکانی هەڵگرتین و مرد و لە مـردنیش هەسـتایەوە تـاکو ژیـانی جاویدانیمان پی ببەخشێت. ئەوە تەنها ڕێگایە بۆ ژیانی جاویدانی لە ئاسماندا."

فارس بیرێکی باشی لەوە قسانە کردەوە، ئینجا پرسی:

"بۆ تەنها عیسای مەسیح؟"

شوان نوور بەبایەخەوە تەماشای کرد و گوتی:

"ئاهـا... پرسـیارێکی جوانـە. بۆچـی عیـسای مەسـیح؟ گویێ بگـرە. خـودا خـۆی حوکمەکـەی دا. خۆشـی دەیـەوێ حوکمەکـە هـەڵبگرێت. بـۆ ئـەوەی حوکمەکـە هـەڵبگرێت دەبـێ ڕزگارانەیـەکی بـۆ ئـەوە هـەبێت. کـێ باجەکـەی دەدات؟ دەزانیـت سزایەکەی چییە؟"

"مردنە. سزای گوناهە مردنە."

"کەواتـە دەبـێ کەسـێك بمرێـت. مـرۆڤ؟ نـەخێر. پێویـستە مـرۆڤ میهرەبـانی لەگەڵدا بکری. خودا نایەوێ مرۆڤ بمری. لایەنی دووەمی کێشەکە خودایـە. خـوداش نامرێت. پێویستی بە جێگرێکی مرۆڤ هەیـە. مرۆڤێـك لـە سـەرووی ئـادەمیزاد بـی. سروشـتی مـرۆڤ و سروشـتی خوداشـی هـەبێت. پـاك و بـی گونـاه بـی. خوێنەکـەی توخمی ئادەمی تێیدا نەبێت. لە چاندنی پیاو نەهاتبێت. کێ ئـەو هـەموو ئاکارانـەی هەیە؟ عیسای مەسیح. خودا لە مەسـیحدا شـێوەی مرۆڤـی وەرگـرت و هاتـە جیهـان، تاوەکو لەبری مرۆڤ بمرێت و ئەو سزایەکە وەرگرێت و فدیەکە جێبەجێ بکات."

کەمێك بێدەنگی باڵی بەسەر هەموویاندا کێشا. شوان نوور بێدەنگیەکەی بڕی و گوتی:

"فارس... بە کورتی واتاکەی ئەوەیـە دەبـی ببیـت بەشـوێنکەوتەی مەسـیح. مـن بەر لە سیودوو ساڵ ئەم بڕیارەم دا. هەر کە بڕیارمـدا دەسـتبەجێ ژیـانم بەتـەواوی گۆڕا."

ڕواڵەتی شوان نوور سرەوتن و دڵنیایی و خۆشیی پێوە دیار بوو، ئینجا گوتی:

"جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە کریستیانی بیت یان شوێنکەوتەی مەسیح بیت. زۆر کەس هەن دەچنە وارگە و خۆیان بە کریستیانی دەزانن. لە پێش چاوی هەمووان نوێژدەکەن و ڕۆژوودەگرن و لەبەر چاوی خەڵك خێردەکەن. بەڵام بڕیاری باوەڕیان نەداوە، بەوەی ببنە شوێنکەوتەی مەسیح. لەهەموو ڕاسپاردەکانی مەسیح لاسارن و بە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی ئەو دەکەن. داوێنپیسی دەکەن و ژیان بە ڕابواردن و وێڵی بەسەردەبەن، وەکو مەی خواردنەوە و هۆشبەری و ئارەزووبازی، پێش و پاش هاوسەرگیریش بەگلاوی ڕەفتار دەکەن. ڕێگای بێگەردی ناناسن."

لە میانەی گوێگرتنی فارس بۆ قسەکان. هەوڵی دا خۆی بدزێتەوە و تەماشایەکی دالیا بکات، تاکو کاردانەوەی قسەکانی باوکی ببینێت. بەڵام نەیوێرا. هەستی کرد دالیا سەری شۆڕکردۆتەوە و لەوپەڕی شەرمەزاری و شەرمدایە، چونکە هەموو ئەوانەی باوکی گوتی هەردووکیان دەگرێتەوە.

هاوکات فارس هەستی بە ڕەزامەندی کرد، چونکە باسەکە بەم ڕێگایەدا چوو، بۆشی دەرکەوت کە شوان نوور دەتوانێت بەدرێژایی کاتەکە باسی کریستیانیەت بکات، بێ ئەوەی باسی ڕابردوویان و دۆستایەتیەکەی فارس لەگەڵ کچەکەیدا بکات.

لە ناکاو پرسیارێکی شوان نوور ئاراستەی ئەو بووەوە:

"فارس. بەڕای تۆ عیسای مەسیح کێیە؟"

بۆ ئەم جۆرە پرسیارە ئامادە نەبوو، بەڵام وەڵامیدایەوە:

" گەورەم لەگەڵ ڕێزمدا، من شوێنکەوتەی عیسای مەسیح نیم. بەڵام بۆچوونم وایە کە ئەو سەرکردەیەکی ئایینیی مەزن بوو."

شوان نوور سەری ڕاتەکاند و گوتی:

"بەڵێ عیسای مەسیح سەرکردەیەکی ئایینیی مەزن بوو، ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتی گۆڕی. بەڵام بێگومان لەوە زۆرتر بوو. پەرتووکی پیرۆز دووپاتی دەکاتەوە کەوا کوڕی خودایە. ئەو خودایەی لە لەش وەدەرکەوت."

فارس بە سەرگەردانییەوە تەماشای کرد و گوتی:

"گەورەم. ئەگەر ڕێم پێ بدەیت. دەتوانم لەگەڵتدا ڕاشکاوانە بم."

" کوڕم بێگومان. فەرموو. تۆ لە نێوان دۆستەکانی خۆت دای."

"بۆچـوونی مـن... وابـزانم... دەپرسـم: ئایـا نابـێ قوتابییـەکانی، ئەوانـەی ئینجیلیان نووسیوەتەوە ئەوان گوتوویانە مەسیح کوڕی خودایە. بەڵام مەسیح خۆی ئەمەی نەگوتووە. نەیگوتووە خۆی خودایە. ئەمە نابێت؟"

"نەخێر فارس. مەسیح دەربارەی خۆی ئەوەی گوتووە."

# بەشی چل و سێیەمین

دوای ئـەوەی خـاتوو ڕیمـا مێزەکـەی ئامـادەکرد داوای لێکـردن بـێن چێـشتەکە بخۆن. مێزەکە پڕبوو لـە چێـشتی بـەتام و بـە چێژ، فـارس نـەیتوانی ئـارام بگرێـت، لەسـەر تەختەکـە هەسـتا و خێـرا بـەرەو مێزەکـە چـوو. چـاوی بـە دالیـا کـەوت، تێڕوانینێکی بە ترسی لە چاو دیار بوو.

دالیا دەترسا و لە باسەکە ئاسوودە نەبوو. ئەم باسەی پێشتر بیـستبووی، کاتێـك کچێکی بچووك بووە. بەڵام ئێستا گەنجێکی گەورە و دونیادیدەیـە. تـامێکی زۆری لـە شـادییەکانی ژیـان کـردووە، کـە بـاوکی بـەگوناە و خـەتا دایـدەنێت و لەگـەڵ ژیـانی کریـستیانییانە ناگونجێت. ئایا بـەگوێرەی ئـەو پێوەرانـەی بـاوکی گـوتی دەبـی ئـەو کریستیانی بی، یان شوێنکەوتەی مەسیحە؟ بێگومان نەء. ئەی بۆچی گفتوگۆی ئـاوا ترسناك دەکەن؟ بۆچی باس لە شتی دیکەی نـەرم و ئـاسان و هێمـنتر ناکـەن؟ فـارس لە وروژاندنی بابەتی وەها مەبەستی چییە؟ فارس لێی نزیك بووەوە و گوتی:

"بۆ پێت نەگوتم کە باوکـت لـە زانیـاری و ئاخاوتنـەکانی بـەم ڕادەیـە بەچێژ و کاریگەرە؟"

کاتێـك ئەمـەی لـە فـارس بیـست چـاوەکانی تەسـك بوونـەوە. نەیویـست بـاوکی سـەرنج بـدات و بزانـی لەگـەڵ فـارس نـاکۆکن. بـەهۆی وروژانـدنی ئـەو بابەتانـە لەوپەڕی تووڕەیی و ڤیندا بوو. دوای ئەوەی لەسەر مێزەکە دانیشتن گوتی:

"نـەمزانی ئەوەنـدە حـەز دەکـەیت بـچیتە نێـو قـووڵایی ئـەم جـۆرە ئاخاوتنـە ئاینییانەوە. کاکە تۆ زۆر سەیری. ئەمەم سەبارەت بە تۆ نەدەزانی."

فارس ویستی گرژێتییەکەی دالیا کەم بکاتەوە، گوتی:

"باسکردن لە ئایین باشترە لە باسکردنی سیاسەت."

بەم پاساوە ئاسوودە نەبوو، بەڵام باوکی بەدڵخۆشییەوە وەریگرت.

هەرهەموویان لەسەر مێزەکە دانیشتن، شوان نوور بە کچەکەی گوت:

"دالیـا. لاریـت نییـە نوێـژ بکـەیت و داوای بەرەکـەتی پـەروەردگار بکـەیت بـۆ چێشتەکە؟"

"ببورە. حەزم دەکرد، بەڵام ماندووم و ئامادەنیم. خۆت فەرمووە."

بەنەرمییەوە گوتی"باشە کچم."، ئەگەرچی شـێوازەکەی ئـاوازێکی خـەمی پێـوە بوو. فارس سەرنجی ئەوەیدا.

شوان نوور و هاوسەرەکەی و دالیا دەستی یـەکتریان گـرت و سـەریان دانەوانـد و چاویان نوقاند. فارس تەماشای کردن و ئەویش هەمان شتی کرد. شوان نوور دەستی بە نوێژ کرد:

"ئەی پەروەردگار سوپاس بـۆ تـۆ، بـۆ خۆشەویـستیەکەت و میهرەبانیەکـەت بـۆ ئێمە. بە هەموو دڵمان سوپاست دەکەین، چونکە کوڕەکـەی خـۆت عیـسای مەسـیحت بۆ زەویی نارد، تاوەکو خۆی بەخت بکات و لەسەر خاچ لە پێناوی ئێمـە بمرێـت، بـۆ ئـەوەی بـە باوەڕمـان بـەو ژیـانی جاویـدانی بەدەسـت بهێـنین. ئـەی بابمـان سوپاسـت دەکەین، چـونکە گـوێ لـە نوێـژەکانمان دەگریـت و وەڵامـمان دەدەیتـەوە. ئێمـەش لـە ناخی دڵمانەوە سوپاست دەکەین چونکە لـە دواییـدا دالیـات بـە تەندروسـتییەوە بـۆ گەڕاندینـەوە ماڵەکـەی خـۆی. داوای هـەموو بەرەکـەتێکت لـی دەکـەین بـۆ دالیـا و هاوڕێیەکـەی، فـارس. داوای بەرەکـەتێکی تایبـەتیت لـی دەکـەین بۆیـان. داوات لـی دەکـەین.وابکـەیت هەسـت بـە خۆشەویـستییەکەی ئێمـە بکـەن. ئـەم ماڵـەش بکەیتـە پەناگەیەك بۆیان، لە ڕەشـەبایەکانی ژیـان و گرفتـەکانی. سوپاسـت دەکـەین بـۆ ئـەم چێشتە و ئەم کاتە کە پێکەوە دەیبەینەسەر. بەناوی عیسا نوێژدەکەم. ئامین."

هـەموویان نوێژەکـەیان تـەواو کـرد و لەگـەڵ شـوان نـەدیم گوتیـان "ئـامین." فارسـیش بەشـداریکردن. هـەرگیز پێـشتر لـە نوێـژی کریـستیانییان بەشـدار نـەبووە. بەڵام ئەم نوێژە بایەخدانەکەی ئـەوی ورووژانـد و بـەدڵی بـوو. ڕاسـتی و سەرڕاسـتی تێـدا بـینی، شـێوازبەند و چـاولێکەرانە نـەبوو. وەکـو ئـەو نوێـژە نـەبوو کـە لـە منداڵییەوە لەگەڵی ڕاهـاتبوو، لـە گـەورەکانی دەبیـست، وەك ئـەوە وابـوو ئـەم شـوانە

بەڕاستی لەگەڵ خودا بدوێت و خوداش لەگەڵ ئەوان لەژوورەکە دابێ. کاتێك بەشداری ئەم نوێژەی کرد هەستی بە ئاسوودەیی و ئاشتییەکی ڕاستەقینە کرد.

دوای ئەوەی فارس لەسەر چێشتەکە، گۆشتی بەرخە برژاوەکە و سەوزەکانی بردە پێش خۆی، شوان نەدیم نوور لێی پرسی:

"فارس. قەت دەرفەتێکت بۆ ڕەخساوە (پەیمانی نوێ) لە پەرتووکی پیرۆز بخوێنیتەوە؟"

فارس سەری لەقاند و گوتی:

"نەخێر گەورەم. نەمخوێندۆتەوە."

"دەبێ بیخوێنیتەوە. من دڵنیام بەدڵت دەبێت. ئەمشەو پێش ئەوەی بچیتە سەر نوێنەکەت پەرتووکێکت دەدەمێ."

"سوپاس. ئەمە بەڵگەی چاوتێرییە لە تۆ. ئەو دیارییە زۆر گەورەیە بۆ من."

"ئەوە مایەی دڵخۆشیمە. فارس لە بیرت نەچێت من شوانم و ئەوە ئیشمە."

فارس پێکەنی، دەزانێت لە ئەرکەکانی شوان پێشکەشکردنی پەرتووکی پیرۆزە بۆ خەڵکی. ئینجا بەشادومانییەوە گوتی:

"باشە. سوپاست دەکەم. بە ڕاستی من حەز دەکەم پەیمانی نوێ بخوێنمەوە."

"زۆر چاکە. پەرتووکێکت دەدەمێ. زۆریش بەدڵت دەبێت و لە زۆر جێگا تێیدا دەبینیت کە عیسا خۆی دەفەرمووێت، کە خۆی خودایە. بە پێچەوانەی بۆچوونەکەت کە وادەزانی تەنها قسەی قوتابییەکانە. عیسای مەسیح گوتی و ڕایگەیاند کە خۆی و خودا یەکن. لە ئینجیلی یۆحەنا دەفەرمووێت:﴿*من ، خودا یەکین*﴾ لە (یۆحەنا8 :19)یش دوفەرمووێ:﴿*گەر منتان بناسیبوایە باوکیشتان دەناسی*﴾ لە (یۆحەنا 12 :45)یش رایدەگەیەنێت:﴿*ئەوەی منی بینیوە، ئەوەی بینیوە کە ناردوومی*﴾.هەروەها لە یۆحەنا (11 :25- 27) عیسا بەژنێك کە ناوی (مەرتا)یە

دەفەرمووێ:﴿((منم زیندووبوونەوە و ژیان. هەرکەسێ باوەڕم پێبهێنێ، ئەگەر مردیش زیندوودەبێتەوە. هەروەها هەرکەسێ زیندوو بێ باوەڕم پێ بهێنێ هەرگیز نامرێ. ئایا باوەڕ بەمە دەکەیت؟)) پێیگوت: ((بەڵێ گەورەم. من باوەڕ دەکەم تۆمەسیحی کوڕی خودای، هاتووی بۆ جیهان))﴾."

فارس بەوپەڕی سەرسامییەوە لێی پرسی:

"عیسا ئەمانەی هەموو گوتووە؟"

"بەڵێ ئەمانەی هەموو گوتووە. قسەیەکی ڕوون و ئاشکرا و ڕاستەوخۆیە، ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی ناوێت. لە ئینجیلی یۆحەنا (10: 31-33) دەخوێنینەوە کەوا سەرکردەکانی جوولەکە لە فەرموودەکانی ئەو تووڕەبوون. بەردیان هەڵگرت بۆ ئەوەی بەردبارانی بکەن، بەڵام عیسا وەڵامی دانەوە فەرمووی:﴿((زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکەوە نیشان دان، ئیتر بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟)) جوولەکەکان وەڵامیان دایەوە:((بەردبارانت ناکەین بەهۆی کرداری چاک، بەڵکو بەهۆی کفرەکانتەوە: چونکە تۆ مرۆڤیت خۆت دەکەیت بە خودا!))﴾ کاتێك جوولەکەکان دوای ئەو ڕۆژە گرتیان و لەلایەن سەرۆك کاهینەکان لە(ئورشەلیم) حوکمی مردنی بەسەر درا. ئەو تۆمەتەی لە دژی ئاڕاستە کرا، ئەوە بوو کە کفر دەکات. کفرکردن، تۆمەتەکەی ئەمە بوو، واتە گوتوویەتی خۆی خودایە لەکاتێکدا ئەوان نکۆڵییان دەکرد."

شوان نەدیم نوور ئەمەی گوت و چاوەڕێی کاردانەوەی قسەکانی خۆی کرد لەسەر فارس. دوای ماوەیەك گوتی:

"ئێستا بۆچوونت چییە؟ بۆچی لەو کاتەدا هەواڵی عیسا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو بووەوە. مەتای مژدەگار لە مژدەکەی لە (4 :23– 25)دا دەفەرمووێ:﴿عیسا بەهەموو ناوچەی جەلیلدا دەگەڕا، لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن ،

*مژدەی پاشایەتی دەدانێ، هەموو نەخۆشی و دەردێکی لەنێو خەڵکدا چارەسەر دەکرد. بەمە دەنگوباسی عیسا گەیشتە هەموو سوریا. چی نەخۆش و دەردی گران هەبوو، بەجۆرەها ئازارەوە، شێت و هەروەها فێدار، ئیفلیجەکان هەموویان بۆ لای ئەو هێنا، چاکی کردنەوە. هەروەها خەڵکێکی زۆر کە لە ناوچەی جەلیل و دە شارەکە و ئۆرشەلیم و یەهوودییە و پشت ئوردنەوە هاتبوون هەمووی بە دوای کەوتن.﴾* **هەروەها لە مژدەی مەتا بەشی 15 دەبینین کە عیسا چووە لوبنان تاوەکو لەوێ مژدەی هەواڵی دڵخۆشکەر بە خەڵکی رابگەیەنێت، خودا خۆشی دەوێن و پلانێکی ناوازەی بۆ ژیانی ئەوان هەیە."**

**فارس لەچێشت خواردن وەستا. چەنگاڵەکەی دەستی دانا و بەسەرسامییەوە پرسی:**

**"بەڕاست؟ چووەتە لوبنان؟"**

**"بەڵێ. چووەتە (سوور) و (سەیدا)."**

**فارس هەوڵیدا پێیەوە دیار نەبێ کەوا لەم قسەیە شەرمەزار بێ. بەڵام هەر پێیەوە دیار بوو، گوتی:**

**"دەکرێ ئەوەم پێ نیشان بدەیت؟ دەمەوێ ئەوە بەچاوی خۆم ببینم. هەرگیز پێشتر ئەوەم نەبیستووە."**

**شوان نوور دەمی بە دەستەسڕەکە سڕییەوە و هەستا و چوو پەرتووکە پیرۆزەکەی هێنا و مژدەی مەتای کردەوە، لە بەشی پازدە و ئایەتی 21 گوتی:**

**"ئەمە خۆیەتی فارس. بەشی 15 و ئایەتی 21."**

**فارس پەرتووکە پیرۆزەکەی وەرگرت و ئایەتەکەی بە دەنگی بەرز خوێندەوە:**

"*﴿ئینجا عیسا ئەوێی بەجێهێشت و چوو بۆ دەوروپشتی سوور و سەیدا﴾*.

**"لەکاتێکدا وشەکانی دەخوێندەوە، لە نووسینەکانی پەرتووکی پیرۆزی ورد دەبۆوە و سەرسام بوو، لەگەڵ خۆیدا گوتی: ئەوە عیسا چووەتە سەیدا.**

شارۆچکەکەی خۆم! ئەو شارەی کە تێیدا گەورە بووم و ژیاوم. دیسان چاوی بە ئایەتەکەدا خشاندەوە و بە سەرسامییەوە لێی ڕاما و پرسی، چۆن پێشتر ئەوەم نەزانیوە؟ چۆن کەس پێی نەوتووم کە عیسای مەسیح خۆی هاتۆتە شاری سەیدا؟.

# بەشی چل و چوارەمین

تەلەفۆنەکەی جودار زەنگی لێدا. تەماشای کرد زانی ئەوە مارسێلی خێوە. تەلەفۆنەکەی نایە بن گوێی خۆی و پرسیارێکی بیست:

"هیچ پێشکەوتنێکت بەدەست هێناوە؟"

جودار وەڵامیدایەوە:

"کەم. پێشکەوتنێکی کەم."

مارسێل پرسی:

"برایەکەی مەڕوان عەقاد ورەی ڕووخا؟"

"نەخێر."

"نەیگوت برایەکەی لە کوێیە؟"

"نەخێر."

"چی گوت؟"

"زۆری نەگوت، فڕێم دایە زیندان."

مارسێل بە نەسرەوتنەوە هاواری کرد:

"چیت کرد؟"

جودار بەدەنگێکی بەرز وەڵامیدایەوە:

"لەوە زیاتر چاوەڕێی چی دەکەی بیکەم؟"

جودار بەدەنگێکی هاوچەشن گوتی:

"فشاری لێبکە تا برایەکەی دەداتە دەستمان."

"بۆیە فڕێم داوەتە زیندان. پیاوێکی وەکو ڕامی عەقاد حەز ناکات لە زیندانێکی بەیروت کات بەسەرببات. بڕوام پێ بکە."

مارسێل شێوازەکەی خۆی گۆڕی و پرسی:

"تێناگەم. وامزانی دەڵێیت هەندێك پێشکەوتنم بەدەست هێناوە."

"بەڵێ."

"چییە؟"

تەلەفۆنەکەی ڕامیمان نایە ژێر چاودێری."

"ئینجا؟"

"زانیمان کەوا دووازدە پیاوی چەکداریان لە چیایەکانی دەوروبەری ساوپاولۆ هەیە. بە مەزەندەی خۆت لەویّ گەمارۆی کێیان داوە؟"

لەناکاو قسەکەی بڕا و تەلەفۆنەکە کپ بووەوە، جوداریش بانگی کرد:

"گەورەم، پشکنەر مارسێل. گوێت لێم بوو ئێستا چیم گوت؟"

مارسێل هیچ شتێکی نەگوت وەك ئەوەی ئەم قسەیە نوقەی لی بڕاندبی. لەگەڵ ئەوەش جودار لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی:

"ئەوان بەدوای کلۆدێت لەوێن."

چاوەڕوانی کاردانەوەی مارسێل بوو، بەڵام هیچ نەبوو، هێڵەکە بیّدەنگ مایەوە. هەرچەند جودار هیچ وەڵامێکی نەبیست، بەڵام بەردەوام بوو و گوتی:

"تیپێکم لە پیاوەکانم بە دوویاندا نارد، تاوەکو هێرشیان بۆ ببەن و دەستگیریان بکەن، مەدام کلۆدێتیش لە دەستیان ئازاد بکەن. ئەوان لەگەڵ بەرپرسانی بەڕازیل هاوکارن. ئێستا لەم ساتەدا کە قسەدەکەین ئەوە ڕوودەدات."

جودار چاوەڕێی کرد وشەیەك لە مارسێل ببیستێت. بەڵام هیچی نەبیست. دوای تۆزێك دیسان هەوڵیدا و پرسی:

"تۆ لەسەر هێڵێت؟ هێشتا لەسەر هێڵی تەلەفۆنەکەیت؟"

"من لەگەڵتدام."

"بۆ هیچت نەگوت؟ ئەمە هەواڵێکی ناوازەیە و ئەنجامێکی زۆر گرنگە. وامزانی ئێستا پێی دڵخۆش دەبیت. لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا مەدام کلۆدێت بەسەلامەتی دەگەڕێتەوە مۆنتیکارلۆ. دواتر دەتوانم پەیوەندی پێوە بکەم و دەربارەی هەموو شتێك پرسیاری لی بکەم. حەز دەکەی لەمەدا لەگەڵمدا بیت؟"

مارسێل بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەڵامی جوداری دایەوە. جودار وایزانی ئیستا زۆر پەرۆش و دڵخۆش دەبێت بۆ ئەو هەواڵە. مارسێل گوتی:

"ئەگەر ویستم تەلەفۆنت بۆ دەکەم، تەلەفۆن دەکەم."

جودار لە کاردانەوە سەیرەکەی جودار بەرانبەر ئەو هەواڵە تێنەگەیشت. بۆچی لە قسەکانی وا دیارە هەست بە تێکشکان و دۆڕاندن و پەژارەیی دەکات، لەبڕی شانازی و سەرکەوتن و خۆشی؟!.

# بەشی چل و پێنجەمین

"فارس. ئەوەی نەدیم دەیەوێ بیڵێت..."

خاتوو ڕیما ئەمەی گوت لەو کاتەی لە دوای چێشتەکە قاوە و سنیەکی پاقلاوە دەدانێ، لە ژووری پێشوازی دانیشتبوون، دوای ئەو ژەمە چەورەی خواردیان.

"ئەوەی دەیەوێ بیڵێت. عیسا ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆ قسەی دەکرد کاتێک ڕایدەگەیاند کە خوای خودایە. دەستەواژەی خوار و وشەی دوو واتایی بەکارنەدەهێنا. بە دەستەواژەی ڕاستەوخۆ و وشەی ڕوون ڕایگەیاند کە خوای خودایە. هەموو ئەوانەی لە دەوری ئەو بوون لە دۆست و تەنانەت دوژمنانیش لێی تێگەیشتن. لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان پێیان ناخۆش بوو ئەوەیان دەبیست. تا ئێستاش و دوای بیست سەدە، دەبینیت زۆر کەس دان بەوە نانێن و گومانی لی دەکەن. کەچی بابەتەکە گومان هەڵناگرێت و نهێنییەکی شاراوە نییە، ڕاستییەکی ڕووتە."

فارس گوێی لێدەگرت و گوتی:

"ڕەنگە ئەوە بۆ ئێوە زانراو بێت. بەڵام بۆ من و بۆ زۆر کەس شتێکی نوێ و سەیرە."

خاتوو ڕیما بەنەرمی و بە بایەخەوە وەڵامیدایەوە:

"ئەوە باش دەزانم. نەدیمیش دەزانێت. دەزانین و تێدەگەین و هەڵیدەسەنگێنین. ئێمە بەچەند مانگێکی کەم لە سەرەتای ژیانی هاوسەرگیریمان، کەسمان ئەوەی مەسیح فەرموویەتی و ڕایگەیاندووە کە خوای خودی خودایە نەماندەزانی. نە من و نە نەدیم لە خانەوادەیەکی شوێنکەوتەی مەسیح پێنەگەیشتبووین. نە من و نە ئەو پەرتووکی پیرۆزمان نەخوێندبۆوە. بەڵام ڕۆژێکیان دوو هاوسەر بۆ میوانی هاتنە ماڵمان، بۆ یەکەمجار ئەم ڕاستییە گرنگەیان پێ گوتین. پیاوەکە لەسەر ئەم قەنەفەیە دانیشتبوو،کە تۆ ئێستا لەسەری

دانیشتووی. پێی گوتین: هەر کەسێك پەیمانی نوێ بخوێنێتەوە و ئەو زانیاریەی لەلا ڕوون نەبی کە مەسیح فەرموویەتی لەسەر خۆی،کە خۆی خودایە و ئاشکراکردنی خودایەتییەکەی ئەو تێنەگات، ئەوە وەکو پیاوێك وایە لە ڕۆژێکی ساماڵ لە دەرەوە ڕاوەستێت و بڵێت من هەتاو نابینم. بەڕاستی من هەستم بەتانەلێدان کرد و قسەکەم زۆرم پێ ناخۆش بوو، هەستم بەشەرمەزارییەکی زۆر کرد، کە پەرتووکی پیرۆزم نەخوێندۆتەوە. هەروەها نەدیمیش لە من باشتر نەبوو. لەو شەوەدا یەکەم پەرتووکی پیرۆزمان دەست کەوت و پێکەوە دەستمان بە خوێندنەوەی کرد. هەرچەندەی زیاترمان دەخوێندەوە ئەوەندە ڕاستی قسەکەی ئەو هاورێیەمان بۆ دەردەکەوت."

فارس بەهۆشیارییەوە بەدوای قسەکاندا چوو، ئینجا پرسی:

"دوای ئەوە چی ڕوویدا؟"

خۆی پێ سەیر بوو کە بەپەرۆشەوە پرسیار دەکات، ئایا بەڕاستی دەیەوێت بزانێ یان تەنها بەدوای قسەکاندا چووە، کەوا لە پێش نان خواردن دەستیان پێکرد، تاوەکو لە رابروەکەی ئەو دوور کەونەوە.

شوان نوور خێرا وەڵامیدایەوە، گوتی:

"بەڕاستی ئەوە کێشەیەکی گەورەی بۆ هێناین."

"کێشەی چی؟"

شوان نوور لە دانیشتنەکەی ڕاست بووەوە تاوەکو وەڵامی فارس بداتەوە. لە هەمان کاتدا دالیا داوای لێبوردنی کرد و هەستا و بە بیانوی قاپ شوشتن چووە ناندینەکە، هەرچەند ئاشکرا بوو کە دەیویست هەڵبێت.

شوان نوور گوتی:

"فارس گوێ بگرە. کەمێك لەگەڵم بیربکەوە. عیسا بەڕوونی لەپێش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك لەوانەی بەدووای کەوتبوون و لەدەوری بوون ڕایگەیاند خۆی خودایە. ئیتر ناکرێت بڵێین تەنها پێغەمبەرێك بوو توانای پەرجووی هەبوو یان فێرکارێکی پیاوچاك بوو فێرکرنی سەیر و نوێی پێشکەش دەکرد، یاخود پیاوێکی باش

بوو،ژیانێکی پاك و بەخواترسی ژیا. ناتوانین لە هەڵوێستێکی ناوەندی ڕاوەستین وەکو دەڵێن دارەکە لە ناوەڕاستەوە بگرین. مەسیح بابەتەکەی بە هەڵواسراوی نەهێشتەوە. لە جارێك زیاتر و بە شێوازی جۆراوجۆر دووپاتی کردۆتەوە کە خۆی خودایە. بە تەواوی خۆی دەناسێت و ڕاستییەکەی خۆی بۆ نەوەکان ڕاگەیاندووە. ئەویش یان قایل دەبین یان ڕەتی دەکەینەوە...یان بڕوا دەکەین یان ناکەین... باوەڕ دەهێنین یان نکوڵی دەکەین. بۆ بڕیارێکی کۆتایی و یەکلاکەرەوە لەمانە زیاتر نییە. دوای ئەوەی نووسراوەکانی پەیمانی نوێ بە باشی دەخوێنیتەوە بڕوای پێ دەکەیت و بەدواداچوون لەسەر ژیانی مەسیح و کردار و فەرموودەکانی دەکەیت. ئینجا بڕوا دەکەیت و دڵنیا دەبیت لەوەی کە خۆی دەربارەی خۆی فەرموویەتی کە ئەو خودایە. لەوەدا تەقەلاکردن نییە، یان ئەوەیە هەموو فەرموودەکانی وەردەگریت لەگەڵ ئەوەی فەرموویەتی کەوا خۆی خودایە، یان وەری ناگریت و - حاشا لەو - بە درۆزنی دادەنێیت. ئایا فێڵی لە قوتابییەکان و لە جیهان کردووە و فێڵیش لە ئێمە دەکات؟ چۆن؟. ئەو بانگهێشتەی ڕاستی و ڕەوا و سەرڕاستی و گشت چاکەکاریەکانی دەکرد؟ باشە ئەگەر قسەکانی ڕاست و ڕەوا نەبوایە، چۆن لەوە بەردەوام بوو تاوەکو گەیشتە سەر خاچ و بەهۆی قسەکەی خۆی مرد؟! ئایا کەسێك دەمرێت لە پێناوی شتێکی ناڕەوا؟ ڕووبەڕووبوونەوەی مردن شتێکی ئاسان نییە. بەرانبەر مردن هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە. فارس، کوڕم، مەسیح خودایە. خۆی ڕاستەوخۆ و بەڕاشکاوی ئەمەی گوت. تەواوی فەرموودەکانی لە نێو پەرتووکی پیرۆز نووسراوە و ڕاست و دروستە، بۆیە من و ملیۆنەها باوەڕدار بڕوای پێدەکەین و وەریدەگرین."

خاتوو ڕیما بە تەواوی متمانە و دووپاتکردنەوە هاتە نێو باسەکە و گوتی:

"ئەمەیە ڕاستی. فارس. کاتێك کە وشەی خودا دەخوێنیتەوە، کەوا پەرتووکی پیرۆزە، ئەوجا ئەو شتە دەبینیت کە بۆتی دووپات دەکاتەوە کە خۆی خودایە."

فارس پڕ بەچاو تەماشای کرد و بەسەرسامییەوە گوتی:

"هەر ئاوها؟!... ڕاستەوخۆ؟!"

"بەڵێ، لە سەرەتای ئینجیلی یۆحەنا دەفەرمووێ:﴿لەسەرەتاوە وشەکە بوو﴾ (بوو) لە زۆربەی زمانەکان بەشێوەی نێرە (وشە)ش مێیە ﴿وشەکە (بوو)، وشەکە لای خودا (بوو)، وشەکەش خۆی خودا (بوو)...ئینجا وشەکە ( بوو) بەلەش ، لەنێوماندا نیشتەجێبوو ﴾ مەسیح لەنێوماندا نیشتەجێبوو."

دوای ماوەیەك بێدەنگی شوان نوور گوتی:

"ئەمە لەیەك جێگا، هەروەها لە پێنج جێگای دیکەش. لە پەیمانی نوێ بەدەستەواژەی ڕاشکاو یازدە جار هاتووە کە مەسیح خۆی خودایە، هەروەها پەنجا جاریش کە کوڕی خودایە."

فارس بەسەرگەردانییەوە گوتی:

"ئەم (کوڕ)ەش یاخود کوڕی خودا؟ کوڕ؟! کوڕایەتیەکەی مەسیح بابەتێکی زۆر سەرگەردانکارە؟!"

شوان نوور بزەیەکی کرد و گوتی:

"چونکە بە تێڕوانینێکی ئادەمیزادانە تەماشای دەکەیت. (کوڕ) لێرەدا ئەو کوڕە نییە لە دەرەنجامی زاووزی هاتبی. خودا ڕوحە و حاشا خودا توخمی هەبێت. یەك لە دوای یەکیش نییە، واتە یەکەم خودای باب ئینجا مەسیحی کوڕ. نەخێر. ئەمە ڕاست نییە. بەکوڕبوونی (البنوە) کوڕ گوزارشتی ڕوحی هەیە. مەسیح بە خۆشەویستی کوڕی خودایە. بەکوڕبوونیش واتە یەکسانی. یەکسان بە خودا. واتا هاوتایی، واتا لە وێنەبوون. زۆر بەکورتی و بە پوختی واتا کوڕی خودا. بێگومان ئەگەر ناڕازی و پێویستیت بە بەڵگەی زیاترە، دەتوانی بڵێی."

خاتوو ڕیماش پێی گوت:

"کاتێك کە پەیمانی نوێ دەخوێنیتەوە، بەخۆت لەوە زیاتری تێدا دەدۆزیتەوە. دەبینیت کە هەروەکو دۆست و دوژمن دەڵێن عیسا فێرکارێکی پیاوچاکە. چۆن دەبی هەموو فەرموودەکانی وەربگرین و ئەو فەرموودەیەی کە دەڵی کوڕی خودایە

وەرنەگرین؟ ئایا فێرکارێکی پیاوچاك فێڵ لە کەس دەکات؟ کەس گومڕا دەکات؟ ئایا لە گرنگترین شت دەربارەی خۆی بۆ ناسین و ئاشکراکردنی خودی خۆی ڕاستی نالێت؟"

"ئەمە زۆر ڕاست و بەجێیە."

دالیا خەریك بوو سەر مێزەکەی خاوێن دەکردەوە، بەدڵتەنگییەوە گوێی لەباسەکە گرتبوو. شوان نەدیم نوور هەندێك بیرۆکەی باس کرد و گوتی:

"فارس، لەو شتانەی کە سەرسامی کردم کاتێك توێژینەوەم لە ژیانی مەسیح کرد. بینیم ئەو خەڵکانەی کە بڕیاریاندا بەدوای مەسیح بکەون. ژیانیان بەتەواوی گۆڕا. وەکو عیسایان لێهات. خۆشەویستییان بۆ خەڵکی زیاد بوو. یارمەتیدان و بایەخپێدان بەکەسانی تر لە ژیانیاندا زیاد بوو. نەرم و بەبەزەیی و لێبوردە بوون. دەستپاك و سەرڕاست و ڕاستگۆ بوون. بایەخیان بەهەژاران دەدا. کاتێك بۆ مێژوو گەڕامەوە، بینیم کاتێك خەڵکی باوەڕیان بەمەسیح هێنا و بەدووای کەوتن، ژیانی خەڵکی و باری وڵاتان بەرەو باشتر گۆڕا. چۆن شتی وا دەبێت گەر مەسیح توانای گۆڕینی دڵ و دەروونی مرۆڤی نەبێت؟ هیچ کەس ناتوانێت بەو شێوەیە خەڵکی بگۆڕێت، تەنها خودی خودا نەبێت."

فارس دوای بیرکردنەوە گوتی:

"ئەمە ڕاستە."

# بەشی چل و شەشەمین

فارس چووە ژووری براکەی دالیا و دەرگاکەی داخست و چووە سەر چوارپایەکە و بۆ یەکەمین جار لەژیانیدا دەستی کرد بە خوێندنەوەی (پەیمانی نوی) لە(پەرتووکی پیرۆز).

پەرتووکەکەی کردەوە لەسەر یەکەم پەرتووك. ئینجیل بەپێی نووسینی (مەتا) ی مژدەدەر، ئینجا بەردەوام بوو لەخوێندنەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك. ئینجا ئینجیل بەپێی نووسینی (ماکۆس) ی خوێندەوە. ئینجا ئینجیلەکانی (لۆقا) و (یۆحەنا). لەو کاتانەدا لەسەر عیسا ئەوەندەی زانی کە بە درێژایی ژیانی نەیزانی بوو. دەربارەی لەدایکبوونی خوێندەوە کە لە کچێکی پاکیزە و پیرۆز بوو ناوی مەریەم بوو. دەربارەی ئەم دارتاشە سادەیە کە خەلکی (ناسیرە) بوو، چۆن چاوی کوێرەکانی دەکردەوە و بیستنی بۆ کەڕەکان دەگەڕاندەوە و شەلەکان ڕێیان دەکرد. ئیفلیجەکان دەجوولان و بازیان دەدا. هەروەها دەیتوانی شەیتانەکان قاوبدات و لە لەشی زۆر کەس دەریدەکردن. سەرەڕای ئەوەش مردووەکانی زیندوو دەکردەوە تەنانەت ئەوەی چوار ڕۆژیش لەنێو گۆڕ بوو. هەروەها فەرموودەکانیشی خوێندەوە، لەگەڵ پەند و ئامۆژگارییەکانی کە لای فارس زۆر خۆش بوون. پێشتر شتی وای نەبیستبوو.

زۆری هەڵوەستە کرد لەسەر ووتارەکەی سەر چیا کە لە بەشە سەرەتاییەکانی یەکەم پەرتووکی پەیمانی نوی نووسراوە و دەفەرمووی:﴿*بیستووتانە لەکۆندا بەخەلکی گوتراوە: { خەلکی مەکوژن، ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەرادانە.} بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرکەسێك بەناڕەوا لەبراکەی توورە بێت، شایانی حوکم بەسەرادانە. ئەوەی*

*بەبراکەی دەڵێت هیچوپوچ شایانی ڕاوەستانە لەبەردەم سەنهەدریم، ئەوەش بەبراکەی دەڵێت بێ مێشک شایانس دۆزەخە.﴾* (مەتا 5 : 21 و 22)

هەرگیز بیری لەپەیوەندی مرۆڤ بەبراکەی نەکردبووەوە بەم بیرۆکە سەیر و سەمەرەیە.

ئینجا خوێندیەوە:

*﴿بیستووتانە گوتراوە: { ئەوەی لێت نزیکە خۆشت بوێ و ئەوەی دوژمنتە ڕقت لی بی }، بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆش بوێ، ئەوانە پیرۆزبکەن کە نەفرەتتان لی دەکەن. چاکە بکەن بۆ ئەوانەی ڕقیان لێتانە و نوێژ بکەن لەپێناوی ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن و قاوتان دەدەن، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر خراپ و چاک هەڵدێنێت و بارانی خۆی بەسەر بەراوانان و ستەمکارانیش دەبارێنێت. چونکە ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆش ویست کە ئێوەیان خۆش دەوی، چ پاداشتێک وەردەگرن؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟﴾*

هۆیەکی بیرسایە(مەنتقی)، بەڵام کەس دەگاتە ئەم ئاستە؟

*﴿ ئێوەش ڕاست و تەواو بن، هەروەک باوکی ئاسمانیتان ڕاست و تەواوە.﴾*

(مەتا 5 : 48)

سەری سوڕما لەوانەی خوێندیەوە. ئەم وشانە پێشتر کەس نەیگوتووە.

ئەم مەسیحە شتێکی زۆر سەیرە!

فارس هەستی بەشوورەیی و شەرم کرد. وشەکان وایان لی کرد بیر لە کردەواکانی خۆی بکاتەوە. تووڕەیی؟ چەندە لەخەڵکی تووڕە بووە، تەنانەت لە ڕامی برای،گوایە خۆشی دەوی؟! ئێستا تووڕەییەکی ناڕەوا لە خۆی دەبینێت و شایانی

حوکم بەسەردانە. خۆشویستنی دوژمنان؟! چۆن ئـەوەی پێـدەکرێت و زۆر جـار پێـی گرانە هاوڕێیەکەی خۆی خۆش بوێت؟ ئایا دەشی مارسێل و جودار و کلۆدێتی خـۆش بوێـت؟ لەخوێندنـەوەی بەسـەرهاتەکانی عیـسا، بـینی عیـسا وەکـو ئـەوە ژیـاوە کـە گوتوویەتی. لەبەر دوژمنەکانی هەڵنەهات. درۆ و فێڵ و تەڵەکەبازی نـەکرد تـاکو وا بکات نەیگرن. عیسا کە دوژمنانی هێرشیان کردەسەری و گـەمارۆیان دا لـە باخەکە. بەرەنگاری نـەکردن، کاتێـك پـەترۆس هەوڵیـدا بـەرگری لـی بکـات و گـوێی کۆیلـەی سـەرۆك کاهینـەکانی بـڕی. عیـسا سەرزەنـشتی کـرد و فـەرمانی دا شمـشێرەکەی بگەڕێنێتـەوە نێـو کالانەکـەی. چـونکە ئەوانـەی شمـشێر هەڵـدەگرن بەشمـشێر لـە ناودەچن.

کاتــژمێرەکانی شــەو تێپــەڕبوون و فــارس هــەروا دەخوێنێتــەوە و نــاتوانی ڕاوەستێت. دڵی پڕبوو لەحەزێکی گەورە بـۆ ئـەوەی بـەزووترین کـات هـەموو شتێك دەربارەی مەسیح بزانێت. چۆن ئـەو هـەموو ساڵانە ژیـا، بـی ئـەوەی ئەمـە بزانێـت؟ لەخوێندنەوەکـەی گەیـشتە ئینجیلـی یۆحـەنا بەشـی نـۆزدە، وشـەکانی تووشـی حەپەسانی کرد:

*﴿ ئیتر پیلاتۆس فـەرمانی دا عیـسا ببردرێـت و بەقامـچی لێـی بـدرێت. سەربازەکان تاجێکیان لە درك چنی و خستیانە سەر سەری، جلێکی ئەرخەوانییان لەبەر کرد. دەیانگوت:((سڵاو! ئەی پادشای جوولەکە!)). ﴾*

بەردەوام بوو لەخوێندنەوە، یەکەمجار بـوو لـەژیانی بـە ووردی مردنـی مەسـیح لەسەر خاچ بزانێت:

*﴿ عیسایان بردوو ڕۆیشتن. عیساش هاتەدەرەوە و خاچەکەی هەڵگرتبوو، بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشت کە ناسراو بوو بە شوێنی کاسەی سەر بەزمانی عیبری پێی دەگوترێت*

*{گولگوتە}، لەوێ لەگەڵ دوو پیاو لەخاچیاندا، هەریەکە لە لایەکیەوە، عیساش لە ناوەڕاست.* ﴾

**دوای ئەوە فارس ئەمەی خوێندەوە و هەستەکانی ڕاتەکاند:**

*﴿ لەوێ لەلای خاچەکەی عیسا، دایکی لەگەڵ مەریەمی ژنی کلۆپا کە پووری بوو، هەروەها مەریەمی مەجدەلی وەستابوون. کاتێک عیسا دایکی بینی، لە تەنیشت ئەو قوتابیە وەستاوە کە خۆشی دەویست، بە دایکی فەرموو: ((ژنێ، ئەمە کوڕتە!)). ئینجا بەقوتابییەکەی فەرموو: ((ئەمە دایکتە)). لەو کاتەوە قوتابییەکە بردیەوە ماڵی خۆی. دوای ئەوەی عیسا بینی هەموو شتێک تەواو بوو، فەرمووی : ((تینومە)). تا ئەوەی لەپەرتووکی پیرۆز باس کراوە بێتەدی. لەوێ قاپێکی پڕ لەسرکە هەبوو، هەوریەکیان کرد بە سرکەکەوە و بە قامیشێک بەرزیان کردەوە بۆ دەمی. کاتێک عیسا دەمی لەسرکەکەدا، فەرمووی: ((تەواوبوو!)) ئینجا سەری دانەواند و ڕوحی سپارد.* ﴾

**کاتێك بە دواداچوونی لە لەخاچدانی عیسا کرد، لەبەر ئێش وئازارەکان، فارس دڵی شەقی برد، چۆن لێدانی بە قامچی، بەزللە و ئەشکەنجەی جەستەیی بینی، بەڵام ئەوەی کە زۆر ئازارەکەی زیاد کرد ئەو ئازارە دەروونییە و پەژارە کوشندە و ئەو ئازارەی مەریەمی دایکی بوو. کاتی لە ژێر خاچەکە تەماشای کوڕەکەی خۆی دەکرد چۆن لەپێش چاوی ئەو دەمرێت، کەچی دەیزانی بێتاوانیشە، بە ناڕوا فەرمانی حوکمی مردنی بەسەردا درا. لەگەڵ ئەوەشدا لە دوا ساتەکانی لەسەر خاچەکە و دەیبینی ئازار دەکێشێت، دڵ و سۆزەکانی دەجووڵێت و ئازار دەکێشێت بۆ ئێشەکانی دایکی لە ئازاری لە خاچدانەکەی خۆی زیاتر، لە لوتکەی ئەم گیرۆدەییەدا**

**بیر لەوە دەکاتەوە کە دایکی بسپێرێت بەو قوتابییەی خۆشی دەوێت و متمانەی پێبوو. چۆن شتی وا ڕوودەدات؟ ئەمە ئەوپەڕی زەحمەتییە.**

*﴿لەو شوێنەی عیسا تێیدا لەخاچدرا باخێکی لی بوو، لەباخەکەشدا گۆڕێکی نوێ هەبوو، پێشتر کەسی تێیدا نەنێژرابوو. عیسایان لەوێ ناشت چونکە نزیک بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕۆژی خۆئامادەکردن بوو لای جولەکەکان.﴾*

*﴿بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، مەریەمی مەجدەلی هاتەسەر گۆڕەکە و هێشتا تاریک بوو. سەیری کرد بەردەکە لەسەر دەرگای گۆڕەکە لابردراوە. ئەویش بەراکردن هات بۆ لای شەمعون پەترۆس و قوتابیەکەی تر کە عیسا خۆشی دەویست پێی گوتن:((گەورەیان لە گۆڕەکە بردووە، نازانین لەکوێ دایانناوە!))*

**بەدرێژایی شەو بەردەوام بوو لەخوێندنەوە. لەناخیدا تامەزرۆیەکی گەورە و حەزێك هەڵقوڵا بۆ زانین و گەیشتن بەڕاستی و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی مێشك و دڵی تەنیبوو. هەرچەند دەیخوێندەوە ئەوەندەی تر دەیبینی دەروونی لەتێگەیشتن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نزیك دەبێتەوە ، تامەزرۆ و حەزەکانی زیاتر دەبوون بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەو پەرتووکە سەیرە. هەروەها بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی:**

*﴿ ئینجا پەترۆس و قوتابییەکەی دیکە ڕۆیشتن و بۆگۆڕەکە هاتن. هەردوکیان پێکەوە ڕایان دەکرد. قوتابییەکەی دیکە پێشی پەترۆس کەوت و پێش ئەوگەیشتە سەرگۆڕەکە، دانەویەوە و سەیری کرد کفنەکە لەوێ دانراوە، بەڵام نەچووە ژوورەوە. ئینجا دوای ئەوە شەمعوون پەترۆس گەیشتە سەرگۆڕەکە و چووە ژوورەوە، ئەویش بینی کفنەکە لەوێ دانراوە.*

*بینی ئەو سەرپێچەی بەسەری عیساوە بوو لەگەڵ کفنەکە دانەندراوە، بە پێچراوەیی و بەتەنها لە شوێنێک دانرداوە.*﴾

﴿*لە ئێوارەی ئەو یەکشەممەیە، کاتێک قوتابییەکان لە ترسی دەسەڵاتدارانی جولەکە پێکەوە بوون و دەرگاکانیان لەسەر خۆیان داخستبوو، عیسا هات لەناوەڕاستیان وەستا و فەرمووی: ((ئاشتی بۆ ئێوە!)) کاتێک ئەمەی گوت، دەست و لاتەنیشتی نیشاندان، کاتێک قوتابییەکان پەروەردگاریان بینی دڵشاد بوون.*﴾

﴿*عیسا لەبەردەم قوتابییەکانی زۆر پەرجوی دیکەی کرد کە لەم پەرتووکەدا نەنووسراوە. بەڵام ئەم پەرجوانە نووسراون تا باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحە، کوڕی خودایە، هەتا ئێوە بەهۆی باوەڕهێنانەوە ژیان بەدەستبهێنن بەناوی ئەوەوە.*﴾

**بێئەوەی هەست بە بەسەرچوونی کات بکات خۆر هەڵهات و لەپشت چیاکانی دەوروبەری بەترا دەرچوو، بەیەك شەو هەموو پەیمانی نوێی خوێندەوە. تەنها خوێندنەوەیەکی خێرا نەبوو بەڵکو بە وردی بوو. تێڕوانین و پشکنین و تێگەیشتنی بۆ هەر وشەیەك کرد کە ئەو شەوە خوێندیەوە. زۆر دڵڕفێنراو واقوڕماو و سەرسام بوو لەوەی لەم پەرتووکەدا بینی. لەهەندێك شوێن دەحەپەسا. ئینجیلی یۆحەنا مێشك و دڵی ڕاپێچ کرد. یۆحەنا نزیکترین قوتابییە لە عیسا، وەکو قوتابییەکان ناویان لێنابوو، ئەویش هەمان ناوی لە خۆی نا (ئەو قوتابییەی کە عیسا خۆشی دەویست) ئینجیلەکەی وەکو گەواهییێکی بەهێز و ڕاستگۆ و وورد نووسیوە لەسەر ژیانی عیسا و فەرمووده و پەرجو و مردن و هەستانەوەکەی. وشەکانی یۆحەنا کە بەمتمانەوە لەسەر مەسیح نووسیویەتی فارسی ڕاتەکاند، هەروەها باوەڕێکی بەهێز و خۆشەویستی و تێگەیشتنی بۆ کەسایەتی عیسا و فەرموودەکانی هەبوو. چونکە بەردەوام لەعیسا نزیك بوو. نزیکترین کەس بوو لێی.**

لەو بەرەبەیانە وشەکانی قوتابی (پەترۆس) ی نێردراوی خوێندەوە، پەترۆسی پێشەوای قوتابیەکانی عیسا، کە لە یەکەم ڕۆژەوە بە دووی عیسا کەوتبوو. وشەکانی لەنێو گوێی دەزرنگایەوە و لەنێو هزری دووبارە دەبووەوە کە لەدووەم نامەکەی لەبەشی یەکەم و ئایەتی شازدە دەفەرمووی:

*﴿چونکە ئێمە دوای ئەفسانەی دروستکراو نەکەوتین، کاتێک هێزی پەروەردگارمان عیسای مەسیح و هاتنەکەی ئەومان پێ ناساندن، بەڵکو مەزنایەتییەکەی ئەومان بەچاو بینی.﴾*

فەرموودەیەکی گرنگە لە قوتابییەك مەزنایەتی عیسای مەسیحی بینی و بۆ هەموو جیهان و بۆ ئێمەشی گێڕایەوە لە نامەکەیدا. فارس سەرسام بووبوو لەگۆڕینی ژیانی ئەو پیاوە. ڕاوچییەکی سادە و گۆشەگیری نێو بەلەم و لەو کاتەی خۆی چەماندبۆوە و خەریك بوو کونەکانی تۆڕەکەی چاك دەکردەوە. یاخود لەقەراغی بەلەمەکەی ڕاوەستابوو تۆڕەکەی فڕێی دەدایە نێو ئاوەکە و ڕایدەکێشا، بەدووی ماسیدا دەگەڕا. عیسا بانگهێشتی کرد تاکو ڕاوەخەڵك بکات. هەر هەمان پەترۆس لە لایەن پەروەردگار ئاگادارکرایەوە، بەڵام لەیەك شەودا سی جار نکوڵی لێکرد. ئینجا هەڵات و خۆی شاردەوە و لە شوێنەکە دوورکەوتەوە. لەو کاتەدا ڕایکرد کە دەبووایە لەتەنیشتی ڕاوەستێت و پشتگیری لی بکات،چونکە لەو کاتە حوکمی بەسەردا درا و بەقامچی لێی درا و سوکایەتی پێکرا و لەخاچدرا. پاشان شتێك لەم پیاوە ڕوودەدات، لەو مرۆڤە تۆقی و و دوودڵە، پیاوێکی جەربەزە و ئازای لی دەردەچێت و بەرانبەر جەماوەرێکی گەورەی ئورشەلیم ڕادەوەستێت و بەو پەڕی هێز و ڕەوانی، بێترس بانگەواز دەکات کەوا خودا ئەم عیسایەی، کە لەخاچیاندا کردۆتە پەروەردگار و مەسیح. بەم شیوەیە لەهەموو شوێنێك لەبانگەوازی مەسیح بەردەوام بوو بی ئەوەی ترسی لە بەرەنگاربوونەوە و مردن و چەوساندنەوە هەبێت.

چونکە ڕووداوەکانی بەچاوی خۆی بینیبوو، بەگوێی خوی بیستبووی. گەواهیدەرێك بوو گەواهییەکەی بۆ هەموو جیهان دەدا.

ئـەوەی بینیبـووی تەماشـای کردبـوو ڕاسـتییە. ڕاسـتییش دەبـی بەئازایـەتی و بێسڵکردنەوە و شاردنەوە بانگەوازی بۆ بکرێت. چۆن دەیتوانی ڕاستییەکەی مەسـیح و مردن و هەستانەوەکەی لەنێو مردووان بشارێتەوە؟

تەنها پەترۆس نەبوو بەم شێوەیە لە ڕەگەوە ژیانی گۆڕا. بۆنموونە تۆما، کـە لـە ئینجیلی یۆحەنا لەسەری خوێندبووەوە،دوای ئەوەی لە قسەی قوتابییـەکان گومـانی کرد سەبارەت بە هەستانەوەی مەسیح. ڕاشی گەیانـد کـەوا بـڕوا ناکـات هـەتا پەنجـە نەخاتە شوێنی بسمارەکانی دەستی عیسا. پاشان کـە عیـسای بـۆ دەرکـەوت و هـەدوو دەست و لاتەنیشتی پیشان دا بە دڵێکی پڕ لە باوەڕ هاواری کرد و گوتی: پـەروەردگار و خـودای مـن. ڕووبەڕووبوونـەوەی مەسـیح بـۆ ئـەو، وای لـی کـرد لـە گومانـەوە بگۆڕدرێت بۆ ڕەوانی. لە نـشوستیوە بـۆ دەستپێـشخەری، ئـەویش بـە بانگـەوازکردن، بەوەی مەسیح خودایە و تەنها ڕێگایـە بـۆ ڕزگـاربوونی مـرۆڤ و جیهـان. ئـەوەی بـە شوێن عیسا بکەوێت ژیانی جاویدانی لەئاسماندا بەدەست دەهێنی، نـەدیمی شـوان بـۆ فارسی ڕوون کردبووەوە کە تۆما مژدەی ئینجیلـی هـەڵگرت و بـردی بـەرەو عـیراق و ئینجا بۆ هیندستان و لەپێناو باوەڕهێنانی بەمەسیح و گەواهییێکەی بۆعیسا شـەهید بوو.

فارس هەموو ئەوانەی گەڕاندەوە بیری خـۆی، پـەترۆس و تۆمـا و قوتابیـەکان و نێردراوەکانی دیکە شـەهید بـوون و ژیـانی خۆیـان لـەپێناوی باوەڕەکـەیان پێـشکەش کرد. ئایا ئەمانە بەرانبەر شتێکی ناڕاست وایان کرد؟! فارس بیری کـردەوە و بـە لای بڕواکردندا ڕۆیشت، بە گشتی ئەوانە لەسەر ڕاستی بوونە.

# بەشی چل و حەوتەمین

هەرچەندە شەوەکەی بەخوێندنەوە بەسەربرد و نەیتوانی بخەوێت. بڕیاریدا بچێتە دەرەوە و وەرزشی ڕاکردنی ڕۆژانەی خۆی بکات. جلەکانی لەبەرکرد و بە هێمنی لە شوقەکە دزەی کرد و هیوای خواست کەس نەیبینێت، کە بەخەبەرهاتووە، بەڵام دالیا لە کاتی گەڕانەوە، بینی لە دەرەوە لە ڕاکردن دەگەڕێتەوە. بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:

"بەیانیت باش."

بەساردی وەڵامی دایەوە:

"های."

لێی نزیك بووەوە تا ماچی لی بکات،بەڵام دالیا لێی دوورکەوتەوە. پرسی:

"چییە؟ ئەوە چییە؟"

"لێرە نا."

بەچرپە ئاگاداری کردەوە سەرنجی پاسەوانی باڵەخانەکە ڕانەکێشێت، کە لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو سەری کەوتبووە سەر سینەی و پرخەی دەهات. ئاماژەیەکی بۆ کرد تاکو فارسیش دووی کەوێت بەرەو دەرەوە؟. بەخێرا ڕای دەکرد لەشەقامەکەی دەورەی خانووەکەی خۆیان، فارس ڕای کرد بەدوویدا و پێی گەیشت و بەسەرسامییەوە لێی پرسی:

"ئەوە چییە؟ لێم تووڕەیت؟"

بە سووکایەتییەوە تەماشای کرد و وەڵامی دایەوە:

"بە ڕاستی پرسیار دەکەیت یان گاڵتە دەکەیت؟"

"ئایا... تۆ بە ڕاستی تووڕەیت. گفتوگۆ کردنم لەگەڵ باوکت دەربارەی عیسای مەسیح تووڕەی کردووی؟"

"وەکو تێناگەیت، ڕاستە تۆ تێناگەیت؟"

"نەخێر. بەڕاستی من لێت تێناگەم دالیا. کێشەیەکت هەیە؟"

"پێم گوتی تۆ ناتوانیت گفتوگۆیەکی سادە دەربارەی عیسای مەسیح لەگەڵ باوکم بکەیت. هەر گفتوگۆیەك دەربارەی عیسا لەگەڵ ئەو بی ئەنجام تێناپەڕێت. وازت لێناهێنێت تا دەگاتە ئەوەی داوات لی دەکات باوەڕ بهێنیت، ئەگەر ئەوەت نەکرد قاوت دەدات و جارێکی دیکە ناتبینێتەوە. ئەمەش بێگومان بیرۆکەی ژنهێنانت بە تەواوی لی دوور دەخاتەوە، نەك هەر دووری دەخاتەوە، بەڵکو بە تەواوی هەڵیدەوەشێنێتەوە. تۆ ئەمەت دەوی؟ دەتەوی لە هەموو شتێك بڕووخێیت؟

دوای ماوەیەکی کورت لە بێدەنگی دالیا تەماشایەکی کرد و بەوپەڕی کارتێکردنەوە گوتی:

"وامزانی منت خۆشدەوی."

فارس بەپەرۆش و هێز و دووپاتکردنەوە گوتی:

"من بەڕاسی خۆشم دەوێی، من زۆرم خۆش دەوێی دالیا."

"ئەگەر ڕاست دەکەی. باسی عیسای مەسیح ببڕەوە. ئەمە بە هیچت ناگەیێنێت. بەپێچەوانەوە بۆ گرفتێکی زۆرت دەبا."

"من وای دەبینم باسی عیسای مەسح زۆر خۆش و باشە."

بەگومانەوە سەیری کرد و گوتی:

"ئێ؟ گاڵتەم پی مەکە. بێگومان گاڵتە دەکەیت."

بەڕوانینێکی ڕاست و جێگیر ڕاوەستا و گوتی:

"هەرگیز. من هەرگیز گاڵتە ناکەم. من زۆر بەڕاستی قسە دەکەم. من زۆر دڵخۆشم و جۆش وخرۆشم هەیە بۆ باسکردنی پەرتووکی پیرۆز و عیسای مەسیح."

"وانەزانی بەم شێوە پشتگیری و ڕەزامەندی باوکم دەستگیر دەکەیت بۆ ژنهێنانکەت. نەخێر...هەرگیز ئەوە ڕوونادات. لای ئەو هیچ سوودێکی نییە تا نەبیتە باوەڕدار."

دەستەواژەکەی شوان نەدیم نووری بە کارهێنا و پرسی :

"مەبەستت شوێنکەوتووی عیسای مەسیح؟"

دالیا خەمناك دیارکەوت و هەمان وشەکانی باوکی کاری تێنەکرد و وەڵامی دیەوەا:

"وشەکان هەرچۆنێك بیت. هەمان واتایە."

فارس دەستی گرت و گوتی:

"گوی بگرە. من لەسەرەتاوە هەوڵم دا لەگەڵیدا سەلار بم و ڕازی بوون و برادەریەتێکەی بەدەست بهێنم. ئەویش بەپشتگیری کردنم بۆ بیروڕاکەی ئەو. ویستم وای لی بکەم حەزم لێبکات. ئەگینا بەردەوام دەبێت لەپیلانەکەی خۆی، بە شووکردنت بەو یوسفەی کە لە وارگە هاوکاریی ئەو دەکات. ئەی ئاوها نەخشەی بۆ نەکێشاوە؟"

گلێنەکانی چاوی جووڵا و بە دەربڕینێکی ڕاشکاوانە گوتی:

"تکات لی دەکەم. هەرگیز ئەمە ڕوونادات."

لەتەنیشت یەکتری بەردەوام بوون لە ڕاکردن لە شەقامەکانی بەترا، فارس گوتی:

"بەڕاستی هەرچەندەی زیاتر گوی لە دووانەکانی باوکت دەگرم، بە قسەکانی ئەو ئەوەندە ئارەزووم لە ئاشنابوون و تێگەیشتن زیاتر دەبێت. قسەکانی ئەو هەڵەوەڕیەکەم دەورووژێنی بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بەڕاستییەکان."

دالیا بڕوای پێنەکرد و قسەکانی بەمێشکیدا نەچوو. بەناڕەزایی و گاڵتەوە توانجێکی لێدا:

"بە ڕاست؟"

بە چەند وشەیەکی ڕاستگۆیانە بۆی دووپات کردەوە:

"ئەمە ڕاستەقینەیە. بڕوام پێبکە. هەموو ئەمشەوەم بە خوێندنەوەی پەیمانی نوی بەسەربرد. ئەو پەرتووکەی باوکت پێی دام. بەدرێژایی شەو خوێندمەوە هەتاکو تەواوم کرد."

بەسەرسوڕمان و سەرسامییەوە پرسی:

"هەمووت خوێندەوە؟! هەموو پەرتووکەکە؟!"

"هەمووی لەیەکەم لاپەڕەوە تا دوالاپەڕە."

"بۆ؟"

"چونکە سەیر و ناوازە و سەرسوڕهێنەرە. ئایا دەزانیت عیسای مەسیح دیسان دەگەڕێتەوە؟ وەکو نووسراوە بەم نزیکانە دووبارە دەگەڕێتەوە."

لەشێوازەکەی سووکایەتی و تەشقەڵەیەکی ڕوون دیار بوو و گوتی:

"لەوانەیە."

"بڕوا ناکەیت کە عیسا دووبارە دێتەوە؟"

خێرا ڕای کرد و لەڕێگایەکی تەنیشت خۆیان پێچی کردەوە، فارسیش ناچار بوو خێراییەکەی زۆر بکات بۆ ئەوەی پێی بگات. دالیا گوتی:

"نازانم."

هەر کە فارس لێی نزیك بووەوە پرسیاری لی کرد:

"مەبەستت چییە لەوە؟ چۆن نازانیت؟"

"مەبەستم ئەوەیە نازانم بڕوا بەچی بکەم. پاشان من نامەوی باس لەم بابەتە بکەم."

دیسان خێراتر ڕای کرد و لە فارس دوورکەوتەوە.

فارس بەدوویدا ڕای کرد و هاواری کرد:

"دالیا. لەچی دەترسیت؟ بۆ هەڵدێیت؟"

# بەشی چل و هەشتەمین

جودار بەیانی پێش وەخت لە خەو هەستا و ناشتایەکی خێرای لە ژوورەکەی خۆی خوارد لە ئوتێلەکە. دوای ئەوە ئوتێلی بەجێهێشت و بەرەو نوسینگەکانی پۆلیس چوو لە ناوەڕاستی بەیروت. زۆر ماندوو بووبوو چونکە دوێنی شەو کەم خەوتبوو، مێشکی ڕاوەستا لەبیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە زۆرەکان، کە لەناخیدا جەنجاڵ بووبوون و وەڵامی بۆ ئەم کێشەیە ئاڵۆزە نەدۆزیبووەوە، کە وادیاربوو نەدەگەیشتە چارەسەرکرنی.

لە هزریدا بیرۆکەکان ململانێیان دەکرد:

چی ڕوودەدات ئەگەر مەڕوان عەقاد لەڕزگارانەسەندنی پارەکانی فەرید ڕەمزی دەستی نەبی؟ چی دەبێت ئەگەر دەستی لەڕفاندنی کلۆدێت نەبێت، بەڵکو خۆی و براکەی هەوڵ دەدەن بیدۆزنەوە وەکو خۆیان دەڵێن؟ چی دەبێت ئەگەر کلۆدیت هەر نەڕفێندرابێت؟ خۆی نەخشەی پیلانگێڕانەکەی کێشاوە لەسەرەتاوە؟ ئێستاش لە بەڕازیل خۆی شاردووەتەوە؟ چی دەبێت ئەگەر مەڕوان پیلانەکەی دۆزیوەتەوە و بەڵگەی پێیە کە کلۆدێت نەخشەی تاوانەکەی کێشاوە دژی فەرید ڕەمزی کە لەخۆی زۆر گەورەترە لەتەمەن و خاوەن ملیۆنەها پارەیە، چاوچنووکییەکەی پاڵی ناوە بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێت؟ چی دەبێت ئەگەر مەڕوان عەقاد نیازی یارمەتیدانی فەرید ڕەمزی هەبووە؟ چیش دەبێت ئەگەر کلۆدێت و شەریکەکانی زانیویانە، کە مەڕوان گەیشتووەتە ئاشنابوون بەپیلانەکەیان و ئینجا بڕیاریان داوە پێش ئەوەی ئاشکرایان بکات لەناوی ببەن؟

ئەم بیرکردنەوانە ڕاڤەی هۆی کوشتنی فەرید ڕەمزی دەردەخات و تەقینەوەی ئۆتۆمبیلەکە و تاوانی کوشتنەکانی ئوتێلی میریدیان. بەڵام هۆی هەڵاتنی مەڕوان عەقاد و خۆشاردنەوەکەی دەرناخات، پەنانەبردنی بۆ بەرپرسەکان و پیاوانی پۆلیس، هەروەها هۆی کوشتنی ڕانیا فەواز و هاوڕێیەکەشی دەرناخات.

جودار گەیشتە نوسینگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لە بەیروت. لە دەرگاکەوە هێمای کەسایەتیەکەی خۆی پیشان دا بۆ ئەوەی ڕێی پی بدرێت پچێتە ژوورەوە و چاوی بەڕامی عەقادی زیندانکراو بکەوێت.

لەو میانەدا گەیشتە دوو ئەنجام: مەڕوان یان تاوانبارە و لەپۆلیس هەڵاتووە وەکو ئەوەی مارسێل دەڵێت. یان بێتاوانە و زانیاری گرنگی پێیە دەربارەی کێشەکە وەکو گەواهیدەرێك، متمانەی بە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس نییە بۆ ئەوەی خۆی بداتە دەستیان. بەڵام چی؟ چی ڕوودەدات ئەگەر...؟!

زەنگی تەلەفۆنەکە بیری پچڕاند و وەڵامی دایەوە:

"ئەلو؟"

دەنگی مارسێلی (خێو) هات و گوتی:

"سەرەداوێکم دۆزییەوە دەمانبات بۆ مەڕوان عەقاد. پۆلیسی مەغرب کاسێتێکی ڤیدیۆییان دۆزیوەتەوە وێنەی مەڕوانی تێیدایە لەفڕۆکەخانەی مەغرب دەچێت بۆ قاهیرە."

جودار پرسی:

"ئێستا؟ بۆ ئەوەندە دواکەوتن؟"

مارسێل وەڵامی دایەوە:

"ئەوە دواجارە دەزانم. گرنگ ئەوەیە زانییان کە بەناوی فارس جەمیل گەشتی کردووە. ناوێکی ساختەی دیکە. پۆلیسی میسریش دوپاتیان کردەوە کە ئەم فارس جەمیلە گیشتووەتە قاهیرە. دوابەدوای بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لە هەموو شوێنێك، بەڕێوەبەری باڵەخانەیەك پەیوەندیی پێیان وەکردووە پێیانی ڕاگەیاندووە کە لە شوقەیەکی باڵەخانەکەیان بووە و بەجێی هێشتووە لەگەڵ کچێك ناوی دالیا نوورە. تا ئێستاش نازانین بۆ کوی چوونە بەڵام بە دوای هەنگاوەکانیاندا دەچین تا پێیان دەگەین."

جودار پرسی:

"پێویستە من چی بکەم؟"

"هەر ئێستا بچۆ بۆ لای ڕامی و دیسان وەڵامدانەوەی لەگەڵدا بکە و هەموو زانیارییەکانی لی وەرگرە."

بەشێوەیەکی لووت بەرزیی و بە هەڕەشەوە گوتی:

"گوی بگرە جودار. کارەکەمان پووچ نەکەیتەوە. وریابە و بەخێرایی ڕەفتار بکە. من سەری مەڕوانم لەسەر قاپێك دەوی لە کۆتایی ئەمڕۆ. لێم تێدەگەی؟"

جودار بەخاوی وەڵامی دایەوە و کە لێی تێدەگات. وە هەر کە تەلەفۆنەکەی تەواو کرد ئیمێڵێکی لە دۆڤالەوە بۆ هات. بڕوای بەوە نەکرد کە لەنامەکەدا خوێندیەوە. دووبارە نامەکەی خوێندەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی دەیبینێت ڕاستە. ناکاویەکە هاوسەنگیەکەی تێکدا وەك یەکێك بەمستێك لێی دابێت. بەشەکانی نهێنییەکە نزیك بوونەوە و بەشێوەیەکی ناکاو بەرانبەر یەك بوونەوە. چۆن ئەم بیرۆکەیەی لە دەست چوو و پێشتر بۆ پێی نەگەیشت؟ چۆن بەدرێژایی ئەو هەموو کاتە ئەم ڕاستییەی نەدی وەکو ئێستا؟ لەو کاتەی کە گازاندەی لە خۆی دەکرد ترسی لێنیشت، چونکە ئەو کاتەی بەدەستیەوەیە زۆر کەمە. پێش ئەوەی بگاتە ژووری زیندانەکە کە ڕامی عەقادی تێدایە دەبی چەکەکەی و مۆبایلەکەی لە نووسینگەی ئەفسەری بەرپرسی دەرگاکە بەجێبهێڵێت. ناسنامەکەی پیشاندا و ئیمزای لەسەر تۆمارگای زیندانەکە کرد و چووە ژوورەوە. یەکسەر چووە ژووری ڕامی و لەناکاو بەپەلە و یەك لەدوای یەك پرسیاربارانی کرد  و نەیویست کات لەدەست خۆی بدات:

"براکەت ناوی فارس جەمیلی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بچێتە میسر؟"

حەپەسان و سەرسامییەکەی ڕوخساری دەری خست کە وای کردووە.

"لە شوقەیەك لە میسرجەدیدە لە تەنیشت فڕۆکەخانە نیشتەجی بووە؟ وایە؟"

ڕامی کەمێك دوودڵ بوو بەڵام سەری ڕاتەکاند بە واتای بەڵی.

"براکەت وادەزانی کە کەسایەتییەکی گەورەی دەسەڵاتدار لە لێکۆڵینەوەکە تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستێت و گوریسەکە لەدەوری ملی تەنگ دەکاتەوە؟ وانییە؟"

دیسان بە وورياییەوە سەری ڕاتەکاند بە واتای بەڵی.

"ئێوەش پیاوەکانتان نارد بۆ بەڕازیل بۆ ئەوەی کلۆدێت بدۆزنـەوە چونکە تـۆ و براکـەت گومانتـان لـە کلۆدێتـە کـە لـە سـەرەتاوە ئـەو پیلانەکـەی دانـاوە و خـۆی شاردووەتەوە و نامەکانی ناردووە و داوای پارەی کردووە و داوای ڕزگارانەی کـردووە. خۆی پارەکانی وەرگرتووە؟ وای بۆ دەچن؟

دوای ماوەیەك بێدەنگی و سەرگەردانی ڕامی گوتی:

"بەڵی. ئەمە ڕاستە."

"پیلانی مەڕوانیش ئەوەیە لە هەڵاتن بەردەوام بێت تـا کلۆدێـت دەدۆزرێتـەوە و بزانێت کێیە هەوڵدەدات بیکوژێت. ئەمە پیلانی براکەت نییە؟"

"بە ڕاستی هەر وایە."

"بەڵام ئێوە دوای ئـەوەی شـوێنی کلۆدێتتـان پێزانـی و لەشـوێنی پەناکـەی خـۆی دۆزیتانەوە، نەتانزانی بیدەنە دەستی کی کە جێگای متمانـە بێـت. کـە ئێـستا ئەمـە ڕوودەدات؟"

"بە تەواوی."

جودار بەپەلە و بەپەرۆشەوە گوتی:

"بەڵام ئێوە ئێستا لە تەنگانەدان. تۆ لێرە لەزینـدانیت و براکـەت لـەوی مارسـێل ڕاوی دەنێت بۆ ئەوەی بیگرێت یاخود بیکوژێت. وانییە؟"

ڕامی بەپرسیارەوە تەماشای کرد و گوتی:

"چییە گەورەم، پشکنەر، هەوڵ دەدەیت ڕێککەوتنت لەگەڵدا بکەین؟"

جودار شێوازەکەی خۆی گۆڕی  و گوتی:

"ڕامی. گوێم لی بگرە. من ئێستا بە تەواوی دڵنیام لە بێتاوانی مەڕوانی برات."

"ئەوەم لەسەرەتاوە پێگوتی."

"ئێستا من بڕوات پێدەکەم. وابزانم ئەو کەسایەتیە دەسـەڵاتدارەش دەناسـم کـە ئێوە لێی دەترسن."

ڕامی هەردوو چاوی زەقکردەوە و تەماشایەکی جوداری کرد و پرسیاری لی کرد:

"کێیە؟"

"مارسێل لۆمیی. خێوەکە."

"سەرۆکی لێکۆڵینەوەی کێشەکە؟ تۆ دڵنیایت؟"

"ئێستا دڵنیابووم. بەڵێ من دڵنیام."

جودار دەستی کردە ڕاڤەکردن بۆ ڕامی کە فەرمانی لە دادگا وەرگرتبوو تەلەفۆنەکانی مەڕوان بخاتە ژێر چاودێری، بەڵام فەرمانێکی دیکەشی وەرگرتبوو کە هەموو پەیوەندییەکان و ئیمێڵەکانی تایبەت بەڕامیش بخرێتە ژێر چاودێری. بەڵام هاوکەرەکەی کە کۆلێت دۆڤالە بۆی دەرکەوت کە یەکێك لەنامەکان لەلایەن کەسایەتییەکی هەواڵگری فەرەنسییەوە بۆت هاتووە.

ڕامی بۆی روون کردەوە و گوتی:

"ئەوە ناوی (پییێر)ە. هاوڕێیەکی کۆنمە. پیاوێکی زۆر سەرڕاستە و گومانی پێوە نییە. داوام لێی کرد کە ئەو کەسە کێیە لێکۆڵینەوەکە لە کێشەکە دەکات."

جودار سەری ڕاتەکاند و دووپاتی کردەوە:

"ئەوە دەزانم. بەڵام ئەوە پێش ماوەیەکی کەم بوو کاتێك لە عیراق بوویت. وانییە؟"

"مەبەستت نامەکەی (پییێر) کە تێیدا دەڵێت مارسێل پەیوەندی بە هەواڵگری فەڕەنساوە کردووە و داوای زانیاری لەسەر مەڕوان کردووە؟"

جودار وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ هەر ئەو نامەیەیە."

"ئەوە چی تێدایە؟ مارسێل هەر لە سەرەتاوە مەڕوانی بە یەکەم تۆمەتبار داناوە لە کێشەکە لەو کاتەوەی فەرید ڕەمزی کوژرا. زۆر ئاساییە داوای زانیاری بکات لەسەری بۆ ئەوەی بەڵگە لە دژی ئەو کۆ بکاتەوە."

جودار بە خاوی و وردی دەستی کردە ڕاڤەکردنی بابەتەکە بۆ ڕامی بۆ ئەوەی بیرۆکەکە تێبگات:

"بێگومان ئەوە ئاساییە. بەڵام دۆڤال کاتێك نامەکەی دۆزییەوە پەنای بردە بەر هەواڵگریی فەڕەنسی پرسیاریان لی بکات لەبارەی بەرواری داواکارییەکەی مارسێل

بۆ ئەو زانیاریانە دەربارەی مەڕوانی برات. دۆڤال بۆی دەرکەوت کە ئەو زانیاریانە سی ڕۆژ پێش ئەوەی مەڕوان فەرید ڕەمزی ببینێت داواکراوە. تێبگە! پێش ئەوەی مەڕوان فەرید ڕەمزی ببینێت بەسی ڕۆژ! پێش ئەوەی هیچ شتێك ڕووبدات، مارسێل داوای زانیاری دەکات دەربارەی براکەت!"

ڕامی چاوی زەق بووە و بەپەرۆش و گۆمانێکی ئاشکرا گوتی:

"سی ڕۆژ پێش ئەوەی گوللە لە فەرید ڕەمزی بدرێت و بکوژرێت؟!"

"بەڵێ. تەنها یەك هۆ هەیە بۆ ئەوەی مارسێل هەوڵ بدات زانیاری کۆ بکاتەوە لەسەر مەڕوانی برات. ئەم هۆیەش ئەوەیە کە مارسێل زانی مەڕوان لە بەرژەوەندی فەرید ڕەمزی کاردەکات، دەشیزانی کە کلۆدێت پارەکانی فەرید ڕەمزی بە ڕزگارانە حەواڵە دەکات بۆ بەنگێك لە بەڕازیل. ئەو سی ڕۆژە بۆ مارسێل بەس بوو بۆ ئەوەی پێکەوە دەستی خۆی لە فەرید ڕەمزی و مەڕوان عەقاد بوەشێنێت. هەروەها کلۆدێت لە ساوپاولۆ دەربکات و بیشارێتەوە لەچیاکانی ئەوی. لەوە زیاتریش... ئایا خاوەنی ئەو ماڵە دەناسیت کە ئێستا پیاوەکانی ئێوە گەمارۆی داوە و کلۆدێتی تێدایە؟"

ڕامی سەری لەقاند بە واتای نەخێر. جودار وەڵامی دایەوە:

"براکەی مارسێل. برای مارسێل لۆمیی خاوەن ماڵەکەیە کە کلۆدێت خۆی تێیدا حەشارداوە."

ڕامی بەوپەڕی سەرسامییەوە تەماشای کرد و پرسی:

"ئایا ئەمە ڕاستە؟"

"ئێستا دۆڤال بە ئیمێڵێك ئەوەی بۆ ناردم. هەر کە نامەکەیم پێگەیشت ڕاستەوخۆ بۆ لای تۆ هاتم."

ڕامی سەری سوڕمابوو و بڕوای نەدەکرد ئینجا پرسیاری لی کرد :

"مەبەستت ئەوەیە کە سەرۆکی لێکۆڵینەوەکەی کێشەی کوشتنی فەرید ڕەمزی شەریکی ئەو چەتانەیە کە فەریدیان کوشت؟! وایە؟! ئەوە ڕاستیەکەیەتی؟!"

"بەداخەوە بەڵێ!"

"ئاوا بێت مارسێل ڕاوی مەڕوان دەنێت نەك بۆ ئـووەی دەست بەسـەری بكات و بیداتە دەستی پۆلیسەوە. بەڵكو بۆ ئەوەی بیكوژێت."

"بەداخەوە دیارە ئەوەش ڕاستە."

ڕامی سەری هەڵبڕیە جودار و ترس و نیگەرانی و گرژیی لی نیشت و پرسی:

"ئێستا مارسـێل لـە كوێیـە؟ لەمـەڕوان نزیـك بووەتـەوە؟ گەیـشتووەتە شـوێنێكی نزیكی ئەو؟"

"زۆر لێی نزیكە ڕامی. بۆیە بەپەلە هاتم بۆ لات. من داوای یارمـەتیت لێدەكـەم. پێم بڵی مەڕوان لە كوێیە؟ زوو پێم بڵی. دەمەوی بزانم بۆ ئـەوەی قوتـاری بكـەم و دەری بكـەم و سـونگەكانی ئاسـوودەیی بـۆ دابـین بكـەم و لەمارسـێل بیپـارێزم، لـە ئێستاوە تەقەلا دەدەم مارسێل دەستگیر بكەم بە تۆمـەتی هـەموو پیلانەكـە. ئـەو لـە نێـو ئاسایـشەكانی هـەموو ئـەوروپادا پیـاوێكی پلـە و پایـەدارە. بـەڵام مـن دەتـوانم دەسگیری بكەم و بیدەمە دادگا ئەگەر یارمەتیم بدەیت ڕامی."

ڕامی بە وەڵامدانەوەیەكی توند گوتی:

"بێگومـان یارمــەتیت دەدەم. بــەڵام نــازانم ئێــستا مــەڕوان لــە كوێیــە. تــەنها ڕێگەچارەی گەیشتن بە مەڕوان مۆبایلی ئاسمانییە. ئەو وەڵامـی هـیچ پەیوەندییـەك ناداتەوە تەنها بە مۆبایلی ئاسمانی نـەبێت. نـازانم مۆبایلەكـەم لـە كوێیـە. نـازانم لـە كوێیە. ئێوە لێتان بردم كاتێك دەستگیرتان كردم و زیندانیتان كردم."

جودار دەستی نا نێوچاوانی خۆی و گوتی:

"لەو ئوتێلەیە كە من لەوێم. لە ژوورەكەی خۆمە. لای خۆم هەڵم گرتووە بەڵكو مەڕوان تەلەفۆنت بۆ بكات و بزانم لە كوێیە. دەبی بڕۆین."

جـودار هـەموو پـەڕەكانی ئیمـزا كـرد بـۆ بـەردانی ڕامـی لـە زیـدان. چـەك و مۆبایلەكـەی خـۆی وەرگـرت و هــەردووكیان لــە بنكــەی پۆلیــسەكە دەرچــوون و تەكسییەكیان گرت و بەپەلە كەوتنە ڕی بەرەو ئوتێلەكە.

# بەشی چل و نۆیەمین

فارس جلوبەرگی لەبەرکرد و گەیشتە دالیا و خانەوادەکەی بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ناشتا بخوات. دالیا سەیری کردن و بەخۆشییەوە پرسی:

"چی بکەین ئەمڕۆ؟ چۆنە ئەگەر بۆ گەشتوگوزار بچین؟"

فارس بزەیەکی بۆ کرد و دەیزانی ئامانجی لەم پێشنیارە چییە. دەیەوی خۆی لادات لە قسەکردن دەربارەی عیسا.

خاتوو ڕیما خەریك بوو قاوەی بۆ تێدەکرد، بەپەرۆش و سادەییەوە گوتی:

"نەدیم. بۆ ئەمڕۆ مۆڵەت وەرناگریت و لەگەڵ دالیا و فارس بچین بۆ ئەشکەوتەکانی (نەبەتییەکان) و گەنجینەی (فیرعەونەکان)؟"

دالیا بەدڵخۆشییەوە هاواری کرد:

"ئەمە بیرۆکەیەکی ناوازەیە دایکە. من دڵنیام کە فارس زۆر پێی دڵخۆش دەبێت."

شوان نەدیم نوور تەماشای فارسی کرد و پرسیاری لی کرد:

"فارس. پێشتر بۆ ئەو شوێنانە چوویت؟"

"نەخێر گەورەم. هەرچەند شتی ناوازەم زۆر لەسەری بیستووە."

"هەموو ئەوانەی بیستووتە ڕاستە کوڕم. شاری بەترای کۆن دڵ و چاو ڕفێنە. هەمووی لەبەردەکانی چیای سوور هەڵکەنراون و لەباوەشی دۆڵەکە شاردراوەتەوە. پایتەختی شانشینی نەبەتییەکان بوو هەروەها سەنتەری بازرگانییە گەورەکەی بوو، هەروەها شوێنی هەموو گەنجینە و سامانەکانی بوو. دالیا راست دەکات. زۆر بەدڵت دەبێت."

"ئێستا ئاوەدانە؟"

"نەخێر. شارەکە بەتەواوی چۆڵە. تەنها گەشتیار بۆ ئەوی دەچن، لەگەڵ فرۆشیاری ئەنتیکەی بچووك و دیاری و ساردەمەنی. بەڵام زۆربەی کریستیانییەکان

و منیش یەکێك لەوانەم وای بۆ دەچم، کە خودا ئەم شوێنەی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ببێتە ئەو بیابانەی کە دەبێتە شوێنی پەناگا بۆ هەلاتنی ئەو ژنەی کە خۆی پۆشیوە، بۆ ئەوەی خۆی تێیدا بشارێتەوە، وەکو یۆحەنای گەواهیدەر نووسیویەتی لەپەرتووکی بینین بەشی دوازدە و ئایەتی 6، 14..."

دالیا سەری لەقاند و بەتەنگەتاویەوە گوتی:

"باوکە. ناتوانین ناشتاکەمان بخوێن بی باسی پەرتووکی پیرۆز؟"

"ئێمە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دەژین عازیزەکەم. لە ئوردن کە زۆربەی نووسراوەکانی پەرتووکی پیرۆزی تێیدا هاتووەتە دی... خودا ئەم ناوچەیەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خودی خۆی دەربخات لە عیسای مەسیح. هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتە کە پێی لی دەنێین زەوی پەرتووکی پیرۆزە. لەهەر پاچ کوتانێك لە زەوی بەلگەیەکی ڕاستییەکەی پەرتووکی پیرۆز دەدۆزینەوە."

پێش ئەوەی دالیا وەلامی باوکی بداتەوە خێرا فارس پێی گوت:

"دوێنی شەو کاتێك بیرم لەقسەکانت دەکردەوە، چەند بیرۆکەیەکم بۆ هات و هەراسانی کردم و چەند پرسیارێك لەناخم سەری هەڵدا و سەرگەردانی کردم. بۆت هەیە بە چەند خولەکێك وەلامم بدەیتەوە؟"

"بێگومان فارس. فەرموو بپرسە."

دالیا چاوی جولاند و بەناڕەزاییەوە قاوەکەی دەخواردەوە و گوتی:

"ئا ئەوە دیسان گەڕاینەوە بۆ هەمان بابەت."

فارس بزەیەکی کرد و داوای لێبوردنی کرد و گوتی:

"ببورە دالیا. شتێك هەیە دەمەوی باوکت بۆمی ڕوون بکاتەوە، کاتێکی زۆر نابات."

بەلام کاتێکی کەمی نەبرد.

فارس و شوان نوور بەدرێژایی کات باسی پەرتوکی پیرۆزیان دەکرد و ناشتایان دەخوارد. کاتی بە ئۆتۆمبیل بەرەو شاری نەبەتیە بە ڕیچکە تەسکەکاندا تێدەپرین بەرەو ناوەڕاستی شاری بەترای کۆن دەچوون، گفتوگۆکە لە نێوانیان بەردەوام بوو،

بەپەرۆشەوە قسەیان دەکرد. دالیا هەوڵی دا خۆی لابدات لەبەشداریکرنی باسەکە و ویستی گوێیان لی نەگرێت. لە تەنیشت دایکی ڕێی دەکرد و لەگەڵی یادگارییە کۆنەکانی دەگێڕایەوە یاد. بەڵام دایکی لەباسەکەی دالیا نزیك نەبووە. بەڵکو نزیکی دووپیاوەکە بوو تا گوی لەباسەکانیان بگرێت. فارس بەگرنگی پێدانەوە گوتی:

"پەیمانی نوی دوای سەردەمی مەسیح بەساڵانێکی زۆر نووسراوە. ئەمەش وامان لێدەکات بەنادڵی بیخوێنینەوە. بەسەرچوونی ماوەیەکی درێژخایەن لەنێوان ڕووداوەکان و تۆمارکردنی، گومان لەڕاستییەکەی دروست دەکات."

شوان نەدیم بەمتمانە و دڵنیایی وەڵامی دایەوە:

"ئەوەی دەیڵێیت پێچەوانەی ڕاستییەکەیە فارس. سەرجەم پەرتووکەکانی پەیمانی نوی لەمیانەی سەد ساڵ دوای مەسیح نووسراون. لە توێژینەوە و دوزینەوەی ورد تۆمارکراون، دەبینین کە چوار مژدەکەیان لە نێوان 50 و 80 ساڵ نووسراون، نامەکانی (پۆڵس)ی نێردراویش لەنێوان 50 و 66 ساڵە."

فارس بەسەرسامییەوە گوتی:

"واتا ئەو کاتەی نووسرا هەندێك لە گەواهیدەرەکانی ڕووداوەکان مابوون."

"بێگومان. ئەمەش متمانەی وردیی نووسراوەکان دەدات بەدەستەوە، ئەگینا قایل نەدەبوون لەسەر هەر ناڕاستییەك تێیدا هەبێت. پەترۆس کاتێك باسی عیسای ناسیرەیی دەکرد بۆ ئەو جەماوەرەی کە گوێیان لی گرتبوو، گوتی ئەمانەمان بە پەرجوی سەیر و سەرمەرەیی لەلایەن خوداوە بۆ دەرکەوت. گوی بگرە چی دەفەرمووێ:﴿وەکو ئێوەش دەزانن﴾ ئەو بەگەواهیدەر ناویان دەبات کە دەزانن. ئایا دەتوانێت شتێك بگۆڕێت لەوانەی کە بینیویانە و دەیزانن؟"

"بێگومان نەء ئەوان گەواهیدەری ڕووداوەکەن."

شوان نوور پرسی:

"ناوی (ولیەم ئۆلبڕایت)ت بیستووە؟"

"نەخێر ناویم نەبیستووە."

"یەکێکە لەگەورەترین ئاسەوارناسەکانی جیهان کە پسپۆڕی پەرتووکی پیرۆزە."

شوان نەدیم نوور دەستی بۆ جانتا بچووکەکەی پشتی برد و پەرتووکێکی دەرهێنا بەناونیشانی {دارتاش و.. مەزنتریش}و دایە دەستی فارس و گوتی:

"لاپەڕەی 32 بکەوە و لە سەرەوەی لاپەڕەکەوە بخوێنەوە."

فارس زۆر سەرسام بوو لەوە. لەگەشتێکی خێزانی بۆ دەرەوە لەگەڵ خۆی پەرتووکێکی هەڵگرتووە لەسەر عیسای مەسیح نووسراوە! بە ڕێزێکی زۆر ڕوانییە ئەم پیاوە سالارە وپێکەنی و گوتی:

"چی دیکەشت هەڵگرتووە لەنێو ئەم جانتایە؟ دەستنووسەکانی دەریای سوور؟

شوان نووریش لەگەڵی پێکەنی و گوتی:

"چی دیکەی تێدا نییە جگە لەپەرتووکە پیرۆزەکەم و شوشەیەکی ئاو و هەندێك میوە. دەتەوێ؟"

"سوپاس گەورەم. هیچم پێویست نییە جگە لەم پەرتووکە."

فارس تەماشای دالیای کرد، بینی بێزارە و سەری خۆی دەلەقێنێت، ئینجا لاپەڕەکانی پەرتووکەکەی هەڵگەڕاند، تاکو گەیشتە لاپەڕەی 32. دەستی کرد بە خوێندنەوە و لەتەنیشتیان خەریك بوو ڕێی دەکرد.

{دەتوانین بەهەموو متمانەیەکەوە بڵێین کە ئێستا هیچ بناغەیەکی چەسپاو نییە بۆ گەڕاندنەوەی مێژووی نوسینەوەی پەیمانی نوی بۆ دوورتر لە 80 زایینی. واتا پێش دوو نەوەی تەواو لەو مێژووەی کە ڕەخنەگرە زۆر توندڕەوەکان دایدەنێن بۆ پەیمانی نوی کە ئەویش لەنێوان 130 - 150 ز.}

فارس ڕاوەستا و ڕوانییە شوان نوور تا بزانێت حەزی لێیە بەردەوام بێت. گوتی:

"دەقێکی دیکەی (سێر ولیەم ڕامز)ی - مەزنترین ئاسەوارناس - هەیە بەهەمان واتا. ئەگەر حەز دەکەیت لەباتی یەك پەرتووك دە پەرتووکت پی دەدەم، دووپات دەکاتەوە کە پەرتووکەکانی پەیمانی نوی لە کاتێکدا نووسراوون کە هێشتا

ڕووداوەکان گەرم بوون، ئەوەش ڕاستییەکەی دەسەلمێنێت. پاشان ئەوانەی ئەو پەرتووکانەیان نووسیوە کێن؟"

فارس کەمێك بیری کردەوە گوتی:

"قوتابییەکانی مەسیح و شوێنکەوتووەکانی. وانییە؟"

"بەڵی قوتابییەکانی و شوێنکەوتووانی. گەواهیدەرن..فارس، گەواهیدەری تەواوی ڕووداوەکەن. ئەوەی دەهێڵێت پەرتووکی پیرۆز سەرچاوەی متمانە بێت، ئەوەیە ئەو ئادەمیزادانەی تەرخانکراوون بە نووسینەوەکەی گەواهیدەربوون. لەگەڵ مەسیح ژیان، گوێیان لی گرت و بینییان و لەنزیکەوە لەگەڵی ڕێیانکردووە. یۆحەنای نێردراو - نووسەری ئینجیل و پەرتووکی بینین - لەسەر مەسیح دەفەرمووی:﴿ئەوەی گوێمان لێی بوو، ئەوەی بەچاوی خۆمان بینیمان، ئەوەی تەماشامان کرد و دەستمان لێیدا، لەلایەن وشەی ژیان، ئەم ژیانەش دەرکەوت، ئێمە بینیمان و گەواهی بۆ دەدەین و ژیانی جاویدانیتان پێ ڕادەگەیەنین، ئەو ژیانەی لەلایەن باوك بوو، بۆ ئێمە دەرکەوت. ئەوەی بینیمان و گوێمان لێی بوو پێتانی ڕادەگەیەنین، بۆ ئەوەی ئێوەش ژیانی هاوبەشیتان هەبێت لەگەڵمان.﴾ وە ئەگەر ویستت وەسفی یۆحەنا بکەیت بەچەند وشەیەك، چی دەربارەی ئەو دەڵێیت؟"

"دەڵێم ئەوە گەواهیدەر بوو.. گەواهیدەرێکە."

بەرەو لای هات و گوتی:

"(پۆڵس)ی نێردراو بەسروشی خودا دەفەرمووی:﴿هەموو پەرتووکە بەسروشی خودایە.﴾ (پەترۆس)ی نێردراویش دووپات دەکاتەوە ﴿هەرگیز وشەیەک بەخواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو پیاوانی خودا و پیرۆزکراوانێک بوون لە لایەن ڕوحی پیرۆز ئاراستەکرابوون.﴾"

"ئەمە شتێکی سەرسامگەرە."

"تەنها سەرسامگەرە؟"

فارس ڕاوەستا، نەیزانی چۆن وەڵامی پرسیارەکەی شوان نوور بداتەوە. بەزمانگیرییەوە گوتی:

"بێگومان. شتێگی سەرسامگەرە!"

"تۆ دڵنیایت لەوە بەتەواوی؟ وانییە؟"

فارس وەڵامی نەدایەوە. ویستی دوور بمێنێتەوە. دوورییەك هەبێت لەنێوان خۆی و شوان نوور. چونکە نایەوی بە چەرمەسەرییەکانی ئەو بزانێت،ئەوانەی لەناخی خۆیدا هەستی پێدەکات. با بەو هەژمەتە نەزانێت کە تێیدا دەژیت، لەگەڵ ئەو ترسانەی کە دڵ و مێشکی پڕکردووە. جاری نا. ئێستا کاتی نیە. تا ئێستا تێناگات ئەو شتە چییە بۆ ئەم هەمووەی ڕایکێشاوە....

# بەشی پەنجایەمین

"کێشەیە. کێشەیەك هەیە. کێشەیەکمان هەیە گەورەم پشکنەر."

ڕامی لەپێش پەنجەرەکەی ژووری جودار ڕاوەستابوو، دەڕوانییە دەرەوە لە ناوەڕاستی "بەیروت کە جەنجاڵ بوو لەدوکان و فرۆشگا و ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار و پیاسەگەران.

بەسەرگەردانییەوە ئەمەی بەجودار گوت.

جودار لەوەی بیستی ترسا و پرسی:

"کێشەیە؟"

"مەڕوان وەڵام ناداتەوە."

"جارێکی دیکەش هەوڵ بدە."

جودار ئەمەی بەخێرا و بەشێوازی فەرمان گوت و بە نیگەرانییەوە لە نێو ژوورەکە دەجووڵایەوە.

"چوار جار هەوڵم دا."

"ئەمە واتای چییە؟"

ڕامی بەسەرگەردانییەوە تەماشای کرد و وەڵامی دایەوە:

"یان مۆبایلەکەی داخراوە یان لای مەڕوان نییە، یان..."

بێدەنگی باڵی کێشا نێو ژوورەکە. ڕامی ڕستەکەی تەواو نەکرد و جوداریش پێویستی بەوە نەبوو تەواوی بکات چونکە ترسەکانی ڕامی تێگەیشت: یان مەڕوان عەقاد کەوتۆتە دەستیان و یان کوژراوە.

هانیداو دڵنەواییکرد و گوتی:

"بیری خۆت سەرقاڵ مەکە. دەیدۆزینەوە. دەبی بیدۆزینەوە. هەموو شتێك باش دەبێت."

ئەمەی گوت و ئومێدەوار بوو کە ڕاست بێت. لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکە لێی داو زانی دۆڤالە. پرسیاری لی کرد:

"چیت دۆزییەوە؟"

"لەکوی بوویت؟ ئەوە ماوەیەکە هەوڵ دەدەم پەیوەندیت پێوە بکەم و وەڵام نییە."

"لە بنکەی پۆلیس بووم قایل نەبوون تەلەفۆنەکەم بەکار بهێنم لەوی، چییە؟ چی بووە؟"

دۆڤال بەسەرسامییەوە پرسی:

"نامەکەم پێت نەگەیشت؟"

"نەخێر. بۆ؟"

"مارپیسێل دوو جار داوی کردی، کاتێك وەلامت نەدایەوە شێت و هار بوو، داوای لی کردم بەهەر شێوازێك بی بتدۆزمەوە."

"چی دەوێت، مارسێل چی لەمن دەوێت؟"

ڕامی بەرەو لای جودار چوو بۆ ئەوەی بزانێت چییە، لەوکاتەدا دۆڤال بەجوداری دەگوت:

"پیاوانی هەوالگری میسر بەدووی مەڕوان عەقاد و کچەکەدا چوون و زانییان لە ئوتێلێك بووە لە شەرم شێخ لە دەریای سوور."

"زۆر باشە، پلیتی فڕۆکەم بۆ دابین بکە بۆشەڕم شێخ هەر ئێستا."

"نە. نە. ڕاوەستە. هەواڵی دیکەش هەیە. مەڕوان و کچەکە شەڕم شێخیان بەجێهێشتووە و بە ئۆتۆمبیلێك بەرەو نوێبع چوونە. لەوێش بە پاپۆڕێکی خێرا بۆ عەقەبە چوون."

جودار بەدەنگێکی بەرز و سەرگەردانییەوە پرسیاری لی کرد:

"عەقەبە لە ئوردەن؟ بۆچی ئوردن؟"

"کچەکەی لەگەڵیدایە ئوردنییە."

"ناوی چییە؟"

"دایا نوور."

ڕاوەستە دۆڤال، کەمێك ڕاوەستە."

تەلەفۆنەکەی دوورخستەوە و پرسیاری لەڕامی کرد ئایا کچێك بە ناوی دالیا نوور دەناسێت. ڕامی بیری کردەوە و وەڵامی دایەوە:

"نەخێر. بەڵام من کاتێك پەیوەندیم پێوە کرد پێش چەند ڕۆژێك خەریك بوو بەدووی شتێك دەگەڕا تاکو قاهیرە بەجێ بهێڵێت. لەوانەیە ئەو کچەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی قاهیرە یاخود میسر بەجی بهێڵێت."

جودار تەلەفۆنەکەی لە گوێی نزیك کردەوە و پرسیاری لە دۆڤال کرد:

"لە چ شوێنێك لە ئوردن؟ کچەکەی لەگەڵیدایە خەلکی چ شارێکە؟"

دۆڤال بەپەلە وەڵامی دایەوە:

"بەترا. ناونیشانەکەشم لایە. ناونیشانەکەی لای مارسێلیشە. خۆی و کۆمەلێك لە پیاوەکانی بۆ ئەوی چوون."

جودار لە تووڕەیی و ترسان گرژ بوو. هاواری کرد:

"هەواڵی بە دەسەڵاتە ئوردنییەکان داوە کە بۆ ئەوی دەچێت؟"

"نەخێر گەورەم بە کەسی نەگوتووە."

جودار تاوێك بێدەنگ بوو بیری لە هەڵوێستەکە کردەوە. ئینجا گوتی:

"دۆڤال. بێگومان بۆچوونم دەربارەی مارسێل دەزانیت؟ وانییە؟"

"بەڵی. خۆ دەبینیت کە لەگەڵ کلۆدێت ئیش دەکات."

"لەگەڵمدایت لەبۆچوونەکەم؟"

"بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەمیانەی چەند کاتژمێری ڕابردوو، بێگومان پشتیوانیت دەکەم."

"ئایا دەتوانین بۆچوونەکانمان بسەلمێنین."

"گەورەم هێشتا نا، پێویستیمان بە کاتە."

"کاتمان نییە دۆڤال. کاتمان نییە. ئەگەر مارسێل مەڕوان بدۆزێتەوە دەیکوژێت."

"با تەلەفۆن بۆ دەسەڵاتە ئوردنییەکان بکەین تاکو مارسێل دەستگیر بکەن؟."

جودار خێرا گوتی:

"نـەخێر. بـەوە قایـل نـابن. تـاکو بەڵگـەی لـە ئێمـە زێـتریـان بەدەسـتەوە نـەبێت نایگرن."

"چی بکەین گەورەم؟"

بەپەرۆش و جێگیرییەوە گوتی:

"تەنها شتێك کە دەتوانین ئێستا بیکەین. کۆپتـەرێکم بـۆ ئامـادە بکـە بمبـات بـۆ بەترا. ئێستا دەچم بۆ فڕۆکەخانە و کۆپتەرەکە دەبی چاوەڕوانم بێت. گوێت لێمە؟"

"گەورەم گوێم لێتە و ئێستا جێبەجێی دەکەم."

جودار ئاوڕی لە ڕامی دایەوە گوتی:

"ڕامی تۆش لەگەڵم دێیت.. دەی با بچین."

# بەشی پەنجا و یەکەمین

شـوان نـوور و هاوسـەر و کـچەکەی و لەگـەڵ فـارس گەیـشتنە پایتـەختی کـۆنی شانشینی نەبەتییەکان. چەند کاتژمێرێك بەدەوروبەریدا گەڕان و سەرسام بـوون لـە شێوازی بینای ڕووکارەکە، کە لە بەردی چیاکە لـە هـەردوو لاوە داتاشـرابوو. خـاتوو ڕیمـا نامیلکـەی ڕێبەرییەکـەی دەرهێنـا و بـەدەنگێکی بـەرز چـەند بڕگەیـەکی لـی خوێندەوە:

"بـەترا لـە مـەزنترین و دێـرینترین ئاسـەوارە کۆنـە ناوازەکـانی مێـژووە. بـە شێوەیەکی دەرئاسا پەرستگاکان و کەنیشتەکان و گۆڕسـتانە لـە بـەرد هـەڵکۆڵاوەکانی پارێزراون، ناوازەیی ئەو نیگارانەی دیـارن، هێمـای ئـەو شارەیە کـە لـە دێرزەمانـەوە گەشەی کردبوو و بەناوبانگ بووە. شوێنی کۆمەڵگاکانی ئـادەمیزادی کـۆن بـوو پـێش هاتنی نەبەتییەکان. لە سـەرەتاوە مێرگێـك بـووە لـە بیابـان. دواتـر لـەنێوان سـەدەی سێیەمینی پێش زایینی و سەدەی یەکەمی زایینی بەتـەواوی گـۆڕدرا. بینـای شـارێکی گەورە و مەزنی لی کـرا، تـاکو ببێتـە سـەنتەری بازرگـانیی هـەموو ئیمپراتۆرییەکە. لەسـاڵی 106ی زایـینی ئیمپراتۆرییـەتی ڕۆمـانی دەسـتی بەسـەرادا گـرت، ئینجـا کریستانییەکان لە سەدەی چوارەمی زایینی هاتنە ئەوی، موسڵمانەکانیش لە سـەدەی حەوتەم. خاچ هـەڵگرەکانیش بەشـێوەیەکی سنووردار لەسـەدەی دوانـزە. دوای ئـەوە ئـەم شـارە فـەرامۆش کـرا تـاکو دۆزەری سویـسری (بورخـاردت) لەسـاڵی 1812 دا دۆزییەوە."

یەکـەمجار گەیـشتنە سـاختمانێك لـە چـیاکە داتاشـرابوو، نـاوازە و جـوانترین ساختمان بوو. سەنتەری دارایی و گەنجینە بـوو، سـتوونەکانی بەشـێوەیەکی جوان و دڵـڕفێن بـە وردی هـەڵکۆڵرابون. لـەوێش پەرسـتگایەك هـەبوو بەڕووبـەری چـل و حـەوت مـەتر و بـەرزایی چـل مـەتر، بـەپێی ئـەوەی لـە نامیلکـەی ڕێبەرییەکـە نووسراوە، وەکو پەرستگا بۆ بتەکان بەکار دەهێنرا. لەوێوە ڕێیان کرد تاکو گەیشتنە

گۆڕستانی شاهان و دەرگای (تیمینۆس). دەروازە پیرۆزەکەی هۆڵی (کۆشکی کچ) لە گرنگترین پەرستگاکانی بەترایە. دواجار گەیشتنە یەکەم شوێن کە بە وارگەی بەترا ناسرابوو - ئەوەش کۆنترین شوێنی خوداپەرستنە بۆ کریستیانییەکانی ئوردن - لە سیرامیکی وورد بینا کراوە، کە قاوشی هۆڵە بەرینەکانی پی ڕازابۆوە، بەشێوازی (بێزەنتی) درووستکرابوو.

خاتوو ڕیما کاتێك نامیلکەکەی دەستی دەخوێندەوە گوتی. لەیەکێك لە پەناگەکان 152 دەستنووسیان دۆزیوەتەوە، وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەترایییە بێزەنتییەکانی تێدا نووسراوە.

دوای ئەوە بە خانووەکانی کریستیانییە یەکەمینەکاندا گەڕان، فارس نەیتوانی ڕکەی لەگەڵدا بکات. دەبی باسەکە بگۆڕێت بۆ بابەتی پەرتووکی پیرۆز. دەستی بەپرسیار کردن کرد لە شوان نوور، بی ڕاوەستان و پرسیار دوای پرسار. ئەویش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدایەوە. ئینجا شوان نوور پێی گوت:

"ئایا دەزانێت فارس کە ژمارەی ئەو دەستنووسە کۆنانەی پەیمانی نوی کە لامانە لە ژمارەی هەر کارێکی نوسراوی دیکە زۆرترە لە جیهان بە درێژایی مێژوو؟"

فارس پرسیاری لی کرد:

"مەبەستت چییە لەوە؟"

ئەدیم نوور وەڵامی دایەوە:

"ئاسەوارناسەکان بیست هەزار دەستنووسی کۆنی پەیمانی نوێیان دۆزیوەتەوە. هەندێکیان لە ساڵی 130 زایینی نووسراون. هەر هەمووی بە تەواوی و پڕاوپڕ هاوچەشنن."

"ئەمە واتای چییە، چی دەسەلمێنێت؟"

"واتا ڕاست و پارێزراوە و دوور لە هەڵەیە. ئەم ژمارە هەرە زۆرەی دەستنووسەکانی پەیمانی نوی ئەگەر بۆ نموونە بەراورد بکرێت لەگەڵ دەستنووسە دۆزراوەکانی پەرتووکی (ئیلیادە)ی (هۆمیرۆس) کە لە 643 دەستنووس تێناپەڕێت. ڕاستیەکەیمان بۆ دووپات دەکاتەوە تاکو متمانە بە ڕەسەنایەتیەکەی بکەین. بزانە

بیست هەزار دەستنووسی پەیمانی نوی دوای ئەو  بە پلەی دووەم تەنها 643 دەستنووسی (ئیلیادە) هەیە! چ بەراوردێك لەنێوانیان دەكرێت؟ دواتر هەموو ئەو دەستنووسە كۆنانەی بەڕاستی دەزانین و شانازی پێوە دەكەین. بە قەد پەیمانی نوی دەسنووسیان نەماوە... زۆربەی بزر بوون و بە گڵ داپۆشران و نەمان. (ئەڕستۆ) شیعرەكانی لەساڵی 343 پێش زایینی نووسیوە. یەكەم تیراژی لەساڵی 1100 ی زایینی تۆمار كرا. واتە دوای نزیكەی 1400 ساڵ. ئەمەی ئەرستۆ تەنها پێنج دەستنووسی لی ماوەتەوە. ئەوەی دەمەوی بیڵێم فارس، ئەوەی لامانە لە فەرموودە و كردارەكانی مەسیح لە پەیمانی نوی، ئەوانەی قوتابی و شوێنكەوتووەكانی ئەو نووسیویانە، پتەوتر و ڕاستترن لە هەر نووسراوێكی دیكە لە هەموو مێژوودا."

فارس هەوڵی دا كەلەبەرێك بدۆزێتەوە لەوانەی بە درێژایی شەو خوێندبوویەوە، گوتی:

"كی دەستەبەری ئەوە دەكات كە ئەوەی قوتابییەكان نووسیویانە بە تەواوی ڕاستە؟ مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە لەخەیاڵی خۆیاندا شتیان نووسیووە. وەكو ئەوەی نووسییانە عیسا خودایە؟"

شوان نوور بەبزەیەكەوە پرسیاری لی كرد:

"چ شتێك پاڵیان پێوەدەنێت وا بكەن؟ بۆچی شتێك بڵێن كە نەبووە؟"

لە ماندووبوون و ڕێكردن چوونە نێو شانۆ كۆنەكەی شاری بەترا كە 7000 كەس دەگرێت. لەسەر كورسییە بەردینەكان دانیشتن،كە لە قەدپاڵی چیاكە داتاشرابووو. دالیا بۆ یەكەمجار هاتە نێو باسەكە و بە تووڕەیی و هێرش و گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

"چ شتێك پاڵیان پێوەدەنێت وا بكەن؟! هەزار و یەك سونگە. بۆ نموونە لەپێناو ناوبانگی و گەیشتن بە دەسەڵات و ئارەزووی پارە بەدەستهێنان. ئەوان بەو بانگەوازەی كە مەسیح خۆی خودی خودایە، بوون بە دەوڵەمەنترین و دەسەڵاتدارترین كەس. وایان نەكرد؟"

باوکی بەسەرسامییەکی گەورە تەماشای کرد. بەڵام بەنەرمونیانی و ئارامی وەڵامیدایەوە، فارس لەشێوەی وەڵامەکە و لە هێرشی دالیا سەرسام بوو:

"بێگومان تۆ گاڵتە دەکەیت. وانییە عازیزەکەم؟"

"هەرگیز. من گاڵتە ناکەم."

فارس لەشەرم و بەخۆداشکانەوە گرژ بووەوە، لەگەڵ ناخی خۆیدا پرسی،ئەم ڕەفتارە ناڕەوایە چی بوو. ئەم جیاوازیەی نێوان دالیا و باوکی بەپێویست نەدەزانی لەم کاتەدا. شوان نوور گوتی:

"دالیا گیان وا دیارە هەندێك لە زانیارییە مێژووییەکانت تێك چوونە."

دالیا دیسان هێرشەکەی کردەوە و بێکشانەوە گوتی:

"لەبیرت چوو کە ئیمپراتۆڕی ڕۆمانی (کۆستەنتین) کاتێك بوو بە کریستیان سامانێکی بی ئەندازەی بە وارگە بەخشی و هێز و دەسەڵاتێکی بێسنووری بۆ ڕەخساندن؟"

"نەخێر لەبیرم نەچووە. ئەو بەڕاستی وەهای کرد، بەڵام ئەو ڕووداوە نزیکەی سێ سەد ساڵ دوای سەردەمی مەسیح بوو. هەموو قوتابییان و شوێنکەوتووان هەژار بوون. یان ڕاوچی بوون یان باجگری حکومەتی ڕۆمانی بوون لە هەرێمی فەڵەستین. بە بانگەوازەکەیان لە هەموو جیهاندا، لەسەر مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح هیچ بیرۆکەیەك یان نیازێکیان نەبوو بۆ ئەوەی سامان بەدەست بهێنن. بەپێچەوانەی ئەوە. باوەڕدارە یەکەمینەکان کەمینەیەکی ئایینی بچووك بوون لەنێوان کەمینەیەکی ئایینی جوولەکەدا.لەچاو ئەو چێوە فراوانەی بتبەرستن هەیبوو لە نێو ڕۆمانییەکان. ڕووبەڕووی چەوساندنەوەیەکی توند و بەرەنگارییەکی بەهێز بوونەوە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی ڕۆمانی. هەر یازدە قوتابیەکەی کە عیسا هەڵیبژاردن تاکو پەیامەکەی بە جیهان ڕابگەیەنن، بەشەهیدی مردن، ئەویش لەپێناوی سووربوونیان لەسەر بانگەوازی و گەواهیدەرییان بۆ هەستانەوەی مەسیح، دانپێنانیان بەوەی کە عیسای مەسیح خودایە و لە لەش دەرکەوت. توندترین جۆری ئەشکەنجە و تێهەڵدان و قامچی و زیندانی کردنیان کێشا. پاشان بە دڕەندەترین

شـێوازی کوشـتنی ئـەو سـەردەمەی ڕۆمانییـەکان کـوژران. شەشـیان لەخاچـدران و پەترۆس بە ئاڵاوگێڕ و سەر بەرەوخوار لەخاچدرا! یاقووب بەردباران کرا تـا مـردن! تۆما قامەیەکی لەسینە دراو کوژرا، یۆحـەنا بـەهۆی بـاوەڕی بەمەسـیح و مـژدەدانی، بە ئاوارەیی لە دوورگەی (تیمۆس) مرد! هیچ کـەس لـە شـوێنکەوتووانی مەسـیح نـە پارە و نە دەسەڵات و نە پلەی سیاسی و هیچیان لەو شتانە بەدەسـت نـەهێنا. لەگـەڵ ئـەوەی ڕووبـەڕووی جۆرەهـا ئەشـکەنجە و چەوسـاندنەوە بوونـەوە، نکۆڵییـان لـە باوەڕهێنانیان بەمەسیح نەکرد، کە ئەو خودایە و لەلەش دەرکەوتووە و ڕزگاریدەری گشت مرۆڤێکە."

دالیا بەرانبەر بەرگریی و زانیارییە مێژووییەکەی باوکی و قسە عەقڵانییەکەی کشایەوە. بەڵام گەڕایەوە و هەوڵێکی دیکەی دا بۆ چەسپاندنی قسەکەی خۆی، گوتی:

"لەوانەیە ئەوە ڕاست بێت و ئەوان لەپێناو بیروباوەڕەکەیان بەشـەهیدی مـردن. بەڵام بـە درێـژایی مێـژوو زۆر خـەڵك هەبوونـە لـەپێناوی درۆیـەك یـان تەڵەکەیـەك گیانیان لەدەست داوە، وانییە؟"

خاتوو ڕیما هاتە نێو باسەکە و، وەڵامی کچەکەی دایەوە، گوتی:

"بێگومـان ئەمـە ئەگەرێکـە. لەوانەیـە کەسـێك بمرێـت لـەپێناوی درۆیـەك کـە وایزانیوە ڕاستە و دووی کەوتووە. دەتەوی بڵێی کە نێردراوەکان تەڵەکەیان کـردووە، کە مەسیح خودایە تاکو پارە و دەسەڵات و ناوبانگ بەدەست بهێنن، وا ناڵێیت؟ بەڵام ئەوە هاوچەشنی ئەو ڕاستییانە نین کـە لەبـەر دەسـتماندایە. مەسـیح ڕایگەیانـد کـە خۆی خودایـە. بـە ئاشـکرا ئـەوەی لەبـەردەم زۆر کـەس گـوت. ئینجـا لەسـەر خـاچ و لەسـێیەم ڕۆژدا هەسـتایەوە، ئەمــەش ڕاسـتییەکە لـەپێش چـاویان ڕوویـدا، چـۆن دەتوانن نکۆڵی بکەن لەوەی لەبـەردەم هـەزاران خـەڵك گـوترا؟ چونکە وەکـو خۆیـان بیستیان بەهەمان شێوە خەڵکیش بیستی!. ئینجا چۆن دەتوانن ڕاستییەکەی مردنـی عیسا لەسـەر خـاچ بـشارنەوە کـە لەسـەر گـردی گولگوتـە دانرابـوو لەبـەردەم سـەدان یاخود هەزاران گەواهیدەر. کە هەموویان وەکو ئەوان بینیان؟ پاشان هەسـتانەوەکەی لە مردن و دەرکەوتنـە جیاجیاکـانی بـۆ سـەدان کـەس! چـۆن ئـەوە هـەمووی دەبێتـە

درۆیەکی گەورە؟ باشە وەکو دەڵێی، ئەگەر ئەوان هەموو ئەو درۆیانەیان دروست کردبێت و هەموویان لەپێناویدا مردن، بی ئەوەی هیچ سوودێك یاخود بەرژەوەندییەکی مادی یاخود پارە، ئایا ئەمە بەمێشکدا دەچێت؟ ئەم شتە مێشك قبووڵی دەکات؟

# بەشی پەنجا و دووەمین

دالیا بەسەردانەواندنەوە بیری کردەوە لەبەرگری کردنی دایکی، ئینجا بەخۆبەدەستەوەدان و بەناچارییەوە، بەدەنگێکی نزم کە هەست دەکرا بەزینی تێدا بوو، گوتی:

"نەخێر وایە. نەخێر. بەڕاستی ئەمە مێشك قبووڵی ناکات. تەنانەت مێشکی منیش ڕەتی دەکاتەوە. داوای لێبوردن دەکەم."

شوان نوور بە هێمنی بۆ تەواوکردنی باسەکە گوتی:

"وەکو بۆ چەسپاندنی درۆکردنی نێردراوەکان سەبارەت بەهەستانەوەی مەسیح لەمردندا، پێویست بوو جوولەکەکان بەرەنگاریان ببنەوە، ئەوان دەیانویست باوەڕدارییەتی بشکێننەوە و لەبەهێزترین کۆڵەکەی بدەن، پێویست بوو تەرمی مەسیحیان دەربخستبا ! ئەگەر تەرمەکەیان دەربخستبایە دەیانتوانی پێیان بڵێن: ئێوە دەڵێن لەمردن هەستاوەتەوە. ئا ئەمە تەرمەکەیەتی و تێر مردن بووە. بەڵام نەیانتوانی ئەوە بکەن."

فارس پرسی:

"بۆچی؟ بۆ نەیانتوانی ئەوە بکەن؟"

"چونکە تەرمەکەیان نەدۆزییەوە. کەس تەرمەکەی نەدۆزییەوە. هەندێکیان گوتیان قوتابییەکان بەشەو کاتێك سەربازەکان خەوتبوون تەرمەکەیان دزیوە."

" کی دەڵێت ئەوە ڕاست نییە؟"

"ئەگەر بڕوانینە قوتابییەکان دوای مردنی عیسا و پێش هەستانەوەکەی. دەبینین ئەو گریمانە ئەستەمە. هیچ کەسیان تۆزقاڵێکی ئازایەتی یاخود بەجەرگی نەبووە تاکو تەرمەکەی مەسیح بدزێت. گۆڕەکە کۆمەڵێك پاسەوانی ڕۆمانی لەسەر بوو، بەردەکەی سەر دەرگای گۆڕەکەش مۆرکرابوو، کی دەیتوانی ئەمە بکات چونکە دەیانزانی سزای وون بوونی مۆرەکە مردنە؟ مۆرە ڕۆمانییەکە، کی دەیوێرا

بیشکێنێت؟ لەگەڵ هەموو ئەوانەش  لەشەکەی نەما! هەموو ئەوانەی لەو کاتە لە ئورشەلیم بوون بە تایبەت دوژمنەکانی زانییان کە لەشەکەی نەماوە."

فارس بەبایەخەوە پرسی:

"ئەگەر قوتابییەکان تا ئەم ڕادەیە ترسنۆك بوون، جگە لەوان کەسانێکی دیکە نەبوو بتوانن لەشەکە بدزن؟"

شوان نوور بەئارامی وەڵامی دایەوە:

"پێویستیش بوو لەسەریان هێرش بکەنە سەر سەربازە ڕۆمانییەکان کە پاسەوانی گۆڕەکە بوون. ئەوەش شتێکی ئاسان نییە و نابێت... ئەگەر ئەوەش لە توانای یەکێك بوایە، ئەوانە کێن کە بوێرن  شتێکی وا بکەن؟  سەرکردەی جوولەکەکان؟ بۆ؟ ئەوان هەرگیز نەیانویست خەڵکی بڕوا بکات کە دوژمنەکەیان لەمردن هەستاوەتەوە. ئەوان خۆیان داوایان لە دادپرس کرد گۆڕەکە پاسەوانی بکرێت بە بیانوی ئەوەی کە مەسیح لەبەردەم هەمووان گوتبووی لەسێیەم ڕۆژدا لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە. ئیتر چۆن لەشەکەی دەدزن؟

فارس ڕوانییە شوان نەدیم نوور گوتی:

"وادیارە باش بیرت لەوە کردووەتەوە گەورەم."

"ئەوە ڕاستە فارس. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەم کردووە لەهەموو لایەنێکی بابەتی هەستانەوەی مەسیح لە مردن بیرم لی کردۆتەوە. توێژینەوەی هەموو ئەگەر و بەڵگە زانستی و مێژووییەکان و تەنانەت سرووشتیشم کردووە بەسەدان کاتژمێر. بڕوام پێبکە سەدان کاتژمێر. دوای هەموو ئەمانە بڕیارم دا باوەڕ بە مەسیح بهێنم و شوێنی بکەوم. کاتێك بۆ بەڵگە و سەلماندن دەگەڕێی و دەیدۆزیتەوە. دەبی بڕیارێك بدەیت دەربارەی گەیشتنت بەو سەلماندنە. هەموو سەلماندنێك پێویستی بە بڕیارە. دوای توێژینەوەکەم، سەلماندنەکەم بەدەستهێنا، بڕیاری خۆمم دا بە بڕواکردن بەهەموو ئەوانەی لەسەر مەسیح هاتووە لەپەیمانی نوی، ئینجا بڕیارم دا بەدوای بکەوم. عیسای مەسیح زۆر لە مامۆستایەکی پیاوچاك مەزنترە. زۆر لەدارتاشێك مەزنترە. زۆر مەزنتریشە لەپێغەمبەرێك یاخود نێردراوێك. مەسیح

ئەوەیە کە خۆی دەربارەی خۆی دەڵێت:﴿منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس بۆ لای باوک نایەت گەر بەمنەوە نەبێت.﴾."

فارس سەری سوڕما لەوەی دەیبیستێت و پرسی:

"تۆش ڕازی بوویت کە عیسای مەسیح ڕێگاکەیە؟"

"بەڵێ. تەنها ڕێگایە بۆ لێخۆشبوونی هەموو گوناهەکانم. تەنها ڕێگایە بۆ ژیانی جاویدانی لە ئاسماندا."

شوان نوور بەڕەوانی و چەسپاندن و متمانەیی دەدوا، وای لە فارس کرد بەقووڵی و ڕاستی بیر لە قسەکانی بکاتەوە. ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دایەوە بۆ شوێن و ئاسەوارەکانی شاری بەترا. مێشکی بەخێرایی و توندی دەخولایەوە. خەبات و ململانێی دەکرد لەگەڵ ئەوەی دەیەوی بیکات دوای ئەوەی زۆر شتی شاراوەی بۆ ڕوون بووەوە. دوای ئەوەی ڕۆشناییەك لە ناخیەوە پژا و تاوانە زۆرەکانی بۆ ئاشکرا کرد کەوا لەژیاندا کردوویەتی و کاتژمێر لەدوای کاتژمێر مەزنتر دەبێت. درۆ.. یەکەمین و تۆقێنەرترینیان بوو. درۆ لەژیانی ئەو شتێکی ئاسایی بوو کە بەخۆکار و بی دوودڵی و بی هۆ دەیکرد. درۆ تەنها بۆ درۆ. یادی ئەو تابلۆیەی هاتەوە بیر کە لەگەڵای قامیش دروست کرابوو لەپەیمانگای قامیش لە قاهیرە نزیکی هەرەمەکانی جیزە. وێنەی دوادادگاییەکە. ئایا ئەوەی لەنێو دڵیدایە لە پەڕەکەی تای تەرازووەکە سووکترە؟ ئەستەمە! ئەگەر ئەمڕۆ مرد و بەرانبەر فەرمانڕەوای دواڕۆژ ڕاوەستا، هەرگیز بۆ ئاسمان ناچێت. بەڵکو ڕاستەوخۆ بۆ دۆزەخ دەچێت. ئەم بیرۆکە ڕەشە زۆری تۆقاند. ئایا عیسا چارەسەرە؟ ئایا وەڵامی لایە؟ ئایا بە ڕاستی ڕێگا و ڕاستی و ژیانە؟ ئایا ڕێگایەکی دیکە نییە بۆ ئاسمان بە ئەوە نەبێت؟ ئەمەی مەسیح گوتی و دووبارەی کردەوە، ئەوەش نووسراوە لەپەیمانی نوی و شوان نەدیم نوور چەسپاندی. عیسا ڕاستەقینەیە و فەرموودەکانی بە تەواوی ڕاستییە. هەموو ئەوەی فەرموویەتی ڕاستییە و ئەوەی قوتابییەکانی دەربارەی فەرموویانە ڕاستە. ئەو توانای گۆڕینی ژیان و گۆڕینی مرۆڤی هەیە. بەڵام چی دەبێت ئەگەر...

دوا ڕستە کە بیری لی دەکردەوە بەدەنگێکی بیسترا لـە زاری دەرچـوو و ئەوانـەی لەدەوری بوون گوێیان لێبوو. شوان نـەدیم نـوور ئـاوڕی لـی دایـەوە و پێـی سـەیربوو پرسیاری لی کرد:

"چی دەبێت ئەگەر...؟ چیە فارس؟"

"چـی دەبێـت ئەگـەر پـەرتووکی پـیرۆز بـە تایبـەتی پـەیمانی نـوی دەسـتکاری کرابێت؟"

خاتوو ڕیما پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و ڤیژانـدی و دەسـتی نایـە سـەر دەمـی خۆی و گوتی:

"دەستکاری کرابێت؟ پەرتووکەکە دەستکاری کرابێت؟!"

فارس بەلێبوردنەوە گوتی:

"هەندی کەس وا دەڵێن. وانییە؟"

شوان نوور خێرا وەڵامی دایەوە:

"با هەزار جار وا بڵێن، ئایـا ئەمـە واتـای ئەوەیـە قسەکەیان ڕاسـتە؟ ئەوانـەی وا دەڵێن دوژمنانی مەسیحن... بەردەوام کۆششی دژایەتی کریستانییەت دەکەن. فـارس، وەڵامی دوو پرسیارم بدەوە: کەی؟ و لە کوی؟"

"کەی؟"

"بەڵی. کەی دەستکاری کرا؟"

"بێگومان لەهەرکاتێك دەبی."

"بێگومان نییە. پەرتووکی پیرۆز بەدەستنووسـەکانییەوە لـەدێر زەمانـەوە هـەن. لەبەر دەستی هەر کەسێکە بووە گەر بیەوی  بیخوێنێتەوە. بـا زیـاتر باسـی پـەیمانی نوی بکەین. لە سەدەی یەکەمەوە هەیە."

"ئەمە ڕاستە."

"لەوکاتەدا ئەستەم بوو دەستکاری بکرێت، ئەوانـەی هاوچـەرخی مەسـیح بـوون هێشتا مابوون قایل نەدەبوون هەر ڕووداوێك یان فەرموودەیـەك لـەوەی بیـستوویانە و بینیویانە بگۆڕدرێت."

"ئەی دوای ئەوە."

"دوای ئەوە تیراژی دەستنووسەکان بلاو بووبوونەوە. هیچ دەستکارییەك نەدەکرا ئەگەر هەموو دەستنووسەکان کۆ نەکرێنەوە ئینجا دەستکاری بکرابایە. ئەوەش بەکردەوە مەحاڵ و ئەستەمە. جا جوولوکەکان چۆن بێدەنگ دەبوون کە ئەوانیش لەگەڵ ڕووداوەکان بوون؟ دووبارە. نەخێر. ئەستەمە بێدەنگ بن!"

"ئەمە ڕاستە، زەحمەتە و ئەستەمیشە!"

شوان نوور کەمێك ڕاوەستا ئینجا چوو بۆ پرسیاری دووەم:

"کێ؟ کێ دەستکاریی کرد. جوولەکەکان؟ یان شوێنکەوتووەکان؟ جوولەکەکان مەسیحیان وەرنەگرت بەڵکو ڕەتیان کردەوە. هەموو شتێکی مەسیح و دەربارەی مەسیحیان ڕەت کردەوە. بیرۆکەی دەستکاریی کردنی چی بێت؟ مەسیح و قوتابییەکانی جوان دەربخەن و چاکەکانی زیاد بکەن؟ جوولەکەکان هەرگیزاو هەرگیز ئەوە ناکەن بێگومان. واتە جوولەکەکان دەستکارییان نەکردووە."

فارس کەمێك بیری کردەوە و ڕوانییە دالیا و دایکی، بینی ئەوانیش وەکو خۆی بیردەکەنەوە. گوتی:

"کریستیانییەکان. بێگومان کریستیانییەکان دەیانویست بیگۆڕن و دەستکاری بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان."

"ئەگەر هەوڵی ئەوەیان بدایە، جوولەکەکان ڕێیان پێی نەدەدان و جەنگیان لەگەڵ دەکردن و نەیاندەهێڵا هەرگیز ئەوە بکەن. ڕات چییە؟"

بەخۆبەدەستەوەدانێکی تێکەڵ بەحەسانەوە فارس گوتی:

"ڕام وەکو ڕای جەنابتە. دەستکاری ئەستەمە. مەحاڵە!"

شوان نوور ڕاست بووەوە و زەردەخەنەیەکی پشوودانی کرد و گوتی:

"سوپاس بۆ خودا. پاشان فارس.. کوڕم. ئەمە فەرموودەکانی خودایە... وشەی خودا.... خوداش دەتوانێت پەرتووکی خۆی لە هەموو گێرەشێوێنییەکی ئادەمیزاد بپارێزێت. خودا لەدوا پەرتووکی بینین دەفەرمووی:﴿ئەوەی وشەیەك لە وشەکانی

*پێشبینییەکەی ئەم پەرتووکە لابدات، خودا بێبەشی دەکات لە داری ژیان و لە شارە پیرۆزەکە و لەوەی لەم پەرتووکەدا باسکراوە.﴾* کی دەوێرێت دەستکاری بکات و ئەم هەڕەشە زاڵەی بەسەردا بێت؟ ئینجا گوی بگرە لەوەی عیسای مەسیح خۆی فەرمووی لەئینجیلی مەتا 24 : 35 ﴿*ئاسمان و زەوی بەسەر دەچن، بەڵام وتەکانم هەرگیز بەسەر ناچن.﴾* کاتێك شوان نوور ئەمەی گوت لە تەنیشت فارس دانیشتبوو لەسەر کورسییە بەردینەکە و دەستی خستبووە سەر شانی فارس. دەموچاوی لی نزیك کردەوە و گوتی:

"فارس. تۆ بەسەرنج و بایەخەوە بیری لی دەکەیتەوە؟"

"بەڵی. بەڕاستی من وام."

وشەکان بەڕاستی و دڵسۆزیەوە لە دەمی دەردەچوون هەموویان هەستیان پێکرد و تا ماوەیەك بێدەنگی باڵی کێشا بەسەریان. شوان نوور بێدەنگییەکەی بڕی بە وتە و وشەکانی کە تیشکی نەرمی و خۆشەویستی تێدابوو:

"دەتەوی ببی بە شوێنکەوتووی مەسیح، فارس؟ دەتەوی ببینی هەموو گوناهەکانت ببەخشرێن؟ ژیانی جاویدانییەکەت لەئاسماندا بەسەر بەریت؟ لە ئامادەبوونی خودی خودا؟"

فارس دڵی بەتوندی لێی دەدا. ئەگەر وا بکات. ڕامی برای چی پی دەڵێت؟ یان لەبەر چاوی دالیا چۆن دەبێت؟ بەڵام ئەم بیرکردنەوانەی لە مێشکی خۆی قاودا. لەو کاتەدا دڵنیا بوو. بی سێبەری گومان، کە عیسای مەسیح بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی لەخێزانەکەی خۆی کۆی بکاتەوە. گوتی:

"بەڵی گەورەم. بەڵی. زۆر ئەوەم دەوێت، بەڵام چۆن؟ چۆن وابم؟"

"لەپەرتووکی (بینین) 3 : 20 مەسیح دەفەرمووی:﴿ئەوەتا من لەبەر دەرگا وەستاوم و لەدەرگا دەدەم، گەر یەکێک گوێی لە دەنگم بوو و دەرگاکەی کردەوە، دێمە لای و لەگەڵ ئەو دەژیم، ئەویش لەگەڵ من.﴾

فارس لە ناخیدا دڵخۆشییەکی گەورە ڕەنگی دەدایەوە، گوتی:

"ئەمە ڕاستە؟!"

"بێگومان! تەواو ڕاستە! دەتوانیت عیسای مەسیح بکەیتە ڕزگاریدەرێکی تایبەت بەخۆت، پەروەردگار لەسەر ژیانت، هەر ئێستا و دەستبەجی، ئەگەر بانگهێشتی بکەیت بێتە نێو ژیانت."

"ئەی چۆن بانگهێشتی بکەم بۆ ژیانم؟"

"بەنوێژکردن بە باوەڕەوە. نوێژکردن قسەکردنە لەگەڵ خودا، فارس. خودا دڵت دەناسێت و باش دەزانێت چی تێدایە. ئەو وشانەی کە لەدەمت دەردەچێت لەلای ئەو گرنگ نییە، ئەوەی لای ئەو گرنگە هەڵوێستی دڵت بەرانبەر ئەو چییە. من کاتێك بانگهێشیم کرد تاکو بێتە نێو ژیانم بە هەموو سادەیی و باوەڕ و ڕاستییەوە نوێژم کرد گوتم: پەروەردگارم عیسا. من پێویستیم پێتە. بە هەموو دڵمەوە سوپاست دەکەم بۆ مردنت لەسەر خاچ لەپێناوی من. ئا ئەوەتا من دەرگای دڵ و ژیانت بۆ دەکەمەوە و وەکو ڕزگاریدەر و پەروەردگار و گەورەیەك وەرت دەگرم بۆ خۆم. ئەی پەروەردگار سوپاست دەکەم بۆ لێخۆشبوونت لەگوناهەکانم و پێشکەشکردنی ئەو ژیانە جاویدانییەت بۆ من. ئەی پەروەردگار ژیانی من وەربگرە بمکە بەو کەسەی کە دەتەوێ وابم. ئەم نوێژە خواستی دڵت دەردەبڕی؟"

بەخۆبەدەستەوەدان و دڵشادییەوە، هەوڵی دەدا چاوی بەر دالیا نەکەوێت و گوتی:

"بەڵێ گەورەم بە تەواوی خواستی دڵم دەردەبڕی!."

لەپەرۆشـییان بـیری لـەدالیا نـەکردەوە. ئیجگـار گونجـاو و تێوەچـووبوو لەگـەڵ باوکی دالیا، لەگوێگرتن و دوواندن لەگەڵیدا. کاتێك بیری لە دالیـا کـردەوە بۆچـوونی وابوو کە ئەوەی ئێستا دەیکات دەبێتـە هـۆی داپـچڕانی  پەیوەندییەکـەیان. دڵنیـاش بـوو کـە پێویـستە دوای ئـەوەی بڕیاریـدا دوای عیـسا بکـەوێت، دەبـی بـۆ دالیـا و بـۆ خانەوادەکـــەی هـــەموو ڕاســـتییەکان بگێڕێتـــەوە دەربـــارەی خـــۆی و هـــەڵاتن و هۆکارەکانی. دوای ئەوە. ئایا دوای ئەوەی دالیا بیر دەکاتەوە خۆشی دەوی و ئامادەیـە شووی پێبکات وەکو پیشتر نەخشەیان بۆ کێشابوو؟ ئایا بڕیاری شوێنکەوتنی عیـسا و گـوتنی ڕاسـتییەکان یەکـەم خۆشەویـستی ڕاسـتەقینەی ژیـانی لـە دەسـت دەردێـنی؟ لەوانەیە وابێت، بەڵام ئایا شـایانی ئەوەیـە؟ ئایـا ئامادەیـە بـاجی شـوێنکەوتنی عیـسا بدات؟ عیسا باجێکی گرانتری دا. لەسەر خاچ مرد تاکو دەرفەتی ڕزگـاربوون بـۆ ئـەو بڕەخـسێنێت. ئـەو خـودای ئافرێنـەری ئاسمـان و زەوییـە. شـوێن و پلـەی خـۆیی بەجێهێشت و هاتە سەر زەوی، بۆ ئـەوەی لـە بێئومیـدی قوتارمـان بکـات و فارسـیش قوتار بکات و هەموو ئەوانـەش قوتـار بکـات کـە بـاوەڕی پێـدەهێنن، قوتاریـان بکـات لەحوکمی مردنی هەتاهەتایی کە هەموو مرۆڤێـك شایـستەی ئـەو حوکمەیـە بـەهۆی گوناهەکانی. ئا ئەوەتا عیسا لەم کاتەدا لەبـەر دەرگـای دڵ و ژیـانی ئـەو ڕاوەسـتاوە و لەدەرگا دەدات. ئێستا کاتی هەڵوێستە و ئەمە دەرفەتێکە دەبی بە سوپاسەوە قبووڵی بکات. عیسا بانگهێشتی دەکات و دەیەوی بیکات بە یەکێك لە شـوێنکەوتووانی خـۆی. هەرچییەك بێت ئەنجامەکانی قبووڵی دەکات. بەڵی قبووڵی دەکات.

شوان نەدیم نوور دەستپێشخەر بوو، بەڕاشکاوی ڕوونی کردەوە:

"فارس. تۆ باش لە قەبارەی ئـەم بڕیـارە دەزانیـت. وانییـە؟ بەسـووکایەتی وەری مەگرە. وا خودا لە هەموو گوناهەکانت خۆش دەبێت. بـە تـەواوی ڕزگـارت دەکـات و دڵێکی نوێت بـۆ دروسـت دەکـات. دڵێکـی پـاك و بێگـەرد. ژیـانێکی نوێـت بـۆ دابـیین دەکات. دەبی مەبەستت هەبی لەوەی دەیکـەیت. دەبـی ئامـادە و جـددی بیـت لـەوەی هەڵوێـست و بیروبـاوەڕ و بۆچـوونە بەدسـیماکانت بەرانبـەر بـەخودا بـەجێبهێڵیت و ببی بەشوێنکەوتوویەکی سەرڕاست، تەنها بۆ عیسای مەسیح."

"ئەوە دەزانم گەورەم."

"باشیش دەزانیت کە عیسای مەسیح لەسەر خاچ مرد؟"

"دەزانم."

باوەڕت هەیە کە لە سێیەم ڕۆژ وەکو لەپەرتووکی پیرۆز نووسراوە لە مردن هەستایەوە؟"

"باوەڕ دەکەم."

"دەبی بەدڵ و زمانت دان بەوەدا بنێیت کە عیسای مەسیح خۆی پەروەردگارە و خۆی پاشایە لەسەر ژیانت؟ تۆی خۆش دەوێت و خزمەتی دەکەیت بە هەموو دڵ و هەموو مێشك و هەموو روح و هەموو هێزێکت لە ئەمڕۆوە تا کۆتایی ژیانت؟"

فارس بەپەرۆش و بەهەموو هێزیەوە گوتی:

"وادەکەم گەورەم. بڕوام پێبکە وادەکەم. من ئیجگار زۆر پێویستیم بە یارمەتیدانی خودایە، دەمەوی ئەو ژیانەی عیسا بۆ منی دەوی وا بژێم. ئەگەر عیسا وەرم بگرێت بەبی دوودڵی شوێنی دەکەوم."

فارس دەیزانی کە هەموو ئەوەی دەیڵێت لە ناو دڵی دەردەچێت، دەیەوی بە هەموو توانایەکیەوە جێبەجێی بکات. ئەم بڕیارە گرنگترین و ترسناکترین بڕیار بوو لەژیانیدا.

دوای ئەوە. بی چاوەڕوانکردن، سەرسام بوو لەوەی کە بیستی وا دالیا دەڵێت:

"منیش بابە. منیش دەمەوی شوێن عیسا بکەوم. دەمەوی ئەمجارە بە ڕاستی شوێنی بکەوم."

# بەشی پەنجا و سێیەمین

دالیا دەستی بەگریان کرد! بەکوڵ دەگریا! فرمێسکەکانی ئەوەندە زۆر بوون هەردوو ڕوومەت و هەموو دەموچاوی داپۆشی. کلینکسەکان بەشی نەدەکرد فرمێسکە ڕژاوەکانی وشك بکەن. ئینجا بەهەردوو دەستی دەیسڕیەوە ! ئەوەی لەناخیدا بوو دەریهێنا، هەموو هەستەکانی ساڵانی ڕابردوو، لە هەست بەتاوانکردن و پەشیمانبوونەوە و، شەرمەزاری و شوورەیی و بەسوك تەماشاکردنی بۆ کردەوە بەئەنقەست و بێ ئەنقەستەکانی خۆی ، نەگریسی کردن بەرامبەر باوکی، ڕەتکردنەوەی ئامۆژگاری و فێرکردنەکانی، ڕەتکردنەوەی دەنگی عیسا، کاتێك بانگی دەکرد و دەستی بۆ درێژ دەکرد! بۆ هەموو تاوانەکانی ژیانی خۆی دەگەڕا، لە نێوان گریانەکەیدا دەنگی بەگوڕ بەرز دەبووەوە، داوای بەخشینی لە دایك وباوکی و بەخشینی خودای دەکرد بۆ ساڵانی گومڕابوونەکەی، کە ویستی بەهەوەسی خۆی ژیان لی بخوڕێت بی ئەوەی خواستی خۆی بداتە دەست عیسا و شوێنی کەوێت و بە دڵێکی شکاو و خۆشویستنانە خزمەتی بکات. تاوێکی هۆشیاربوونەوە و بەخەبەرهاتن بوو، هەنگاوێکی گەڕانەوە بوو بۆ خانەوادەکەی و پەروەردگار و گەورەکەی، عیسای مەسیح. تاوێکی یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز بوو لەژیانیدا!

فرمێسکەکانی شوان نەدیم نوور و هاوسەرەکەی خاتوو ڕیما هاتە خوارەوە، فارسیش هەستی بەسۆزەکانی خۆی کرد لە ناخیدا ململانێیان دەکرد و ویستی ئەویش لەگەڵیان بگریت. بەر لە ساڵانێك بوو چاوەکانی گریانیان نەدیبوو، لەو کاتەی لەپێش چاوی دایك و باوکی مردن. بەڵام زانی ئەگەر دەست بە نوێژکردن نەکەن ئەوا فرمێسکەکەکانی دینە خوارەوە و تێکەڵ بە فرمێسك و دەنگی گریانەکەی ئەوان دەبێت.

لەسەر زەوییە بردینەکە هەرچواریان پێکەوە دانەوین و چۆکیان دادا و و شوان نوور پێشەوایی دەکردن لە نوێژکردنەکە وەکو ئەو ڕۆژەی کرد، کە خۆی بڕیاری دا

دووی عیسا بکەویت و لە ژیان و دڵ خۆیدا وەریبگرێت. دوای ئەوەی نوێژەکەیان تەواو کرد، شوان نوور هەستا و باوەشی کرد بە فارس و دالیا و بەردەوام بوو لەباوەشپێکردنیان تا ماوەیەك نەیویست بەریان بدات.

دوای ئەوەی فرمێسکەکانیان وشك کردەوە، شوان نەدیم نوور بۆیانی ڕوون کردەوە و دووپاتی کردەوە کە ئیتر ئەوان بوون بە بەشێك لە خانەوادەی خودا بۆ هەتاهەتایە. بۆیانی ڕاڤە کرد و دووپاتی کردەوە کە پەرتووکی پیرۆز بەڵێنیان پێدەدات کە هەرگیز ڕزگاربوونیان لەدەست نادەن. چەند دەقێکی لەپەرتووکی پیرۆز بۆ خوێندنەوە، کەوا تێیدا دەریدەخات ئەوانیش ناوەکانیان لەپەرتووکی ژیان نووسرا، لە ڕۆژی دەرچوونیان لەم جیهانەدا یەکسەر بەرەو ئاسمان دەچن تاکو هەتاهەتایە لەگەڵ خودا دەبن. پێی گوتن:

"عیسا فەرموویەتی:﴿هەرگیز جێتان ناهێڵم و پشت گوێتان ناخەم﴾،ئەوەی بە تەواوی و بەڕاستی دەڵێت. ئێستا ئێوە پێویستیتان بەوە هەیە زۆر لەسەر شێوازی شوێنکەوتنی عیسا بزانن. هەوڵ نەدەن هەموو شتێك ئێستا بزانن. وردە وردە و هەمووشتێك لەکاتی خۆی بزانن. یەکەم شت بەردەوام بن لە خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز. هەموو ڕۆژێك بە نوێژکردن لەگەڵ خودا بدوێن. لەگەڵ باوەڕدارانیش کاتێك بەسەر ببەن کە پێش ئێوە باوەڕیان هێناوە، کە زانست و زانیاری و داناییان هەبێت و بۆ ئەوەی ئەمە یارمەتیتان بدات بۆ گەشەکردنی باوەڕتان. لە ژیانی ڕۆژانەشتان کاتێك ڕووبەڕووی هەڵوێستێك دەبنەوە پێش هەموو شتێك لەخۆتان پرسیار بکەن، ئەگەر عیسا لەشوێنی ئێوە بووایە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەمان هەڵوێست چی دەکرد، ئینجا بەگوێرەی ڕابەرایەتی روحی پیرۆز سەبارەت بەم هەڵوێستە ڕەفتار بکەن."

بە هەموو هۆشیارییەکەوە گوێیان لێی دەگرت. ئینجا فارس پرسی:

"ئێستا، گشت گوناهەکانم بەخشران و لەبیرکران؟ وانییە؟"

"تەواو. پەرتووکی پیرۆز بۆمان دووپات دەکاتەوە کە خودا یاخیبوونەکانمان لی دوور دەخاتەوە وەکو دووری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا. پاشان لە بیری دەکات."

"کەواتە ئێستا من پاکژم؟"

"ئەمە ڕاستە. بە گوێرەی بەڵێنی خودا لەپەرتووکی پیرۆز خودا تۆی شوشت و لە بەفر سپیتر بویت و دڵت لەپەڕ سووکتر بووەوە."

"هەموو گوناهەکانم بەخشران؟ نە هەندێکی. هەمووی؟!"

"بێگومان فارس. یۆحەنای نێردراو ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە لە یەکەم نامەکەی 1 : 9 وە دەفەرموی: *﴿گەر دانمان بە گوناهەکانمان نا، ئەوا ئەو سەرراست و دادپەروەرە، لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە هەموو سوچێک پاکژمان دەکاتەوە.﴾*

فارس هەناسەیەکی حەسانەوەی هەلکێشا و باش خۆی ئامادە کرد بۆ ئەو قسەی کە ئێستا دەیلێت و گوتی:

"مەزنە. ئەمە زۆر مەزن و ناوازەیە. شتێك هەیە دەمەوی بۆتان بیلێم."

فارس بیری کردەوە: دوای ئەوەی دانی بە گوناهەکانی خۆی نا بۆ خودا، ئێستا دەبی دانی پێبنێت بۆ ئەمانەش کە هەموو خۆشەویستی و تێگەیشتنێکیان بۆ دەرخست. بەلام چۆن؟ چۆن بۆیان ڕوون بکاتەوە کە ناوە ڕاستەقینەکەی فارس جەمیل نییە. پسپۆڕی کۆمپیوتەر نییە، لە هێزەکانی پۆلیسی چەند وولاتێك داواکراوە بۆ ئەوەی دەستگیر بکرێت. لەهەمان کاتدا دوای دەرخستنی ئەو هەموو تەلەکە و درۆدانە چۆن دەتوانێت قەناعەتیان پێبێنێت کە بە ڕاستی دالیای خۆش دەوێت و بەڕاستی دەیەوی بیخوازێت؟ ڕەنگە ئەمە زۆر تووڕەیان بکات. بە درێژایی ئەو هەموو کاتەی ڕابردوو درۆی لەگەل کردن، ئێستاش چۆن دەبێت قەناعەتیان پێ بێنێت بەوەی ئیستا دەیلێت ڕاستە و درۆی تێدا نییە؟ چۆن ئێستا بڕوا بکەن کە ئەو بەخۆڕسك درۆزن نییە و هەر درۆیەکی دەیکرد بۆ ئەوە بوو تاکو ژیانی خۆی و دالیا بپارێزێت؟ چۆن؟

ئەوەی ئێستا دەیەوی بیکات زەحمەتە، هەوڵدانەکەی بێفەڕە، بەڵام ئەنجامەکەی هەرچییەك بێت دەبی هەوڵ بدات. مەسیح خۆی گیرۆدەیی زۆر تاوانی کێشا کەچی نەیکردبوو، دەبی ڕووبەڕووی ڕاستیەکە بێتەوە و بیڵێت. ئەوەی لە هزری بوو لەڕوخساریدا وەدیار کەوت، دالیا پرسیاری لی کرد:

"چییە فارس. دەتەوی چی بڵێیت؟"

بەسەرگەردانییەوە وەڵامی دایەوە:

"نازانم چۆن دەستپێبکەم."

"بڵێ. دوودڵ مەبە. هەمووومان دۆستی تۆین."

"ئەوە دەزانم بۆیە بۆ من زەحمەترە."

"چییە؟"

"تکاتان لی دەکەم: بەسینگێکی فراوانەوە گوێم لی بگرن. هەوڵ بدەن لێم تێبگەن و ڕقتان لێم نەبێتەوە."

"بێگومان. ڕقمان لێت نابێتەوە."

"زۆر شتی شەرمەزارگەر و حەیابەرم کردووە."

شوان نوور بۆ هاندنی ئەو گوتی:

"هەموومان شتی حەیابەرمان کردووە و دەیکەین. بەڵام وەکو پێم گوتی. ئەوانە هەمووی کۆتا بوو، کەوتە نێو فەرامۆشەوە."

"ناوم فارس جەمیل نییە. ناوم مەڕوان عەقادە. تووشی گرفتێکی زۆریش بوومە و نازانم چۆن تەواو دەبێت..."

پێش ئەوەی شتێکی دیکە بڵێت گوللەیەکی دەمانچە بەرەو لایان هات و دەنگی زرنگانەوەیەکی بەرزی لی دەرچوو لەنێو دۆڵەکە دەنگی دەدایەوە، فارس کەوتە سەر زەوی و لەبەر ئێشی گولەکە پێچی دەخوارد.

دالیا قیژاندی و شوان نوور بازی دا و ئاوڕی بە هەموو لایەك دایەوە تا بزانێت گوللەکە لە چ شوێنێکەوە هات، ئینجا باوەشی کرد بە هاوسەر و کچەکەی تاکو لەو مەترسییە بیانپارێزێت و نازانێت لەکوێوە دێت. زرمەی گوللەیەکی دیکە هات و

ئەمجارە دای لە پایەکانی شانۆ بەردینەکان و هەڵگەڕایەوە و گەرەلوولێکی تۆزی کرد لەگەڵ هەندێك پەڵاشەی بەرد کە لەدەوروبەریان بە ئاسماندا بڵاوبووەوە.

فارس یاخود مەڕوان هاواری کرد:

"سەرتان دانەوێنن. خۆتان لەپشت ستوونەکان بشارنەوە."

بەهەموو هێزێکیەوە دالیای گرت و بەرەو خوار ڕایکێشایە سەر ئەو پایانەی کەوا لە کۆندا مۆزیکژەنەکان لەکاتی شانۆ بەکاریان دەهێنا؟ شوان نوور و هاوسەرەکەی لەپشتیان بوون بۆیە هیچیان پێنەکەوت. گوللەکان یەك لەدوای یەك بوون و بەرەو ئاڕاستەی ئەوان لە تەنیشتەکانی شانۆکە وکورسییە بەردینەکانی دەدا. مەڕوان زانی کە ئەوەی پێشبینیی بۆ کردبوو ڕوودەدات. لە کۆتاییدا دوای ڕاونانێکی درێژخایەن دۆزیانەوە، بەڵام بەتەنی گەمارۆی ئەویان نەداوە، بەڵکو لەگەڵ خانەوادەیەکی بێتاوان و بێگوناح خەریکە ئەوانیش بەگوللەی غەدر دەکوژرێن.

تا ماوەیەك هەرچواریان خۆیان لەپشت هەندێك لە بەردە گەورەکان شاردەوە. خاتوو ڕیما دەگریا و شوان نوور بە هەتەری و ترسەوە باوەشی پیاکردبوو. دالیا لە قیژەدان وەستایەوە و بەڵام هێشتا لەبەر توندی تەقەکان دەلەرزی. یەکەم خەمی مەڕوان ئەوە بوو ترسەکەی ئەو ئارام بکاتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەیەوی شوێنی ئەم قەنناسانە بزانێت و ئەم گوللە کوشندانە لە کوێوە دێت. بە خشینێکی زۆر لەسەرخۆ هەندێك لێیان دوورکەوتەوە بۆ ئەوەی دەستدرێژیکەرەکان لەگۆشەیەکی بینینی باشتر ببینێت، بەڵام دالیا باڵی گرت و بەترسەوە گوتی:

"بۆ کوی دەچیت؟ جێمان مەهێڵە؟"

"جێتان ناهێڵم. تەنها دەمەوی بزانم چەند کەسن؟"

"لەیەکێك زیاترن؟"

"وا بۆی دەچم."

"کێ؟ کێن؟"

لەنێوان بەردەکان کەلەبەرێکی دۆزییەوە و و لەوی تەماشای دەکرد و گوتی:

"چیرۆکەکە درێژە و کاتی دەوی، بەڵام ئێوە ئامانجی ئەوان نین. ئەوان بەدوو مندا هاتون بۆ ئێرە."

"بۆ فارس؟ بۆ بەدووتدا هاتوون؟ چیت کردووە؟"

"ناوم مەڕوانە دالیا. مەڕوان عەقاد. بەڵام بڕوام پێبکە من هیچ تاوانێکم نەکردووە. ئەوان تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستن و منیش بێتاوانم. ئەوانەی وا ئەمە دەکەن..."

گوللەیەکی دیکە زۆر لێیان نزیك بوو و دالیا قیژاندی، مەڕوان بە هەموو لەشیەوە دەوری دا تاکو بیپارێزێت.

لەوە زیاتر ناتوانێت لەگەڵیاندا بمێنێتەوە. دەبی لە شوان نوور و خانەوادەکەی جیا ببێتەوە و لێیان دوورکەوێتەوە. پێویستە مارسێل و جودار و پیاوەکانیان بەدوو خۆیدا ڕابکێشێت، دوور لە ئەم خانەوادەیە کەوا پڕ بە دڵ خۆشی دەوێن. بەڵام بەزۆر دەتوانێت ڕی بکات. قاچی چەپی ئازاری دەدات و ناتوانی هەڵیگرێت. تەماشای کرد بینی پانتۆڵەکەی پڕ لەخوێن بووە. دالیاش بەدوو تەماشاکرنەکەدا چوو، بینی لەدڕاندن و سوتاندنی پانتۆڵەکەوە دیار دەدات برینێکی گەورەیە و خوێنیش هەموو قاچی گرتووە. لە ترسی دیمەنەکە قیژاندی و دەستی کرد بە گریان. مەڕوان بەسۆزەوە باوەشی پێدا کرد و گوتی:

"هیچ نییە. ئێستا باش دەبم. مەترسە. بەڵام گوێم لی بگرە دالیا. دەکری گوێم لی بگریت؟"

ڕوخساری دالیا سپی هەڵگەڕا وەکو مۆم، لە حەپەسان لەهۆش خۆی چوو.

# بەشی پەنجا و چوارەمین

"دالیا. گوێت لێمە؟ دەتوانی ببیستیت؟"

چرپەی بۆدەکرد و هاوکات پەشیمانیش بوو بۆ ئەو ئازارەی بۆی هێنا. لەناخەوە دڵی لە قاچی زیاتر خوێناوی تر بوو. دەستەسرێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە دەور قاچیدا بەستی، بەڵکو خوێن بەربوونەکە بوەستێنێت. تەماشای چاوە ترساوەکانی دالیای کرد و چەند جارێك هەژاندی تا کەمێك هۆشی هاتەوە بەرخۆ و چاوی لە برینە گەورەکەی قاچی دوور خستەوە. دالیا سەری خۆی ڕاتەکاند بە واتای بەڵێ و دەیبیستێت. مەڕوان بەپەلە پێی گوت:

"باشە. باش گوێم لی بگرە. ئەم خوێنڕێژانە بۆ من هاتوون. ئەوان منیان دەوی نە تۆ و نە دایك و باوکت. بڕوام پێبکە ئەمە ڕاستییەکەیەتی. گەر هەر هەوڵێك بدەیت بۆ یارمەتیدانم ئەوا ڕوو لەتۆش دەکەن و بی بەزەییانە دەتکوژن. ئەمانە بکوژ و خوێنڕێژن دالیا. منداڵ و ژنیان کوشتووە. زۆر خوێنیان ڕشتووە لە مۆنتیکارلۆوە هەتا دارلبەیزا. من پیلانگێڕانەکەی ئەوانم دەرخستووە و بە تاوانەکەی ئەوانم زانی، هەوڵیشم دا ڕایانوەستێنم، بۆیە بەدوومدا هاتوون و دەیانەوی لەناوم ببەن و بێدەنگم بکەن، تا لەدەست من و ئەو بەڵگانە ڕزگاریان بێت کە مەحکوومیان دەکات. گوێت لێمە؟"

دیسان سەری ڕاتەکاند و نەیدەتوانی یەك وشە بڵێت، چونکە ترس زمانی بەستبوو. مەڕوان بەپێی توانا هەوڵی دا دڵنەوایی بداتەوە و هەڵوێستەکەی بۆ ڕاڤە بکات و گوتی:

"هەموو شتێکت پی دەڵێم. ئێستا نە. ئێستا دەبی هەڵبێم و لێرە دووربکەومەوە. دەبی بەدوو خۆمدا بیانبەم تاکو لێتان دووربکەونەوە. تێدەگەی چی دەڵێم."

قسەکەی بڕی و دەلەرزی و بەتوندی دەستی گرت:

"نە... من و دایکم و باوکم..."

دەسرێژێکی گوللەی یەك لەدوای یەك لە تفەنگێك دەرپەڕی و لەقسەکردن ڕایوەستاند.

کاتی دوودڵی نییە. هیچ کاتی ئەوە نییە. ڕایکێشا و ماچێکی کرد و دەرپەڕی و دوورکەوتەوە بەرەو دەرگای تونێلێکی لای چەپی شانۆکە و گوللەکان بە شوێنییەوە بوون لەگەڵ قیژەی دالیا و دایکی.

فارس نوێژێکی خێرای بەرزکردەوە، داوای لەخودا کرد کە ئێستا باوەڕی پی هەیە و پشتی پی دەبەستێت بۆ ئەوەی شوان نوور و هاوسەر و کچەکەی بپارێزێت، بە هەنگاوی خێرا و پێچاوپێچ بەسەر قاندرمەکاندا ڕای کرد تاکو گوللەکان لەپشتڕا لێی نەدات، لەسەرەوەی شانۆکە گەیشتە دەرگای یەکێك لەگۆڕستانە بچووکەکان کە لە بەرد تاشرابوو. لەچڕی گولەکان مەڕوان خەمەلاَندنی ڕاونەرەکانی کرد بە چوار یاخود پێنج کەس لە خوارەوەی شانۆکە بۆی ڕاوەستاون. باش دەزانێت ئەوان هاتوون لەناوی ببەن، پێشبینیش دەکات بە گەیشتنی شەریکەکانیان لەهەر کاتێکدا ژمارەیان زیاد بێت

کاتێك گەیشتە شوێنە تازەکەی، لە گۆڕستانەکە بەهۆی تاریکی و بەرزی ئەو شوێنە توانی هەڵوێستەکە بە ڕوونی ببینی. لەوێوە بینی خانەوادەی شوان نوور بەرەو لای ڕاستی شانۆکە ڕووەو تونێلێکی دیکە دەخشێن، ئەمە کەمێك دڵی ئاسوودە کردەوە،ئەگەرچی لەوە دەترسا کە بکوژەکان بەئاسانی وازیان لی نەهێنن. مارسێل و جودار، ڕانیا و هاوڕێکەیان کوشت تاکو بێدەنگی ئەوان مسۆگەر بکەن. ئایا نۆرەی ئەم خانەوادە بەستەزمانەش دێت؟

لەپڕێکا چەند پیاوێکی تفەنگ بەدەستی بینی لەگۆڕەپانەکە ڕا دەکەن بەرەو شانۆکە و تەقە دەکەن. گوللە یەك لەدوای یەکەکان کە بەرەو ئاڕاستەی ئەو دەهات وای لی کرد لەپەناکە سەری خۆی دانەوێنێت، خێرا نزیك دەبوونەوە.

مەڕوان بۆ دەربازگەیەك گەڕا. هیچ شتێك لەلای چەپی نییە. بەڵام لەلای ڕاست ڕوناکییەکی کەمی بینی، وادیارە لەوی کەلەبەرێك هەیە. ئێشی قاچی تاو دوای تاو

زیاتر دەبوو، بەڵام بەرەو لای ڕاست چوو لەوی کەلێنێکی بینی بەرەو ڕێڕەوێکی تەسك دەچێت بۆ هەندێك ئەشکەوت و گۆڕستانی قەدپاڵی چیاکە.

دەنگی خشپەی هەنگاوێکی بیست کە بەخێرایی بەرەو لای ئەو دێت، باوەشی کردە بەردەکەی تەنیشتی و پێی وەلکا، وە بەهەنگاوی خێراو هەتەری و بەپێی توانا ڕێیدەکرد، نەوەك بکەوێتە نێو ئەو دۆڵە بەردینەی ژێرەوە کە دوازدە تا چواردە مەتر قووڵە. هەر پی خلیسکانێك کۆتاییەکەی دێنێت. نایەکسانی ڕێڕەوەکە مەترسییەکەی زیاتر کردبوو. گردەلوولی بیابانیش بەدرێژایی دوو هەزار ساڵ ڕووەکەی لێژ و خزێو کردبوو، لوس وەکو ڕووی مەڕمەڕی لی هاتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا مەڕوان توانی تێپەڕێت بەرەو  ئەشکەوتەکەی تەنیشتی و چووە ناوی، تا هەناسە و هێز و توانا بێنێتەوە بەر خۆی. تاریکییەکەی نێو ئەشکەوتەکە دەیشاردەوە و دەیتوانی هەموو کەسێك ببینێت گەر لێی نزیك بێتەوە. بەڕوانینێك بۆ خوارەوە توانی سی پیاو بژمێرێت کەوا لە نێو دۆڵەکە ڕا دەکەن بۆ ئەوەی شوێنێکی نوی بدۆزنەوە لە ئەشکەوتە زۆرەکانی سەرەوەی چیاکەی بەرانبەرئەو ئەشکەوتەی کە ئەو خۆیی تێیدا شاردۆتەوە. لەو شوێنەوە بەئاسانی دەتوانن لێیدەن. برینە قووڵەکەی قاچی ئازاری دەدات و جووڵەی لی دەبڕێت، وای لێکرد ئیتر نەیتوانی بۆ شوێنێکی نوی بگەڕێت و خۆی تێدا بشارێتەوە. برینەکەی جووڵەی  لی بڕیبوو، لە شوێنی خۆی وشکی کردبوو.

دەنگێك بەرزبووەوە دەنگی دەدایەوە لەنێو شارە کۆنەکە:

"مەڕوان عەقاد. تۆ لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراویت. بڕیاری دەسگیرکردنت دەرچووە، بەهۆی تاوانی ئەو کوشتنانەی کردووتە. بەهێمنی لە پەناکە دەرچۆ و هەردوو دەستت بەرز بکەوە و بیخە سەر سەرت. هیچ زیانێکت پێناگات گەر وابکەیت."

مەڕوان دەنگەکەی ناسییەوە. ئەمە دەنگی مارسێلە و چەند جارێك لە تەلەفزیۆنی فەڕەنسا گوێی لی بووە لە کاتی ڕووداوەکانی مۆنتی کارلۆ. دەنگێکی تیژ و زەنگدارە وەکو لە تەنەکەدانێك وایە. دەنگێك هەمووی لووتبەرزی و نەگریسیە.

هەرچەند ڕقی لەم دەنگە بوو بەڵام نەیتوانی لەبیری بکات. هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادات. هیچ زیانێکی پێناگات! درۆیە! مارسێل ڕایدەکێشێت. خۆبەدەستەوەدان واتا مردن! تەنها بیبینن غەدری لی دەکەن و دەیکوژن!

مەڕوان دەستی بۆ گیرفانەکانی برد تا لە مۆبایلەکەی بگەڕێت و تەلەفۆن بۆ ڕامی بکات. ڕەنگە لەم تەنگانەدا برا بچووکەکەی نەتوانێت هیچی بۆ بکات، بەڵام بەلانی کەم هەواڵی ئەم ڕەوشەی پێدەدات. مۆبایلەکەی نەدۆزییەوە لەهیچ گیرفانێك. بیری کەوتەوە کە لەماڵی شوان نوور لەنێو جانتاکەی بەجێی هێشتووە. چۆن وای کرد؟ چۆن تەنها ئامرازی پەیوەندی نێوان خۆی و براکەی فەرامۆش دەکات، بە تایبەت لەوکاتەی وا هەڵاتووە و لە لایەن دوژمنانێکی بەدکار ڕاونراوە؟ دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنی خۆی، بۆ گەمژەیی و ئەو بێباکییەی.

لەنێو گیرفانەکانی بەنجەکانی کەوت بە هەندێك جگەرەی هۆشبەری ماریجوانا و شخاتەیەك. بەداخەوە، سەری لەقاند بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بە گومڕایی و ونبوون بردیە سەر. واقی وڕما لە شێوازی بیرکردنەوە نوێیەکەی و ئەو گۆڕینە خێراییەی پێ سەیربوو. مەسیح وەها هزری ئەوانە دەگۆڕێت کە دوای ئەو دەکەون؟ بەم شێوە و بەم خێراییە؟! شتێکی سەیرە لێی تێناگات لەوانەیە نەشتوانی تێبگات تا ئەو ڕۆژەی ڕووبەڕوو چاوی بەعیسا دەکەوێت و پرسیاری لی بکات. هەستی کرد لەو کاتە نزیك بووەتەوە. مەڕوان جگەرەکانی شکاند و بە بێزەوە دوور فڕێی دا، لەنێو ئەشکەوتەکە بەهەتەری کەوتە ڕی. هەر کە گەیشتە کۆتاییەکەی شخاتەیەکی داگیرساند و بە ڕوناکییە کزەکەی ئەم کەڵە شخاتەیە شووشەیەکی کۆکای بەتاڵ و چەند پاکەتێکی شیرنەمەنی بینی فڕی دراوونە سەر زەوی، وادیارە منداڵ ئەو ئەشەکەوتەیان بۆ خۆشاردنەوە و یاری بەکارهێناوە. دوای ئەوەی پەنجەی سوتاند ئەنجا شخاتەکە کوژایەوە.

"مەڕوان عەقاد. ئەمە دوا ئاگادارییە بۆت."

دەنگی مارسێل هات و زۆرتر لێی نزیك بووەوە. وا بۆی دەرکەوت کە پشکنەرە فەڕەنسییەکە هاتووەتە سەرەوە و نزیك بووەتەوە لەگۆڕەپانی شانۆ بەردینەکە. دەبی لەیەکێك لەگۆڕستانەکان بێت. دووبارە دەنگەکە هات:

"زوو دەرچۆ ئەگینا تەقەت لی دەکەین لەهەر کوێیەك بیت. ناتوانی هەڵبێیت. ڕێگای دەرچوونت نییە لێرە. مەڕوان عەقاد دە چرکەت لەپێشە."

هەڕەشەی مارسێل نایهەژێنێت. هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادات. دەنگی ژماردنی سەربەرەوخوار هات:

"دە... نۆ... هەشت."

مەڕوان شخاتەیەکی دیکەی داگیرساند و بەردەوام بەرەو پشتەوە چوو.

ژماردنەکە بەردەوام بوو:

"حەوت... شەش."

وادیارە مارسێل ڕاست دەکات. ڕێگای دەرچوون نییە و کاتیشی لەبەردەم نەماوە.

ژماردنەکە بەردەوام بوو:

"پێنج... چوار."

شخاتەیەکی دیکەی داگیرساند و بەرەو دەربازەی ئەشکەوتەکە گەڕایەوە، دوای ئەوەی زانی کە ڕێگای دەرچوون نییە.

بەشەلەشەل گەیشتە لای بەردێکی گەورە نزیکی دەربازەی ئەشکەوتەکە. دانیشت و خۆی لەپشتی شاردەوە و لەتوندی ئێشەکەی قاچی ددانەکانی نایە سەریەك. هەڵوێستە ئالۆزەکەی خۆی باش دەزانی، کەوا تێی کەوتووە.

دەزانێت لە گشت لایەکەوە گەمارۆ دراوە، بەڵام دەشزانێت بەبی جەنگ خۆی بەدەستەوە نادات.

# بەشی پەنجا و پێنجەمین

ژماردنی سەربەرەوخوار بەردەوام بوو:

"سێ... دوو... یەك... با وابی مەڕوان عەقاد... دەرفەتەکەت لەدەست دا."

دووان لەپیاوەکانی مارسێل دەرپەڕینە نێو هەردوو لای دەربازەی ئەشکەوتەکەوە بە تفەنگەکانی دەستیان تەقەیان دەکرد. ئەشکەوتەکە پڕبوو لە ئاگر و دووکەڵ، گوللەکانیش دەردەپەڕین و لە دیواری پشتەوەیان دەدا. مەڕوان لەپشت بەردەکە گرمۆڵە بووبوو، تاکو خۆی لەو گوللانە بپارێزێت کەوا بەرەو ئاڕاستەی ئەو دەهات. لە شوێنی خۆی مایەوە و چاوەڕێی کۆتاییەکەی دەکرد.

بەڵام هێشتا کۆتاییەکە نەهاتووە. جاری نا..

یەکێك لەدوو پیاوەکە هاواری کرد و لەوەکەی دیکەی پرسی لەوکاتەی شانەی تفەنگەکەی دەگۆڕی:

"لە کوێیە؟"

خەریك بوو فیشەکی دەخستە نێو تفەنگەکەی و وەڵامی دایەوە:

"نازانم."

مەڕوان بینی دەرفەتەکەی بۆ ڕەخساوە. دوودڵیی نەکرد و بەخێرایی بازی دایە سەر یەکێك لەپیاوەکان کە نزیك بوو لەپەناکەی پشت بەردەکە، هەردوو قاچی بە توندی گرت و بەتەکان ڕایکێشا. پیاوەکە هاواری کرد و هاوسەنگییەکەی تیك چوو کەوتە سەر زەوی.

مەڕوان دەستی کەوتە سەر تفەنگەکە پێش ئەوەی پیاوەکە لە حەپەسانبوونەکە بێتەوە هۆش خۆی، بە تفەنگەکە بە توندی لێی داو لە هۆش خۆی چوو خوێنی لە لووت بەربوو، ئینجا ئاوڕی لەپیاوەکەی دیکە دایەوە و دوو دەسڕێژ تەقەی بەرەو لای ئەو کرد و کەوت، پێش ئەوەی پڕکردنی تفەنگەکەی تەواو بکات. ئێستا

چەكێكی بە دەستەوەیە و لە دووكەس قوتاری بوو. ئێستا دەستپێشخەری بۆ ئەوە. ئەمانە هەمووی بەچەند چركەیەكی كەم ڕوویدا.

لەو پیاوە نزیك بووەوە كە لەتەنیشتی كەوتووە و هەستی لە ترپەی دڵی ڕاگرت.ئەگەرچی نێو ئەشكەوتەكە تاریك بوو،بەلاّم توانی سەر و دەموچاوە خوێناوییەكەی ببینێت هەروەها لووتیشی لە توندی لێدانەكە خوار بووەتەوە، بەلاّم هێشتا هەناسە دەدات و ترپەیەك لە نێو دەمارەكانیدا هەیە و دەژی.

"بەرەو پیاوەكەی دیكە خشی، بینی كەوتووەتە سەر زەوی و لە ئێشان پێچدەخوات و هاواردەكات. ئەگەر ئەمە دوێنێ ڕوویدایە ئێستا دوو فیشەكی دەنایە سەری و بی بیركردنەوە و بی دوودڵی ژیانی كۆتا پێدەهێنا. بەلاّم ئەمڕۆ ئەگەر پێی بكرێت برینەكانیشی تیمار دەكات. لێی نزیك بووەوە و هێمنی كردەوە ئاگادری كردەوە و فەرمانی پێدا بێدەنگ لەشوێن خۆی بمێنێتەوە و بی جووڵە،ئەگینا... توانی پیاوەكە بترسێنێت و بێدەنگی بكاتەوە بی ئەوەی بیكوژێت.

مەڕوان بیری كردەوە. پاش ئەمە چی؟ سی یان چوار كەس لەڕاونەرەكانی لەدەرەوەن لەگەڵ مارسێل.

دەنگی مارسێل بەرز بووەوە پرسیاری لە پیاوەكانی دەكرد:

"لەناوتان برد؟ مرد؟ كوشتتان؟"

مەڕوان لەنێو ئەشكەوتەكەوە وەلاّمی دایەوە:

"نەخێر. هێشتا نا."

بی دوودڵی قایشی تفەنگەكەی پێچ دایە دەور ملی و دەرپەڕییە دەرەوەی ئەشكەوتەكە، باوەشی كردە دیواری چیا بەردینەكە، بەخێرایی و هەتەری كەوتەڕێ و دەستی بە بەردەكانەوە دەگرت تا گەیشتە قاندرمە بەردینەكان بەرەو لوتكەی چیاكە. لە هەموو لایەك و لە دەوروپشتی گوللە بەرەو لای ئەو دەهات بەلاّم بەهەنگاوی پێچاوپێچ دەڕۆیی تاكو گوللەی بەر نەكەوێت، لەڕێكردن بەرەو سەرەوە نەوەستا. دڵی بەتوندی لێی دەدا و خەریك بوو سەری بتەقێت و قاچی لەئێشی گوللەكە دەسوتایەوە. بەلاّم باش دەیزانی دەبی چی بكات. پێویست بوو مارسێل و

خوێنڕێژەکانی لە دالیا و خانەوادەکەی دووربخاتەوە. هیچی تری لەپێش نییە لەوە زیاتر، هەچۆنێك بێت دەبی دووریان بخاتەوە.

مەڕوان بەقاندرمەکە لە لوتکەی چیاکە نزیك بووەوە و بەرەو بەردێك دەچوو، وەکو تیر لەنێوان گوللەباراندا بەرەو ئەو ئامانجە دەرپەڕی. هەر کە گەیشتە لوتکەی چیاکە دەنگی زرینگەی گوللەیەکی بیست بەرەو لای هات و دای لەشانی ڕاستی. تەوژمی گوللەکە بە توندی پاڵی پێوەنا و بەسەر ڕوودا کەوتە سەر زەوی و هاوار و قیژەی لە ئازاری گوللەکە لی بەرزبووەوە. بەهەموو هێزی خۆی هەوڵی دا ڕێکی هەناسەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە و پێچ بکاتەوە. لەوکاتەی ئێشەکە دەیگۆشی و دەستی لە برینەکەی دا. دەستی بەخوێن بوو. لەسەر سك خشی بۆ ئەوەی بۆ شوێنێك بگەڕێت خۆی لی بشارێتەوە. لە تەنیشت چیاکە هەندێك کێلی بەردینی بینی، لێی دوور نەبوو، بۆ ئەوە باش بوو بیکاتە سەنگەر. بەڵام دەنگی هەندی پیاوی بیست لە قاندرمەکەوە بەرەو سەرەوە دێن.

لەتاوێك کەمتر سووڕایەوە و ڕووی تفەنگەکەی لێیان کرد و گوللەبارانی کردن بەسی دەسرێژە گوللە دووانی لەپیاوەکان کوشت. یەکێکیان بەرەو پشتەوە کەوت و مەڕوان دەنگی کەوتنەکەی بیست کە بەر بەردەکان کەوت. ئەوی دیکەش بێدەنگ و بێجووڵە لەبەر پێی مەڕوان کەوت. دڵی تێکهەڵهات چونکە نەیویست کەس بکوژێت و هەوڵی نەدەدا ئازاری هیچ مرۆڤێك بدات. بەڵام هیچ چارێکی نەبوو لەبەرگری لەخۆکردن زیاتر. پێویست بوو خۆی بپارێزێت لەوانەی کە هەوڵ دەدەن بیکوژن.

ڕاوەستا و هەناسەیەك هەڵبکێشێتەوە، پاش ئەوەی بەری لەهێرشەکە گرت و ڕاونانەکەیانی ڕاوەستاند. بەڵام زانی وا کەسانێکی دیکە دێن. بەوەندە هێزەی کە مایبوو لەگیانیدا تەکانی دا بۆ ئەوەی بست بست بەرەو کێلەکان بخشێت و خۆی لەپشتیان بشارێتەوە. چاوەڕێی کرد. چاوەڕێی دەکرد و هەموو دەمارەکانی گرژ بووبوون، ماسولکەکانی توند بووبوون، هەناسەبڕکێی گرتبوو، ترپەی دڵی هێشتا هەر توند بوو. ئاگری پڵێسەداری نێو برینەکانی کپ نەدەبووەوە.

دەنگەکانی خوارەوەی چیاکە دەگەیشتە گوێی. شڵەژاندن و هەراو هاوارێك بوو لە قەدپاڵی چیاکە و قیژەی ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسیش لە دوورەوە دەهات. بەڵام ئەو دەنگانەی دەیبیست دوور دەکەوتنەوە و کەم دەبوونەوە و نەدەمان. هەستی بەسەنگینییەك کرد لەسەر پێڵوەکانی و پێش چاوی ڕەشکە و پێشکەی دەکرد، هەستی کرد بەرەو حەپەسان دەخلیسکێت. لاوازی و بێوورەییەك باڵی کێشا بەسەری و نەیتوانی بەرەنگاری بێتەوە.

تاریکی و ڕەشایەتییەك دایپۆشی و تا ماوەیەك لەهۆش خۆی چوو. لەپڕێکدا هەستەکانی بۆ گەڕایەوە. چاوی کردەوە، هۆشی هاتەوە بەر خۆ، بەڵام خەریك بوو دڵی ڕاوەستێت کاتێك بینی لە دووری دوو مەتر مارسێل ڕاوەستاوە و دەمانچەیەکی بێدەنگی بەدەستەوەیە و ئاڕاستەی سەری ئەوی کردووە.

بێدوودڵی مشتی توند کردە سەر پەلەپیتەی تفەنگەکەی بەڵام گوللەی لێ دەرنەچوو. دیسان هەوڵی دا بەڵام بێ سوود بوو. یان گیری کرد یان فیشەکی تێدا نەما. هەرچییەك بیت هۆکارەکەی، وا کۆتاییەکەی هات. خوێنێکی زۆری لە شان و قاچی دەچوو. بە زۆر هەناسەی دەدا و هەوڵی دەدا هۆشی لەخۆ بمێنێت. هیچ ڕێگایەکی بەرگری لەخۆکردنی نەما و ئەم پیاوە هاتووە لەناوی ببات.

مارسێل بەتەشقەڵەوە گوتی:

"ئەمە مەڕوان عەقادە؟ پیاوە سامناکەکە؟"

مەڕوان قسەی نەکرد، مارسێل بەردەوام بوو گوتی:

"ها. زۆر باشە. ئێستا دەتوانین پێکەوە قسە بکەین."

مەڕوان بەدووچاوی شەکەت و ماندوو تەماشای کرد و گوتی:

"قسە بکەین؟ دەتەوێ قسە بکەین؟ قسەم بۆ بکە و پێم بڵێ: بۆ ئەو هەمووەت کرد جەنابی پشکنەر؟ ئەی پیاوە نەبەردەکەی پۆلیس! چۆن هاوپەیمانیت کرد لەگەڵ کلۆدێت تاکو فەرید ڕەمزیی مێردی بکوژیت؟ تاکو بریجێتی تاقە کچەکەی بکوژیت؟ هەرکەسێکیش لەبەردەم ڕێگات بوەستێت بیکوژیت؟ئەی سوێندت نەخواردبوو کە دەست بەسەر تاوانبارانـدا بگریت؟ بیانگریت، نەك هاوپەیمانیان

بیت و یاریدەدەریان بیت و لەگەڵیاندا پیلان بگێڕیت؟ چۆن شتی وا دەبێت گەورەم، ئەی ئەو کەسەی پەیمانت دا کە ئاسایش و ژیانی خەڵکی بپارێزیت، نەك بیانتۆقێنیت و ڕاویان بنێت و بیانکوژیت؟ چی وەڵامێکت هەیە؟ وەڵامم بدەوە؟

مارسێل بەدەنگێکی بەرز پێکەنی و گوتی:

"وەڵامت بدەمەوە؟! من وەڵامی ترۆی وەکو تۆ نادەمەوە. قسەم نییە لەگەڵ زۆڵ و نشێو."

مەڕوان گوێی نەدایە جنێودانەکانی و بەردەوام بوو لەقسەکردنەکەی:

"دوای ئەوەی ئەوانەت پێت کردم دەمەوێ بزانم. ئەرکی تۆیە و مافی منە ڕاستییەکە بزانم پێش ئەوەی بمکوژیت."

مارسێل بەچاوسووکی و لووتبەرزییەوە تەماشای کرد و گوتی:

"ئەوەی پێم کردی؟ من هێشتا هیچم پێت نەکردووە. تۆ گەمژەیت مەڕوان عەقاد. وەستانی تۆ لەڕێگام بەلگەی گەمژەییتە. پیلانم تەواوە و لی وردبوونەوەکەشم ڕێکە، پیلانگێڕانەکەش بەشێوەیەکی بلیمەتانە ئامادە کراوە. کی دەوێرێت گومان لەپشکنەری هەوالگری بکات کە خۆی لێکۆڵینەوە بۆ تاوانەکان دەکات؟ کی دەتوانێت پەنجەی تۆمەتبارکردنم بۆ ئاڕاستە بکات؟."

مەڕوان بە موکوڕبوون و متمانەوە گوتی:

"وا کۆتاییەکەت دێت مارسێل، دەسگیریش دەکرێیت."

دەبینین کۆتایی کی دێت."

هەر کە ئەمەی گوت، دووپیاو لەپیاوەکانی دەرکەوتن، وا دیاربوو دوا دوو پیاو بوو لەوانی مابوون کە لەگەڵیدا بوون. دوای ئەوەی سەرکەوتنە سەر لوتکەی چیاکە و پێی گەیشتن و لە تەنیشتی ڕاوەستان. ڕووبەڕووی مەڕوان ڕاوەستان و ڕووی دەمانچەکانیان ئاڕاستەی مەڕوان کرد.

# بەشی پەنجا و شەشەمین

"ئەوەی من دەیزانم براکەشم دەیزانێت. پیاوەکانی لەبەڕازیلن و ئێستا گەمارۆی کلۆدێتیان داوە. کاتێک دەیخەن و دەیگرن ئەوکاتە دەکەویتە تەنگانەیەک کەس ئیرەییت پێنابات. وا کۆتاییەکەت دێت مارسێل."

مەڕوان ئەمەی گوت و ددانی بەسەریەکەوە دەنا لەقین و ئازاری برینەکانی.

مارسێل بە تەشقەڵەوە پێدەکەنی کە دەیبینی لەبەردەمی کەوتووە و بریندار و لاواز و بی دەسەڵات و بی هێزە بە شادکامییەوە گوتی:

"براکەت لە زیندانە و کلۆدێتیش ئێشتا هەڵاتووە و بی سەروشوێنە و کەس نەیدۆزیوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت تۆ کۆتاییت هاتووە و لەتەنگانەیت و ئیرەیی بە تۆ نابردرێت مەڕوان عەقاد."

"من بڕوا ناکەم کە..."

"بەتوندوتیژییەوە قسەکەی بڕی:

"وس بە. بی دەنگبە. بەسیەتی بۆ ئەو گرفتانەی بۆت هێنام. بسووڕیوە و دەمەوخواربە و دەستەکانت لە پشتت دابنی."

"هەرگیز نا."

"دەستبەجی وخێرا ئەوە بکە."

"تاکو گوللەیەک بنێیتە سەرم، وەکو یەکێك حوکمی مردنی بەسەردا درابی؟ هەرگیز. ئەوە نابێت. بە تەواوی لەبیری خۆتی دەرهێنە."

مارسێل بەجاڕسبوون لێوی هەڵگەڕاند و ئاماژەی کرد بۆ یەکێك لە پیاوەکانی، ئەویش چەند جارێك بەتوندی بەشەق لەلاتەنیشت و سەری مەڕوانی دا، ئینجا دەمەوخواری کردەوە. مەڕوان لەبەر ئازار دەیناڵاند و بە زۆر هەناسەی دەکێشا. هەوڵی دا نوێژ بکات دوای ئەوەی کە بە تەواوی زانی ئەمە کۆتاییەکەیەتی و دەبی

پەنا بۆ خودا بەرێت تاکو ژیان و چارەنووسی خۆی پی بسپێرێت. نەیتوانی. هیچ وشەیەکی نەبوو بۆ خودا بەرزی بکاتەوە و نوێژ بکات.

مارسێل جوولا و لەپشت مەڕوان ڕاوەستا و دەمانچە بێدەنگەکەی ئاڕاستەی سەری مەڕوان کرد، بە هەموو کینە و شادکامی و سەرکەوتنێك گوتی:

"ماڵئاوا مەڕوان عەقاد. بەرەو دۆزەخ."

مەڕوان سەری جوولاند و تەماشای مارسێلی کرد چۆن پەنجەی لەسەر پەلەپیتەی دەمانچەکە دەجوولێنێت. لەپڕێکا دەنگی هاژەیەکی گەورە بەرز بووەوە، بایەکی توند هەڵیکرد ئەشکەوتەکەی هەژاند، شەپۆلی خۆڵوتۆزیکی بەردەوام لە لوتکەی چیاکەوە هات. هەموویان ڕوویان کردە لای دەنگەکە تا بزانن چییە. بینیان کۆپتەرێك لەپشت بەردەکان دەرکەوت و جان کلۆد جودار و ڕامی عەقادی تێدایە، دەنگی بلندگۆکە بەرز بووەوە و دەنگی پشکنەر جودار بە فەرمانەوە دەڵێت:

"پشکنەر مارسێل. چەکەکەت فڕی دە. هەر ئێستا هەمووتان چەکەکانتان فڕی دەن. من هەموو شتێك دەزانم، پشکنەر. پیلانەکەت ئاشکرا بووە. پیاوەکانم کلۆدێتیان دەستگیر کرد لە ساوپاولۆ و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا و دانی بە هەموو شتێك نا. ڕۆڵی تۆش دەزانین لە تاوانی ڕفاندنی درۆیین و ڕزگارانەسەندن و کوشتن. دەشزانین کە دەتویست بیخەیتە پاڵ مەڕوان عەقاد. بەڵگەی بەهێزیشمان لایە کە ئەوە دووپات دەکاتەوە تۆ بکوژی ڕانیا فەواز و دەستەخوشکەکەی ئەویت لە دارلبەیزا. شتەکە کۆتایی پێهات مارسێل. پیلانەکە کۆتا و ئاشکرا بوو. چەکەکەت فڕی دە. داینە سەر زەوی و ئازاری کەس نادەین."

دوو پیاوەکەی مارسێل سەریان دانەواند و چەکەکانیان فڕی دا، ئینجا دەستیان بەرز کردەوە و نایانە سەر سەریان. بەڵام مارسێل قایل نەبوو خۆی بە دەستەوە بدات. لەبەر تۆزوخۆڵەکە چاوی خۆی داپۆشی. گوێڕایەڵی هەڕەشەکان و سووربوونی جودار نەبوو، بەرەو دەروازەی ئەشکەوتەکە سووڕایەوە و بی ڕاوەستان دەستی بە تەقەکردن کرد لە کۆپتەر و ئەوانەی تێیدابوون.

فڕۆکەوانەکە بەرەو لای ڕاست و چەپ لار بووەوە ئینجا بە دەوری لوتکەی چیاکە خولایەوە تاکو لە گوللەکانی مارسێل دوورکەوێتەوە. چڕی گوللەکانی زۆرتر کرد بەرەو کۆپتەرەکە. هەندێك لە گوللەکان دای لەجامی پێشەوەی کۆپتەرەکە و شووشەکەی شکاند وپەلاشەکانی بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە و هەندێك لە شوشەکان دای لە دەموچاوی فڕۆکەوانەکە، بۆیە ناچار بوو بۆ تاوێك کۆپتەرەکە دابەزێنێت، بەڵام زوو هۆشی هاتەوەبەر و توانی زاڵ بێت لەسەر لێخوڕینی کۆپتەرەکە و دوورکەوتەوە لە بەردەکانی چیاکە کە هێندەی نەمابوو لێی بدات، لەوکاتەی مارسێل فیشەکی دەخستە نێو دەمانچەکەی دیسان بەرز بووەوە.

مەڕوان دەرفەتێکی چاکی بۆ ڕەخسا کە تێیدا هەموو هەستەکردنێکی بە لاوازی و ئازاری لە بیرکرد، وێنەی دالیا و خانەوادەکەی بۆ دەرکەوت کە ترسناکی بە دەوریاندا دەخولێتەوە، هەروەها ڕامی کە هاتووە قوتاری بکات، لە چرکەیەك کەمتر هەستا و بازی دا و هێرشی کردە سەر مارسێل. دەمانچەکە لە دەستی مارسێل کەوتە نێو چاڵێکی نێوان بەردەکان لە تەنیشت ئەشکەوتەکە. مەڕوان بە هەموو هێزێکیەوە بە شەقی یەك لەدوای یەك لەنێو سکی و لە دەموچاوی دا و خستی، بەڵام مارسێل زوو هەستا و شەقێکی لە ئەژنۆ بریندارەکەی مەڕوان دا و کەوت و گرمۆڵە بوو و لەبەر توندی ئێشەکە هاواری کرد. لەپڕێکا بینی مارسێل نیشتووەتە کۆڵی و چنگی ناوەتە ملی و بە توندی فشاری کردە سەری بۆ ئەوەی بیخنکێنێت.

یەکێك لە دوو پیاوەکە خەریك بوو دەمانچەکە هەڵگرێت بەڵام سێ گوللە لە دەرەوە هات. دەنگی گوللەکان مارسێلی تەنگاوکرد و ئاوڕی لە کۆپتەرەکە دایەوە تا بزانێت کێ بوو تەقەی کرد، هەروەها مەڕوان تەماشای کرد بینی جودار تفەنگەکەی ئاڕاستەی سەری مارسێل کردووە کە هەردوو چاوی کردبووەوە و تەماشای دەکات. لە چاوتروکانێك مەڕوان پاڵی بەمارسێل وەنا و دووری خستەوە، بازی دایە سەر پشتی و خستیە سەر زەوی و دەموچاوی بە بەردەکەوە لکاند و بەتوندی ئەژنۆی نایە سەر پشتی، بەردەوام بەتوندی فشاری کردە سەری بە شێوازێکی تایبەت کە مەشقی لەسەر کردبوو لەوکاتانەی لە سوپای لوبنانی بوو.

مارسێل وشك بوو جووڵەی لی بڕا، ئیتر نەیتوانی بەرەو لای ڕاست و چەپ بجوولێت. مەڕوان بە تەواوی پێی وێرا، خۆی خستبووە سەری و گرتبووی بە هەموو ڕق و کینەیەکەوە و توند باڵی بەدەور ملی سووراندەوە.

بەتوندی فشاری کردە سەر ملی و بەتوڕەییەوە دەینالاند. مارسێل لەژێر دەستی دەلەرزی و دەنگی گیرا و هەوڵی دەدا هەناسەیەك هەڵمژێت. ڕوخسارە سوورە تەڵخەکەی بەرەو شین بووەوە، دەستی مەڕوان هەر شل نەبوو لەسەر ملی.

"مەڕوان. نا. نا مەڕوان. وانەکەی تکات لی دەکەم."

دەنگەکەی بە ڕوونی دەبیست کەوا بانگی دەکرد. دەنگی دالیا بوو. سەری سوڕما وا لەنزیکەوە دەنگی ئەو دەبیستێت.

چاوی کردەوە تەماشای شوێنی دەنگەکەی کرد بینی دالیا بە ئەسپایی بەرەو ئەو لای دێت و چاوەکانی زەق کردۆتەوە. چاوەکانی سوور و پڕن لە فرمێسك.

دیسان دەنگی بەرز بووەوە:

"مەڕوان. تکات لی دەکەم. ئەوە مەکە. ئەمە هەڵەیە. نا مەڕوان."

بینی کۆپتەرەکە لەسەر لوتکەی چیاکە و دەرەوەی ئەشکەوتەکە دابەزی و ڕامی بازی دا و لە تەنیشت دالیا ڕاوەستا. دوای چاوتروکانێك شوان نوور و هاوسەرەکەی خاتوو ڕیما پێیان گەیشتن. بەلام جودار خەریك بوو کەلەپچەی دەنایە دەستی پیاوەکەی دووەم کە بەسەرسامی و ترس و بی بەرەنگاری ڕاوەستابوو و پیاوانی جودار ڕایانکێشا بەرەو کۆپتەرەکە.

جودار لەمەڕوان نزیك بووەوە و گوتی:

"بۆت دووپات دەکەمەوە مەڕوان کە ئەم پیاوە تا کۆتایی ژیانی لەزیندان بەسەری دەبات. نەك تەنها بەبۆنەی ئەوەی بە تۆی کرد، بەڵکو بە سزای هەموو تاوانەکانی کەوا کردوویەتی. بۆ ئەوە دڵنیات دەکەمەوە. بەڵێنت پێدەدەم."

لەشی مەڕوان دەلەرزی و دڵی بەتوندی لێیدەدا. هێشتا بەدەستەکانی ملی مارسێلی گرتبوو و ئەژنۆشی لەسەر پشتی بوو. بەلام مارسێل بی جوولە لەسەر زەوی کەوتبوو، ڕوخساریشی ڕەنگی دەگۆڕا و چاوەکانی زەق بووبوونەوە و خەریك

بوو لەهۆش خۆی دەچوو. مەڕوان ڕوانییە ڕامی برای و شوان نوور و هاوسەرەکەی ئینجا چاوەکانی دالیا. بینی چاوەکانی دالیا بێدەنگە، بەڵام چاوەکانی لێی دەپاڕانەوە کە هەڵەیەکی نوی نەکات. دەبی شتی دروست بکات.

هەر وایشی کرد.

دەستی شل کرد و هەستایە سەر پێ، لە مارسێل گەڕا بۆ جودار. هەر کە ئەوەی کرد دالیا دەرپەڕی بەرەو لای و خۆیی خستە باوەشی.

★ ★ ★ ★ ★

زۆری لە پێشە بۆ ئەوەی یادی بکاتەوە و زۆریش بۆ ئەوەی لەبیری بکات. زۆر شت کە بۆ دالیا و ودایك و باوکی ئەو بیگێڕێتەوە و زۆریشی بۆ بگێڕنەوە. ئەو شتەی کە قەناعەتی پێهێنا و بڕوای پێکرد، ئەو ڕاستییەیە کە تێی گەیشت و ئەو ڕوناکیەیە کە لەپێشی درەوشایەوە... ئەوەی کە شوان نوور پێی گوت و بۆی دووپات کردەوە کەوا ئێستا بوو بەمرۆڤێکی نوی و ژیانێکی نوێی هەیە، پێویستە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چێژ لەم ژیانە نوێیە وەربگرێت. گەواهیدەری زۆر تاوانی قێزەوەن بوو، ئێستاش گەواهیدەری خۆشەویستییەکی مەزنە. خۆشەویستی پەروەردگار و گەورە و ڕزگاریدەر، عیسای مەسیح. نەیدەزانی لە ڕۆژانی داهاتوو بە تەواوی چی بەسەر دێت. ئایندە چی بۆ شاردۆتەوە. نەیدەزانی چۆن بە ڕادەیەك خۆشەویستنەکەی بۆ دالیا دەربڕێت کە دالیا شایستە بەم خۆشویستنەیە. لەم هەموو شتانە یەك شتی باش دەزانی و بە تەواوی تێگەیشتبوو. کە خۆی ئامادەیە دەستبەجی ژیانی نوی دەستپێبکات. لە ئێستاوە تا کۆتایی.

# کــــۆتــــایــــی